حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان

# یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا

نامەیەکە

پێشڕەو ساڵەح عەلی

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانیی کردووە، وەك بەشێك لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

پرۆفیسۆری یاریدەدەرد. مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد

(٢٧١٥)ی کوردی　　　　　　(٢٠١٥)ی لەدایکبوون

# پێشەکی

# بەشی یەکەم

# فۆنۆلۆجیی، دروستەی بڕگە، هێز و ئاواز

# بەشی دووەم

# گۆڕانە مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان، یاسا مۆرفۆلۆجییەکان

# بەشی سێیەم

# مۆرفۆسینتاکس و دیاردە فۆنۆلۆجییەکان

# ئەنجام

# سەرچاوەکان

# پێشکەش

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە :**

- شەهید ئەنوەری برام.
- دایك و باوكی خۆشەویستم.
- **خوشك و براكانم.**
- **هاوسەری ژیانم ئارەزوو و جگەرگۆشەكانم ژیار و ڕاوێژ...**
- **هەموو ئەو كەسانەی كە خەمخۆری نەتەوەی كورد و زمانی كوردین.**
- **هەموو ئەو مامۆستا و كەسانەی فێری زانست و زانیاریان كردین.**

**پێشڕەو**

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس و ڕێزم بۆ:**

١- سەرپەرشتی بەڕێزم (پ.ی.د.مەحموود فەتحوڵا ئەحمەد) لە ئامادەکردنی ئەم نامەیەدا ماندوونەناسانە هەمیشە هاوکارم بووە و بەسەرنج و تێبینییەکانی نامەکەی دەوڵەمەندکردووە.

٢- مامۆستای گەورە و بەرێزم( د.محەمەدی مەحویی).

٣- مامۆستای بەڕێز ( د. ئومێد بەرزان برزۆ).

٤- مامۆستای بەرێز ( م. جمعە مەحموود عەلی).

٥- فەرمانبەرانی کتێبخانەکانی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی گەرمیان.

٦- هەموو ئەو کەسانەی کەوا بە پێدانی کتێب و سەرچاوەکانیان هاوکاریان کردووم، هۆکارێك بوون بۆ دەوڵەمەندکردنی نامەکە.

# لیستی هێما و کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوە | واتاکەی |
|---|---|
| ← | دەبێت بە |
| ∅ | مۆرفێمی سفر |
| ϕ | تیاچوونی دەنگ |
| ' | هێزی سەرەکی |
| / | یان |
| /…/ | فۆنێم و مۆرفێم |
| […] | دەربڕینی فۆنەتیکی |
| + | کۆ |
| – | نێگەتیڤ |
| /  –/ | پێشگر |
| /–  / | پاشگر |
| "…" | دەقی وەرگیراو |
| V | ڤاوڵ |
| C | کۆنسۆنانت |
| MS | مۆرفۆسینتاکس |
| σ | بڕگە |

پێڕست


| ژمارە | بابەت |
|---|---|
| ١ | 0 پێشەکی |
| ١ | 0.1 ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | 0.2 بواری بواری لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | 0.3 هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | 0.4 ئامانجی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | 0.5 کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | 0.6 ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | 0.7 گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | 0.8 بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| | **بەشی یەکەم** |
| ٤ | 1.0 فۆنۆلۆژیی |
| ٤ | 1.1 پێناسە و ڕوونکردنەوە |
| ٦ | 1.1.1 فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی |
| ٨ | 1.1.2پرۆسە فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجییەکان |
| ١٢ | 1.1.3 پۆلێنبوونی فۆنێمەکان |
| ١٣ | **1.1.3.1 فۆنێمی سەگمێنتی** |
| ١٣ | **1.1.3.2 نیشانەی سەروو سەگمێنتی** |
| ١٣ | 1.1.4 فۆنێم |
| ١٦ | 1.1.5 ئەلۆفۆن |
| ١٧ | 1.1.5.1 دابەشبوونی تەواوکەرانە |
| ١٧ | 1.1.5.2 ئەلۆفۆنی ئازاد |
| ١٨ | 1.1.5.3 بێلایەنبوون |
| ١٨ | 1.1.6 هۆکارەکانی پەیدابوونی ئەلۆفۆن |
| ١٩ | 1.1.7 دروستەی دیوی ناوەوەی فۆنێمەکان |

| | |
|---|---|
| ٢٠ | 1.1.7.1 نیشانەی جیاکەرەوەی فۆنێمەکان |
| ٢٤ | 1.1.7.2 ڕۆڵی نیشانە جیاکەرەوەکان لە دەربڕینی یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا |
| ٢٥ | 1.1.8 ئارخیفۆنێم Archiphoneme |
| ٢٥ | 1.1.8.1 هەمبەری بەها |
| ٢٦ | 1.1.8.2 هەمبەری پلەپلەیی |
| ٢٧ | 1.1.8.3 هەمبەری یەکسان |
| ٢٧ | 1.2 دروستەی بڕگە، هێز و ئاواز |
| ٢٧ | 1.2.1 بڕگە |
| ٢٨ | 1.2.2 بڕگە و هێز |
| ٢٩ | 1.2.2.1 بڕگەی هێز–لەسەر |
| ٢٩ | 1.2.2.2 بڕگەی بەبێ هێز |
| ٣٠ | 1.2.3 لێکدانەوەی بڕگە بەپێی ئاستی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی |
| ٣٠ | 1.2.3.1 بڕگە لەڕووی فۆنەتیکەوە |
| ٣٠ | 1.2.3.1.1 لایەنی فۆنەتیکی بیستنی بڕگە |
| ٣٢ | 1.2.3.1.2 لایەنی فۆنەتیکی ئۆرگانی بڕگە |
| ٣٢ | 1.2.3.1.3 لایەنی فۆنەتیکی فیزیایی (ئەکوستیکی) بڕگە |
| ٣٣ | 1.2.3.2 فۆنۆلۆجیی بڕگە |
| ٣٦ | 1.2.4 فۆنۆتاکتیك |
| ٤٠ | 1.2.5 هێز |
| ٤١ | 1.2.5.1 جۆرەکانی هێز |
| ٤١ | 1.2.5.1.1 هێز لە وشەدا |
| ٤٢ | 1.2.5.1.1.1 هێز لە وشەی سادەدا |
| ٤٢ | 1.2.5.1.1.2 هێز لە وشەی داڕێژراودا |
| ٤٣ | 1.2.5.1.1.3 هێز لە وشەی لێکدراودا |
| ٤٤ | 1.2.5.1.2 هێز لە ڕستەدا |
| ٤٤ | 1.2.5.1.2.1 هێز لە ڕستەدا بە وشە و فرێزی تەواوەوە |
| ٤٥ | 1.2.5.1.2.2 هێز لە دروستەی کرداری ئاڵۆزدا MS |
| ٤٥ | 1.2.5.1.2.3 هێز لە ڕستەی واتا شاراوەدا |

| | |
|---|---|
| 1.2.6 ئاواز | ٤٦ |
| 1.2.6.1 ئاستەکانی ئاواز | ٤٧ |
| 1.2.6.2 جێبەجێکردنی ئەرك بە ئاواز | ٤٨ |
| **بەشی دووەم** | |
| 2.0 مۆرفۆفۆنۆلۆجی | ٥٠ |
| 2.1 پێناسە و ڕوونکردنەوە | ٥٠ |
| 2.1.1 پەیوەندیی نێوان فۆنۆلۆجی و مۆرفۆفۆنۆلۆجی | ٥٢ |
| 2.1.2 ڕێبازی لێکدانەوەیی مۆرفۆفۆنۆلۆجی | ٥٤ |
| 2.1.3 گۆڕانە مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان | ٥٧ |
| 2.1.3.1 هۆکارە پەیوەندیدارەکانی گۆڕانی دەنگە زمانییەکان | ٥٨ |
| 2.1.3.1.1 هاوسێیەتی دەنگەکان | ٥٨ |
| 2.1.3.1.2 شوێنی هێز | ٦٠ |
| 2.1.3.1.3 ئیکۆنۆمیکردن | ٦٥ |
| 2.1.3.1.4 ناوازە لە زماندا | ٦٦ |
| 2.1.3.2 هۆکارە دەرەکییەکانی گۆڕانی دەنگەکان | ٦٦ |
| 2.2 مۆرفۆلۆژیی | ٧١ |
| 2.2.1 پێناسەو ڕوونکردنەوە | ٧١ |
| 2.2.2 ئەرکەکانی مۆرفۆلۆجی | ٧١ |
| 2.2.3 دابەشبوونی مۆرفێمەکان لە زمانی کوردیدا | ٧٢ |
| 2.2.3.1 مۆرفێمە ئازادەکان | ٧٢ |
| 2.2.3.2 مۆرفێمە بەندەکان | ٧٣ |
| 2.2.3.2.1 مۆرفێمەکانی هەڵگواستن | ٧٣ |
| 2.2.3.1.2 مۆرفێمەکانی شکاندنەوە | ٧٤ |
| 2.2.4 مۆرفێم و ئەلۆمۆرف | ٧٥ |
| 2.2.5 ئەلۆمۆرف | ٧٧ |
| 2.2.5.1 هۆکارەکانی پەیدابوونی ئەلۆمۆرف | ٧٧ |
| 2.2.5.1.1 مەرجی فۆنۆلۆجی | ٧٧ |
| 2.2.5.1.2 زار و شێوە زارەکان | ٧٨ |

| | |
|---|---|
| 2.2.5.1.3 مەرجی ڕێزمانیی | ٧٩ |
| 2.2.5.1.4 مەرجی لیکسیکی | ٧٩ |
| 2.2.5.1.5 ئەلۆمۆرفی ئەرکیی | ٨٠ |
| 2.2.5.2 پەیوەندی مۆرفێم و مۆرف | ٨٠ |
| 2.2.6 یاسا لێکسیکییەکان | ٨٢ |
| 2.2.6.1 هەڵگواستن | ٨٣ |
| 2.2.6.2 وشەی خواستراو | ٨٤ |
| 2.2.6.3 لێکدان | ٨٤ |
| 2.2.6.4 ڕەگ | ٨٥ |
| 2.2.6.5 قەد | ٨٦ |
| 2.2.6.6 بناغە | ٨٦ |
| 2.2.6.7 لاگر (پێشگر و پاشگر) | ٨٧ |
| 2.2.6.7.1 لاگرەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوە | ٨٧ |
| **بەشی سێیەم** | |
| 3.0 مۆرفۆسینتاکس | ٩٠ |
| 3.1 پێناسە و ڕوونکردنەوە | ٩٠ |
| 3.1.1 کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان | ٩١ |
| 3.1.1.1 کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە شکانەوەی سەرە ناودا | ٩١ |
| 3.1.1.1.1 مۆرفێمە ناسراویەکان | ٩٢ |
| 3.1.1.1.2 مۆرفێمە نەناسراویەکان | ٩٥ |
| 3.1.1.1.3مۆرفێمەکانی کۆکردنەوە | ٩٦ |
| 3.1.1.1.4 مۆرفێمەکانی خستنەپاڵ | ٩٩ |
| 3.1.1.1.5 مۆرفێمەکانی بانگکردن | ١٠١ |
| 3.1.1.1.5.1 ئەدگارە مۆرفۆسینتاکسیەکانی بانگکردن | ١٠٣ |
| 3.1.1.2 مۆرفۆسینتاکسییەکانی کەتیگۆری ئاوەڵناو | ١٠٤ |
| 3.1.1.3 مۆرفۆسینتاکسییەکانی کەتیگۆری پێشناو | ١٠٦ |
| 3.1.1.4 مۆرفۆسینتاکسییەکانی کرداری ئاڵۆز | ١٠٧ |
| 3.1.1.4.1 کردەی کرداری ئاڵۆز | ١٠٧ |

| | |
|---|---|
| ١٠٩ | 3.1.1.4.2 ئەدگارەکانی مۆرفۆسینتاکس |
| ١١٠ | 3.1.2 دروستەی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە |
| ١١٠ | 3.1.2.1 دروستەی ڕستەی تەواو |
| ١١١ | 3.1.2.1.1 ڕێزبوونی چەسپاو |
| ١١١ | 3.1.2.1.2 ڕیزبوونی ئازاد |
| ١١٢ | 3.1.2.2 دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی |
| ١١٣ | 3.1.2.2.1 نوسەك(كليتيك) |
| ١١٦ | 3.2 دروستەی مۆرفێمە بەندەکانی کردار |
| ١١٦ | 3.2.1 نیشانەی ئەسپێکت (ڕووکار) |
| ١١٩ | 3.2.2 کات |
| ١٢١ | 3.2.2.1 نیشانەکانی تێنس |
| ١٢٤ | 3.2.3 ڕێژەی کردار |
| ١٢٧ | 3.2.4 مۆرفۆسینتاکسی بکەر دیار بۆ بکەر نادیار |
| ١٢٩ | 3.2.5 مۆرفۆسینتاکسییەکانی نەکردن |
| ١٣٠ | 3.2.6 مۆرفێمەکانی تێپەڕاندن |
| ١٣١ | 3.3 یاسا و دیاردە فۆنۆلۆجییەکان |
| ١٣١ | 3.3.1 پەیدابوونی دەنگ |
| ١٣٤ | 3.3.2 توانەوەی دەنگ |
| ١٣٦ | 3.3.3 جێگۆڕکێی دەنگەکان |
| ١٣٨ | 3.3.4 لێکچوونی دەنگ |
| ١٣٨ | 3.3.4.1 لێکچوونی تەواو |
| ١٣٩ | 3.3.4.2 لێکچوونی ناتەواو |
| ١٣٩ | **3.3.4.2.1 یاسای لێکچوون لە ڕووی [+دەنگداری]ەوە** Error! Bookmark not defined. |
| ١٤٠ | **3.3.4.2.2 یاسای لێکچوون لە ڕووی [ – دەنگداری] ەوە** |
| ١٤١ | 3.3.4.2.3 یاسای لێکچوون لەڕووی قورسبوونەوە |
| ١٤١ | 3.3.4.2.4 یاسای لێکچوون لە ڕووی سازگەوە |
| ١٤٢ | 3.3.4.5 یاسای لێکچوون لەڕووی لێوخڕکردنەوە |

| | |
|---|---|
| ١٤٢ | 3.3.5 لێکنەچوون(دوورکەوتنەوە)ی دەنگ |
| ١٤٣ | 3.3.6 تێکەڵبوون |
| ١٤٤ | 3.3.7 دەنگە گۆڕکێ |
| ١٤٥ | 3.3.8 تەبایی |
| ١٤٦ | 3.3.9 فڕێدان و زیادکردن |
| ١٤٨ | ئەنجام |
| ١٤٩ | سەرچاوەکان |
| ١٥٥ | ملخص البحث |
| ١٥٦ | Abstract |
| | |

## 0 پێشەکی

## 0.1 ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە دارِشتەی مۆرفۆسینتاکسدا) لە زمانی کوردیدا، ئەمەش بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەو کاریگەرییانەی کە پێکهاتەکانی زمان لە سەر یەکتری هەیانە، لە ڕووی گۆڕین و بەرهەمهێنانی دارِشتنی وشە و کەرەستەکانی زمانی ئاخاوتنەوە.

## 0.2 بواری لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵدەدرێت یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان و دارِشتە مۆرفۆسینتاکسییەکان، کە تێیدا لایەنە تێکچڕژاوەکانی ئاستەکانی (فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس)ن، بەپێی ئاخاوتنی ڕۆژانە و بنەمای پێڕەوبەندیی زمانی کوردی شیبکرێنەوە و پەسنبکرێن.

## 0.3 هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو کارانەی لە بارەی پێکهاتەکانی زمان و یاساکانی زمانی کوردییەوە تا ئێستا بۆ دۆزینەوەی ئەو دەستوورانەی زمانی کوردییان لەسەر بەندن، و بە ئەنجام گەیەنراون، ئەنجامی باشیان خستۆتەڕوو لە نیشاندان و شیکردنەوەی کەرەستە زمانیەکاندا، بەڵام هەندێك کەلێن و بابەتی زانستی هەن، بەشێوەیەك لە شێوەکان ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە، بەتایبەتی دیاردەی گۆڕانی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی لە دارِشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، تا ئێستا لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ نەکراوە، بۆیە هەوڵدراوە کاریگەریی ئاستەکانی زمان لەسەریەکتر بەپێی دەستوور و یاساکانی زمانی کوردی بخرێنەڕوو.

## 0.4 ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەیەدا، تیشك خستنەسەر هەندێك لایەنی پێڕەوبەندی زمانی کوردییە لە ڕووی گۆڕان و دارِشتنی دیاردە و یاساکانی زمانەکە و خستنەڕووی ئەو گۆڕانکارییە فۆنۆلۆجییانەی کە بەسەر وشە و مۆرفێمەکاندا دێن.

## 0.5 کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا نموونەکان، لە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست– شێوە زاری سلێمانین، هەرچەندە هەندێك جار بەپێی پێویست نموونەی دیالێکتەکانی تر و شێوە زارەکانی زمانی کوردی پەنایان بۆ براوە. نموونەکان لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەرگیراون. لەگەڵ ئەوەشدا سوود لە هەندێك سەرچاوەی بییانیش وەرگیراوە، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە.

## 0.6 ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی سینکرۆنی، پەیڕەوکراوە، پێکهاتەکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس بەپێی ئاخاوتنی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست لێکدراوەتەوە، هەرچەندە هەندێك جار بەپێی پێوستی لێکۆڵینەوەکە پەنا بۆ دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی براوە.

## 0.7 گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە:

دەستبردن بۆ کاری نووسینی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی، کۆمەڵێك گرفت ڕووبەڕووی لێکۆڵەر دەبنەوە. گرفتی سەرەکی ئێمە خۆی لەوەدا بینیەوە، کە ناونیشانی بابەتەکە تازەیە و لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لەم بوارەی زمانی کوردییدا نەکراوە، هەروەها جیاکردنەوەی سنوری ئاستەکان لە هەندیك بواردا کارێکی زەحمەت و گرانبوو. بوونی هەندێك زاراوە بەتایبەتی لە (مۆرفۆفۆنۆلۆجیی) و(مۆرفۆسینتاکس) دا، کە خۆیان ئاڵۆزن لەکاتی شیکردنەوەدا و لە بەرانبەریشیاندا زاراوەی کوردیی بەرامبەریان بەکارنەهێنراون.

## 0.8 بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە سێ بەش و ئەنجام، پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم :** بە لایەنی تیۆری پێناسینی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجیی و پرۆسە و تایبەتمەندیەکانی ئەو دوو ئاستە و یەکەکانی فۆن و فۆنێم و ئەلۆفۆن و نیشانە جیاکەرەوەکانی فۆنێم لەگەڵ دروستەی

برگە، هێز و ئاواز خراونەتەڕوو، کە بە نیشانەی سەروو سەگمێنتی لە زماندا سەیردەکرێن، بە یەکەی ئاستی فۆنۆلۆجیی دادەنرێن. لەگەڵ ئەوەشدا نموونەی پێویستیان بۆ هێنراوەتەوە.

**بەشی دووەم:** لەم بەشەدا گۆڕانی مۆرفێمەکان و دەنگە زمانییەکان بەهۆکاری ناوەوە و دەرەوە باسکراوە، لەگەڵ خستنەڕووی نموونەی پێویست لە بارەی ئەو هۆکارانەی کەوا بوون بەهۆی گۆڕانی مۆرفێمەکان و پەیدابوونی ئەلۆمۆرفەکان لە زماندا. لەگەڵ ئەوەشدا پێناسینی مۆرفۆفۆنۆلۆجی بە شێوەی تیۆری خراوەتەڕوو لەگەڵ ئەو سنورانەی کەوا دەبنەهۆی پەیدابوونی ئەم ئاستەی زمان. هەروەها خستنەڕووی سنوری مۆرفۆلۆجی و یاساکانی دروستبوونی وشە و دیاریکردنی ئەو گۆڕانانەی کە لە ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجیدا دەبینرێنەوە.

**بەشی سێیەم:** لەم بەشەدا لایەنی مۆرفۆسینتاکسی زمانی کوردی ڕوونکراوەتەوە، بەوەی کەوا مۆرفۆسینتاکس لە دوو کردە پێکدێت، ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆجییانەی کە ئەرکی سینتاکسییان هەیە، لەگەڵ بەکلیتیککردنی ڕستە، کەبەکرداری ئالۆز ناودەبرێت، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە ناونیشانی نامەکە، هەروەها ئەو یاسایانەی کەوا لە دارشتەی مۆرفۆسینتاکسدا بەشدارن. لەگەڵ خستنەڕووی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەی تەواو و ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیدا. هەروەها یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردیی لە کۆتایی بەشی سێیەمدا خراونەتەڕوو لەگەڵ نموونەی پێویست دەربارەی بابەتەکە و ناساندنی ئەو یاسایانە.

پێش کۆتایی، بە چەند خاڵێك ئەنجامە گرنگەکان خراونەتەڕوو، دوابەدوای ئەوەش لیستی سەرچاوەکان کە سوودیان لێوەرگیراوە دەربارەی بابەتەکە. لەکۆتاییدا کورتەیەك دەربارەی نامەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی باسکراوە.

**بەشی یەکەم**

## 1.0 فۆنۆلۆجی

### 1.1 پێناسە و ڕوونکردنەوە:

چەمکی فۆنۆلۆجی(phonology) لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و لە دوو بەش، "phone– دەنگ" و "logy– زانست" پێکهاتووە، کەواتە لە ڕووی زاراوەوە، فۆنۆلۆجی بە واتای زانستی دەنگ دێت .

لە پێڕەوی زماندا، داڕشتەی فۆنۆلۆجی یەکێکە لە وەچە–پێڕەوەکانی پێڕەوی زمان ، پەیوەندیی نێوان یەکەکانی وەچە–پێڕەوەکانی زمان پێڕەوبەندانە ڕێکخراون، "پێڕەوی فۆنۆلۆژیی phonological system کۆی پێکەوەبوونی فۆنەیتیکی جیهانیی و فۆنەیتیکی تایبەت بەهەر زمانێکی وەك کوردییە لەگەڵ دروستەی زماندا language stracture فۆنۆلۆژیی بەندو بەستراوە بە پێکهاتەی ڕێزمانەوە grammatical component ("سینتاکس و فۆنۆلۆژیی و واتا") کە وەك زمان مۆدوولێکی مێشکە"(محەمەدی مەحویی: ٢٠٠٨: ١) ئەمەش بەو واتایە دێت، کەوا پێڕەوی فۆنۆلۆژیی " (ا) بۆ چۆنیەتیی ڕێکخستنی ناوەوەی (ڕێکخراوی organization) پێکهێنەرەکانێتی، کە فۆنێمەکانن لەگەڵ یەکتریداو (ب) بۆ پەیوەندییەکانی لە کاردابوون و کارکردن لەبۆ بەجێهێنانی ئەرك (گۆکردن function) بۆ دروستەکاریەکان/ ڕۆنانکارەکان، چۆنیەتیی ڕێکخستن و ڕێکخراوەی تەواوی زمانیش پێڕەوە" (عادل ڕەشید: ٢٠٠٨: ٦).

فۆنۆلۆجی لقێکی سەرەکی زمانە، "ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لە داڕشتە و پێڕەوبەندانەی دەنگەکانی زمانی مرۆڤ، زاراوەی فۆنۆلۆجی لە دوو لایەنەوە سەیردەکرێت، بۆ نموونە، لە لایەکەوە، خۆی بە گۆکردنی دەنگەکانی زمانێکی تایبەت و یاساکانی حوکمکردن و دابەشکردنی دەنگەکان خەریکدەکات. لەلایەکی تریشەوە ئاماژە بە بەشی تیۆری گشتی زمانی مرۆڤ و گرنگیی تایبەتمەندییەکانی زمانی گشتی universal و پێڕەوی دەنگی زمانی سروشتی دەدات "(Akmajian,others:2001:109) لە کاتی قسەکردندا، هەر لەبەرئەوەشە زۆربەی زمانەوانەکان "فۆنۆلۆجی وەك لایەنی ئەرکی دەنگەکان دەناسێنن، چونکە لێکۆڵینەوە لە پێڕەوی دەنگی زمانێکی دیاریکراو دەکات" (بڕوانە: عصام نورالدین:١٩٩٢ : ٣٥)، بۆ نموونە، فۆنۆلۆجی زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیە لە هەڵسەنگاندنی دەنگەکان، ئەرکی داڕشتنی فۆنێمەکان، پێڕەوی فۆنێم، خستنەڕووی لایەنی لێکچوون و لێکنەچوون و ڕێکخستنە فۆنێمییەکان، یاسا فۆنۆلۆجییەکان، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە فۆنێم و بڕگە و هێز و ئاواز. هەروەها فۆنۆلۆجی ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە دیاریکردنی واتای وشە و فرێزەکان" (عصام نورالدین:١٩٩٢ : ٣٥)، لە ئەنجامی ڕیزکردنی دەنگەکانی زمانێك

بەدوای یەکدا، دەتوانرێت یاساو دیاردە فۆنۆلۆجییەکانی ئەو زمانەی لێکۆڵینەوەی لەسەردەکرێت، دیارییبکرێن. سەبارەت بە گۆڕانی واتای وشەکان، بەشێوەیەکی وردتر دەکرێت بگوترێت، کە ئەم زانستە لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان دەکات. "خەریکە بە بەجێهێنانی ئەرکی واتا–گۆڕین (گۆکردنی واتا–گۆڕین) و هەڵسوکەوتی ڕێکخستن و جۆری ڕێکخراوی دەنگەکانەوە sounds oraginzation لەناو خۆیاندا" محەمەدی مەحویی:٢٠٠٨: ١٤٠).

فۆنۆلۆجی بەو بەشەی زمان دەوترێت، کە" گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو دەدات، بەمەبەستی خستنەڕووی ئەرکی ئەو دەنگانە لە ناو سیستەمی پەیوەندیکردندا، واتە فۆنۆلۆژی ئەرکی خستنەڕووی ئەو دەنگە زمانیانە دەگرێتە ئەستۆ، کە ڕۆڵیان هەیە لە جیاکردنەوەی وشەیەك لە وشەکانی تری زمانێك." (عبدالواحید موشیر وئەوانی تر:٢٠١٣: ١١٣). لێکۆڵینەوەی سەرەکی ئەم ئاستە دیاریکردنی فۆنێمەکانی زمانەکەیە، کەخۆیان بەتەنها واتایان نییە، واتە "فۆنۆلۆجی بریتییە لە سیستەمێکی یەکەی دەنگی بێواتا و گرێدانی ئەم یەکانە بەیەکتر بۆ دروستکردنی مۆرفێم و وشەی فەرهەنگی واتادار" (غازی عەلی:٢٠١٠: ١٦٧).

بەپێی یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە خستنەپاڵیەکدی فۆنێمەکاندا چەند گۆڕانکاریەك بەسەر فۆنێمەکانی ناو مۆرفێمێکدا دێن. کەواتە " فۆنۆلۆجی لەو دەستوورانە دەکۆڵێتەوە، کە لە ڕێگەیەوە دەنگە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتردا لە وشەدا ڕێکدەخات، هەروەها ئەوانەی دەکرێت لە دەنگەکان پێکەوە بلکێنرێن و ئەوانەی پێکەوە نالکێنرێن و ئەوەی دەکرێت لەسەرەتای وشەدا دەست پێبکات و ئەوانەش کە ناکرێت" (نایف خرما: ٢٠١٣: ٣٤٦) لە سەرەتای وشەوە بێن. بەواتای ئەوەی کەوا هەموو زمانێك کۆمەڵێك یاسای تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ نموونە، (یاسای پەیدابوونی دەنگ، یاسای تیاچوونی دەنگ، یاسای جێگۆڕکێکی دەنگ، یاسای لێکچوون و لێکنەچوونی دەنگ ... ) بەهۆی فۆنۆلۆجییەوە چۆنیەتی پێکەوەهاتنی فۆنێمەکان و یاساکانی دەنگی زمانەکە دیاریدەکرێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە فۆنۆلۆجی لایەنی پراکتیکی دەنگ دەگرێتەخۆی، هەروەها "فۆنۆلۆجی فۆنێمەکان دەستنیشان دەکات، و لە ناو قاڵبی برگەی فۆنەتیکیدا ئەم فۆنێمانە لەیەکدەدات و برگەی فۆنۆلۆجی پێکدێنێ و لە ئەنجامی لێکدانی فۆنێمەکانیش دەنگ هەیە دەگۆڕێ و دەنگ هەیە پەیدادەبێت و دەنگ هەیە تێدەچێت ..."(وریا عومەر: ٢٠٠٩: ٥٣).

هەرکە باس لە فۆنۆلۆجی کرا، ناتوانرێت ئاستی فۆنەتیك بەلاوە بخرێت، چونکە جیاکردنەوەی سنوری فۆنەتیك و فۆنۆلۆجیی کارێکی زەحمەتە. سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە فۆنەتیك، توێژینەوەیە لە خستنەڕووی خاسیەتە دەنگەکانی زمانەکە، کە باسکردنێکی وردی دەنگی و فیزیکی دەنگەکانی ژێر لێکۆڵینەوەیە، بۆیە دەکرێت بگوترێت" فۆنەتیك ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە دەنگەکانی گفتووگۆکردن و لەیەکگەیشتنی زمان و دەتوانێت کەڵك لە زانیاری و دروستە فۆنۆلۆجییەکان ببینێت و لە خزمەت

لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا بەکاریان بهێنێت" (محەمەدی مەحویی:٢٠٠١: ٨٧–٨٨) . لەو ڕوانگەیەشەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە فۆنەتیک بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی قسەکردنی مرۆڤ، کە گرنگی بە چۆنیەتی جوڵانەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتن، سازگەی دروستبوونی دەنگەکان، دەنگداری(گڕ) و کپی دەنگەکان، گواستنەوەی شەپۆلی دەنگەکان، ڕادەی بەرزی بیستن و چۆنیەتی گواستنەوە و گەیاندنی بەوەرگر دەدات. هەروەها لەو زانیارییانەش دەکۆڵێتەوە، کە دەنگەکان هەڵیاندەگرن و دەیگەیەنن بە ئاوەزی(مێشك) ی مرۆڤ، بەمەبەستی شیکردنەوەی هەموو ئەو دەنگانەی کە مرۆڤ بەرهەمیان دەهێنێت و هەستیان پێدەکات، کە ئەوانیش دەنگەکانن.

### 1.1.1 فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی:

زانستەکانی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجیی هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بەشێکن لە زمان و لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان دەکەن. بەپێی بۆچوونی زمانەوانەکان، هەریەك لەم زانستانە ڕێباز و دەستووری جیاوازی خۆیان هەیە. فۆنەتیك لێکۆڵینەوەیە لە دەنگەکان بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەش دەکەوێتە سنوری فۆنۆلۆجییەوە تایبەتمەندترە، ئەوەی تایبەت بێت بە فۆنۆلۆجی ئەوەیە، کە گرنگی بە دەستنیشانکردنی فۆنێمەکانی زمانی ژێر لێکۆڵینەوە لەڕووی ئەرکەوە دەدات، هەروەها دەستنیشانکردن و خستنەڕووی شێوە و نموونەی مۆدێلی قسەکردنی ئەبستراکتیش **Abstract modeling speech** دەگرێتەئەستۆ، واتە " فۆنۆلۆژیی بەگشتی و بە درشتیی، بە پشکنینی پێڕەوەکانی دەنگەکانی زمانە سروشتیەکان sounds-system of natural languages ناسراوەو پێناسە کراوە" (محەمەدی مەحوی : ٢٠٠٩ :١٨١) . ئەمەش بەو واتایە دێت، فۆنۆلۆجیی لێکۆڵینەوە لە نموونەی دەنگەکانی قسەکردنی مرۆڤ دەکات، جۆرێکە لە زانیاری کە قسەکەرانی زمانێکی دیاریکراو سەبارەت بە زمانەکەی خۆیان هەیانە. بۆیە دەگوترێت فۆنۆلۆجیی زمانەکانی جیهان لەیەکتر جیاوازن، گەرچی لایەنە لێکچووەکانی زمانەکان زیاترن لە لایەنە جیاوازەکان. ئەو گۆڕانکارییە فۆنۆلۆجییانەی کە لە ئەنجامی خستنەپاڵیەکتری فۆنێمەکانی ئەو زمانەوە دروستدەبن، جۆرەها گۆڕانکاری وئاڵوگۆڕی و کاریگەری لە (پەیدابون و تیاچوون و جێگۆڕکێ ....) بەسەر وشەدا دەهێنن، کە نابێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە.

هەردوو ئاستەکە ( فۆنەتیك و فۆنۆلۆجیی) " وەك کێڵگەیەکی سەربەخۆ لە بواری زماندا کاردەکەن، مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕەگەزانە دەکەن کە وەك هەڵگری واتان، بەڵام خۆیان لە خۆیاندا واتایان نییە". (Sadock:1967:385 ) . هەروەها "گرنگی ڕووخسار و نیشانەکانی features فۆنەتیکی زمانی مرۆڤ، ئەوانەن کە ڕۆڵی گەورە لە دەربڕینی یاساکانی فۆنۆلۆجی، یان جیاوازی فۆنێمەکان لە

یەکتری دەبینن، چونکە ئەرکی ئەو نیشانانە بەشێوەیەکی باو پێیان دەوترێت نیشانە جیاکەرەوەکان، یان ڕوخسارە دیارەکان". (Akmajian,others:2001:110)، بۆیە دەبینرێت لە نێوان پێکهاتەکانی زماندا پەیوەندیی هەن، چونکە هەموو ئاستەکان تێکچڕژاون. بۆیە دەکرێت بگوترێت، ئەو دوو ئاستەی زمان دوو شێوازن زۆر نزیکن لەیەکەوە، چونکە "هەردوو زانستی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، وەچە کێڵگەی زانستی زمانن کە لێکۆڵینەوە لە دروستە و نمونەی ڕێکخراوی دەنگەکانی زمانی مرۆڤ دەکەن". (Akmajian,others:2001:12) هەموو پێکهاتەکانی زمان لە پەیوەندیەکی توندوتۆڵدان، هەرگۆڕانکاریەك لەهەر ئاستێك لە ئاستەکانی زماندا ڕوودات، ئەوا هەموو ئاستەکانی تریش دەگرێتەوە. لەم بارەوە، محەمەدی مەحویی (٢٠٠٨: ٦٢–٦٣) دەڵێت:

> "زانایانی فۆنەتیك ڕێکوڕاست سوورن لە سەر ئەوەی، کە هاوبەشی یان پەیوەندی توندو تۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، زانایانی فۆنۆلۆژیی زۆرتر قورسایی دەخەنەسەر ئەوەی، کە فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی جیاوازن، لەبەرئەوەی خوێندن و پسپۆڕیی توێژەر لە پێکهاتە componetپێکهاتووەکانی construction سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس و مۆرفۆفۆنۆلۆجیدان".

دەکرێت بگوترێت ئەم دوو ئاستەی زمان لە بنەڕەتدا سنوری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لێکجیاوازن. زمانەوانانی بواری فۆنەتیك بۆ لێکدانەوەی کەرەستەکانیان ناچارن پەنابەرنەبەر ئاستی فۆنۆلۆجی بۆ ئەوەی کاری لێکۆڵینەوەکانیان بەئەنجام بگەیەنن. زانستەکانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی هەریەکەیان لە لایەنێکی زانستی زمان دەکۆڵنەوە. فۆنەتیك، زیاتر مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی دەنگی قسەکردندا دەکات، بێئەوەی زانیاری پێشوەختی هەبێت، سەبارەت بەو زمانەی قسەی پێدەکرێت، واتە گرنگی بەلایەنی دەنگەکانی ئاخاوتن لە ڕووی فیسیۆلۆجییەوە دەدات، کە کەرەستە بنەڕەتییەکەی دەنگە و سروشتی (باری بیستن و گۆکردن ) ی ئەو دەنگانەیە، کە مرۆڤەکان بەرهەمیاندەهێنن و لەکاتی قسەکردندا دەریاندەبڕن، لە کەرەستەیەکی ئەبستراکتەوە دەبنە کەرەستەیەکی کۆنکرێتی[١] و گوێگر هەستیان پێدەکات. لە کاتێکدا فۆنۆلۆجیی خۆی بە نمونەی دەنگەکانەوە pattern of sounds بەتایبەت نمونەی دەنگەکان لە زمانانی جیاوازدا دەکات. فۆنۆلۆجی "زیاتر مەبەستی نیشاندانی ڕۆڵ و ئەرکی ئەو دەنگانەیە، کە لە ئاخاوتندا بەر گوێ

---

[١] پەیوەندی یەکە و ئاستەکانی زمان:

شێوەی کۆنکرێت (ڕستە، فرێز، وشە، مۆرف(ئەلۆمۆرف)، فۆن(ئەلۆفۆن))دەگرێتەوە.

شێوەی ئەبستراکت( نەخشەی ستراکچەری ڕستە، نەخشەی فرێز لە ڕستەدا، مۆرفێم، فۆنێم) دەگرێتەوە. بڕوانە (هێرش کەریم:٢٠١٥: ٣٠) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

دەکـەون، واتــە دەبنــە مــاك و کەرەســتەی دانــەی ئــاڵۆزتر و واتــاداری وەك (مــۆرفێم، وشــە) هــەر لەبەرئەوەشە، هەندێ زانایان فۆنۆلۆجیان بە( فۆنـەتیکی ئـەرکی ) نـاو بردووە".(ئـەورەحمانی حـاجی مارف:٢٠٠٤ : ٢٨٣).

هەر فۆنێمێك لە کۆمەڵە دەنگێك پێکدێت، واتە یەك فۆنێم لە زمـانێکی دیـاریکراودا لـە دەسـتەیەك دەنـگ پێکـدێت، کـە بەشـێوەیەکی ئەبسـتراکت لـە مێشـکدا هـەڵگیراون، چـونکە هـەموو وتنەوەیـەکی فۆنێمەکە لە دەنگە بنەڕەتیەکـەی جیـاوازە، "مـرۆڤ ئـەو دەربـڕاوە دووبارەبووانـە هـەرگیز وەك تـەواو وەکیـەك نابیسـتێتەوە و وەرناگرێتـەوە" (محەمـەدی مـەحویی:٢٠٠١: ٨٩)، واتـە یـەك فـۆنێم نوێنـەری کۆمەڵە دەنگێکە لە مێشکدا، دەنگ و فۆنێم کە هەریەکەیان بەتەنیا یەکەیەکی بێواتای زمانن، بەڵام بـە بەکارهێنانیان لەناو ئاستەکانی تری زماندا دەبن بە یەکەیەکی واتادار. هەروەها دەبێـت تیشـك بخرێتـە سەر ئەوەش، کە ئەم دوو ئاستەی زمان تـەنها لـە گـۆکردنی ئـەو دەنگانـە ناکۆڵنـەوە کـە لـە نوسـیندا هێمایـان بـۆ دانـراوە، بـەڵکو کەرەسـتە زمانییـەکانی، وەك، هێـز و ئـاواز... کـە لـە زمانـدا گـرنگن دەخەنەڕوو، بەڵام لە نوسیندا هێمایان بۆ دانەنراوە.

( ئیبن جنی) لە محمد حسـان الطیـان (٢٠٠٨ : ١)ەوە دەڵێـت:" هـەموو نەتـەوەکان لـە ڕێگـەی گۆکردنی دەنگەکانیانەوە بەمەبەستەکانیان دەگەن"، بۆ لێکۆڵینـەوە لـە هـەموو ئـەو زمانانـەی کـە لـە سەرزەویدا هەن بە شێوەیەکی گشـتی فۆنـەتیك لێیـان دەکۆڵێتـەوە کـە گـەنجی دەنگـەکانی[٢] زمانـانی جیهان پێکدەهێنن. لە ناو گەنجی دەنگەکانی زمانانی جیهاندا هەر زمانە و کۆمەڵە دەنگێکـی بـۆ خـۆی هەڵبــژرادووە، واتــە "هــەر زمانێــك گــەنجێکی لــە دەنگــەکان هەیــە، لــەکۆی دەنگــەکانی مــرۆڤ هەڵاوێردیکردووە و کە ڕەنگە لە گەنجی دەنگەکانی زمانێکی دییکە یان چـەندین زمـانی دییکـە جیـاواز بێت." (محەمەدی مەحوی:٢٠٠٨: ١٤٤–١٤٥).

## 1.1.2 پرۆسە فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجییەکان:

لە کاتی جێبـەجێکردنی پرۆسـە مۆرفۆلۆجییەکانـدا، پرۆسـە فۆنـەتیك و فۆنۆلۆجییـەکان دەردەکـەون، واتە لە دەربڕینی داڕشتەی ڕووکەشـدا هەنـدێك گۆڕانکـاری بەسـەر مۆرفێمەکانـدا دێـن، تـا ئەندازەیـەك دووردەکەونـەوە لـە داڕشـتەی قـوڵ و نوانـدنی بنـەڕەتی. هـەر ئاسـتێك لـە زمانـدا وەربگریـت چـەند شێوەیەکی گۆڕان لە پێڕەوی ئاستەکەیدا ڕوودەدات، زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەو بۆچـوونەن کـەوا

---

[٢] گەنجی دەنگ: بریتییە لە دەرخستن و نواندنی لیستی فۆنێمەکان – لەگەڵ هەندێك ڕەمزی هەڵبژێردراودا، کە لە باری ئاساییدا لەسـەر بناغەی فۆنەتیکین. وەك خستەڕووی لیستی ڤاوڵەکان و کۆنسۆنانتەکان. بۆ زانیاری زیـاتر ( بڕوانـە :محەمـەدی مـەحویی (٢٠٠٨: ١٩٤–١٩٥).

گۆڕان لە پێڕەوی فۆنۆلۆجییدا بە بەراورد لەگەڵ ئاستەکانی تردا زیاترە، گۆڕانەکانیش دەکرێت هەندێکیان فۆنەتیکی و هەندێکیتریان فۆنۆلۆجیبن، گۆڕانی دەنگەکان بە ئەڵتەرناسیۆن ناودەبرێن، چونکە "وشەکان و مۆرفێمەکان لە دەربڕینیاندا دەگۆڕێن و دەربڕینی گۆڕدراوی جۆراوجۆریان هەیە، دەربڕینە جۆراوجۆرەکانیان وابەستەی هەندێك مەرجن، ئەم ئەڵتەرناسیۆنانە( دەربڕینی گۆڕدراوە جۆراوجۆرەکان ناوی "پرۆسەی فۆنۆلۆجیی" ان لێنراوە، مەرجەکانی ئەڵتەرناسیۆنەکان دەتوانن ئەمانە بن:

(أ) دەقی / دەوروبەری دەنگیی،

(ب)جێکەوتە position لە ناو وشەدا،

(ت)مەرجە مۆرفۆلۆژییەکان (نیشانەی شکانەوە inflection features ،چەشنەکانی لاگر (affix types

(پ) خێرایی قسەکردن،

(ج) شێواز، (محەمەدی مەحویی: ٢٠٠٨: ١٧)

بۆ جیاکردنەوەی پرۆسە فۆنەتیکییەکان و پرۆسە فۆنۆلۆجییەکان، دەشێت ئەم مەرجانە هەبن: (عادل ڕەشید: ٢٠٠٨: ٢٥).

١- جێبەجێبوون و بەجێهێنانی یاسا مۆرفۆلۆجییەکان دەشێت ببنەهۆی تەقینەوەی یاسا فۆنۆلۆجییەکان.

٢- پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لە ناو ڕێزمانی زمانەکەدان، لە ئاستی قوڵەوە تا دەگاتە ئاستی ڕووکەش و فۆنەتیکییەکان لە دەرەوەی ئەم ئاستەدان، بە واتا لە دەربڕیندا ئۆتۆماتیکین و لە ژێر کۆنترۆڵی قسەکەردا نیین.(سەرچاوەی پێشوو: ٩٦).

٣- پرۆسە فۆنەتیکییەکان تەقینەوەی دیاردە فۆنەتیکییەکانیان لێدەکەوێتەوە.

٤- پرۆسە فۆنەتیکییەکان پیشبینیان لێدەکرێت گرنگ بۆیان دابەشبوونی تەواوکەرانەیە. پرۆسە فۆنەتیکییەکان ئۆتۆماتیکن و لەژێر کۆنترۆڵی قسەکەردا نیین، بەواتا جیاکەرەوەی واتا نیین.

٥- پرۆسە فۆنەتیکییەکان ناوازە و لە یاسا بەدەریان نییە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەی سەرەوەدا دەکرێت پرۆسە فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکییەکان بە پێی یاسا بخەینەڕوو:

**یاسای ژماره(١)**

ماست[mast]+ ئاو [ʔaw] ← ماستاو [mastaw]  ʔ →ϕ

چلك [tʃlk] + ئاو ← [ʔaw] چلكاو [tʃlkaw]  C→ϕ

وەك لە نمونەكەدا دەردەكەوێت، كە دەنگی [ئـ –ʔ ] لـە زمـانی كوردیـدا بـە كۆنسـۆنانت دادەنرێـت، لەسەرەتای بڕگەی دووەم تیادەچێت، بۆ ئەوەی سەرەتای بڕگەی دووەم بە بۆشی نەمێنێتەوە كۆتایی بڕگەی یەكەم دەبێتە سـەرەتایی بڕگـەی دووەم ئەمـەش یەكێكـە لـە یاسـا فۆنۆتاكتیكییـەكانی زمـانی كوردی.

**یاسای ژماره(٢)**

گا [ga]+ئاسن← [ʔasɨn] گاسن [gasɨn]  ʔa →ϕ ، C→ϕ

گەنم[ganɨm]+ ە [ə]+شام [ʃam] +ی [i:] ← گەنمەشامی [ganməʃami:]

وەك لە نموونەی یەكەمدا دیارە، هەردوو دەنگی [ئ، ا] تیاچوون. لەنموونـەی دووەمیشـدا دەنگـی [ɨ] تیاچووە.  ɨ→ϕ

**یاسای ژماره (٣)**

دەست← [dəst] دەس [dəs]  t→ϕ

دەست[dəst] + گر [gɨr] ← دەزگر [dəzgɨr]  s→ z /_g

دەست[dəst] + بڕ [gɨR] ← دەزبڕ [dəzbɨr]  s→ z /_b

دەست[dəst] + ڕێژ [Reʒ] ← دەزڕێژ [dəzReʒ]  s→ z /_R

s→z +voice + / sonorance

له نمونەی یەکەمدا دەنگـی [t] زۆرجـار تیادەچێت ئەگـەر لـە دوای دەنگـی [s] وە بێـت، لەنموونـەی دووەم و سـێیەمدا دەنگـی [s] وەك دەنگـی [z] گۆدەکرێـت، بـەهۆی دەنگـی [g,R,b]وە کـە هـەردووکیان دەنگـی زرنگـدەرەوەن. ئەمـەش یاسـایەکی فۆنۆلـۆجی زمـانی کوردییـە، کـە بـە یاسـای لێکچوون لە زماندا ناسراوە.

**یاسای ژمارە (٤)**

نۆ [no]+ دە [də] ← نۆزدە [nozdə]      ϕ→ z ، ϕ→C

ئەم یاسایە پەیدابوونی فۆنێم لە زماندا دەردەخات، دەکرێـت ئـەم یاسـایە بـە پرۆسـەیەکی فۆنۆلـۆجی ناوببرێـت، هـەروەك لـە نموونەکـەدا دیـارە دەنگـی /z / پەیـدابووە، ئەمـەش پەیوەسـت بـە خـاڵی چوارەمەوە ناوازەی لە یاسا بەدەرە.

**یاسای ژمارە(٥)**

پاش [paʃ] +شێو [ʃew] ← پارشێو[parʃew]      ʃ→ r
پاش [paʃ]+سەنگ [səη] ← پارسەنگ[par səη]      ʃ→r

ئەم یاسایەش لە زماندا بە لێکنەچوون یـان دوورکەوتنـەوەی دەنـگ ناسـراوە.( بڕوانـە بەشـی سـێیەم: یاسای لێکنەچوون 3.35) پرۆسەکەش لە زماندا فۆنۆلۆجییە.

**یاسای ژمارە (٦)**

بەر[bər] + ان[an]+ بەر[bər] ←بەرامبەر [bərambər]      n+b→ m +b
عەنبەر [ʔənbər] ← عەمبەر [ʔəmbər]
مینبەر [mi:nbər] ← میمبەر [mi:mbər]

ئەم یاسایەش لە ئەنجامی پرۆسەیەکی فۆنۆلۆجییەوە پەیدابووە، چونکە زۆرجار دەنگـی /ن/ لـە پـێش لەدەنگی /ب/ وە بێت دەگۆڕێت بۆ /م/ بڕوانە(بەشی سێیەم : لێکچوون 3.3.4)

| /ن/ | /ب/ | /م/ |
|---|---|---|
| +دەنگدار | +دەنگدار | +دەنگدار |
| + لوتیی | + گیراو / وەستاو | +لوتیی |
| +دانیی و پوکیی | + لچولێویی | + لچولێویی |

**یاسای ژمارە (٧)**

مێروو [meru:]+ لە [lə]← مێرووله[meru:lə]/مێلووره [melu:rə]      r⇆ l

ئەم یاسایە وەك دیاردەیەکی فۆنۆلۆجی بریتییە لە جێگۆڕکێکی دەنگەکان( بڕوانە بەشی سێیەم جێگۆڕکێکی دەنگەکان:3.3.3 )

**یاسای ژمارە (٨)**

باب[bab]+ پیر [pir] ← باپیر [bapir]     b→ϕ

ئەم یاسایە ئەوە دەخاتەڕوو، کەوا فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی ڕێگە بە خستنەپاڵی دەنگەکانی [bp] لە یەك بڕگەدا نادات.

**یاسای ژمارە (٩)**

پشت [pɨʃt]+ دەر[dər] ← پژدەر [pɨʒdər]      t → ϕ

کوشتم[kuʃtɨm] ← دەکوژم [ dəkuʒɨm]      ʃ → ʒ

ئەم یاسایەش لە ئەنجامی پرۆسەیەکی فۆنۆلۆجییەوە پەیدابووە.

## 1.1.3پۆلێنبوونی فۆنێمەکان:

زمانەوانەکان، بەتایبەت زمانەوانە ئەمریکییەکانی قوتابخانەی بلۆمفیڵد و لایەنگرانی، لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی فۆنێمیان بۆ دوو لایەن دابەش کردووە، فۆنێمی سەگمێنتی segmental و نیشانەی سەرووسەگمێنتی suprasegmental feature.

### 1.1.3.1 فۆنێمی سەگمێنتی segmental phoneme:

فۆنێمی سەگمێنتی، بچوکترین پارچەی دەنگییە بەهۆیەوە دەتوانرێت جیاوازی لە نێوان واتای دوو وشەدا بکرێت، لەگەڵ خستنەڕووی جۆری دەنگە ڤاوڵ و کۆنسۆنانتەکان، یان ئەو دانەیە، کە بەشێکی بنچینەیی لە داڕشتەی وشەدا پێکدەهێنێت. نیشانە سەگمێنتەکان نیشانەی ناوەکی سەگمێنتەکانن و ئەوانەن، کە وابەستەی دەق نین. وەك دیاریکردنی ژمارە و لیستی فۆنێمەکانی زمانە دیاریکراوەکان. سەگمێنتی ڤاوڵ و کۆنسۆنانتە فۆنۆلۆجییەکان لە دەنگەکان بەخشپەکان[٣] و زرنگدەرەوەکان لە دروستەی بڕگەدا پێکدێن. ئەم سەگمێنتە فۆنۆلۆجییانە دیاریدەکرێن، بەوەی ڤاوڵەکان دروستکەری بڕگەن، لەهەمان کاتتدا ڤاوڵە زرنگدەرەوەکان هێز لەسەرن کە ئەمەش نیشانەی سەروو سەگمێنتیە.

### 1.1.3.2 نیشانەی سەروو سەگمێنتی suprasegmental feature:

زاراوەی سەروو سەگمێنتی تایبەتە بە قوتابخانەی زمانی لەندەنەوە، بەوەی کە دیاردەیەکی دەنگییە، لە کاتی گۆکردندا دەردەکەوێت، بەواتای ئەوەی لە کاتی ئاخاوتندا دەدرکێنرێت، هێز و ئاواز لە داڕشتەیاندا بەشدارە، "نیشانە سەروو سەگمێنتەکان بەسەر سەگمێنتەکاندا وەك (بڕگە، وشە، ڕستە) دا دەکشێن و دەوری نیشانە سەگمێنتەکان دەدەن" (محەمەدی مەحویی:٢٠٠٨: ٢٦٦)، بەو واتایەی نیشانە سەروو سەگمێنتەکان هێز و ئاواز، لە چوارچێوەی فۆنێمە سەگمێنتەکاندا لە ڕستە و دەربڕینەکاندا بەکاردەهێنرێت، و بە گوێرەی مەبەستی ئاخێوەر واتای ئەو شتەی کە مەبەستیەتی دەگۆڕدرێت.

### 1.1.4 فۆنێم :

فۆنێم، وشەیەکی فەرەنسییە، کە بەواتای (دەنگێك) ی زمانی دێت، وەکو زاراوەش فۆنێم بۆ یەکەم جار لە سەدەی هەژدەدا لە لایەن زمانەوانێکی پۆڵەندی (بۆدوین دی کورتەنی ) 1876، بەکارهاتووە، سەرەتای کارکردنی ئەم زمانەوانە لەسەر ئاستی فۆنۆلۆجی بوو، هەروەها کاری لەسەر ناوبەند

---

[٣] دەنگە بەخشپەکان: دەستە جووتی دەنگدار و کپیان هەیە [ پ، ت، ك، ب، د، گ، ف، ڤ، خ، غ، س، ز، ش، ژ، ج، چ، ئـ، هـ ] بۆ جیاکردنەوەی دەنگە [+/– دەنگداریی ] (بڕوانە خشتەی ژمارە (١))

دەنگە زرنگدەرەوەکان: لە دەنگە ڤاوڵەکان و دەنگە لوتییەکان [ م، ن، نگ ] و لاییەکان [ ل، ڵ] پێکدێن.

پەیوەندێتی دەنگسازیشدا دەکرد، ئەوەی کە ئێستا پێی دەگوترێت allophony and morphophonology، کاریگەریی گەورەی لەسەر کارەکەی فێردینانت دی سۆسێر هەبووە.

بیری فۆنێم لە کارە مێژووییەکەی (سۆسێر) یشدا هەستی پێدەکرێت، هەرچەندە زاراوەکە ناوی نەهاتووە، بەڵام چەسپاندنی ئەم زاراوەیە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا بۆ ئەو ئەنجامانە دەگەڕێتەوە، کە زمانەوانەکان پشت بەستوو بە فۆنەتیکی تاقیگەیی بەهۆی شیکردنەوەی وردی دەنگە زمانییەکانەوە بەدەستیان هێناون، کە توانیان سیفەت و نیشانە جیاکەرەوەکانی هەردەنگێگ لە دەنگە زمانییەکان دیاریبکەن و تایبەتمەندییەکانی بخەنەڕوو[4] و لە یەکتریان جیابکەنەوە. Muhamad Ali(1982: 209) دەڵێت " هەر فۆنیمێك لە چەند دەنگێك پێکدێت، لە دابەشکردنی تەواوکەرانە یان گۆڕانی ئازاد دا. فۆنێم تێگەیشتنی ئەبستراکتە،چونکە ئەوەی دەردەبڕدرێت و گۆ دەکرێت بە تەواوی فۆنە نەك فۆنێمەکە، هەندێك زمانەوان فۆنێم وەك دەنگێکی نموونەیی دەناسێنن کە قسەکەر دەیەوێت لاسایی بکاتەوە".

زمانەوانەکان لەسەر پێناسەکردنی فۆنێم ڕێکنین، هەریەکەیان بۆ ناساندنی فۆنێم، لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی فۆنێمیان کردووە[5]، بۆ یەکەم جار پێناسەیەکی وردی فۆنێم لەلایەن

---

[4] هەردەنگێك لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە کە بە فۆنێم لە قەڵەم بدرێت، ئەبێت ئەم تایبەتمەندییانەی تێدابێت:

١- بچوکترین کەرتی وشەیە کە بە تەنیا ناتوانێت واتا ببەخشێت.

٢- دەبێ ڕاستی سایکۆلۆجی تێدا بێت، واتە خاوەن زمان هەست بە بوونی بکات.

٣- بەگۆڕینی لەگەڵ فۆنێمێکی تردا واتای وشە بگۆڕێ بۆ واتایەکی تری زمانەکە.

٤- لە ژینگەی جیاجیادا دەربکەوێت، واتە توانای ڕوودانی لە سەرەتاو ناوەندو کۆتایی وشەی زمانەکە هەبێت.

(بڕوانە: هەژار قادر: ٢٠١٣: ٢٩)

[5] بۆ ناساندنی فۆنێم زمانەوانەکان، لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی فۆنێمیان کردووە :

**١- ڕوانگەی دەروونی**

زمانەوانانی ڕوانگەی دەروونی هەریەکەیان لەسەر ئەوە ڕێکن کەوا فۆنێم دەبێ ڕاستی سایکۆلۆجی هەبێت، کە قسەکەری زمانەکە هەستی پێبکات، " دی کورتەنی کە یەکەم کەس بووە، زاراوەی فۆنێمی بەکار هێناوە، لە ڕوانگەی دەروونییەوە سەیری فۆنێمی کردووە وەك ئەوەی کە فۆنێم ئەو دەنگە بێت کە قسەکەر نیازی وایە دەریبێنێ، نەك ئەو دەنگەی کە لە ڕاستیدا لە ئەنجامی هەوڵەکەیەوە دەێتە ئاراوە، ترۆبسکۆی کە سەر بە قوتابخانەی پراگە ڕەخنە لەو پێناسەی دی کورتەنی دەگرێت و لەو باوەڕەدایە کە لەپێناسەی فۆنێم دا دەبێت لە دەروون و مێشك دووركەوینەوە، لەبەرئەوەی فۆنێم دانەیەکی زمانییە نەك دەروونی، بەواتایەکی تر دانەیەکی پێرەوی زمانە نەك دانەیەکی بیریی لە مێشکی قسەکەردا"(محمد معروف:١٩٩٠: ٦٤) و زمانەوانی بە ناوبانگی ئۆکرانی (cyzevskj) پێناسەی فۆنێمی بەپێی ئەم ڕوانگەکردووە کە " گەر فۆنێم وێنەیەکی هۆشەکی( عقلی) نەبێت، دەبێت چی بێت".(احمد مختار:١٩٩٧: ١٧٦).

**٢- ڕوانگەی فیزیکیی:**

ڕوانگەی فیزیکی لەڕووی بوونی فیزیاییەوە پێناسەی فۆنێم دەکات، کە" بەپێی ئەم بۆچوونە فۆنێم بونێکی فیزیاوی هەیە، ئەو فۆنێمانەی سەربە فۆنێمێکن تایبەتەندی دەنگیی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، بە واتای ئەوەی لە ڕووی فۆنەتیکەوە لەیەکتر دەچن. ئەم بۆچوونە بۆ یەکەم جار لە لایەن دانیال جۆنزەوە خراوەتە بەردەست و زمانەوانانی ئەمریکیش، گلسن لە و کەسانەیە کە

دامەزرێنەرانی قوتابخانەی پراگەوە خرایەڕوو، بەتایبەتی پێناسەکەی زمانەوانی ڕووسی ترۆبتسکۆی و ئەو یاسایانەی بۆ دیاریکردن و لە ناسینەوەی فۆنێما، کارێکی تەواوی کردە سەر هەموو کارەکانی دوای خۆی، لە قوتابخانەی پراگدا بەم جۆرە پێناسەی فۆنێم کراوە کە" فۆنێم بچوکترین سەگمێنتی ڕژێمی زمانە، بەڵام بچوکترین کەرەستەی سەرەتایی نییە، فۆنێم بریتییە لە چەپکێك یان هەندێك لە نیشانەی تایبەتی جیاکەرەوە" (محەمەدی مەحویی: ٢٠٠١ : ١١٩).

هەروەکو پێشتر ئەوە خرایەڕوو کە فۆنێم وەکو یەکەیەك، ئەرکی جیاکردنەوەی واتای هەیە، گۆڕینی واتای وشەکان لە ڕێگەی گچکەترین جووت minimal pair [٦] دیاریدەکرێت، محەمەد ئەمین

---

پەسەندیدەکات. دانیال جۆنز لەو باوەڕەدایە کە فۆنێم ئەو پۆلە دەنگەیە کە لە ڕووی فۆنەتیکەوە لە یەکتر دەچن و یان لێکچوونی فۆنەتیکییان تێدایە و تاڕادەیەکیش ئەندامانی پۆلەکە ناچنە شوێنی یەکتری، بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، فۆنێم بریتییە لە هێمایەك کە چەند دانەیەکی فۆنەتیکی گرددەکاتەوە "، (محەمەد مەعروف:٢٠١١ : ٦٦)، هەرچەندە ئەم بیرە یەکەم جار لە لایەن دانیال جۆنزەوە خرایەڕوو، "بەڵام بنچینەی بیرەکە دەگەڕێتەوە بۆ سۆسێر کەوا دەنگی لەسەر هەردوو بنەمایی (ئەکۆستیکی و فسیۆلۆجی)ەوە کردە بنچینە بۆ دیاریکردنی فۆنێم" (هەژار قادر:٢٠١٣: ٢٦).

٣- ڕوانگەی ڕووت :

بەپێی ئەم ڕوانگەیە فۆنێم یەکەیەکی سەربەخۆیە و هیچ پەیوەندی بە نیشانە دەنگییەکانەوە نییە، کەپێیەوە بەستراوە، واتە فۆنێم یەکەیەکی خەیاڵیەو لە ڕاستی ماددی یان دەروونی دوورە، کەوا بێت پێناسەی فۆنێم بەم جۆرە کراوە کە" فۆنێم شتێکی پەنامەگییە (موجەڕەد) Abstract چەند دەنگێکی جیاواز دەنوێنێ ، کە هۆی جیاوازی نێوانیان دەخرێتەپاڵ ئەو ژینگە جیاوازانەی تیایدا دەردەکەوێ ". (وریا عومەر:٢٠١١: ٥٩).

ترۆبسکۆی ڕەخنەی لەم جۆرە پێناسە گرت بەوەی کەوا لایەنی ڕووت (abstract)" لە سەر نواندنی بنەمای ئۆستیکی و درکاندن بنیاتنراوە، هەرچی لایەنی دووەمە لەسەر بنەمای پەیوەندی دەنگەکانی بە ژینگەکەیەوە بنیاتنراوە، ئەگەر سەیری ئەم دوو بنەمایە بکەین زۆر لەیەك جیاوازن، بەڕادەیەکی وا کە ناکرێ پێکەوە کۆیان بکەینەوە".(عەبدولواحید موشیر و ئەوانی تر:٢٠١٣: ١١٦).

٤- ڕوانگەی ئەرکی:

ڕوانگەی ئەرکی بە ڕوانگەی فۆنۆلۆجیش ناودەبرێت، ئەم ڕوانگەیە فۆنێمی لەسەر بنەمای ئەرکی پێناسە کردووە، کە لە زمانێکی دیاریکراودا هەن، بەوەی کەوا ئەرکی جیاکردنەوەی واتای هەیە لە زماندا، بەو واتایەی فۆنێم لە زماندا ئەرکی ئەوە جێبەجێدەکات، ئەو دەنگانەی جیاوازی واتایی پێکدێنن یان دوو وشە لەڕووی واتایی لەیەکتر جیادەکەنەوە، واتە "فۆنێم بەو دەنگانە دەوترێ، کە لە زماندا وشە پێکدەهێنن و بە گۆڕان و لە ناو چونیان واتا دەگۆڕێن " (ئەوڕەحمانی حاجی مارف :١٩٧٦: ١٥). بەهۆی ڕیزە دەنگەکانەوە وشە و مۆرفێمەکان لە زماندا پەیدا دەبن، و ئەو ڕیزە دەنگەی کە وشەکەی دروستکردووە دەبێت واتای هەبێت کە "دوو فۆنێمی جیاواز لە شوێنی یەکتر دابنێین، ئەبنە هۆی گۆڕینی واتای وشەکان، هەروەها جیاوازی لە ئەرك و تایبەتمەندی وشەکاندا دروستبن" (محمد علی: ١٩٨٢ :١٢٥).

[٦] دەستنیشانکردنی فۆنێم لە هەر زمانێکدا بە چەند ڕێگایەك دەبێت، دیارترین ڕێگاش لەو ڕێگانە گچکەترین جوتە **Minimal pair** ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە هەموو دەنگەکان وەکیەکبن و تەنها لە یەك دەنگدا جیاوازبن. جیاوازی ئەم تاکە دەنگە واتای وشەکە دەگۆڕێت و بەمەش لەگەڵ پێناسەی فۆنێم ڕێکدەکەوێت، واتە ئەگەر دوو دەنگی جیاواز توانییان لە هەمان شوێندا دەرکەون و

هەورامانی (١٩٧٤: ٢٢) دەڵێت: "زانا دەنگ ناسەکانی زمان تاریفی فۆنێمیان بەم جۆرە کردووە (فۆنێم ) بریتییە لە چەپکێ دەنگ"، بە واتای ئەوەی هەر فۆنێمێك لە چەند دەنگێك پێکدێت، یان فۆنێمێك نوێنەری چەند دەنگێکە کە بەشێوەیەکی ئەبستراکت لە مێشکدا هەڵگیراوە، هەر لەم بارەوە، محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩: ١٩٦) دەڵێت " فۆنێمەکان گچکەترین یەکەی دەنگەکانن، کەپێرەوئاسا هەمبەر بەیەکن، بۆیە (واتا–) جیاکەرەوەن. بەواتا، گۆکردنی جیاکەرەوەیان هەیە"

کەواتە دەکرێت بگوترێت فۆنێم بچوکترین یەکەی بێواتای ئاستی فۆنۆلۆجییە لە پێڕەوی زماندا، بەڵام فۆنێمەکان هۆکاری سەرەکین بۆ گۆڕینی واتای وشە و مۆرفێمەکان، هەر فۆنێمێك لە زماندا وەربگرین، دەبینین کە کۆمەڵێك نیشانەی تایبەتی جیاکەرەوەی لە لایەنی لێکچوون و جیاوازییەوە لەگەڵ فۆنێمەکانی تری زمانەکەدا هەیە، واتە هەر فۆنێمێك نوێنەری کۆمەڵێك دەنگە لە زمانەکەدا.

## 1.1.5 ئەلۆفۆن Allophone :

وشەی ئەلۆفۆن لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە لە پێشگری (Allo–شێوەی جیاواز) و وشەی (phone–دەنگ ) پێکهاتووە، بەم جۆرە واتای وشەی ئەلۆفۆن(Allophone) بە(شێوەی جیاوازی دەنگ) دێت.

"ئەلۆفۆن شێوەی جیاوازی نێوان یەك دەنگی زمانییە، کە کاریگەری نییە لە سەر گۆڕینی واتای وشەکە، هەروەها جیاوازی لە گرنگی و تایبەتمەندی و ئەرکی وشەکە دروست نابێت" (محمد علی الخولی : ١٩٨٢ : ١٢٥)، لە زمانی کوردیدا دەنگی [س] لە وشەی (سەد) و (باس) دا جیان لە دەنگی [ص ] کە لە وشەی/ساڵ/ و/ سەر/ دا دەردەکەون، سەرەڕای ئەم جیاوازیەش هەردووکیان سەر بەیەك فۆنێمن و یەك نرخیان هەیە لە پێڕەوی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیدا، چونکە گچکەترین جووت وشەی وا لە زمانی کوردیدا نادۆزرێتەوە، کە ئەم دوو دەنگە جیاوازە لەهەمان ژینگەدا دەرکەوێت و دوو مانای جیا ببەخشن، واتە ئەلۆفۆن شێوەیەکە لە شێوەکانی گۆکردنی هەمان فۆنێم، بێ ئەوەی گۆکردن و درکاندنی ئەو شێوە جیاوازانە کار لە واتای وشەکە بکات، بەم جۆرە جیاوازانەش دەگوترێت ئەلۆفۆنی تەواوکەرانە (بڕوانە :ئەلۆفۆنی تەواوکەرانە: 1.1.5.1 ) کەوابێت "ئەلۆفۆن، فۆنێکە ، کە وەك بەرجەستەبووی فۆنێمێکی دیاریکراو جیاکراونەتەوە و پۆلێنکراون"(محەمەدی مەحوی:٢٠٠٩: ٢٠٠) . پێویستە ئەوەش بگوترێت، فۆنێمەکان لە ئاستی قووڵدان، چونکە ئەوەی گۆدەکرێت و دەدرکێنرێت

دەرکەوتنی هەریەکە واتایەکی جیا لە دەرکەوتنی ئەویتری بە وشەکە بەخشی ئەوە ئەم دوو دەنگە سەر بەدوو فۆنێمی جیان ، بۆ زانیاری زیاتر (بڕوانە : وریا عومەر :٢٠١١ : ٥٩)

ئەلۆفۆنەکانن و لە ئاستی ڕووکەشدان.بەپێی هەڵسوکەوت و جۆراو جۆری ئەلۆفۆنەکان دەبن بەسێ بەشەوە:

## 1.1.5.1 دابەشبوونی تەواوکەرانە:

ئەم جۆرە دابەشبوونە، لە وشەدا جێگۆڕکێ ناکەن، ئەگەر بە ڕێکەوت خرانەپاڵیەکدی هیچ گۆڕانکاریەك لە داڕشتە و واتا ناکەن و دروستبوونیان ناچارییە، واتە ئاماژەکردنە بە ئەو دەنگانەی کە بە شێوەی قەڵەو یان سووك گۆدەکرێن. " دابەشبوونی شێوە جیاجیاکانی هەمان کەرەستەی زمانی بەسەر ئەو شوێنانەی کە تیایدا دەردەکەون، بەمەرجێك هیچ یەکێك لەو شێوە جیایانە لە شوێنی ئەویتریاندا دەرنەکەوێت" (هەژار قادر:٢٠١٣: ٤٦) "ئەم ئەلۆفۆنانە بە ئاسانی دەناسرێنەوە و دەستبەسەریاندا دەگیرێت، لە زۆربەی جاردا لە لاسایکردنەوەی گشتی زماندا لە ژینگەی تایبەتدا خۆی دەگۆنجێنێت"(کمال بشر: ٢٠٠٠: ٢٨٢) لە هەردوو باری قەڵەوی و سووکی دەربڕین و گۆکردنی دەنگەکە بە چوارچێوەیەکی تایبەت بەستراونەتەوە. لەم بارەوە محەمەد مەحویی(٢٠٠٩: ٢٠٢) دەڵێت " دوو فۆن لە زمانێکدا خزمایەتیی فۆنەتیکییان هەیە، هەرگیز لە هەمان دەورووبەری دەنگییدا ڕوونادەن و دەرناکەون، ئەلۆفۆنەکانی تاکە یەك فۆنێمن. ئەو ئەلۆفۆنانە لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان". بە واتای ئەوەی دووئەلۆفۆن یان زیاتر لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدا سەربەیەك فۆنێمن. بۆنموونە، لە کاتی گۆکردنی دەنگی [ت ] ئەگەر دەنگێکی ڤاوڵی قەڵەو لە دوایەوە بێت کاریگەریی لە سەر دەبێت و بۆ هەمان ئاڕاستەی خۆی دەیگۆڕێت.

/ت/
[ت ] ی هەناساوی← تەڕ، تەور...
[ت ]ی ناهەناساوی ← لە دوای /س/ دێت ← ستوون، دەستور...
[ت ] ی تەقێنراو لە کۆتایی وشە ←هات، کەوت...

## 1.1.5.2 ئەلۆفۆنی ئازاد:

ئەم جۆرە ئەلۆفۆنانە لە شوێنگۆڕینەوە ئازادن، واتە " ئەم ئەلۆفۆنانە پابەندی مەرجەکانی ژینگەی دەوروبەر نین، زۆر بە ئاسانی لە کاتی قسەکردندا دەچنە شوێنی یەکتری، بێ ئەوەی کار لە واتا بکەن، واتە بەردەوام لە گۆڕانی سەربەست دان"(هەژار قادر: ٢٠١٣: ٤٧) و لە هەمان دەقیی دەنگیدا دەردەکەون. دوو فۆن، کە دەتوانرێت و لەبارن لە هەمان دەروروبەری دەنگییدا

لەبری یەکتری دابنرێن، بەبێ ئەوەی جێگرتنەوەیان کاریگەری لەسەر واتا هەبێت، ئەلۆفۆنی ئازادن یان جۆرە ئازادەکانی یەک فۆنێمن. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە دوو یەکەی جیاوازی فۆنەتیکی لە هەمان دەورووبەردا دەرکەوتن بەبێ ئەوەی هەمبەر بەیەک بوەستنەوە، دانانیان لە جێگەی یەکتر نابێتەهۆی گۆڕینی واتای وشەکە، تەنها یەکەکە جۆرێکی تری دەربڕین و گۆکردنی دیکەی دەبێت، بۆنموونە، ئەو دەنگانەی بەر مەلاشوو دەدرێن یان بەر مەلاشوو نادرێن.

[س ] ی بەمەلاشووبوو ← سەهۆڵ، سەگ...
[س ] ی ئاسایی ← سەر، سیر...
[س ] ی قەڵەو ← ساڵ، سەد... (هەژار قادر: ٢٠١٣: ٤٦)

### 1.1.5.3 بێلایەنبوون:

دیاردەی ئەلۆفۆنی بێلایەنبوون لە جۆراوجۆری و جیاوازی لەنێوان فۆنێمەکاندا دیاریدەکرێت. لەم جۆرە ئەلۆفۆنەدا فۆنێمێك بۆ فۆنێمێکی تر دەگۆڕێت بەبێ ئەوەی کار لە واتای سەرەکی وشەکە بکات. ئەمەش لە ئەنجامی خستنەپاڵیەکدی فۆنێمی دەنگدار و کپدا ڕوودەدات. بێلایەنبوون دەبێتەهۆی لابردنی نیشانە جیاکەرەوەکان لە هەندێك جێگە و جێکەوتەی دیاریکراودا بەتایبەتی لە کۆتایی بڕگەدا .(بڕوانە: نیشانەی جیاکەرەوەی فۆنێمەکان: **1.1.7.1** و ئارخیفۆنێم: **1.1.8**) لەم بارەوە محەمەد مەحویی (٢٠٠٨: ٢٢٥) دەڵێت " لە کۆتایی وشەدا " دەنگداریی"بەرجەستەنابێت و دەرناکەوێت، ئیتر گرنگ نییە ئەگەر بەیەك گیراو یان بە زرنگدەرەوەیەك و کۆنسۆنانتێك کۆتایی هاتبێت یان نا(/سەد/[sət]، /کورد/ [kurt]، /توند/ [tunt]". دەنگداریی / د/ لە کۆتایی وشەدا نامێنێت و بێلایەن دەبێت.

### 1.1.6 هۆکارەکانی پەیدابوونی ئەلۆفۆن:

پەیدابوونی ئەلۆفۆن لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك هۆکار، کە نابنە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە، بەڵکو شێوەی جیاوازی پێدەبەخشن. هۆکارەکانیش بریتین لە:

١- هیچ کەس ناتوانێت فۆنێمێك بەهەمان شێوەی پێشووتر دەربڕێتەوە، بۆیە هەر جارە و بەشێوەیەك دەنگەکان بەرگوێمان دەکەون، چونکە ئەلەفۆن "ئەو کۆمەڵە دەنگانەن کە

فۆنێمێك دەیانگرێتە خۆی و بەئەندامێكی یان بەئەلۆفۆنی ئەو فۆنێمە دادەنرێت" (نەریمان عەبدوڵا خۆشناو:٢٠١٤: ٦٣)، دەكرێت بە شێوەیەكی ڕوونتر بگوترێت كەوا " دوو دەربڕینی فۆنێمێك هەرگیز كتومت وەك یەكتر نابن و هەردەبێت جیاوازیەك لە نێوانیاندا هەبێت" (محەمەد مەعروف :٢٠١١: ٦٣-٦٤).

٢- بەپێی شوێنی پێویست، فۆنێمەكە بەشێوەی جیاواز جیاواز گۆدەكرێت، واتە بەپێی هاوسێیی دەنگەكان، فۆنێمەكان گۆڕانكاریی و كاریگەرییان لەسەر یەك دەبێت لە كاتی گۆكردنی دەنگەكاندا.

٣- گۆكردنی دەنگەكان بەشێوەی جیاواز، بۆنموونە (بەرز، نزم، درێژ و مامناوەندی) وەردەگرن، واتە "هەناسەی قسەكەر و چەندێتی ئەو هەوایەی لە سیەكانەوە دەریدەكات و چەندێتی ئەو وزەیەی كە لە دەرهێنانی دەنگێكدا بەكاری دێنێ، ئەو دەنگانەی لە بارێكی توڕەییدا گۆ دەكەین جیاوازن لەو دەنگانەی كە لە بارێكی ئارامدا دەوترێن"(محەمەد مەعروف:٢٠١١: ٦٣). بۆیە گۆڕانی هێزی سەر فۆنێمەكان شێوەی جیاوازیان پێدەبەخشێت.

٤- یەكێكی تر لە هۆكارەكانی گۆڕانی شێوەی فۆنێمێك لە زمانەكەدا، هەبوونی چەند زار و شێوە زارێكە لە زمانێكدا. بۆیە پێویستە" شێوازی ئاخاوتنی دوو كەسی زمانێكی دیاریكراو، دوو ناوچەی جیاواز لەبەرچاوبگرین. دەبینین شێوازی دەربڕینی فۆنێمەكانیان لەیەكتری جیاوازە...جیاوازییەكانیش نابنە هۆی جیاوازی واتایی"(هێرش كەریم: ٢٠١٥: ٢٧)

٥- كەڵچەر، كات، شوێن و ڕادەی خوێندەواری قسەكەر، هەروەها نیاز و مەبەستەكانی هەموو ئەمانە دەبنە هۆكاری دروستبوونی دەنگی جیاواز كە بەرگوێمان دەكەون.

٦- توانای كەسی مرۆڤەكان، واتە مرۆڤ دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی شێوازی دەنگی خۆی بۆ چەندین جۆری جیاواز لەیەكتر بگۆڕێت. واتە " شێوازی ئاخاوتنی كەسەكان هەمیشە یەكسان نین"(سەرچاوەی پێشوو: ٢٠١٥: ٢٧)

### 1.1.7 دروستەی دیوی ناوەوەی فۆنێمەكان،

**تیۆری نیشانە جیاكەرەوەكان:**

بەپێی ئەم ڕێبازە لە پێڕەوی فۆنۆلۆجیدا، فۆنێمەكان بەهۆی نیشانەی جیاكەرەوەوە وردتر دەكرێنەوە بۆ یەكەی بچووكتر، لەگەڵ خستنەڕوو و دەستنیشانكردنی لایەنی لێكچوونی نێوان فۆنێمەكان، بەهۆی ئەو نیشانانەی كە لە خودی فۆنێمەكاندا هەن. بەم پێیە دەتوانرێت فۆنێم بۆ

"نیشانە جیاکەرەوەکانی distinctive featuers شیبکرێتەوە، بەوەی کەوا فۆنێم کەمترین توخمی پێکهێنەری زمان نییە، هەر فۆنێمێك لە فۆنێمێکی دیکە جیاوازە " (محەمەدی مەحویی:٢٠٠٨: ٢٥٩)، ئەمەش دەتوانرێت بەو واتایە بخرێتەڕوو کە" دەنگەکانی قسەکردن بچوکترین پارچەی یەکەی پێڕەوی فۆنۆلۆجیانە نین، تاڕادەیەك، خودی فۆنێمەکانی زمان هێشتا پێکدێن لە نیشانەی گۆکردنی بچوکتر"(Akmajian,others:2001:110 )، بۆ نموونە، کە دەنگی [ت] گۆ دەکەین هەندێك نیشانەی خۆی هەیە وەك گرتن لە پووکدا و نەلەرینەوەی دەنگە ژێکان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەنگی [ت] یەك پارچەنییە،"زۆرتر دروستەیەکە یان بەلایەنی کەمەوە لەیەك کاتدا بریتییە لە کۆمەڵێك لە نیشانە: پوکی، گیراوی، کپی. سەگمێنتێك وەك چەپکێك نیشانە دەبینرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت" (محەمەدی مەحویی:٢٠٠٨: ٢٢٩).

### 1.1.7.1 نیشانەی جیاکەرەوەی فۆنێمەکان:

ترۆبسکۆی لە قوتابخانەی (پراگ) یەکەم زمانەوان بوو، کە بە شێوەیەکی زانستی گەشەی بە بیری ڕێبازی نیشانەی جیاکەرەوەی فۆنێمەکان دا. دەبێت باس لەوەش بکرێت، کە پێش ترۆبسکۆی، سۆسێر باسی گرنگی نیشانە جیاکەرەوەکانی فۆنێمەکانی زمانی کردووە، بەوەی کەوا فۆنێمی نێگەتیف و پۆزەتیڤی لە زماندا خستۆتەڕوو(بڕوانە: بریجیتە بارتشت: ٢٠١٠: ١٥١)، ئەوەش خۆی لە خۆیدا دیاریکردن و نیشانەکردنی جیاکردنەوەی فۆنێمەکانی زمانەکەیە.

لە قوتابخانەی پراگدا بەم جۆرە پێناسەی فۆنێم کراوە،" فۆنێم بچوکترین سەگمێنتی ڕژێمی زمانە، بەڵام بچوکترین کەرەستەی سەرەتایی نییە، فۆنێم بریتییە لە چەپکێك یان هەندێك لە نیشانەی تایبەتی جیاکەرەوە" (محەمەدی مەحویی:٢٠٠١ :١١٩)، ئەمەش لە پێناسەکەوە دیارە، کەوا لە قوتابخانەی پراگدا فۆنێم، وەك کەرەستەی سەرەتایی دیارینەکراوە، بەڵکو هەر فۆنێمێك کۆمەڵێك سیما و نیشانەی جیاکەرەوەی تایبەت بەخۆی هەیە کە جیایدەکاتەوە لە فۆنێمەکانی تر. لێکدانەوەی فۆنەتیکی گرنگی و بەهای خۆی بۆ جۆراو جۆرییە ئەلۆفۆنییەکان هەیە. واتە "ترۆبسکۆی پێی وایە فۆنێم بچووکترین یەکەی فۆنۆلۆجییە و جووت دەنگە بەرامبەرەکانیش(هەمبەرەکان)(Oppositions) تەنها لە سیستەمی زماندا هەن. واتە ئەو جووتە دەنگانە هێندە سەربەخۆ نین و دواتر بە بناغەی (سیمای جیاکەرەوەکان) دانران" (بازیان یونس:٢٠١٣: ١٢٣) نیشانەی جیاکەرەوەی فۆنێمەکان لە هەموو زمانەکاندا هەیە، ئەوەی تایبەت بێت

بە زمانی کوردییەوە ئەوەیە کە نیشانەیەکی دەنگییە، کە فۆنێمێك لـە فـۆنێمێکی تـر جیادەکرێتـەوە، بەهۆی دەنگداری و کپی، یان درێژی و کورتی، یان سووکی و قەڵەوی دەنگەکانەوە.

لێرەدا پێویستە ڕۆڵی "ڕۆمان جاکۆبسـن" لـە بـواری تێـوری نیشـانە جیاکـەرەوەکان بخرێتـەڕوو. جاکۆبسـن تـوانی بەسـەرکەوتوویی لـە بـواری بیسـتن و گـۆکردنی دەنـگ دا، نیشـانە دەنگییـەکان دەستنیشان بکات، ئەمەش وای کردووە کـە بـە شـوێنکەوتووی سوسـێر دابنرێـت، " بـەڵام ئـەوەی لـە سوسـێری جیادەکاتــەوە و دەیکاتــە شــوێنکەوتەی ترۆبســکۆی ئەوەیــە جاکۆبســن لــە تێــورە فۆنۆلۆجییەکـەی لەسـەر بـاوەڕ بـە بـوونی سـیمای جیاکـەرەوەی (جووتـە) یـان (بەرامبـەری دوانـی) دامەزراوە" (هێرش کەریم:٢٠١٥: ٥٠)، لە دوای ڕۆمان جاکۆبسن، ساڵی ١٩٦٨ چۆمسکی و هـاڵی زیـاتر گرنگییان بە دەستنیشانکردنی نیشـانەی جیاکردنـەوەی فۆنێمـەکان دا و، زیـاتر تیشـکیان خستەسـەر بنەمای (درکاندن ) ی دەنگەکان و توانیـان فۆنێمـە کۆنسـۆنانت و ڤاوڵـەکان لێکجیابکەنـەوە و نیشـانە تایبەتییـەکانیان دیاریبکـەن، ئەمـەش خـاڵێکی جیـاوازی نێوانیـان بـوو، چـونکە جاکۆبسـن نیشـانەی جیاکەرەوەی بۆ فۆنێمە ڤاوڵ و کۆنسۆنانتەکان نەخسـتبووەڕوو، ئـەو خاڵانـەی خـوارەوەش یاسـاکانی ئەرکی فۆنێمن لە زماندا :

١- دەشـێت دوو دەنـگ لـە هـەمان دەوروبـەری دەنگیـدا دەربکـەون، بتـوانن شـوێنی یـەکتر بگرنەوە، بێئەوەی ببنە هۆی گۆڕینی واتا، ئەوە ئەو دوو دەنگە بەرجەستەبووی یەك فۆنێمن، بەو واتایەی ئەو دوو دەنگەی هەمان زمان، کە لە ڕووی گـۆگردن و درکانـدن و بیسـتنەوە لێکنـزیکبن، دەبنە دوو وێنەی یەك فۆنێم. بۆ نموونە/ ب، پ / هەرچەندە ئەم دوو دەنگە لە زمانی کوردیدا دوو فۆنێمی سەربەخۆن، چونکە ئەگـەر گچکەترین جـووت minimal pairوەربگـرین، جیـاوازی لـە واتادا بەدیدەکەین لە نێوان ئـەو دوو دەنگـەدا، بـۆ نموونـە،/بیر، پـیر/، بـەڵام ئـەم دوو دەنگـە لـە هەنــدێك ژینگــەی زمانەکــەدا بــەهۆی نزیکــی شــوێنی ســازگەی درکانــدنی ئــەم دەنگانــە و لێکچوونیانەوە، جێگەی یەکتر دەگرنەوە و دەبنە ئەلۆفۆنی یەکتر. بۆ نموونە،(چب کـەم ← چـپ کـەم)(محمـد معـروف: ١٩٩٠: ٧٤)، هـەروەها هـەردوو دەنگـی /س، ز/ لـە هەنـدێك بـاردا دەتـوانن شوێنی یەکتر بگۆڕنەوە. بۆ نموونە،

/ س/ دەسگا

س

/ ز / دەزگا

٢- ئەگەر دوو دەنگ لە هەمان دەوروبەری دەنگییدا دەرکەوتن و نەیانتوانی پێکەوە شوێنی یەکتر بگرنەوەو جێگۆرکێیان پێبکرێت، بەبێ گۆڕانکاری لە واتادا، یاخود بێ ئەوەی وشەکە لێڵ بکات، یان وای لێبکات لە زمانەکە نامۆ بێت، ئەوا ئەم دوو دەنگە وێنەی دوو فۆنێمی جیان. ئەمەش لەڕێگەی گچکەترین جووتەوە دەخرێنەڕوو لە زمانێکی دیاریکراودا، بۆ نموونە، /بیر، پیر/، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، کە بە گۆڕانی فۆنێم، هەریەکەیان بە ئەوەکەی تر، دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا، لەم بارەوە، محەمەد مەحویی (٢٠٠٩: ٢٠١) دەڵێت " ئەگەر دوو فۆن لە هەمان دەوروبەری دەنگییدا بوون و نەتوانرا لەگەڵ یەکترییدا جێگۆڕکێیان پێبکرێت، بەبێ ئەوەی واتای وشەکان نەگۆڕێت، ئەوا ئەو دوو فۆنە بەرجەستەبووی دوو فۆنێمی جیاوازن". دەبێت ئەوەش بخرێتەڕوو، کە یەکێك لە ڕێگە سەرەکییەکانی دیاریکردنی لیستی فۆنێمەکانی زمانێکی دیاریکراو، دەگونجێت بەپێی ئەم یاسایە بێت.

٣- ئەگەر دوو دەنگی جیاوازی هەمان زمان لە هەمان دەوروبەری دەنگییدا دەرکەوتن و توانیان شوێنی یەکتر بگرنەوە، لە ڕووی گۆکردن و درکاندن و بیستنەوە لەیەك نزیکبن، بە بێ ئەوەی کار لە واتا بکەن، ئەوا ئەو دوو دەنگە نوێنەری یەك فۆنێمن. بۆ نموونە، شوێنگرتنەوەی دەنگی/خ/ و دەنگی/ غ/، بەهەمان شێوە بە دوو فۆنێمی سەربەخۆ دانراون، ئەم دوو دەنگە زۆرجار بەگۆڕینەوەی شوێنەکەیان واتای وشەکان ناگۆڕن جیاوازی ئەم دوو دەنگە لەگەڵ خاڵی یەکەمدا ئەوەیە کە /خ،غ/ لە ژینگەی جیاوازدا (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، بەڵام لە خاڵی یەکەمدا تەنها لە یەك ژینگەدا دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە. بۆ نموونە،

خەمگین ← غەمگین.
باخەوان ← باغەوان.
داخ ← داغ.

نیشانە جیاکەرەوەی دەنگەکان، لایەنی لێکچوون و جیاوازیی دەنگەکانی زمان لەیەك جیادەکاتەوە، بەوەی لە کاتی درکاندن و گۆکردنی دەنگەکاندا، تاڵە ژێیەکانی قورگ تا چەند دەلەرێنەوە و دەنگە دەنگدار و دەنگە کپەکان دروستدەکەن، هەروەها شێوەی درکاندن و گۆکردنی دەنگەکانیش نیشانەیەکن لە نیشانە جیاکەرەوەکانی فۆنێمەکان. وەك، دەنگە

(وەسـتاوەکان(تەقیوەکان)، خشـۆکەکان، لوتییـەکان، لاییـەکان، کۆسـپەکەکان...) بـۆ ئەمـەش (بڕوانە:عادل ڕەشید: ٢٠٠٨). وەك ئەو خشتەیەی خوارەوە:

| نیشانەی جیاکەرەوە | ب | پ | د | ت | ك | گ | س | ز | ژ | ش | م | ن | نگ | ج | چ | خ | غ | ف | ڤ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆنسۆنانت | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + |
| دەنگدار | + | − | + | − | − | + | − | + | + | − | + | + | + | + | − | − | + | + | − |
| لووتی | | | | | | | | | | | + | + | + | | | | | | |
| ئەفریکاتەکان | | | | | | | | | | | | | | + | + | | | | |
| تەقیوو(گیراو) | + | + | + | + | + | + | | | | | | | | | | | | | |
| خشۆك | | | | | | | + | + | + | + | | | | | | + | + | | |
| پووکیی | | | + | + | | | | | | | | + | | | | | | | |
| مەلاشوویی | | | | | + | + | | | | | | | + | | | | | | |
| لچولێویی | + | + | | | | | | | | | + | | | | | | | | |

خشتەی ژمارە (١)

وەك لە خشتەکەدا دیاریکراوە دەنگـەکانی /ب/ و/پ/، /ت/ و/ د/،/ ك/ و/گ/،/س/ و/ ز/، /ش/ و/ ژ/ ،/ج/ و/چ/،/ف/ و/ڤ/،/خ/ و/غ/، دەکرێـــت بـــە هەمبـــەری فۆنۆلۆجیانـــەی phonological opposition نێوان دەنگـەکان لـە ڕێگـەی نیشـانەی دەنگدارییـەوە جیابکرێنـەوە، " لەبـەر ئەمـە، بەرامبـەر بەیـەك – وەسـتانەوەی"دەنگدار/ کـپ" گچـکەترین هەمبـەری minimal contrast " نیشـانەیەکی جیاکەرەوەیـە. /نـگ/[٧] لەگـەڵ /ك، گ/ و /م/ لەگـەڵ /پ، ب/ و /ن/ لەگـەڵ /ت، د/ دا لـە بـــەهای پـــۆزەتیڤی لـــووتیی" دا خۆیـــان جیاکردۆتەوە"(محەمـــەدی مـــەحویی: ٢٠٠٨: ٢١٤). وەك لەخشتەکەدا دیاریکراوە دەنگە لووتییەکانی /نگ، م، ن/ دەنگدارن و لە ڕێگەی نیشانەی ترەوە لەیـەك جیادەکرێنـەوە، بـۆ نموونـە دەنگـی /نـگ/ مەلاشـوویی دەنگـدارە، دەنگـی /م/ لچـولێوی دەنگـدارە و دەنگی /ن/ پووکیی دەنگدارە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێـت کـە دەنگـەکانی /ب، ت، ك/ لـە

[٧] لە زمانی کوردیدا هەمیشە لە پێش دەنگی/نگ/ ڤاوڵ دێت. (دەنگ، بانگ).

کاتی گۆکردندا نزیکییەکی زۆری لەگەڵ/پ، د، گ/ هەیە. چونکە ئەو دەنگە هەمبەرییانە لە ڕووی سازبوونی فۆنەتیکییەوە شوێنی بەرهەمهێنانیان یەکە، لە ڕێگەی نیشانەی جیاکەرەوەی دەنگارییەوە لێکجیاکردەێنەوە. وەك لە خشتەکەدا دیاریکراوە، دەنگی /پ/ ،[+لچولێویی]، [–لووتیی]، [– دەنگدار] . دەنگی /ب/ [ +لچولێویی]، [–لووتیی] ،[ + دەنگدار].

### 1.1.7.2 ڕۆڵی نیشانە جیاکەرەوەکان لە دەربڕینی یاسا فۆنۆلۆجییەکاندا:

نیشانەی جیاکەرەوەی فۆنێمەکان، ڕۆلێکی گرنگ دەگێڕن لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی باسکراو، بەتایبەتی ئەو دەنگانەی کەوا شوێنی سازگە و گۆکردن و درکاندنیان لە یەکەوە نزیکە، چونکە لە هەندێك باردا ئەو فۆنێمانە دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، بێ ئەوەی کار لە واتای سەرەکی وشەکە بکەن، بۆ نموونە: (گواستمەوە)، لە هەمبەریدا (دەگوازمەوە) ی کوردی بەکاردەهێنرێت، هەروەکو پێشتر لە خشتەکەدا پیشاندراوە، کە دەنگەکانی /س/ و /ز / ، لەڕووی درکاندن و گۆکردن و سازبوونەوە لە هەمان شوێن دروستبوون، تەنها بەهۆی دەنگداری وکپی یەوە نیشانەی جیاوازیان هەیە، ئەمەش وا دەخرێتەڕوو، دیاردە فۆنۆلۆجییەکانی زمانەکە ئەو گۆڕانکارییەیان دروستکردبێت، کە بەسەر وشەکەدا هاتووە.

نیشانە جیاکەرەوەکانی فۆنێمێك لە فۆنێمێکی تر بەپێی شوێنی سازگە و گۆکردنی دەنگەکان جیاوازن، سەرەڕای بوونی لێکچوون و نزیکی و هاوبەشی لە نێوان هەندێك نیشانەی فۆنێمەکاندا، بە واتای ئەوەی لە زمانی کوردیدا دەنگی /ت/ هەمبەر /د/ دەوەستێت، یان /س/ هەمبەر / ز/ دەوەستێت...، بۆ نموونە، /پاراستم/ دەبێت بە /دەپارێزم/. دەکرێت تیشك بخەینە سەر ئەوەش کە " زمانەکانی جیهان وەك یەك ڕەفتار ناکەن بەرامبەر ئەم نیشانانە، بەواتای ئەوەی ئەو نیشانەیەی کە لە زمانێکدا گرنگە لەوانەیە لە زمانێکی تردا بخرێتە پشتگوێ، لە کوردیدا دەنگی دەربازوو بەخشپە بەپێی نیشانەی دەنگداری جیادەکرێتەوە، مەرج نییە لە زمانانی تردا کپی و دەنگداری ئەم گرنگییەی داربێتێ" (محەمەد مەعروف:٢٠١١: ٧٣)، بۆ نموونە، لە زمانی کوردیدا فۆنێمی /ب/ لە سەرەتا وناوەڕاست و کۆتاییدا دەنگدارە، بەلاّم لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم فۆنێمە لە کۆتایی وشەدا کپە (Bomb)، بۆیە دەبینین کە "جەوهەریترین بەشەکانی نا–وەکیەکی زمان فۆنێمەکان نین، بەڵکو نیشانەکانن، کە فۆنێمەکان دروستدەکەن، هاریکاری زیاتر بۆ لێکدانەوەی فۆنێمەکان بۆ نیشانەی پێکهێنەرەکانیان لە ڕێگەی وردبینی یەکی تەواوەوە هاتووە، بەهۆی ڕێکخستنی فۆنۆلۆجییەوە دەتوانرێت ئەو نیشانە دابمەزرێت، کە فۆنێمەکان دروستیاندەکەن" (Akmajian,others:2001:121)


### 1.1.8 ئارخیفۆنێم Archiphoneme:

زاراوەیەکی تایبەتە بە قوتابخانەی پراگ، بەتایبەت زمانەوانی بەناوبانگ تروبسکۆی لە فۆنۆلۆجیدا دایهێناوە، بریتییە لە تایبەتمەندیی هاوبەش لە نێوان دوو فۆنێم، یان زیاتر یان "نیشانە و ئەدگاری هاوبەشی دوو فۆنێمە لە جێکەوتەی بێلایەنبووندا دەردەکەوێت" (محەمەدی مەحویی:٢٠٠٨: ٢٢٨). واتە "دەربڕینی دەنگی /ب/ بە /پ/، /ژ/ بە /ش/، هەندێکجار ئارخیفۆنێم وەك نەمانی جیاوازییەکە لە نێوان دوو فۆنێمە لە فیچەری واتایی ± دەنگداریی/ گڕ ئارخیفۆنێمە، نیشانەکانی هەردوو فۆنێمەکەی تیادا هاوبەشە، لە جێکەوتەکانی بێلایەنبووندا دەردەکەون و بەدیاردەی (کۆتایی داخستن )بێلایەنبوون neutralizationناودەبرێت".(ناهیدە ڕەحمان:٢٠١٣: ١٣١)

ئەم بیرۆکەیەی ترۆبسکۆی گرنگییەکی زۆری هەبوو، فۆنێمەکان لە بنچینەدا قەوارەی جیاکەرەوەن و ناوەڕۆکی فۆنەتیکییان هەیە. بەوەی کەوا ڕۆڵی سەرەکی لە نێوان فۆنێمەکاندا بە هەمبەریەکی دووانی Binary opposition ناودەبرێت، " ئەم دژیەکیانە لە زنجیرە پێکهاتەیەکی یەکسانی مەرجدار بە پێوانەیەکی فۆنۆلۆجی دەردەکەوێت. دیاریکردنی ئەم پێوانانە، پێکهاتەی فۆنێم ڕووندەکاتەوە، وەك ئەو پێوانەی لە نێوان (گڕ و کپ) دا هەیە" (هەژار قادر:٢٠١٣: ٣٤). گرنگی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمبەریی لە نێوان فۆنێمەکاندا، واتە " فۆنێم یەکەی هەمبەریی contras or oppostion unit دانراو هەمبەرییەکەش دەشێت بێلایەن بێت، ئەمەش پێشنیازکردنی ئارخیفۆنێمی سەپاند. پێکهێنەری سەرەتاییتر لە فۆنێم هەن و ئەوانیش نیشانەی جیاکەرەوەکانن، بۆ ئەوەی پێیان چارەسەری دیاردەی بێلایەنبوون بکرێت"(عادل ڕەشید:٢٠٠٨: ٢٣) هەمبەریەکانیش ئەمانەن:

#### 1.1.8.1 هەمبەری بەها:

ئەم جۆرەی هەمبەری فۆنێمەکان، بە شێوەیەك دەخرێتەڕوو، کەوا نیشانەیەك لە فۆنێمێکدا هەیە و لە فۆنێمەکەی تردا نییە، ئەو فۆنێمەی نیشانەی جیاکەرەوەکەی تێدایە نیشانەی (+) بۆ دادەنرێت، بە پێچەوانەشەوە ئەو فۆنێمەی کە نیشانەکەی تێدا نییە بە (−) بۆ دادەنرێت. وەك ئارخیی فۆنێمی /ت/ و /د/، هەروەها ئارخی فۆنێمی /ب/ و /پ/ و ئارخی فۆنێمی /ك/ و /گ/ ... لە زمانی کوردیدا ، کە بەهۆی دەنگداری و کپی لەیەك جیادەکرێنەوە، واز لە نیشانە هاوبەشەکانیان [پووکی، گیراوی] دەهێنرێت(بروانە بازیان یونس:٢٠١٣: ١٢٤) و (عادل ڕەشید:٢٠٠٨: ٢٠−٢٣) بۆ نموونە :




بۆت دێنم← بۆد دێنم.

لێت دەدەم← لێد دەدەم

ئارخی فۆنێمیی /ت/، بەهۆی نواندنی فۆنۆلۆجییەوە دابەش دەبێت بۆ دەنگی /ت/ و/د/، چونکە دوو فۆنێمی نیشانداروی جیاوازن لە ئاستی مۆرفۆفۆنۆلۆجیدا. هەردوو فۆنێمەکە لە دەنگە تەقاوەکانن Plosive[8](بڕوانە عادل ڕەشید: ٢٠٠٨: ٣١–٤٧). شێوەی بەرهەمهێنانی دەنگی /د/ هەمان شێوەی بەرهەمهێنانی دەنگی /ت/ ، واتە ئەو دوو دەنگە پوکێن، بەڵام تاکە جیاوازی نێوان ئەم دوو دەنگە ئەوەیە کە دەنگی/د/ + دەنگدارە(گڕە) و دەنگی/ت/ –دەنگدارە.

### 1.1.8.2 هەمبەری پلەپلەیی:

ئەم جۆرەی هەمبەریی فۆنێمەکان، لەسەر بنیاتی پلەیی نیشانەی فۆنێمەکان دەخرێنەڕوو، بەتایبەتی نیشانەی سەروو سەگمێنتی، بۆ نموونە فۆنێمێك بەهۆی هێزەوە دوو سیفاتی جیای هەیە. وەك فۆنێمی /ا/ لە وشەی (باڵا) لە ڕووی درێژییەوە جیاوازن، بەشێوەیەك کە لە فۆنێمی /ا/ لەسەرەتاوە هێزی لەسەر نییە و کورتە لە چاو فۆنێمی کۆتاییدا کەوا هێزی لەسەرە. دەکرێت ئەوەش بگوترێت "ڤاوڵەکانی ئەو بڕگانەی لە پێش زرنگدەرەوە و خشۆکە دەنگدارەکاندا درێژتر لە درێژیی ئاساییان دەردەبڕدرێن وەك لەوانەی پێش گیراوو خشۆکە کپەکاندان"(محەمەدی مەحویی: ٢٠٠٨: ١٨٤)" ئەگەر درێژیی بەفۆنێم دابنرێت –ئەم بەرامبەریە لە بڕگەی یەك

---

[8] Plosive تایبەتمەندی دەنگێکە لە کاتی گۆکردن و دەربڕینی دا پێویستی بە وەستانی هەناسە هەیە و دواتر لە پڕ دەنگەکە لە دەم گۆدەکرێت، بۆ نموونە، دەنگەکانی /پ، ك، ت، د.../ دەگرێتەوە، لە سەرەتای وشەدا، ئەمەش بەو واتایە دێت، ئەو دەنگانەی کە لەگەڵیاندا دەم دەگیرێت و دواتر بەشێوەیەکی تەقاوە دەردەچێت.

کۆنسـۆنانتی داخـراودا CVCجیاکەرەوەیـە" (محەمـەدی مـەحویی:٢٠٠٨: ٢٥٢)، بـۆ نموونـە فۆنەکانی [u] و [u:] لە وشەی /kur/ و /ku:r/ دا جیاوازی واتایی دەردەکەوێت، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت کورتی و درێژی فۆنێمەکان هەمبەری پلەیین.

### 1.1.8.3 هەمبەری یەکسان:

ئەم جۆرەی هەمبەریی نێوان فۆنێمەکان، یەکسانن لەڕووی هێز و کاریگەریـەوە، بـەو واتایـەی کـە فۆنێمەکان وەك یەکن، ئەم جۆرەیان لەسەر نیشانەی جیاکەرەوەی دەنگداری و کپی، یان درێژی و کورتی، هەمبەری دەنگـەکان ناخرێتـەڕوو، بـەڵکو ئـەم هەمبەرییـە لەسـەر بنـەمای جیـاوازی(دژی) دەنگەکان دەخرێتەڕوو. وەك پەیوەندی نێوان فۆنێمی /ك/ و / چ/، یان فۆنێمی /گ/ و /ج/.

## 1.2 دروستەی بڕگە، هێز و ئاواز :

لە زماندا دروسـتەی بڕگـە، هێـز و ئـاواز، بـە یەکـەی سـەروو سـەگمێنتیەکان ناسـراون، ڕۆڵ و گرنگیـی خۆیان لە داڕشتە و یاساکانی زمانەکاندا بەشێوەکی گشتی هەیە، گرنگـی بایـەخی ئـەو کەرەسـتانە لـە زماندا ئێجگار زۆرە.

### 1.2.1 بڕگە Syllable:

لە کۆنەوە زمانەوانەکان بڕگەیان دیاریکردووە و باسیان لێوەکردووە، سەرەتای لێکۆڵینەوەکانیش لە بڕگە شێوەیەکی فۆنەتیکی وەرگرتبوو، واتە سەرەتای توێژینەوە لە بڕگـە ئاڕاسـتەیەکی گشـتی universal هەبوو، کە هەموو زمانەکانی تێدا کۆدەبووە و هاوبەشییان تێـدا دەکـرد، چـونکە لـە ڕوانگـەی ڕادەی جوڵاندنـەوەی ئەندامـەکانی ئاخاوتنـەوە دەیانڕوانیـە بڕگـە، وەك دیـاریکراوە کـە "بڕگـە یەکەیـەکی فۆنۆلۆجییـە و پێکـدێت لـە ڤـاوڵ یـان یەکـەی تـر کـە دەکـرێ بـە تـەنیا بەرهـەمبهێنرێت." (سـەلام نـاوخۆش :٢٠١٤ : ٣٠٩) و گـوێگر هەسـت بـە بـەرزی گـۆکردنی دەنگـە ڤاوڵەکە بکات، بەوەی کەوا "بڕگە بەو کۆمەڵە دەنگە ئەوترێ کە لـەناو وشـەدا درکانـدنێکی بـەرزی هەبێ و بیستەر بـە ئاشـکرا هەسـت بـەو درکاندنـە بکـات و بتـوانێ بـە گـوێرەی ئـەو سـنورەی کـە لەوشـەدا هەیـەتی لـە بڕگـەکانی تـری جیابکاتـەوە" (غـازی فـاتح وەیـس:١٩٨٤ : ٨٣)، دەکرێـت

ئەوەش بگوترێت کە وشەیەك لە بڕگەیەك، یان زیاتر پێکدێت. هەروەها بڕگە بەپێی کۆتایی فۆنێمەکە دەکرێت بە دوو بەشەوە:

ا– بڕگەی داخراو **Closed syllable**: بەو بڕگەیە دەوترێت کە بەدەنگێکی کۆنسۆنانتی کۆتایی هاتبێت، وەك / ماڵ ، سەر ، دار، بەش، .../ بەم پێیە بڕگەی داخراو لەسەرویی داخراویی بۆشایی دەمدا سازدەبێت.

ب– بڕگەی کراوە **Open syllable**: بەو بڕگەیە دەوترێت کە بە کراوەیی لە بۆشایی دەمەوە گۆدەکرێت. بەو پێیە لوتکەی بڕگە دەکەوێتە کۆتایی بڕگەوە لەم بارەدا ڤاوڵ ماکی بڕگە پێکدەهێنێت: ڕا، ڕوو، دۆ ، پێ، بە. بە کورتی بڕگەی کراوە ئەو بڕگەیەیە، کە بە دەنگێکی ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت.

جۆری بڕگە پەیوەندیی بەمۆسیقای زمانەکەوە هەیە، ئەو زمانانەی بڕگەی قورس(ئاڵۆز)یان زۆرە و داخراون، بەلای گوێگرەوە مۆسیقی نین. ئەو زمانانەی کە بڕگەی کراوەیان زۆرە بەلای گوێگرەوە زمانێکی مۆسیقین، زمانی ئینگلیزی لە نێوان ئەو دوو جۆرەدایە چونکە بڕگەی قوورس و کراوەی هەیە، بەڵام زمانی کوردی زۆربەی بڕگەکانی کراوەن، و بڕگەی قورسیشی کەمە، چونکە نە لەپاش نە لە پێش بڕگەوە زۆرکەم ڕێگە بە هێشووە کۆنسۆنانت دەدات، واتە زمانی کوردی زمانێکی مۆسیقییە. (بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠٠٤: ٧٤–٧٥) و (محەمەد معروف :٢٠١١: ٨٠).

## 1.2.2 بڕگە و هێز Syllable & Stress

هێز لە هەموو زمانەکاندا هەیە، بەڵام هەر زمانە و بەپێی تایبەتمەندی خۆی شوێنی هێز دیاریدەکات. پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان بڕگە و هێزدا هەیە، لەو بارەوە کمال بشر(٢٠٠٠ : ٥٠١) دەڵێت " بڕگە و هێز هاوبەندی یەکن لە شیکردنەوە و باس و لێکۆڵینەوەکاندا، هەروەها بڕگە هەڵگری هێزە و هێزیش کەرەسەیەکە لە گەڵیاندا دەردەکەوێت"، بە جۆرێك کە زۆربەی زمانەوانەکان کە باس لە بڕگە دەکەن، ناتوانن ڕۆڵی هێز لەپێکهاتەی بڕگەدا بخەنە لاوە. هەر لە بارەی هێز و بڕگەوە، غازی فاتیح وەیس(١٩٨٤: ٨٢) دەڵێت :

"گرنگی هێز لەگەڵ بەکارهێنان و چۆنیەتی و جۆری بڕگەی زماندا دەرئەکەوێ، چونکە هەر ناوی هێزمان هێنا ئەبێ ناوی بڕگەشی لەگەڵدا بهێنین. بۆ نمونە ئەڵێن

بڕگـەی هێـزدار و نـاڵێن ووشــەی هێـزدار. بـەم جـۆرە سـودی کـەرت کردنـی وشــە دەرئەکەوێ، چونکە ئەگەر وشە دابەش نەکرێ بەسەر بڕگەدا ئـەوا سـنوری هێـزیش دەرناکـەوێ، بـەڵکو نـاتوانرێ دەستنیشــان بکــرێ. هــەروەها گرنگــی فــۆنیم لــە دەسنیشــانکردنی بڕگــەدا دەردەکــەوێ چــونکە ئەگــەربلێین بڕگــە چــییە ؟ ئــەبێ لەوەلآمـدا بڵـێین بڕگـە بریتییـە لـە چـەند فۆنێمێـك هـەروەها جیـاوازی بڕگـە و هێـز لەوەدایە کە بڕگە ئـەتوانرێ دەستنیشـان بکـرێ لـە نووسـینەوەدا دوای درکانـدنی، بەلآم دەسنیشان کردنی سنوری هێز وەیا هێز لە مێشکی مرۆڤدایە "

لە ڕووی گۆکردن و درکاندنیشەوە بڕگـە لـە کـاتی ئاخاوتنـدا "هەنـدێ بڕگـە درێـژتر و بـەهێز تـر و توندتر تلفظ دەکرێن" (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٦ : ٦٩). بڕگەش لە ڕووی هێزەوە دەبن بەدوو بەشەوە:

### 1.2.2.1 بڕگەی هێز–لەسەر Stressed syllable:

لە زمانی کوردیدا بڕگەی هێز–لەسەر ئەو بڕگەیە دەگرێتەوە کە هێزێکی زۆری دەخرێتەسەر، واتە "ئەو بڕگەیەی هێزی دەکەوێتە سەر هەوایەکی زۆری لەگەڵدا سـەرف ئـەکرێت" (غـازی فـاتح وەیـس:١٩٨٤ : ٨٦)، بە شێوەکی گشتی هێزی سەرەکی لـە زمـانی کوردیـدا ئەگـەر وشـەکە نـاو بێـت دەکەوێتـە سـەر بڕگەی کۆتایی، بەلآم ئەگەر کردارێکی ئـاڵۆز بـوو ئـەوا هێـز سـەرەکی دەکەوێتـە سـەر بڕگـەی یەکـەم. (بڕوانە، هێز لە دروستەی کرداری ئاڵۆزدا: 1.2.5.1.2.2)

### 1.2.2.2 بڕگەی بەبێ هێز Unstressed syllable:

ئەو بڕگەیە دەگرێتەوە کە هێزێکی کەمی دەخرێتە سەر، واتە بڕگەی بەبێ هێز، "هەوایەکی کـەم تـری لەگەڵدا سەرف ئەکرێ" (غازی فاتح وەیس:١٩٨٤ : ٨٦). دەکرێـت ئـەوەش بگوترێـت، کـە لـە زمـانی کوردیدا بڕگەی بەبێ هێز (unstressed) لە ئارادا نییە و بڕێك هێزی هەر دەخرێتە سەر، واتە بڕگەی بەبێ هێز لە زمانی کوردیدا ناتواترێت پێشـنیاربکرێت، چـونکە"بڕگە بـەبێ هێزەکـان هەمیشـە هەنـدێك هێز لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن"(Fattah:1997:46). بەشـێوەیەکی گشـتی هێـزی لاواز لـە زمـانی کوردیدا دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم ئەگەر وشەکە ناو بێت. هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر دوا بڕگـە. (بڕوانە: هێز لە وشەدا: 1.2.5.1.1)

### 1.2.3 لێکدانەوەی بڕگە بەپێی ئاستی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی:

بـەلای زۆربــەی زمانەوانەکانــەوە، نیشــاندان و دیــاریکردنی ســنوری بڕگــە لــە ڕووی فۆنــەتیك و فۆنۆلۆجییەوە جیاوازە. هەر بۆیە ئێمەش بڕگە بەپێی هەردوو ئاستەکە دەخەینەڕوو:

#### 1.2.3.1 بڕگە لەڕووی فۆنەتیکەوە:

لە ئاستی فۆنەتیکدا لێکۆڵینەوە لە بڕگە بۆ هـەموو زمانـەکانی جیهـان چـۆنیەکە، واتـە پەیوەنـدی بـە زمانێکی دیاریکراوەوە نییە، بەڵکو هەوڵدەدرێت یاسـایەکی گشـتی universal بـۆ هـەموو زمانـەکان دیارییبکرێـت، لـەم ڕووەوە زمانەوانـەکان، لـە قوتابخانـەکانی بونیـادی (دروسـتەکاری) و بەرهـەمهێنان چەندین لێکۆڵینەوەیان لە سەر بڕگە خستۆتەڕوو. بۆ ئاشنابوون بە بڕگە سێ لایەن دەخەینە ڕوو:

##### 1.2.3.1.1 لایەنی فۆنەتیکی بیستنی بڕگە Audible:

سەبارەت بە لایەنی فۆنەتیکی بیستن لەلایەن کەسەکانەوە ئـەوە دەخرێتـەڕوو، کـە لـە وشـەیەکدا ئـەو دەنگانەی زیاتر لـە دەنگـەکانی تـر توانـای بیسـتنیان هەیـە لـەنێوان دەنگـەکانی تـردا، ئـەوە ژمـارەی بڕگەکان دیاریدەکەن، واتە ئەگـەر تـەنیا" یـەك دەنگـی دەرکـەوتوو[٩] مـان لەوشـەیەکدا هـەبێ ئـەوا ئـەو

---

[٩] دەنگەکان بەپێی دەرکەوتنیان لە کەمەوە بۆ زۆر لە زمانی کوردیدا:

١–دەربازە کپەکان /پ، ت، ك/.

بەخشپەکان /ف،س، ش/.

ئەفریکیتی کپ/چ/

٢– دەربازە گڕەکان / ب، د، گ/.

بەخشپە گڕەکان/ڤ، ز، ژ/

ئەفریکیتی گڕ/ج/.

٣– دەنگەکانی ناو لووت /م، ن/.

٤– دەنگە لازاریەکان/ل، ڵ/.

٥–دەنگە لەرزۆکەکان /ر، ڕ/

٦–نیمچە ڤاوڵەکان /و، ی/

٧– ڤاوڵەکانی نێوان /و، ە، ی/.

٨– ڤاوڵی /ا، ۆ/ (بڕوانە: محەمەد مەعروف:١٩٩٠).

وشەیە بە یەك بڕگەیی دادەنرێ، خۆ ئەگەر دوو دەنگی دەرکەوتوو یان زیاتر هەبوو ئەوا ئەو وشەیە فرە بڕگەیە " (محمد معروف :١٩٩٠ : ٧٣)، بە گشتی دەنگە ڤاوڵەکان دەرکەوتووترن، چونکە دەنگە ڤاوڵەوکان بەرامبەر بە دەنگە کۆنسۆنانتەکان بەشێوەیەکی بەرزتر گۆدەکرێن، واتە دەنگە ڤاوڵەکان بە بەرزی بەر ئەندامی بیستنی مرۆڤ دەکەون و ناوکی بڕگە پێکدەهێنن، ئەگەر چی دەنگی دەرکەوتوو مەرج نییە هەر ڤاولْ بێت، بەڵکو لەناو کۆنسۆنانتەکانیشدا دەنگی دەرکەوتوو جیاوازییان هەیە، دەنگە دەنگدارەکان دەرکەوتووترن لە دەنگە کپەکان.

دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە دەنگەکانی[ل، ر، ن،م] لە ڕووی هێز و دەرکەوتنیان لە ڤاوڵەکان نزیك دەبنەوە، چونکە لەکاتی دەرچوونی هەوا لەسییەکانەوە وەك ڤاوڵەکان جۆرە سەربەستییەکیان هەیە، لەکاتی گۆکردنی دەنگە ڤاوڵەکاندا هەوا بەسەربەستی و بێ کێشە بە ناوەڕاستی زاردا دەردەچن، بەڵام لە کاتی گۆکردنی دەنگەکانی [ ن،م] هەوا لە لوتەوە دەردەچێت. هەروەها لەکاتی گۆکردنی دەنگی [ل] هەوا بەلاکانی زاردا دەردەچێت و دەنگی [ر] ش هەوا لە دەمەوە دەردەچێت و جۆرە سەربەستییەکی هەیە، ئەم دەنگانە نابنە ڤاولْ، چونکە هەوا بەناوەڕاستی زاردا دەرناچێت.

چەند هۆکارێك دەبنە هۆی جیاوازیی گۆکردنی دەنگەکان لە ڕووی بەرزیی بیستنی دەنگەکان و توانای بیستنیان لەلایەن گوێوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕادەی چۆنیەتی گۆکردن و هاوسێیی ئەو ڕیزە دەنگەی کە بەیەکەوە دێن لە دروستکردنی وشەیەکدا.هۆکارەکانیش بریتین لەم خاڵانەی لای خوارەوە:

ا– ئاوازی دەنگدار و کپی دەنگەکان: / د / دەنگێکی دەنگدارە و دەرکەوتووترە وەك لە دەنگی/ت/ کە دەنگێکی کپە، واتە دەنگە دەنگدارەکان بەرزتر لە دەنگە کپەکان گۆ دەکرێن.

ب–ڕادەی درێژی وکورتی دەنگەکان: لە ناو دەنگە گڕەکانیشدا دەنگی درێژ و کورت هەن، بۆ نموونە، دەنگە ڤاوڵەکان کە هەموویان گڕن، جیاوازیان هەیە لە ڕووی پلەی بەرزی گۆکردن. بۆ نموونە، دەنگی / ا/ لە وشەی (شار) دەتوانرێت، چەند بتەوێت دەنگەکە درێژی بکەیتەوە، بەڵام دەنگی / ە / سنوردارترە و ناتوانرێت درێژ بکرێتەوە. بۆ نموونە، لە وشەی (شەڕ) قسەکەر ناتوانێت ئەو دەنگە درێژ کاتەوە.

پ – بوونی هێز: لە وشەیەکدا هێز لە سەر هەر دەنگێك زیاتر بێت، ئەوا ئەو دەنگە دەرکەوتووترە. بۆ نموونە: وشەی (دار) لێرەدا هێز لەسەر دەنگە ڤاوڵەکەیە.

ت– هاوسێیەتی دەنگەکان : دوور و نزیکی دەنگە دەرکەوتووەکان، واتە دەنگێکی دەرکەوتوو نزیك بێت، لە دەنگێکی دەرنەکەوتوو ئەوا ئەو دەنگە زیاتر دەردەکەوێت و بەپێچەوانەشەوە.

لایەنی فۆنەتیکی بیستن بڕگە پێناسە دەکات وەك ئەوەی ئەو ڕیزە دەنگەی کە گۆدەکرێن، یەکێکیان دەرکەوتووترە لە دەنگەکانی تر و بڕگەیەك پێکدەهێنن، بەڵام ئەگەر لە وشەیەکدا دوودەنگ دەرکەوتوو هەبوون، ئەوا دوو بڕگە دروستدەکەن، ئەم لایەنە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ژمارەی دەنگە دەرکەوتووەکان ژمارەی بڕگەکان دیاردەکەن، کە زۆرجار دەنگە دەرکەوتووەکان ڤاوڵن و لەگەڵ دەنگەکانیتردا دێن کە کۆنسۆنانتن.

## 1.2.3.1.2 لایەنی فۆنەتیکی ئۆرگانی بڕگە:

فۆنەتیکی ئۆرگانی بە( تیۆریی نەبز) یش ناسراوە، یەکەم جار لەلایەن زانای بەناوبانگ Steson ئاماژەی پێکراوە، کە ئەمەیش بە خستنەڕووی ئەوەی کە لێدانی سییەکانی ژمارەی بڕگەکان دیاریدەکەن، ئەم تیۆرییەش بەلایەنی فۆنەتیکی لێکدانەوەی بڕگە دادەنرێت، چونکە فسیۆلۆجی ئەندامەکانی ئاخاوتن ڕۆڵدەبینێت لە دیاریکردنی بڕگە، واتە "ئەو هەوایەی لە کاتی ئاخاوتندا لە بۆشایی دەم دێتە دەرێ، بەیەك جار دەرناچێ، بەڵکو بە چەند تەکانێك دەرباز دەبێ، هەوای تلفڤ کردنی هەر وشەیەك بە چەند تەکان لە دەمەوە دێتە دەرێ، ئەوە ئەو وشەیە بەسەر ئەوەندە بەش یاخود بڕگە دابەش دەبێ "(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٦: ٦٧)، بەپێی ئەم بۆچوونە هەر تەکانێك بریتییە لە یەك بڕگە هەر بڕگەیەکیش "بریتییە لە دوو دەنگ یان زیاتر کە بەبێ بڕینی هەناسە لە دەم دێتە دەرەوە" (نەریمان عەبوللا خوشناو:٢٠١٤: ٤٦)، واتە لە بڕگەدا بەلایەنی کەمەوە ئەبێت دوو دەنگ، یان زیاتر هەبێت بۆ ئەوەی بڕگەیەك دروستبکرێت، لەبارەی دروستەی(بنیات) بڕگەش، ئەوەبەلای محەمەد مەحوی(٢٠٠٠: ٢٢–٢٣) ەوە "کۆنسۆنانتەکانی زمانی کوردیی دروستکەری بڕگەنین و ناتوانن بڕگە دروستبکەن، بڕگەکانی زمانی کوردی پرۆژەی ڤاوڵەکانن، هەریەك لە سەرەتای بڕگە و کۆتایی بڕگە ڕێگە بە دوو کۆنسۆنانت پتر نادەن."

کەواتە بەپێی ئەو لێکدانەوەیەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم لایەنە، هۆکارە فسیۆلۆجییەکان و ئەندامانی ئاخاوتن ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لە گۆکردن و درکاندنی دەنگەکان و ناساندنی بڕگەدا، کە بەهۆی جوڵەی نەبزەکانی سییەکانەوە ژمارەی بڕگەکان دیاریدەکرێن.

## 1.2.3.1.3 لایەنی فۆنەتیکی فیزیایی (ئەکوستیکی) بڕگە acoustic:

زمانەوانەکانی وەك (جاکوبسۆن و هال) ناوی دەبەن بە فۆنەتیکی فیزیایی، لەم بوارەشدا هەندێك لە دەنگناسەکان تیشك دەخەنەسەر لایەنی فۆنەتیکی فیزیایی ئەکوستیکی کە "لێکۆڵینەوەیە لە سەر

سیمای فیزیکی دەنگەکانی زمان کە بەدەم دەنێردرێت بە گوێ دەگا سەرەڕای هەستی درکاندن و ڕەنگدانەوەی لای بیسەر" (یوسف شەریف :٢٠١١ :٢٤٠)، واتە بۆ پێناسەکردن و دیاریکردنی بڕگە هەندێ لە زمانەوانەکان پەنایان بردۆتە بەر لایەنی ئەکوستیکی، "ئەمەش بە ڕەچاوکردنی پەیدابوونی ئەو لەرەلەرانەی کە خاوەنی سیمای دەنگی تایبەتن لە هەوادا "ڕوونە، ئەم پێوانەیە ئەستەمە پشتی پێ ببەسترێت، لەبەرئەوەی ئەو لەرە لەرانەی کە لە گۆکردندا، دەنگ لە هەوادا دروستیدەکات، وابەستەی یەکدین و بەشێوەی توند و چونەتە ناو یەکەوە" دەکرێت شوێنی دەنگە ڤاوڵەکان بناسرێنەوە بەپێی توندی سروشتیان لەبیستندا "بەڵام ئەمەش نابێتە هۆی ناساندنی بڕگە" (کمال بشر:٢٠٠٠ : ٥٠٥)، هەندێك لە زمانەوانەکان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی فیزیکییەوە هەوڵی ناساندنی بڕگەیان داوە، بە پشت بەستن بە لەرەلەری دەنگەکان کە لە هەوادا دروستی دەکەن، دەکرێت بڵێین لێکۆڵینەوەی دەنگ بەپێی فۆنەتیکی ئەکوستیکی کارێکی زەحمەت و گرانە، چونکە"دەنگ لە ئاخافتندا بریتییە لە چەندەها شەپۆلی بەیەکداچووی ئاڵۆز، لەبەرئەمە دیراسەکردنی ئەم شەپۆلانە زۆر گرانە، بگرە هەر نابێ" (غازی فاتح وەیس:١٩٨٤ : ٢٤–٢٥) هەر لەبەر ئەمەش زمانەوانەکان ناچاربوون بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاریکردن و پێناسینی بڕگە پەنا ببەنەبەر لایەنێکی تر بۆ ئەوەی سنوری بڕگە لە زماندا دەستنیشان بکەن، ئەویش فۆنۆلۆجیی بڕگە بوو.

### 1.2.3.2 فۆنۆلۆجیی بڕگە :

لە فۆنۆلۆجیدا، زمانەوانەکان هەوڵیانداوە بۆ دیاریکردن و ناساندنی سنوری بڕگە بەپێی تایبەتمەندی زمانە دیاریکراوەکە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، لەم بارەوە، یوسف شەریف(٢٠١١ : ١٣١) دەڵێت "دەبێ ئەو ڕاستیەش بزانین کە هەر کۆمەڵە دەنگێك بە یەکەوە بەبێ پێڕەوی (سیستەمی) زمانەکە بڕگە دروست ناکات، چونکە بڕگە دەکەوێتە ژێر ڕکیفی یاساکانی فۆنۆلۆجیی زمانەکە، بۆیە زمانەوانەکان لە پێناسەی بڕگەدا، زمانەکان لێکجیادەکەنەوە، چونکە هەر زمانە تایبەتمەندی خۆی لە داڕشتەی بڕگەدا هەیە"، لەگەڵ ئەوەشدا پەنابردن بۆ ئەم زانستە، واتە" فۆنۆلۆجی Phonological پێوەرێکی ورد و پەسەندترە، بۆ دیاریکردنی سنوری بڕگە، ئەم پێوەرە لەسەر دوو بنەما دامەزراوە:

١– وردبوونەوە لە دروستە و داڕشتنی چۆنیەتی ڕیزبوونی بڕگەکان، کەوا بە زۆری لە شێوەی هێشوە دەنگ clustersلە زنجیرەیەك ئاخاوتندا گۆ دەکرێت.

٢- له هەر زمانێكدا بە جیا ئەنجام دەدرێت، چونكە هەر زمانێك نیشانە و تایبەتمەندی جیاوازی خۆی هەیە، لە بەدوا یەكدا هاتنی ئەو زنجیرە دەنگانە لە شێوەی چەپك بێت، یان هێشوودەنگ، یان هەر پێكهاتەیەكی تری دەنگی" (بڕوانە: كمال بشر :٢٠٠٠ : ٥٠٥ – ٥٠٦).

سەرەڕای هەبوونی هاوبەشی هەندێك لایەنی بڕگە لە زمانەكاندا، هەندێك لایەنی جیاوازیشی هەیە، كە هەر زمانێك لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە كۆمەڵێك یاسای تایبەتی خۆی هەیە. لێكدانەوەی بڕگە بەپێی لایەنی فۆنۆلۆجیی (ئەركی) ئەوەیە، كە زمانێكی دیاریكراو و تایبەت دەستنیشاندەكرێت، بەئامانجی دەرخستنی ئەویاسایانەی كە لە چوارچێوەی زمانێكی دیاریكراودا هەن. لێكۆڵینەوە لە بڕگە لەئاستی فۆنۆلۆجییدا لە بنچینەی داڕشتن و چۆنیەتی بە دوایەكداهاتنی دەنگەكانی نێو بڕگە لە زمانێكی دەستنیشانكراودا دەخاتەڕوو، بۆ ئەوەی سنوور و داڕشتەو گۆڕانی بڕگە دەستنیشانبكرێت لە كاتی گۆكردندا. هەروەها دەكرێت ئاماژە بۆ ئەوەش بكرێت كە دیاریكردنی بڕگە لە ئاستی فۆنۆلۆجییدا دابڕاو نییە لەگەڵ ئاستەكانی تر بەتایبەتی لەگەڵ ئاستی فۆنەتیكدا، چونكە ئاستەكانی زمان تێكچڕژاون و بەتووندی چوون بەناویەكدا، ئەم دوو ئاستەی زمانیش لە سەرەتاوە تا كۆتایی چوونەتە ناو یەكترەوە هەمیشە لە پەیوەندی بەردەوامدان. لەزۆربەی گۆكردنەكاندا ڤاوڵەكان ناوكی بڕگە پێكدەهێنن و لەگەڵ دەنگە كۆنسۆنانتەكان دێن، و ژمارەی بڕگەكان دیاریدەكەن.

بڕگە لە زمانی كوردیدا لە سێ بەشی سەرەكی پێكدێت ئەوانیش (سەرەتا Onset، ناوك Nucleus، كۆتایی Coda) سەرەتای بڕگە لەگەڵ كۆتایی بڕگە دەنگە كۆنسۆنانتەكان دەگرێتەوە، ناوكیش لە دەنگە ڤاوڵەكان پێكدێت، لە بڕگەدا دەكرێت سەرەتا و كۆتایی نەبن، بەڵام ناوك هەر دەبێت هەبێت (بڕوانە :هەژار قادر:٢٠١٣: ٦٦-٦٧)، بۆ چارەسەركردنی ئەم حاڵەتە لە سەرەتای بڕگە، زمانەوانەكان دەنگی گەرووی [ئـ، ʔ ] بە كۆنسۆنانت دادەنێن. (بڕوانە، فۆنۆتاكتیك: 1.2.4 ). وەك ئەم نموونانەی لای خوارەوە:

١- نەبوونی سەرەتای بڕگە Onset: لە زمانی كوردیدا دەنگی[ ʔ ]بە كۆنسۆنانت دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لێكۆڵەری كورد(هەژار قادر:٢٠١٣) بۆچوونی وایە كەوا یەك ڤاوڵ دەتوانێت یەك بڕگە دروستبكات ئەو نموونەشی هێناوەتەوە.

ئاو Aw .VC

ئای Oy .VC

٢– نەبوونی بڕگەی کۆتایی Coda:

دۆ Do .CV

دوو Du .CV

٣– نەبوونی سەرەتا و کۆتایی بڕگە:

ئاگر Agir ϕV /CVC.

ئۆخەی Oxay ϕV / CVC.

٤– هەبوونی هەرسێ بەشی سەرەکی بڕگە:

دار Dar CVC

ژن Zin CVC

کوڕ Kur CVC

لە نموونەکانی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە بڕگەی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی مەرجە ڤاوڵ ناوکی بڕگە پێکبهێنێت. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە دوو ڤاوڵ لە یەك بڕگەدا کۆنابنەوە، ئەگەر دوو ڤاوڵ لە وشەیەکدا هەبوو، ئەوا واتای وایە کە ئەو وشەیە لە دوو بڕگە پێکهاتووە. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، ئەگەر دەنگی [ئـ، ʔ] بە کۆنسۆنانت دابنێرێت، ئەوا سەرەتایی بڕگە لە زمانی کوردیدا بەتاڵ نابێت و بڕگەی یەك دەنگیمان نابێت.

گۆڕان لە سنوری بڕگەدا، ئەو گۆڕانە دەنگییانە دەگرێتەوە، کە بەسەر وشە و مۆرفێمەکاندا دێن، کە بە دیاردەیەکی فۆنۆلۆجیی دادەنرێت، هەرچەندە کاریگەرییەکانی لە ئاستی مۆرفۆلۆجییدا دەردەکەوێت، چونکە لەم ئاستەدا بڕگەکان دەچنە پاڵیەکدی و سنورەکانی تێکەڵدەبن، گۆڕان لە ژمارە و قاڵبی بڕگەکاندا دروستدەکەن، زمانی کوردیش وەك زمانەکان، گۆڕان لە داڕشتە و قاڵبی بڕگەکانی زمانەکەدا ڕوودەدات. ئەمەش هەندێکن لەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر بڕگەدا دێت:

١– زیادبوونی ژمارەی بڕگە، بەهۆی پەیدابوونی مۆرفێمێك، بۆ نموونە:

خاڵ CVC ←خاڵۆ CV/CV

مام CVC ←مامە CV/CV

٢- کەمبوونەوەی ژمارەی بڕگە، بەهۆی دیاردەی فۆنەتیکیانە و ئیکۆنۆمیکردن:

خودا CV/CV ← خوا CCV.
دەست CVCC ← دەس CVC.

٣- گواستنەوەی هێز دەبێتەهۆی گۆڕان لە سنووری بڕگەدا:

دار CVC ← دارێك CV/CVC
سێوCVC ← سێوەکە CV/ CV/CV.

٤- گۆڕانی ژمارە و قاڵبی بڕگە بەهۆی جێگۆڕکێی دەنگەکان:

جگەر CV/CVC ←جەرگ CVCC
قازانج ← CV/CVCC ←قانجاز CVC/CVC.

## 1.2.4 فۆنۆتاکتیك Phonotactic

زاراوەیەکی زمانەوانییە لە فۆنۆلۆجیدا بەکاردەهێنرێت، فۆنۆتاکتیك وشەیەکی گریکی کۆنە، لە دوو بەش پێکهاتووە (phone- دەنگ) و (taktikos- ڕێکخستن )، واتەphonotactic بە واتای (ڕێکخستنی دەنگەکان) ی زمان دێت، هەموو زمانێك مەرج و قەید و کۆتوبەندی دیاریکراوی خستنەتەکیەکی خۆی هەیە، کە سەربە دروستەی فۆنۆلۆجین، واتە فۆنۆتاکتیك، ئەو یاسایانەن کە ڕیزبوونی دەنگەکان لە سنوری بڕگە، یان وشەیەکدا ڕیکدەخەن. ئاماژەکردن بە ڕیزکردنی دەنگەکان" یان (هاوسێیەتی و بەدوای یەکداهاتن و ڕێکخستنی) یەکە دەنگییەکانی زمانێك، بۆ وشە و دروستەی فۆنۆلۆجیی دەگەڕێتەوە، بەرهەمهێنانی فۆنۆتاکتیك دەچێتە ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆجییەوە".(Crystal:2008:366-367)، و تیشك دەخاتە سەر چۆنیەتی ڕیزبوون و بەدوایەکدا هاتنی فۆنێمەکان، و شوێنی دەنگی هەر فۆنێمێك لە ڕووی هاوسێیەتیەوە دیاریدەکات. واتە"فۆنۆتاکتیك ئەو مەرج و یاسایانەن، کە لە ناو مۆرفیمەکان و وشەکان و بڕگەکاندا تەحەکوم بە دابەشبوونی فۆنێمەکانیانەوە دەکەن"(عادل ڕەشید: ٢٠٠٨: ٢٤) بۆیە دەکرێت بگوترێت " لێکۆڵینەوەیە لە دەنگ و تێکەڵکردنی فۆنێم لە زمانێکی دیاریکراودا، هەر زمانێك یاسای فۆنۆتاکتیکی

تایبەت بە خۆی هەیە، کە وەسفی ئەو ڕێگایانەی ڕیزبوونی فۆنێمەکان دەکەن، کە لە شوێنی جیاوازدا یەکدەگرن، بۆ نموونە، لە (سەرەتا،ناوەڕاست و کۆتایی) بۆ نموونە، لە زمانی ئینگلیزیدا وەستان + هێشوە دەنگی[١٠] خشۆك /gz/ دەتوانێت تەنها لە ناوەڕاست (exhaust) یان کۆتایی (legs) ڕوودات، بەڵام لە سەرەتادا ڕوونادات. هەروەها دەنگی /ه/ دەتوانێت تەنها لە پێشەوە ڕوودات و هەرگیز لە دوای ڤاوڵەوە ڕوونادات" *(Bussmann:1996:901)* فۆنۆتاکتیك زیاتر مامەڵە لەگەڵ سنورداركردنی فۆنێمەکان و تێکەڵکردنیان لە زماندا دەکات، ( داڕشتنی بڕگە و هێشوە کۆنسۆنانتەکان و ڕیزکردنی ڤاوڵەکان) لە ڕێگەی پێڕەوی فۆنۆلۆجییەوە دەخرێنەڕوو.

داڕشتنی بڕگە لە زمانی کوردیدا ئەو شێوازانەی هەیە:

١- سەرەتا Onset

٢- ناوك Nucleus ئەمەیان بەرخوتییە لە زمانی کوردیدا.

٣- کۆتایی Coda ئەمەیان بەئارەزوویە لە زمانی کوردیدا.

هێشووە کۆنسۆنانت لە زمانی کوردیدا یەك، یان دوو کۆنسۆنانت بەیەکەوە لە پێش یان لە پاش دەنگە ڤاوڵەکەوە دێن، واتە "درێژترین بڕگەی زمانی کوردی لە ڤاوڵێك و چوار کۆنسونانت پێکهاتووە " (یوسف شەریف:٢٠١١ : ١٣١) و لەوە زیاتر نییە. دەکرێت شێوەی ڕیزبوون و داڕشتنی یاسای ڕێکخستنی دەنگەکان لە ناو بڕگەی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیدا وەك ئەم قالب و تەرزە جیاوازانەی لای خوارەوە بێت:

١-دۆ ← CV

٢-چاو← CVC

٣- بەرد← CVCC

٤-چیا ← CCV

٥- چوار ← CCVC


٦- خوێند ← CCVCC

---

[١٠] هێشوە دەنگ– Cluster– بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێك کە بەدوای یەکدا دێن لە یەك بڕگەدا، کە هەموویان ڤاوڵن، یان کۆنسۆنانتن، دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین لە زمانی کوردیدا هێشووە ڤاوڵمان نییە لە یەك بڕگەدا. دەنگە خشۆکەکانیش بریتین لە [s,z,ʃ,ʒ ].

هێشووه ڤـاوڵ لـه زمـانی کوردیـدا نییـه، دەنگـه ڤاوڵـەکان لوتکـەی بڕگـه پێکـدەهێنن و ژمـارەی بڕگەش دیاریدەکەن. هێزیش له زمانی کوردیدا دەکەوێتـه سـەر دەنگـه ڤاوڵـەکان، و ڤاوڵـەکان ئـەرکی ڕێکخستنی وشەکان دەبینن له زمانەکه.

دەکرێـت بڕگـه سـەرەتا onset و کۆتـایی coda بـەتاڵ بـن، بەشـێوەیەکی گشـتی یاسـاکانی فۆنۆتاکتیکی له دەوری دەنگدانەوەی هەرەمیدا بەکاردەهێنرێن، بەشێوەیەك ناوك یان لوتکه بـەرزترین دەنگدانەوەی دەبێت، دەنگدانەوەکان کەمدەبنەوه هەرکات له ناوك دووربکەوینەوه، واته هێز لـه سـەر دەنگـه ڤاوڵەکانـه، نـەك دەنگـه کۆنسـۆنانتەکان. بۆیـه ڤاوڵـەکان نـاوکی بڕگـه پێکـدەهێنن. وەك ئـەو هێڵکارییەی خوارەوه.




مۆدێلی دروستەی بڕگه

ئەمانەش هەندێك لایەنی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردین:

١. له زمانی کوردیدا فۆنێمی ڤاوڵ له سەرەتای بڕگەوه نایەت، بەڵکو هەمیشه کۆنسۆنانت دێت.
٢. لـه دروسـتەی بڕگـەی کوردیـدا "دەنگـی [ ئـ ] پلـەی فـۆنێمی نـەدراوەتێ، بـەڵام لـەکاتی ڕۆنانەکانی بڕگەدا حیسابی کۆنسۆناتی بۆ دەکرێت" (عبدالواحید موشیر و ئـەوانی تـر: ٢٠١٣ : ١٢٥)، بڕگه له زمانی کوردیدا بۆی هەیه به [ ئـ ] دەست پێبکات، چونکه لەو دەربڕینانەی کـه له سەرەتاوه دێت، تـەنها یارمەتیدەرێکـه هیچـی تـر نییـه، واتـه دەرکەوتەیـەکی فۆنەتیکییـه، "دەرکەوتنی ئەم کۆنسۆنانته له زمانی کوردیدا، بەشێوەکی گشتی پەیوەندی به هێزی بڕگەوه

هەیە" (محەمەدی مەحویی:٢٠٠١: ١٠٤)، مەبەستیش لە لایەنی فۆنەتیکی بڕگە ئەوەیە، کە هەمیشە بە کۆنسۆنانت دەستپێدەکات.

٣. ئەگەر فۆنێمی کۆنسۆنانتێك کەوتە نێوان دوو ڤاوڵەوە، ئەوە کۆنسۆنانتەکە ئەبێت بە سەرەتای بڕگەی دووەم ، وەك ئەڕۆم (ئە/ڕۆم). (بڕوانە، پرۆسە فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجییەکان: 1.1.2)

٤. هەموو بڕگەیەك لە زمانی کوردیدا ڤاوڵی تێدایە، کە بە ناوکی بڕگە ناودەبرێت. بڕگەش بەبێ ڤاوڵ دروست نابێت. ژمارەی بڕگەکانی وشەیەك بە پێی ژمارەی ڤاوڵەکانیانە.(محەمەد مەعروف: ٢٠١١: ٧٩)

٥. لە فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیدا ڕێگا بە یەك کۆنسۆنانت یان دوو کۆنسۆنانت لە سەرەتای بڕگەوە دەدرێت، بەڵام هەندێکیان مەرجدارن، بەشێوەیەك دەبێت فۆنێمی دووەمی هێشووی سەرەتا، نیمچە ڤاوڵ[١١] بێت. بۆنموونە: (بیابان CCV/CVC، کوا CCV). واتە لە زمانی کوردیدا بۆ ئەوەی هێشووە ڤاوڵ دروست نەبێت، فۆنێمە نیمچە ڤاوڵەکان لە نێوان دوو دەنگی ڤاوڵدا پەیدادەبن و دەبنەهۆی کەرتکردنی هێشووە ڤاوڵەکە و دروستبوونی بڕگەیەکی نوێ بە گشتی درێژترین تەرزەکانی بڕگە لە زمانی کوردیدا پێکهاتووە لە ڤاوڵێك و چوار کۆنسۆنانت کە هێشوە کۆنسۆنانتێکی جوتلان لە سەرەتا و هێشوە کۆنسۆنانتێکی جوتلان لە کۆتایی بڕگەدا پێکدەهێنێت.

خوێند CCVCC
خوارد CCVCC

---

[١١] نیمچە ڤاوڵ: لە زمانی کوردیدا ئەم تایبەتمەندینانەی هەیە:

١- لە زمانی کوردیدا تەنها دوو فۆنێممان هەن، کە خوێندنەوەی نیمچەڤاوڵیان بۆ دەکرێت، ئەوانیش هەردوو فۆنێمی/ی، و/ن.

٢- ڕێنووسی ئەلفوبێی عەرەبی هەردوو نیمچە ڤاوڵەکەی لەیەك جیانەکردۆتەوە، بەڵام ئەلف وبێی جیهانی هەردوو نیمچە ڤاوڵەکەی لەیەك جیاکردۆتەوە. /ی/ ڤاوڵ وەك /i/، کۆنسۆنانتەکەشی/y/ دەبینرێت. هەروەها فۆنێمی/ و/ ی ڤاوڵ وەك /u/،و کۆنسۆنانتەکەشی /w/ دادەنرێت.

٣- نیمچە ڤاوڵ، ئەو فۆنێمەیە، کە توانای ئەوەی هەیە بەپێی دراوسێیەتی دەنگەکان ببێت بە ڤاوڵ، یان کۆنسۆنانت. واتە هەردوو فۆنێمەکە تایبەتمەندی ڤاوڵ و کۆنسۆنانت لە خۆدەگرن.

٤- نیمچە ڤاوڵ لە زمانی کوردیدا، دەورێکی گرنگ و چالاك دەبینێت لە گەشەکردن و گۆڕانی فۆنێمەکاندا، بەتایبەتی لە نێوانکردنی دوو ڤاوڵدا. (بڕوانە:تاڵیب حوسێن :٢٠١٤: ٢١-٣١).

٦. لــه برِگــەی فۆنۆلــۆجیی زمــانی کوردیــدا، زۆرجــار کۆنســۆنانتی برگــەی کۆتــایی (coda) دەرناکەوێت، بەم پێیە بڕگەکە کراوە دەبێت.

دۆ Do .CV
دوو Du .CV

لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەی سەرەوەدا دەبینین لە زۆر باردا ئەگەر دووکۆنسۆنانت لە سەرەتای وشەدا بێت مەرجە فۆنێمی دووەمی وشەکە نیمچە ڤاوڵ بێت/ و، ی/. لە فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیدا ڕێگە بە دروستبوونی هێشووە ڤاوڵ نادرێت ، دەنگە نیمچە ڤاوڵەکان لە نێوان دوو فۆنێمی ڤاوڵدا پەیدادەبن و دەبنەهۆی کەرتکردنی هێشووە ڤاوڵەکە و دروستبوونی برگەیەکی نوێ. بەهیچ جۆرێك نیمچە ڤاوڵ دەوری ڤاوڵ نابینن ئەمەش ئەو ڕاستیە ڕووندەکاتەوە، کەوا ناتوانن ببنە ناوکی برگە، بەڵام دەتوانن ببنە پەراوێزی برگە ئەمانەش ئەو برگانە دەگرێتەوە، کە بەنیمچە ڤاوڵ دەست پێدەکەن.

٧.پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، لە فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیدا، داڕشتنی برگە مەرج نییە هەموو کۆنسۆنانتەکان بەبێ جیاوازی بکەونە پاڵ یەکتری، لەلایەکی تریشەوە ڕیزبوونی کۆنسۆنانتەکان و ڤاوڵەکان، دەبێت بەپێی یاسای داڕشتنی برگەی زمانەکە بێت و لەگەڵ داڕشتەی زمانەکەدا گونجاوبن.

٨. ئەگەر مەرج بێت ناوکی برگە یەك فۆنێم بێت، ئەوا ئەو مەرجە لە بەشی سەرەتا و کۆتایی برگەدا نییە، بەمەش لەوانەیە یەك فۆنێم بێت، یان هێشوە دەنگێك بێت sound cluster لەم ڕووەشەوە زمانەکان وەکیەك ڕەفتار ناکەن، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا تاکە فۆنێمێك ناوکی برگە پێکدەهێنێت (CCVCC ←خوارد) دەکرێت تەرزەکانی دوو کۆنسۆنانت لە سەرەتا و دوو لە کۆتاییدا بێن.

## 1.2.5 هێز Stress:

هێز بە دانەیەکی نیشانەی سەروو سەگمێنتی لە زماندا دادەنێرێت. هەر برگەیەك، یان هەر وشەیەك، یان هەر ڕستەیەك لە زماندا وەربگرین، ئەندازەیەك هێز[١٢] لە سەر یەکێك لە کەرەستەکانیان

[١٢] بەشێوەیەکی گشتی زمانەوانەکان چوار جۆر پلەی هێز لەسەر برگە دیاری دەکەن کە ئەوانیش بریتین لە:

دەردەكەوێت. هێز زاراوەیەكە لە بواری دەنگسازیدا بەكاردەهێنرێت بۆ خستنەڕووی پلەی هێز لە بەرهەمهێنانی بڕگەدا"CRYSTAL:2008:480) پلەی هێز كاریگەریی لەسەر درێژی و بڵندی دەنگەكە هەیە، زۆجار زمانەوانەكان هێزیان بە فۆنێم ناوبردووە، چونكە لە هەندێك باردا تایبەتمەندییەكانی فۆنێم وەردەگرێت."هێز ئەو هێزەیە دەكەوێتە سەر بڕگەیەك لە بڕگەكانی وشە، لەو وشانەی لە دوو بڕگە یان زیاتر پێكهاتوون، گۆڕانی شوێنی هێزیش، دەبێتەهۆی گۆڕینی واتای ئەو وشەیە یا گۆڕینی وشەكە لە ڕووی ڕێزمانییەوە" (غازی فاتیح وەیس:١٩٨٤: ٨٤).

ڤاوڵەكانی بڕگە هەڵگری هێزن، كە بە ناوكی بڕگە دادەنرێن، " هێز بەدەرخستنی دەنگێك یان بڕگەیەك، یان وشەیەك دەوترێت كە لە ڕێگەی تیندان بە گرژبوونی ماسولكە و تەوژمی لووزەوی هەواوە، یان گۆڕینی ڕادەی بەرزیی دەنگەوە ئەنجام ئەدرێ " (ئەوڕەحمانی حاجی مارف :٢٠٠٤ : ٤١٢)، ئەمەش لایەنی فۆنەتیكی فسیۆلۆجی ئەندامەكانی ئاخاوتن دەگرێتەوە، هەر زمانێك دەستەیەك یاسای فۆنۆلۆجی تایبەت بەخۆی هەیە كە بەهۆیانەوە شوێنی هێز دەستنیشان دەكرێت." لە زمانی كوردیدا بەشێوەیەكی گشتی – هێزی سەرەكی دەكەوێتە سەر دوا بڕگەی وشەوە"(وریا عومەر:٢٠١١: ١٤٦).

## 1.2.5.1 جۆرەكانی هێز

لە زمانی كوردیدا هێز ڕۆڵ وكاریگەریی خۆی هەیە، دەركەوتنی هێزیش لە زماندا لەسەر كەرەستەكان دەبێت بەم جۆرانەوە:

### 1.2.5.1.1 هێز لە وشەدا:

زمانی كوردیی وەك زمانەكانی تر وشەی سادە و داڕێژراو و لێكدراویی هەیە، كە هێز بەشێوەی جیاواز وەردەگرن، دەتوانرێت هێز بەپێی وشەكانی زمانی كوردی دابەشبكەین بۆ ئەمانەی لای خوارەوە:

---

١– هێزی سەرەكی Primary Stress : ئەم جۆرەیان زۆرترین بڕی هێزە لەسەر یەكێك لە بڕگەكان دەردەكەوێت. لە دوای هێزی سەرەكی بڕی هێزەكە كەمتر دەبێتەوە.

٢– هێزی لاوەكی Secondary Stress .

٣– هێزی پلەی سێیەم Tertiary Stress.

٤– هێزی لاواز Weak Stress

### 1.2.5.1.1.1 هێز لە وشەی سادەدا:

وشەی سادە بە زۆری ئەو مۆرفێمە سەربەخۆیانە دەگرێتەوە، کە سەر بە کەتیگۆری ناوین، یان ڕۆڵ و ئەرکی ناو دەبینن وەك ( ناو، جێناو، ..." هێز لە وشەی سادەدا یەك بڕگەیی بێ یان پتر، لەسەر دوا بڕگە دەبێت، واتە لە سەر ڤاوڵی بڕگەکەیە و ئەگەر ڤاوڵەکە بە ئاشکرا دەرنەکەوتبێت لەسەر بزرۆکەی نێوان دوو فۆنێمە کۆنسۆنانتەکەیە" (عەبدولواحید موشیر: ٢٠١٣: ١٢٤). کورتترین بڕگە لە زمانی کوردیدا لە دوو دەنگ پێکدێت و درێژترین وشەی سادەش بریتییە لە چوار بڕگە و هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی وشەکە." هێز لە وشەی سادەدا لەسەر دەنگە ڤاوڵەکەی دوا بڕگە وشەکە دەنیشێ و ئەگەر بڕگەکە ڤاوڵێکی ئاشکرای تیادا نەبوو، لەسەر بزرۆکەی ناو بڕگەکە دادەنرێ" (عەبدولوەهاب خالید:٢٠٠٩: ٥٩).

- وشەی یەك بڕگە /دۆ'/ /CV'/
- وشەی دوو بڕگە/ دا/ نا' / /CV/CV'/
- وشەی سێ بڕگە : /کا /مە/ را'ن/ CV/CV/C'VC /
- وشەی چواربڕگە /س/لێ/ما/نی'/ /CV/CV/CV/CV'/

ئەوەی جێی سەرنجە لە هەندێك " وشەی سادەی دووبڕگەدا ئەگەر بڕگەی یەکەمیان ڤاوڵ (بڕگەی فۆنۆلۆجی ) بێت و بڕگەی دووەمیان بزرۆکەدار ( بڕگەی فۆنەتیکی ) بێ، ئەوا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم" (عەبدولواحید موشیر:٢٠١٤ : ١٢٧).

/جە'/ژن/ /CV'/CVC/
/تە'/خت/ /CV'/CVC/ .

### 1.2.5.1.1.2 هێز لە وشەی داڕێژراودا:

لە وشە داڕێژراوەکاندا جێگای هێز دەگۆڕدرێت، بەپێی ئەو لاگرانەی کە وەریان دەگرێت، واتە ئەو وشانەی کە بەهۆی پاشگر و پێشگر دادەڕێژرێن، ئەوە دەوەستێتە سەر سروشتی ئەو لاگرانەی (Affix) کە پێییانەوە دەلکێنن(بڕوانە، بەشی دووەم شوێنی هێز: 2.1.3.1.2)، بەوەی هەندێك لە لاگرەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوە هێزی سەرەکی بۆ خۆیان ڕادەکێشن، بۆ نموونە، ( پارەکە) ئەگەر

هێز لە سەر بڕگەی یەکەم بێت، ئەوا واتای( ساڵی پار) دەگەیەنێت، بەڵام گەر هێز لە سەر بڕگەی کۆتایی بێت، ئەوا واتای( دراو) دەگەیەنێت. لە زمانی کوردیدا شوێنی هێز لە وشەی دارێژراودا دەکرێت بۆ دوو بەش دابەشبکرێت،

١- کۆمەڵەی ناوی : ئەو وشانەی کە لە کەتیگۆری ناوین "بەشێوەیەکی گشتی وەك وشەی سادە ڕەفتار دەکەن و بەردەوام هێز لە سەر دوا بڕگەیە، تەنیا لەو بارەدا نەبێ، کە بڕگەی کۆتایی بزرۆکەدار ( بڕگەی فۆنەتیکی ) بێ و نزیکترین برگەی پێش کۆتایی بزوێندار ( بڕگەی فۆنۆلۆجی ) بێ، لەم بارەدا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی فۆنۆلۆجیە بزوێندارەکە" (عەبدولواحید موشیر :٢٠١٣ : ١٢٦). بڕوانە وشەکانی ( باشتر،... )

.

٢- کۆمەڵەی کرداری : ئەو وشانەی لە کەتیگۆری کردارین بەشێوەیەکی گشتی هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم، بەتایبەت ئەگەر کردارەکە ئاڵۆز بێت.(بڕوانە هێز لە دروستەی ڕستەی کرداری ئاڵۆزدا: 1.2.5.1.2.2)

### 1.2.5.1.1.3 هێز لە وشەی لێکدراودا:

لە وشەی لێکدراوی کۆمەڵەی ناویدا بەشێوەیەکی گشتی هەمان شێوەی وشەی سادە و دارێژراو، هێز دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشە وەك :

/پێش/ مەر /گە'/ /CVC/CVC/CV'/

دەکرێت باسی ئەوەش بکرێت کە هەندێك لێکۆڵەری زمانی کوردی (عەبدولواحید موشیر:٢٠١٤ : ١٢٨-١٢٩) وای بۆدەچن " لە کۆمەڵەی کاریدا وشەی سادە لە ڕوانگەی مۆرفیمەوە لە ئارادا نییە یان دارێژراوە یان لێکدراوە، چونکە بەلای کەمەوە کاری گەردانکراو سێ مۆرفیمی تیادایە، کە ڕەگی کار و مۆرفیمی کات و مۆرفیمی کەسە ". هەندێکی بۆچوونی تریش (مەحمود فەتحوڵا) پێی وایە لە بنەڕەتدا مۆرفێمی کات لە ئارادا نییە، بەڵکو بەشێکە لە کردارەکە وەك نیشانەی ڕابوردوو وەردەگیرێت لە بواری ئەسپێکتدا(بڕوانە بەشی سێیەم ئەسپێکت: 3.2.1) وەك نیشانەی ئیمپرفێکتیڤ دادەنرێت و جێناوە لکاوەکان هەرگیز بەشێك نین لە کردارەکە و سەربە کاتەگۆری تایبەت بەخۆیانن، ڕۆڵی خۆیان وەك

بکەر و بەرکار دەبینن. لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆجی وشەی لێکداراو دابەش دەبێت بۆ ئەمانەی لای خوارەوە(Fattah:1997: 49 )

ا–لێکدراوی کراوە open compound، بە پارچەکانی بە ڤاوڵی کورتی / ە / پێکەوەلێکدەدرێن. ( تەڕە پیاز، گوڵەگەنم، نیوەشەو، ڕەشەبا).

ب– ئەو وشە لێکدراوانەی بە / و/ پێکەوە لێکدراون،(دەنگ و باس، کارو بار، بەژن و باڵا، شۆخ وشەنگ).

پ– ئەو وشە لێکدراوانەی لەپاڵیەکتر بەکاردەهێنرێن کە ئامرازی لێکدەریان نییە،( دارفرۆش، پیاوکوژ، بەرگ دوور، ڕۆژنامە) .

### 1.2.5.1.2 هێز لە ڕستەدا:

لە زمانی کوردیدا وەك زمانەکانیتر چەند جۆرە ڕستەیەکمان هەیە، کە هێز بەشێوەی جیاواز لەسەریان دەردەکەوێت، دەتوانرێت ڕستەکانی زمانی کوردی دابەشبکەین بۆ ئەمانەی لای خوارەوە:

### 1.2.5.1.2.1 هێز لە ڕستەدا بە وشە و فرێزی تەواوەوە:

ئەو هێزەیە کە دەخرێتە سەر وشە و فرێزەکانی ڕستەکە، "ئاسایی وشەی کۆتایی ڕستەکە، هێزی سەرەکی دەخرێتەسەری"(Fattah :1997 : 56)، بەڵام دەکرێت هێزی سەرەکی لە ڕستەدا بخرێتە سەر ئەو وشەیەی کە قسەکەر مەبەستێتی، واتە ئەو وشەیەی کە زیاتر گرنگی پێدەدرێت لەلایەن قسەکەرەوە هێزی زیاتر وەردەگرێت.

ا– ئازاد پاسکیلەکەی شکاند.

ب– ئازاد هات.

هێزی سەرەکی لە ڕستەکانی سەرەوەدا خراوەتە سەر (شکاند، هات)، چونکە لە دروستەی ڕستەی تەواودا ئاسایی هێز دەکەوێتە سەر وشەی کۆتایی ڕستەکە.

### 1.2.5.1.2.2 هێز لە دروستەی کرداری ئاڵۆزدا MS:

هێز لە مۆرفۆسینتاکسی کرداری ئاڵۆزدا دەکەوێتە سەر بەشی یەکەمی کردارەکە، بە پێچەوانەی ناوەوە هێز بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەر بەشی دووەمی ناوەکە، واتە "هێز لە ڕستەی سادەی یەك وشەییدا دەکەوێتە سەر یەکەم مۆرفیمی بنەڕەتی پێکهاتەکە، کە بە زۆری یەکەم مۆرفێمی بنەڕەتی ڕەگی کارەکە دەگرێتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو مۆرفێمە گیرەکانەی (پێشگر بن یان پاشگر) کە هێز ڕاکێشن"(عەبدولوەهاب خالید:٢٠٠٩ : ٧٣)، بۆیە دەکرێت بگوترێت کە هێز کاریگەریی لە سەر وشەکان هەیە و گۆڕانکارییان بەسەردا دەهێنێت، واتە هێز توانای ئەوەی هەیە کە واتا و کاتەگۆری وشەکان بگۆڕێت:

١- نووستن nu'stin

٢- نووستن nusti'n

لە نموونەی یەکەمدا /نوستن/ لە دوو برگە پێکهاتووە (نووس + تن)، هێز لەسەر برگەی یەکەمە و کردارێکی ئاڵۆزە. واتاکەی دەبێتە ڕستەی (ئەوان نوستن.)، بەڵام لە نموونەی دووەمدا، هێز لە سەر برگەی دووەمە و واتای ناوێك دەگەیەنێت، لە زماندا بە ناو( چاوگ) ناسراوە. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، بەشی دووەم شوێنی هێز: 2.1.3.1.2).

### 1.2.5.1.2.3 هێز لە ڕستەی واتا شاراوەدا:

لەم حاڵەتەدا هێزی سەرەکی لە سەر ئەو وشانە دەبێت کە واتای پێچەوانە، یان دووپاتکردنەوە (جەختکردنەوە) دەگەیەنن. "ڕوودانی کاری ڕستەکان نەفی دەکات لە کاتی بەراوردکردنندا، یان لە ڕستەی نەفیدا هێز لە وشەیەکەوە بۆ سەر وشەیەکی تر دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا و مەبەستی ڕستەکە" (تالیب حوسێن:٢٠١٤ : ٥٨ – ٥٩)، بۆ نموونە،

- باپیر لە گەنجیدا بەهێز بوو.
- جاران ئێمە لە گوند دەژیاین.

هێزی سەرەکی لەو دوو ڕستەیەدا خراوەتەسەر وشەکانی( لە گەنجیدا، جاران)، کە لـە ڕابـوردوودا ئەنجام دراون و جەخت کردنەوە و دووپاتکردنەوە لەسەر کاتی ڕوودانی کردارەکـان دەکـەن، دەکرێـت ئـەوەش بگووترێـت، ئاوەڵکردارەکـان لـە ڕسـتەکاندا ئارگۆمێنـت نـین و هەڵواسـراون، بۆیـە بـە هێـز دەردەبڕدرێن، بەڵام بۆ کاتی ئێستا مەبەستەکە پێچەوانە دەبێـت و ڕوودانـی کـرداری ڕسـتەکان نـەفی دەکەن، بۆ نموونە،

- باپیر ئێستا بێهێزە.
- ئێستا لەگوند ناژین.

بەپێی گۆڕانی هێز لەسەر وشەکانی ناو ڕستەکە واتا و مەبەستی ڕستەکە دەگۆڕێـت، واتـە ئەگـەر شوێنی هێز لە وشەیەکەوە بۆ وشـەیەکی تـری نـاو ڕسـتەکەدا گۆڕدرا، ئـەوە مەبەسـتی ڕسـتەکەش دەگۆڕدرێت.

- بە ئۆتۆمبیل ناچین بۆ بازاڕ.

ئەگەر هێزی سەرەکی لە سەر وشەی (بە ئۆتۆمبیل) بوو، واتای ئەوە دەگەیـەنێت، کـە (تـەنها بە ئۆتۆمبیل ناچین بۆ بازاڕ .)، بەڵکو (بـەپێ) یـان بـەهۆی شـتی تـرەوە دەچـین بـۆ بـازاڕ، بـەڵام ئەگەر هێزی سەرەکی خرایە سەر (ناچین) ئەوە واتاو مەبەستی ڕستەکە ئەوەیە کە جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە کە( هەر ناچین بۆ بازاڕ).

### 1.2.6 ئاواز Intonation

ئاواز بە دیاردەیەکی نیشانەی سەرووسەگمێنتی دادەنرێت، کە "بریتییە لە گۆڕینی پلەی دەنگ لە گوتەی دەربڕاودا" (Hawkins:1984:193)، کە دەبێتەهۆی گۆڕینی واتای وشە و مەبەستی ڕستە، "بەرجەستەکردنی دیاردە دەنگییەکان لە شێوەی نمونەی جیاجیادا بەمەبەستی دیاریکردنی پلەی دەنگ لە زمانێکی دیاریکراودا، کە لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا ڕێکدەخرێن و ئاست و پلە جیاوازەکان و توانای جیاکردنەوەی ئەو پلانەی تێدا دەردەکەوێت، دەستەبەرکردنی ئەم دیاردەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاوازە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە ئەرك و واتای جیاواز جێبەجێبکات" (تالیب حسین:٢٠١٣: ١١٤). هەروەها بەهۆی ئاوازەوە دەتوانرێت باری دەروونی قسەکەر بزانرێت، بەوەی کە "هەر

ڕستەیەی دەیان واتاو مەبەستی شاراوە و باری دەروونی قسەکەریش بە هۆی ئاوازی ڕستەکەوە دەزانرێت و ئاشکرادەبێت" (وریا عومەر:١٩٩٤ :١٦)، کە ئایا قسەرکەر لە چ بارێکی دەروونیدایە هەر لە دڵخۆشی و ترس و شەرم و دڵەراوکێ و تورەیی، واتە "گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبنەهۆی گۆڕانی ئاوازی ڕستە هەر ئاوازەش واتایەکی جیا بە ڕستە دەبەخشێ " (وریا عومەر: ٢٠٠٩ : ٢٨٩) و قسەکەری هەر زمانێك دەتوانێ سوود لە ئاواز وەربگرێت بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی، واتە "قسەکەری هەر زمانێ دەتوانێ بە گۆڕینی ئاوازی ڕستەکەی ناوەڕۆکی مەبەستەکەی بگۆڕێت و چەمکی جیاجیای پێببەخشێت، توانج تێگرتن و گاڵتەپێکردن و ناڕەزایی و تورەیی و سەرسوڕمان" (تاڵیب حوسێن:٢٠١٤ :٦١) پرسیارکردن و هەواڵدان.

### 1.2.6.1 ئاستەکانی ئاواز

دەتوانرێت چوار ئاست ئاواز لە زمانی کوردیدا دیاریبکرێت:

١- چیناوازی بەرز: لە ئەنجامی کارتێکردنی هەواڵێکی لەپڕ یان سەرنج ڕاکێش دروستدەبێت، بۆنموونە، سەرسوڕمان و دوودڵی و تووڕەیی.

- دەتبینمەوە !

لەم ڕستەیەدا کە "سەرسوڕمانە"، ئاوازی ڕستە مۆرفۆسینتاکسییەکە، دەکرێت بگوترێت هەستانی ئاوازەکە لە سەرەتای ڕستەکەوە دەبێت کە بەرزە.

٢- چیناوازی ئاسایی: ئاوازی ئەم جۆرەیان تاڕادەیەك ئاسۆییە لە نێوان بەرزو نزم، بۆ نموونە، ڕستەی هەواڵی.

- دەتبینمەوە.

لەم ڕستەیەدا کە "هەواڵدانە" ئاوازی ڕستە مۆرفۆسینتاکسییەکە، دەکرێت بگوترێت "تاڕادەیەك ئاسۆییەو بەرزو نزمی لە هەموو جۆرەکانی تر کەمترە" (عەبدولوەهاب خالید:٢٠٠٩ :١٠٢).

٣- چیناوازی نزمە بەرز: ئەمەیان ئاوازی ڕستەکە لە نزمەوە بۆ بەرز دەستپێدەکات، بۆ نموونە، ڕستەی فەرمانکردن .

- ئازاد بخوێنە.

لەم ڕستەیەدا کە فەرمانکردن (داخوازییە)، ئەمەیان ئاوازی ڕستەکە لە نزمەوە بۆ بەرزە.

٤- چیناوازی بەرزە نزم: ئەمەیان ئاوازی ڕستە مۆرفۆسینتاکسییەکە لە بەرزەوە بۆ نزم دەڕوات، بۆ نموونە، ڕستەی پرسیاری.

– دەتبینمەوە؟

لەم ڕستەدا کە "پرسیارییە"، ئاوازی ڕستەکە دەکرێت بگوترێت، کە لە بەرزەوە بۆ نزمە و ئەم ئاوازەش ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ڕستەیە بە پرسیار لە قەڵەم بدرێن، واتە ئاواز لە ڕستەی پرسـدا، لە سەرەتای ڕستەوە بەرزە و لە کۆتایی ڕستەکەدا ئاوازی ڕستەکە کەم دەبێتەوە.

## 1.2.6.2 جێبەجێکردنی ئەرك بە ئاواز:

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی قسەکەر چۆن دەدوێت بەوشێوەش دەنوسێت. واتە "ڕێنووسی زمانی کوردی لەسەر ڕێبازی فۆنەتیکی سازکراوە، بۆ فێربوون ئاسانترە، بەڵام ڕێنووسی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی پێڕەوی ڕێبازی چاولێکەری دەکەن " (ئەوڕەحمانی حاجی مارف :١٩٨٦ : ٥)، بۆیە زمانی ئینگلیزی وفەرەنسی گرانترن بۆ فێربوون، چونکە زۆرجار ئەو وشەیەی دەردەبڕدرێت و گۆ دەکرێت بەو شێوەیە نانوسرێت.

ئاواز بریتییە لە گۆڕینی ڕەوت لە گوتەی دەربڕاودا" سێ تایبەتمەندی بنەڕەتی لە خۆدەگرێت".(Hawkins:1984 : 193)، بەو واتایەی هیچ زمانێك نییە بە یەك ئاواز و بە یەك ئەرك قسەبکات و دەربڕدرێت، ئەمەش لە خۆڕا ڕوونادات، بەڵکو مەبەستی تایبەتی هەیە و بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانەیە، کە قسەکەرە جیاوازەکان هەمان شێوە بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنن. لە بارەی ئەرکەکانی ئاوازەوە **Fattah(1997:60)** چەند ئەرکێك دەستنیشان دەکات. ئەمانەش هەندێکن لەو ئەرکانە:

١– ئاواز بەشدارە لە ناوەڕۆکی زانیاری ڕستەکە، و زانیاری زیادە دەردەبڕێت.

٢– جیاوازی لەنێوان جۆرەکانی ڕستەدا دەکات، ئەوەیە کە بڵێیت دەتوانێت بڕیار لەسەر جۆری کردەوەی قسەکردن بدات، ئەوە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە مەبەستی ڕستەکان وەك ئەوەی کە ئایا ڕستەکە ڕاگەیاندنە، پرسیارییە، یان فەرمانی، بە واتای ئەوەی ئاواز ئەرکی ڕێزمانی جێبەجێدەکات.

٣– جەخت لە سەر هەڵوێستی سۆزی قسەکەر دەکاتەوە، ئەوەی کە دەیڵێت ئەرك و هەڵوێستی ( مەوقیف ) ی ئاواز دەگوازێتەوە کە هەڵگری چۆنییەتی واتاکانە، بۆ نموونە، باردودۆخی هەستکردن بە توڕەییirritation، ناچاری، زمانگیری و دوو دڵی hesitation، بێزاری و مەلەل boredom، شك و گومان doubt، لاساری(ازعاج)، ئارەزوومەندی (حماس) enthusiasm، ئەمانە ئەو واتایانەن کە وشەکان و ڕۆنانی ڕێزمانی هەڵیاندەگرن.

له کۆتایی ئەم بەشەدا ئەوە دەخەینەڕوو، کە فۆنۆلۆجی لقێکی سەرەکی زمانە، ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لە دارشتە و پێڕەوبەندانەی دەنگەکانی زمانی مرۆڤ، زاراوەی فۆنۆلۆجی لە دوو لاوە لیکۆڵینەوە دەکات، لە لایەکەوە، خۆی بە فۆنێمەکانی زمانێکی تایبەت و یاساکانی حوکمکردن و دابەشکردنی دەنگەکان و لەلایەکی تریشەوە ئاماژە بە تیۆری گشتی زمانی مرۆڤ و گرنگیی تایبەتمەندییەکانی زمانی گشتی و پێڕەوی دەنگی زمانی سروشتی دەدات. یەکەکانی فۆنۆلۆجی بریتییە لە کەرەستەی سەگمێنتی وەك، فۆنێم و سەروو سەگمێنتی وەك، هێز و ئاواز، بەیەکگرتنی ئەم پێکهاتانە لەگەڵ پێکهاتەی ئاستەکانی تردا، کاریگەریی و گۆڕانکاریی بەسەر مۆدێلی بڕگەدا دەهێنن، بەپێی مەرج و قەیدی ڕیزبوونی فۆنێمەکان بەگونجاندنی لەگەڵ یاساکانی فۆنۆتاکتیکی ئەو زمانەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەردەکرێت، بەمەش ئاستێکی نوێ لە زمانی کوردیدا دەهێننە ئاراوە، کە بە مۆرفۆفۆنۆلۆجی ناسراوەکە. بە جێبەجێکردنی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان پرۆسە فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکییەکان دەتەقنەوە و لە دارشتەی بنەڕەتەوە بۆ دارشتەی ڕووکەش هەندێك گۆڕانکاریی بەسەر مۆرفێمەکانی زمانەکەدا دەهێنن کە تاڕادەیەك جیاوازن لە دارشتەی نواندنی بنەڕەت(بروانە، پرۆسە فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجییەکان $1.1.2$) . هەروەها نیشانەی جیاکەرەوەی فۆنێمەکان، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانەکە، بەتایبەتی ئەو دەنگانەی کەوا خزمایەتی نزیکییان لەگەڵ یەکتردا هەیە لە ڕووی شوێنی سازگە و گۆکردن و درکاندنیان، چونکە لە هەندێك باردا ئەو فۆنێمانە دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، بێ ئەوەی کار لە واتای سەرەکی وشەکە بکەن.

**بەشی دووەم**

## 2.0 مۆرفۆفۆنۆلۆجیMorphophonology

### 2.1 پێناسە و ڕوونکردنەوە:

ئاستی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی، وەك بەشێکی ناوبەند لە زمـان، خـۆی بەشـیکردنەوەی دەنگـەکانی زمانـەوە خەریکـدەکات، زاراوەی مۆرفۆفۆنۆلـۆجیی هـەڵگری هـەردوو پێکهاتـەی فۆنۆلـۆجی و مۆرفۆلۆجییـە لـە زمانـدا، لـە زاراوەکـەوە ئـەوە بـەدی دەکرێـت، مۆرفۆفۆنۆلـۆجی پەیوەنـدی تێکچـڕژاوی دوو ئاسـتن، کارلەیەکــدی دەکـــەن، واتـــە مۆرفۆفۆنۆلـــۆجی زاراوەیـــەکی زمانەوانییـــە، خـــۆی بـــەدیاریکردن و کارلەیەکدیکردنی پێکهاتەکانی ئاستی فۆنۆلۆجی لە نێو یەکە مۆرفۆلۆجییەکان خەریکدەکات. زمانەوان نیکۆلا ترۆبسکۆی لە قوتابخانەی پراگ Prague school[١٣]، یەکێك بوو لە زمانەوانە بەناوبانگـەکانی بواری زانستی زمان، نامەکەی بەناوی ڕێباز و دەستوری فۆنۆلۆجی لە ١٩٣٩ دا بڵاو کراوەتـەوە[١٤]، ئـەو نامەیە یەکێك بـوو لـە کـارە گرنگـەکانی نوسـەر لـە بـواری زمانـدا. تربسـکۆی وەك داهێنـەری زانسـتی مۆرفۆفۆنۆلـــۆجی دادەنرێـــت، هـــەروەها نوســـەر بـــیری ئـــارخیفۆنێمی داهێنـــا. (بڕوانـــە، بەشـــی یەکەم:(ئارخیفۆنێم: 1.1.8).

ئاستەکانی زمان تێکچـڕژاون، بۆیـە هـەموویان پەیوەنـدی و هاوبەشـی لـە نێوانیانـدا هەیـە، ئـەو داڕشتانەی کە مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلـۆجی بەشـداری تێـدا دەکـەن، بـە مۆرفۆفۆنۆلـۆجی نـاودەبرێن، کـە ئاستێکی نێوان–ئاستییە لە زمان، ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لەناوبەند، بە واتای ئـەوەی پەیوەنـدیی نێـوان مۆرفۆلـۆجی و فۆنۆلـۆجی، یـان فۆنـەتیك دەخاتـەڕوو، کـە "شـرۆڤەی ئـەو هۆکـارە ڕێزمـانیی یـان فۆنۆلۆجییانە دەکات کە بڕیار لەسەر فۆرمی فۆنێم دەدەن. یەکەی بنەڕەتی ئەو شرۆڤەیە بریتی یە لـە

---

[١٣] قوتابخانـەی پـراگ : یەکێکـە لـە قوتابخانـە بەناوبانگـە زمانەوانییـەکان، کـە لـە ژێـر کاریگـەری بیروبۆچـوونەکانی سۆسـێر دا بـوون، ماتسیۆس ڕابەرایەتی دەکرد، دیارترین زمانەوانەکانی (ترۆبسکۆی، جاکۆبسن، فێرس، هالیدای ) بوون. (بڕوانە: دارا حمیـد:٢٠١٣: ٨٣–٨٥).

[١٤] ئەو کتێبە بەناوبانگەی تربتسکۆی لە ساڵی ١٩٣٩ بە زمانی ئەڵمانی بە ناونیشانی (Grundzuge der phonologie) لە بەرگی حەوتهەم لە گۆڤاری TCLP بڵاوکراوەتەوە. لەساڵی ١٩٦٠ ئەم کتێبە بۆ زمانی ڕووسی وەرگێڕاوە. سەبارەت بە بواری مۆرفۆفۆنۆلۆجیی ترۆبتسکۆی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٩ – ١٩٣٤ سێ لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە ئەوانیش:

١– دەربارەی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی sur la morphonologie.

٢– چەند بیرۆکەیەك سەبارەت بە مۆرفۆفۆنۆلۆجییا Gedanken Über Morphonologie.

٣– بەکارهێنانی "das morphonologishe System der russischen Sprache" لەسەر ئەم بنەمایەش دۆخی ئاستی تیۆری گرنگی ئەوتۆی هەیە سەبارەت بە پێڕەوی زمانەوانی پێویستکرا کەچەند توێژینەوەیەکی هەبێت(بڕوانە : بریجیتە بارتشت: ٢٠١٠: ١٥٩)

مۆرفۆفـۆنێم" (سـەلام نـاوخۆش :٢٠١٤ :٢٠٥)، زمانـەوانی ڕووس (ترۆبسـکۆی) بـەم جـۆرە پێناسـەی مۆرفۆفۆنۆلۆجی دەکات :"نیشانەی ئالۆز (complex symbol) نوێنەرایەتی چەمك و بیری ئـالۆز (complex concepts) دەکات، لـە ئەنجامـدا دەشـێت وشـەیەکی مۆرفۆلـۆجیی پێکبهێنێـت، تـا یەکێك لە دەنگەکان جێگە و شوێنی یەکتر بگرنـەوە لـەناو هـەمان مۆرفێمـدا " (احمـد مختـار :١٩٩٧ : ٧٢) بەو واتایەی لەکاتی خسـتنەپاڵیەکی مۆرفێمـەکان دەنگـەکان کارلێکدەکـەن، شـێوەیان دەگۆڕێـت بەپێی ئەو ژینگە فۆنۆلۆجییانەی بە کەوتنەپاڵیەك دروسـتدەبن. هـەروەها ترۆبسـکۆی مۆرفۆفـۆنێم بـە یەکەی ئاستی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی ناودەبات "مۆرفۆفۆنێم (یەکەی گەردانی دەنگی ئەبستراکتە)(الصرفیە الصوتیە المجـردە) دەڵێـت: یەکـەی ئاسـتی مۆرفۆفۆنۆلۆجییـە، واتـە مۆرفۆفـۆنێم بریتییـە لـە فۆنێمـە هاوبەشـەکان لـە گۆڕانکـاری واتـادا، کـە ئـەوەش بـۆ خـۆی بریتییـە لـە یەکەیـەکی مۆرفۆفۆنۆلـۆجیی ئەبستراکت" (بریجیتە بارتشت: ٢٠١٠: ١٦١)

فراوانترین پێناسەی مۆرفۆفۆنۆلۆجی، بەلای A.Spencer (2001: 10053) ەوە ئاماژەیـە "بە کارلێککردنی مۆرفۆلۆجی و پێڕەوی دەنگی زمان (فۆنۆلۆجی) کە دەبنـە هـۆی دروسـتبوونی وشـە لە زماندا، ئەم دوو پێڕەوەی زمان کە دوو ئاستی زمانن، لە زۆر لایـەن و ڕێگـای جیـاوازەوە لـە هـەموو زمانەکانی جیهاندا کارلەیەکدی دەکەن، جێگرەوەی/ئەلتەرناتیڤی فۆنۆلۆجی قەد یان پێشـگر و پاشـگر دەگرێتـەوە ". لـەم بارەیـەوە Booij Greet E (1985: 24) چـوار ڕێگـەی کـارلێککردنی مۆرفۆلۆجیی و فۆنۆلۆجی دەستنیشان دەکات:

١- لە زۆربەی زمانەکاندا مۆرفێمە نا-فەرهەنگییەکان وەك(لاگر) ملکەچی فۆنۆتـاکتیکی دیـاریکراو دەبن، کە گونجاونین بۆ مۆرفێمە فەرهەنگییـەکان. بـۆ نموونـە، بـەزۆری پێشـگرەکان لـە یـەك برگە و پاشگرەکان لە دوو برگە دادەڕێژرێن.

٢- جێگرەوەکانی فۆنۆلۆجی phonological alternations: واتە لە جیاتی دانـان دەشـێت بەهۆی مۆرفێکی دیاریکراوەوە مەرجدارکرابێت.(بڕوانە: مەرجی فۆنۆلۆجی: 2.3.5.1.1)

٣- دەکرێـت یاسـاکانی مۆرفۆلـۆجی پـێش یاسـاکانی فۆنۆلـۆجی بـێن.(بڕوانـە: ئەرکـەکانی مۆرفۆلۆجی: 2.2.2)

٤- بواری بەکارهێنانی یاساکانی فۆنۆلۆجی دەشێت بەهۆی سنوورەکانی مۆرفۆلۆجییەوە مەرجدار کرابێت، بۆ نموونە، سنوور لە نێوان دوو بەشی واتاداری لێکدراو یـان سـنوور لـە نێـوان قـەد و لاگر(پێشگر و پاشگر) لە داڕێژراودا.(بڕوانە:بەشی یەکەم: فۆنۆتاکتیك: 1.2.4)

سەبارەت بە زاراوەی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی، هەریەکە لە یەکەکانی پێکهاتەی فۆنۆلۆجی و ئاستی مۆرفۆلۆجی بنچینەی دروستکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستەکە پێکدەهێنن. هەروەها مۆرفۆفۆنۆلۆجی "سەرچاوەو پێکهاتەی ئەو گۆڕانە سەرەکییانەن کە لەنێوان دوو ئاستەکەدا ڕوودەدەن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕۆنان و چەمکی زاراوەکان و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە شێوەیەك لە شێوەکان یاخود بەپێی ئەو پێڕەو و پرۆگرامەی کە لەسەر بابەتەکان دەستەبەرکراوە، ئەمەش لایەنی تیۆری و پراکتیکی وەك تێکەڵکردنێك لە وردەکاری زاراوەکان ڕێگا خۆشکەرن بۆ نیشاندانی گۆڕان لە دۆخ و جۆری پەیوەندییەکان" (بازیان یونس:٢٠١٣ :٧٣).

لە هەمبەر زاراوەی مۆرفۆفۆنۆلۆجی[١٥] چەند فۆرمێکی تری زاراوە بەکاردێت. بەلای عبدالقادر عبدالجلیل(١٩٩٨ :٣٠) ەوە بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە، (فۆنۆ- مۆرفۆلۆجی Phono-Morphology) و (مۆرفۆ- فۆنۆمیك Morpho-phonemic)"، (مۆرفۆ (فۆ)نۆلۆجی)،"زاراوەی مۆرفۆفۆنۆلۆجی هەر بەناوەکەیدا ئەوە دیار دەکەوێت، کە لە پەیوەندی هاوبەشی نێوان هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی دەدوێت، درێژی زاراوەکەش وای لە هەندێ زمانەوان کردووە، زاراوەی (مۆرفۆنۆلۆجی -Morphonology) بەکاربهێنن" (احمد مختار:١٩٩٧ :٧٠). بەمەبەستی ئاسان گۆکردن ودەربڕینی زاراوەکە. هەر سەبارەت بە زاراوەی مۆرفۆفۆنۆلۆجی کریستاڵ (2008:315)یش زاراوەکانی(مۆرفۆفۆنۆلۆجی و مۆرفۆفۆنۆمیك)ی بەکارهێناوە " زمانەوانە ئەورووپییەکان زیاتر هەردوو زاراوەی (مۆرفۆفۆنۆلۆجی یان مۆرفۆنۆلۆجی) بەکاردەهێنن، واتە ئەو دوو زاراوەیە بەلایانەوە گونجاوە و جێگەی ڕەزامەندین، بەڵام زمانەوانە ئەمەریکییەکان، زاراوەی مۆرفۆفۆنۆمیك بەکاردەهێنن".

### 2.1.1 پەیوەندیی نێوان فۆنۆلۆجی و مۆرفۆفۆنۆلۆجی:

پەیوەندییەکی هاوبەش لە نێوان ئاستی فۆنۆلۆجیی و ئاستی مۆرفۆفۆنۆلۆجییدا هەیە، چونکە زۆر مۆرفێممان هەن، بە هۆی لێکدانیانەوە شێوەیان دەگۆڕێت. لە ئەنجامی فۆرم گۆڕینی مۆرفۆلۆجی مۆدێلی بڕگە و دابەشبوونی بڕگە دەگۆرێت، بۆیە گۆڕانەکە سەرەتا لە مۆرفۆلۆجیدایە پاشان سنووری فۆنۆلۆجی دەگرێتەوە. یاسا فۆنۆلۆجییەکان و یاسامۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان خۆیان بە لێکۆڵینەوە لە

[١٥] لە زمانی کوردیدا، عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ زاراوەی دەنگوشەسازی بەکارهێناوە، کە تێیدا باسی ئەو تاکە فۆنێمانە دەکات، کەوا ڕۆڵیان هەیە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیی و ئاستی سینتاکسدا، دەڵێت هەندێ جار تاکە فۆنێمێك واتایەك هەڵدەگرێ و دەبێتە مۆرفیمێك. ئەم جۆرە فۆرمانە لە ئاستی دەنگسازیدا دەبن بە فۆنێم و لەئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا دەبن بە مۆرفێم. (بڕوانە : عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ:٢٠١٥: ٢٧٦-٢٧٧) .

گـۆڕانی مۆرفێمـەکان لـە ژینگـەی جیـاوازی دەنگیـدا خەریکدەکـەن. لـەکاتی جێبـەجێکردنی یاسـا مۆرفۆلۆجییەکانـدا، یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان بەیـەککگرتویی بەشـداردەبن لـە داڕشـتە و پرۆسـەی یاسـا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکاندا. لەگەڵ ئەمانەشدا لە دروستکردنی هەندێك وشەی نوێ و لێکدانی مۆرفێمەکان و گۆڕان و یاسا فۆنۆلۆجییەکان، کە ڕوودەدەن بە هاوبەشـی لـە نێـوان ئـەم دوو ئاسـتەدان. پەیوەنـدیی فۆنۆلۆجیی و مۆرفۆفۆنۆلۆجی "لـە ئـەنجامی ئـەرك بینینـی مۆرفێمەکاندایـە، لـە ڕووی بەکارهێنانـەوە مۆرفێمەکان دەکەونەپاڵ یەکترەوە، هەر یەك لـە یەکـەکانی ئاسـتی مۆرفۆلـۆجی و فۆنۆلـۆجی بناغـەی دروسـتکردنی پێوەنـدی نێوانیـان پێکـدەهێنن. لـە ئـەنجامی کارتێکردنیـان لەگـەڵ یـەکتردا و بـەهۆی کاریگەریی دەنگیی دەوروبەریانەوە شێوەی مۆرفێمەکان دەگۆڕدرێن." (زانیار مـەحمود:٢٠١٤ : ١٤٢-١٤٣)، هەروەها دەکرێت باسی ئەوەش بکرێت کە "تا سـاڵانی ١٩٥٠ زۆر لـە زانایـانی فۆنۆلـۆجی وایـان دادەنا، کە یاسا بێلایەنەکان[١٦] بە شێوەیەکی گشتی لە پێش یاسا ئەلۆفۆنییەوەکانەوە allophonic ڕوودەدەن، بەو جۆرە لێکدانەوەی فۆنۆلۆجی دەکرێت بە دوو بەشەوە:

١- بەشی مۆرفۆفۆنۆلۆجی، کاتێك یاسا بێلایەنەکان neutralizationگەشەیان کرد تا فۆنێمەکان phonemes لە مۆرفۆفۆنۆلۆجی، هەڵێنجنن و وەربگـرن، کریسـتاڵ(2008:315) لـە نمونەیەکـدا باسی گۆڕانی نێوان فۆنێمی /F/ و/V/ لەزمانی ئینگلیزیدا دەکات، دەڵێت

> "کاتێك کە وشەیەك نیشانەی کۆ وەردەگرێت، بۆ نموونە،knife کاتێك دەکرێتە کـــۆ دەبێـــت بـــە knives. بەشـــێوەیەکی گشـــتی لێـــرەدا هـــیچ جێگرەوەیەك/ئەلتەرناتیڤێك لە نێوان /f/ و/v/ بۆ وشەکە نییە. بەڵام تەنها لـەو دەقــە ڕێزمانیــەدا، ئــەو ڕاســتیە دەوترێــت، دەتوانرێــت بــە هــۆی دروســتەی مۆرفۆفۆنۆلۆجیــەوە بەدەســت بهێنرێــت {F}، وەك لــە {na:f}: لــە دەقــی تاکدا( واتـە کـاتێ کۆ نەکرابێتـەوە) ئـەوە وەك /f/ دەناسـرێت، لـە دەقـی کـۆدا وەك /v/"خۆی دەنوێنێت".

[١٦] بێلایـەن بـوون neutralization : زاراوەیـەکی زمانەوانییـە، کـە لەلایـەن زمانـەوانی بـەناوبانگ (Trubezkoy) داهێنـراوە، لـە قوتابخانەی پراگ، ئەم زاراوەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پێڕەوی فۆنێمەکانی زمانەکەوە هەیە، بڕوانە( محەمەدی مـەحویی:٢٠٠٨: ٢٢٠-٢٢٧).

٢- بەشی فۆنۆلۆجیانەی تەواوpurely phonological part، کاتێك كە فۆنـەكان phones لە فۆنێمەکان phonemes ەوە هەڵدەهێنجرێن و وەردەگیرێن.

لەساڵانی ١٩٦٠ کانەوە بە تايبەت لەگەڵ كاری قوتابخانەی بەرهەمهێنان، بۆ نموونە، چۆمسـكی و هالی لە The sound pattern of English ، زۆر لە زمانەوانەکان، لەم جـۆرە دابەشـکردنە دوورکەوتنەوە، ئەو دابەشکردنەیان بەلاوە نا، لـەجیاتی ئـەوە ئاسـتی ڕووکەشـی فۆنـەکان لەبەرچـاو دەگــیرا، وەك بناغــەی مۆرفۆفۆنێمیــەکان وەردەگــیران لـــە مـــەودای پێــڕەوی یاســا (مۆرفــۆ) فۆنۆلۆجییەکاندا. لـەم بـارەوە، حسـين ويـوقی (١٣٧٣: ٥٦٥) لـە (هێـرش کـەریم: ٢٠١٥: ٤٦ )ەوە، دەڵێت " دیدگای سەرەکی فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان ئەوەیە كە هـەر زنجیرەکـی دەنگـی خـاوەنی دوو نواندنە، یەکێکیان نواندنی فۆنێمییە، كە ڕوویەکی ئەبستراکت و هۆشەکی هەیە و ئـەویتریان نوانـدنی فۆنەتیکییە، كە ڕوویەکی فیزیکی و دەربڕاوی هەیە" .

لێکدانـەوەی فۆنۆلـۆجیی تـەواو و پوختـەی کەرەسـتەکان بریتییـە لـە تـەنیا دەسـتەیەك وشـە لـە زمانێکدا، لە کاتێکدا بەمەبەستی لێکدانەوەی مۆرفۆفۆنۆلۆجی وشەکان لـە بـواری ڕێزمانیـدا پێویسـتن، واتە وێنەی هـەموو شـێوەکان و بـاری وشـە لەبەرچـاو بگیرێـت تـا حسـاب بـۆ مۆرفێمـە بنچینەییەکان بکرێـــت، واتـــە هـــەموو مۆرفێمـــە ســـەرەکیەکان لەبەرچـــاو بگیرێـــن، لـــەم بـــارەوە Bloomfield(1933:213) لە (بازیان یـونس:٢٠١٣: ١٢١)ەوە دەڵێـت " هـەرکاتێك ئیمکـان بـوو یان گونجـا، یـەك ئـەلۆمۆرف وەکـو ئـەلۆمۆرفی بنچینەی (بنـەڕەتی ) وەربگـرە و ئـەوانی دیکـەی لـێ هەڵبهێنجە بەهۆی یاساکانەوە" بۆ نموونە، مۆرفێمی کۆ شێوەی /-ان/ وەکو بنچینە سـەیر دەکرێـت و کۆمەڵێك هەنگاو دیاریدەکات بۆ بەدەستهێنانی ئەلۆمۆرفە دروسـتەکان وەکـو /-ات، -جـات، -هـات/. پێشبینی ئەوەش کراوە كە هەموو مۆرفێمەکان لە فەرهەنگی ئاوەزی قسـەکەرەکاندا تۆمارکرابێـت، لـە فۆڕمی جیاوازی مۆرفۆفۆنێمیکیدا، لە دەوروبەرێکی تایبەتدا، بە هۆی یاساکانەوە وەردەگێڕدرێنە سـەر فۆڕمی ڕووکەش.

## 2.1.2 ڕێبازیی لێکدانەوەیی مۆرفۆفۆنۆلۆجی:[١٧]

کاتێك مۆرفێمەکان یەکدەگرن، هەردانەیەك لەوانە کاردەکەنە سەر دروستەی دەنگێکـی تـر، ئـەوەش دەبێتـە هـۆی جیـاوازی لـە دەربـڕین و گۆکردنـدا لـە هـەمان مۆرفێمـدا. دروسـتەی مۆرفۆفۆنۆلـۆجی

[١٧] بۆ ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوە وەرگیراوە. (Hayes Bruce:2009: 161)

زمانەكە بە شـێوەیەكی گشـتی بـە زنجیرەیـەكی یاسـا وەسـفدەكرێت، كـە بـە شـێوەیەكی نموونـەیی دەتوانرێــت هـــەموو جێگرەوە(ئەڵتـــەرناتیڤی) مۆرفۆفۆنۆلۆجیـــەكان، كـــە لـــە زمانەكـــەدا هـــەن پێشبینیبكرێت. لێكۆڵینەوە لە "یەكەی سەرەكی ئەم ئاستە" مۆرفۆفۆنۆلۆجی" بەتـەنها فـۆنێم یـان مـۆرفێم نییـە، بـەڵكو فـۆنێم و مۆرفێمـە(مۆرفۆفۆنێم) بەیەكـەوە، كـە بەشـێوەیەكی ئەبسـتراكتی و دوولایەنی، بنەمای دارشتەی فۆنێمەكان و چۆنیەتی ئەو گۆڕانكارییانەی كە بەسـەریاندا دێـن، بـەپێی هەندێك یاسای پەیوەندیدار پێیانەوە دەردەكەون" (احمد مختار :١٩٩٧ : ٧١). ئەمـەش بـەو واتایـە دێـت، یەكـەكانی مۆرفۆفۆنۆلـۆجی بـریتین لـە فـۆن و ئـەلۆفۆن و فـۆنێم و هێـز و ئـاواز لـە ئاسـتی فۆنۆلۆجییـــدا و مـــۆرفێم و مـــۆرف و ئـــەلۆمۆرف لەئاســـتی مۆرفۆلۆجییـــدا یەكـــەی لێكدانـــەوەی مۆرفۆفۆنۆلۆجییانە دادەڕێژن و شێوەی لێكدانەوەكان دیاریدەكەن. كە بەهۆیەوە نموونـەكان لەگـەڵ جێگـۆڕكێی، واتـــە جێگـــرەوە فۆنۆلۆجیكیـــەكان كەمدەبنـــەوە بـــۆ نموونـــە بناغەییـــەكان و یاســـا فۆنۆلۆجییەكان.

ڕێبـــازی لێكدانـــەوەی مۆرفۆفۆنۆلـــۆجی وەك" ئاســـتی نێـــوانی – ئاســـتیی : بـــۆ ڕوونكردنـــەوەی ئەلۆمۆرفیی ئاماژە بە ئەدگارە سەگمێنتەكانی مۆرفێمەكانیان دواوە و ئاستێكی نوێی دارشتن و نواندن هێنراوەتە ئاراوە، كە بە ئاستی نێوان – ئاستیی مۆرفۆفۆنێمی ناسراوە. ئاستە نوێكە لە نێوان ئاستی مـۆرفێمی و ئاسـتی فۆنێمیدایـە" (محەمـــەدی مـــەحویی :٢٠٠٨ : ٢٨٤). "كاتێـك ئێمـە لێكدانـەوەی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی بەئەنجام دەگەیەنین. هەوڵدەدەین لەم باسەدا بنیاتی لێكدان لـە نێـوان كەرەسـتە و تیۆری بە ئەنجام بگەیەنین. ئەو تیۆرییەی مەبەستە ئەوەیە، مۆرفێمەكان لە فەرهەنگدا دەنوسرێنەوە لە فۆرمی فۆنێمیكی جێگیر و چەسپاودا ئەوانە پێكەوە دەهۆنرێنەوە بـەهۆی یاسـای مۆرفۆلۆجییانـە و ڕێزمانییەوە و دواتر دەگوێزرێنەوە بۆ فۆرمی ڕووكەشیان بەهۆی زنجیرەیەك یاسای فۆنۆلۆجییانـە (بـە زۆری بێلایەنـــەكان) كـــە لـــە ڕیزبەندیـــەكی تایبەتـــدا بـــەكاردەهێنرێن. مەبەســـت لـــە لێكدانـــەوەی مۆرفۆفۆنێمیكی بـۆ دۆزینـەوەی دەسـتەیەك لـە فـۆرمی بنچـینەیی و یاسـای ڕێكخسـتنە لـە كەرەسـتە پێكـدێت" (Hayes Bruce:2009: 161)" ئامـــاژە بـــۆ لێكدانـــەوە و پـــۆلێنكردنی هۆكـــاری فۆنۆلۆجییانە دەكات، كـە كاردەكاتـە سـەر دەركـەوتنی مۆرفێمـەكان، یـان لـە بەرانبـەردا(هاوتاكردن) هۆكارەكـانی ڕێزمـانی، كاردەكاتـە سـەر دەركـەوتنی فۆنێمـەكان، ئـەوەش وا دەبینرێـت وەك ئـەوەی بنیاتی زمـانی، ئاسـتێكی جیـا و دابـڕاو بێـت و دەكەوێتـە نێـوان ڕێزمـان و فۆنۆلۆجییـەوە، لـە وێنـەی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا. یاسای زانسـتی فۆنێمـەكان و یاسـای مۆرفۆفۆنێمیـك وەك پێكهێنـەرێكی جیـاو دابـڕاو جیاكراوەتـــەوە لـــە دارشـــتنی ڕســـتەكاندا".(Crystal:2008:315) لـەو ڕووەوە نموونـــە ئاسانەكان زۆر جار بۆ ئاسانتر كەمدەكرێنەوە.

لێکدانــەوەی مۆرفۆفۆنۆلۆجییانــە لەگــەڵ لێکدانــەوەی فــۆنێمیی پێچــەوانەیە. لێکدانــەوەی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی زۆر سنوردارترە وەك لە لێکدانەوەی فۆنێمی، کە هەوڵدەدرێت تەنها بۆ دۆزینەوەی یاسـای نـا–بێلایــەنکراو non-neutralizing واتــە لایــەنگری فۆنۆلــۆجیی. لــە لێکدانــەوەی فۆنێمییـدا[١٨]، تـەنها فۆنێمـەکانی هاوشـێوە و دابەشـکردن تاقیدەکرێنــەوە. لەبەرئـەوە کەرەسـتەکە پێویست ناکات لە نمونەدا گرووپ بکرێن. بـەڵام تـەنها پێویسـتی بـە لـەخۆگرتنی دەسـتەیەکی تـەواو گەورە هەیە بۆ نوێنەری وشەکان. وەك لێکدانەوەی فۆنێمیی، لێکدانـەوەی مۆرفۆفـۆنێمیی پێویسـتە بە ڕێبازێکی پێڕەوبەندانە بەئەنجام دەگەیەنرێت.

لە مۆرفۆفۆنۆلۆجییدا دیاردەی سـەرەکی بریتییـە لـە گـۆڕانی دەنگـەکان کـە لـە مۆرفێمەکانـدا ڕوودەدەن، کاتێك یەکدەگرن تا وشەکان دروستبکەن. لێکدانەوەیی مۆرفۆفۆنۆلۆجییانە هەندێك جـار هاوبەشـی لـە هەوڵدانێکـدا دەکـات زنجیرەیـەك لـە یاسـای فۆرمـەڵی (شـێوازی) بـدات، بـۆ نموونـە /(کوشتم← دەکوژم)/ بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە و ڕێکوپێك پێشـبینی لـە گـۆڕانی دەنگـەکان لـە مۆرفێمەکاندا دەکات. واتە ئەو گۆڕانکارییانە ڕێك و بەتەرتیبانەی لە فۆنێکاندا ڕوودەدەن لە زمانێکی دیاریکراودا، ئەو زنجیرە یاسایانە نوێنەرایەتی بنچینەی بیردۆزی دەگۆڕێت بۆ فۆرمی ڕووکەش کە بـە شێوەیەکی هەقیقی دەبیسترێت. ئەمەش بەو واتایەی هەنگاوەکان دەبێت بەپێی ڕیزبەندی دیـاریکراو پــەیڕەوبکرێن تــاوەکو ئــەنجامی گونجــاو بەدەســتبخرێت. ئــەو بەشــانەی نوێنەرایــەتی مۆرفێمــە بنەڕەتییــەکان دەکـەن. هەنـدێکجار پێیـان دەوترێـت مۆرفۆفـۆنێمس. ئـەو فۆرمـە ڕوکەشـانەی، کـە بەهۆی یاسـاکانی مورفۆفۆنۆلۆجییەکانـەوە بەرهەمـدەهێنرێن دەشـێت لـە فۆنێمـەکان پێکبـێن، یـان ئەگــەر لێکدانــەوەی مۆرفۆفــۆنێمیی تــەجاوزی مەرحەلــەی فۆنێمەکــە بکــات و خــودی فۆنەکــە بەرهەمبهێنێت. بەپێی بۆچوونەکانی ترۆبسکۆی مۆرفۆفۆنۆلۆجی لەسێ بەش پێکدێت[١٩].

ا– نواندنی فۆنۆلۆجییانەی مۆرفێمەکان.

ئەم بەشە شتێکی بەرخوتییە(اجباری) بۆ هەموو زمانەکان کە مورفۆلۆجییان هەبێت یان نـا، چـونکە سەرجەم زمانەکان چەند بنەمایەکییان هەیە سەبارەت بـە خسـتنەپاڵی فۆنێمـەکان بـۆ سـەر داڕشـتە فۆنێمییەکان.

---

[١٨] شیکردنەوەی فۆنێمی سێ چەشن دەگرێتەوە:

أ– بەدەستخستنی گەنجی فۆنێمەکان.

ب– بەدەستخستنی یاساکانی ئەلەفۆنیی.

ت– دۆزینەوەی فۆنۆتاکتیکییەکان. (بڕوانە: عادل رەشید: ٢٠٠٨: ١٧)

[١٩] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (بریجیتە بارتش: ٢٠١٠: ١٦٠–١٦١) و ئومێد بەرزان (٢٠١٥)

ب– زانستی گۆڕانە دەنگییە هاوتاکان کە مۆرفێمەکان لە ئەنجامی لێکدانیاندا تووشی دەبن.
پ– زانستی زنجیرەی گۆڕانە دەنگییەکان کە ئەرکی مۆرفۆلۆجی دەگێڕن. زاراوەی گۆڕانەمۆرفۆفۆلۆجییەکان بەو گۆڕانە دەنگییانە دەوترێت کە بەسەر دروستە وشەسازییەکاندا دێن.

### 2.1.3 گۆڕانە مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان

لە کۆنەوە گۆڕانی دەنگەکان جێگای تێڕامانی فەیلەسوفەکان بووە، بەوەی کەوا گۆڕانی زمان دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمان بەرەو تێکدان و شێوان ببات، بۆیە زمانی نوسینیان بەزمانی بالاّ ناودەبرد و بەلایانەوە پەسەندتر بوو، چونکە زمانی نوسین هی بەرەی فەیلەسوفەکان بوو، وایان دادەنا گۆڕانی بەسەردا نایەت. ئەوەش شتێکی ئاشکرایە، زمانەکانی جیهان بەشێوەیەکی سروشتی هەمیشە لە گۆڕاندان و بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت بەر لەم گۆڕانانە بگیرێت. گۆڕانی زمان دەبێتەهۆی ئەوەی کە زمانەکە ئاسانتر بکات ووزە پارێزبێت، نەك ببێتە هۆی تێکدان و هەڵوەشان و لەناوچوونی زمانەکە، بەڵکو "گۆڕان لە زماندا بەپێی یاساو دەستوور ڕوودەدات و لە خۆوە بێ سەرو شوێن نابێت، هەر لەبەرئەمەشە کە تەنیا چەند جۆرێك لە گۆڕان لە زمانی مرۆڤدا دەبینرێت و هەر ئەمانەش بەگۆڕانی ئاسایی دادەنرێن " (محمد معروف:١٩٩٠: ١١٤– ١١٥).

گۆڕانە مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا هەروەك زمانەکانیتر بوونی هەیە و لەسەر بنەمای گۆڕانی دەنگەکانی زمان، " ڕیزکردن و خستنەپاڵیەکی مۆرفێمەکان دەبێتەهۆی دروستبوونی جیاوازی دەنگی و دیاردەی گۆڕانی دەنگەکان، بەمەیش پەیوەندی ئاستی فۆنۆلۆجی بە ئاستەکانی فەرهەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی دەبەستێتەوە" (ئومێد بەرزان: ٢٠١٥: ٩١) لە چوارچێوەی یاساکانی فۆنۆلۆجییدا، بۆ نموونە، (لێکچوون و لێکنەچوون، تیاچوون، پەیدابوون، جێگۆڕکێ... ) ی دەنگە زمانییەکان دیاریدەکرێن، بۆیە زمانەوانەکان لە هەوڵدان بۆ ئەوەی کە هۆکاری گۆڕانکارییەکانی زمان بدۆزنەوە.

لە ئاستی مۆرفۆفۆنۆلۆجیدا وەك ئاستێکی زمان، دەنگەکانی زمان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، بگرە بەهۆی ئەم ئاستەوە هەست بەو گۆڕانکارییانە دەکەین، کە لە زمانەکەدا ڕوودەدات، لەم بارەوە، نەریمان عەبدوڵلاّ/ شوکرمحەمەد(٢٠١٤ :١٥) دەڵێن "گۆڕان لە زماندا دیاردەیەکی زمانناسییە و هەردەبێ ڕووبدات، هیچ زمانێك نییە خۆی لەم حاڵەتە بە دوور بگرێت و خۆی دەرباز بکات، پرۆسەیەکی نەوەستاو و بەردەوامە، بەڵام لەسەرخۆ و هەنگاو بە هەنگاوە"، بۆیە زۆر جار هەستی پێناکرێت و دەبێتە کردەیەکی سروشتی و باوی زمانەکە. بۆ ئەمەش زمانەوانەکان چەندین

لێکۆڵینـەوەیان خسـتۆتەڕوو، دەکرێـت هۆکارەکـانی گـۆڕانی دەنگـەکانی زمـان، بـەم شـێوەیەی لای خوارەوە دیارییبکرێن:

### 2.1.3.1 هۆکارە پەیوەندیدارەکانی گۆڕانی دەنگە زمانییەکان:

هۆکارە پەیوەندیدارەکان ئەوانەن، کە ڕاستەوخۆ بەشدارن لە داڕشتەی مۆرفێمـەکانی زمانەکـەدا، واتـە ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر وشە و یەکە زمانییەکانـدا دێـن، دەگەڕێنـەوە بـۆ ژینگـەی نـاوەوەی زمـان، هۆکارەکانیش ئەمانەن:

#### 2.1.3.1.1 هاوسێیەتی دەنگەکان:

یەکێك لە فاکتەرە گرنگـەکانی گـۆڕینی یەکـە دەنگییـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ هاوسـێیەتی دەنگـەکان و خستنەپاڵیەکدی فۆنێمەکان کە بە فۆنۆتاکتیك ناودەبرێت، ئەمەش دەکرێت ئاسایی بە دەسـتەیەك لـە یاسا لە زمانەکەدا پیشانبدرێت(بڕوانە بەشی سێیەم : یاسا و دیـاردە فۆنۆلۆجییـەکان: 3.3)، بـەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە زمانەکەدا هەن، یاسا و هۆکارەکانی گۆڕانی دەنگەکان دەکرێت دیـارییبکرێن. گۆڕانی زنجیرە دەنگێکی هاوسێی یەکدی کە لە زماندا بەکاردەهێنرێن، فۆرمێکی دەنگی دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا مەرجە زنجیرە دەنگەکە هەڵگری واتابن، لەبارەی هاوسێیەتی دەنگـەکان لـە زمانـدا، دەروون عبدالرحمن(٢٠١٢ : ٦٥) دەڵێت " کاتێك دوو دەنگ حەز بەیەکتری ناکەن ئەوە دەبێتە هـۆی سـواندنی یەکێك لەدەنگـەکان، شـوێنی دەنگەکـە لـە وشـەکەدا هۆکـارێکی گرنگـە، لەناوچـوونیش بـە زۆری لـەو دەنگانەدا دەبێت، کە دەکەونە کۆتـایی وشـەوە بـەبێ جیـاوازی لـە نێـوان دەنگـی کـپ و بزوێنـدا. بـۆ نموونە( نیوەڕۆژ ← نیوەڕۆ)، (دەست ← دەس ...) هەریەکە لە دیاردە دەنگییـەکانی ( جێگـۆڕکێ، دەنگە گۆڕکێ، لێکچوونی دەنگ ..) دەچێتە ژێر ئەم ناونیشانەوە."

بەهۆی هاوسێیەتی دەنگەکانەوە ئـەرکی گـۆکردنی هێشـووە دەنگـەکان لـە زمانـدا ڕێکـدەخرێن و ڕزگارمان دەکەن لە هەندێك دەنگ، یان وشەی قورس، کە بە لامانەوە ناخۆشن و بەئاسانی گۆنـاکرێن، بەڵام بە گۆڕینی ئەو دەنگانە، یاخود بـە گـۆڕینی جێگـای دەنگـەکان، یـان لەناوچـونیان گۆکردنـەکان ئاسان دەبن. لە هاوسێیەتی دەنگەکانی زماندا، یاساکانی پەیدابوونی دیاردە مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لـە ژێـر ئـەم ئاسـتەدا پێـڕەو و تایبەتمەنـدی خۆیـان دەخەنـەڕوو. لـەم بـارەدا گۆڕانکـاری و پەیوەندییـە فۆنۆلۆجیی ومۆرفۆلۆجییەکان ڕوودەدەن. گرنگترین یاساکانیش دەکرێت ئەمانەی خوارەوە بن:

١- یاسـای دوو ڤـاوڵی، لـە زمـانی کوردیـدا دوو فـۆنێمی ڤـاوڵ بەیەکـەوە بـەکارناهێنرێت، واتـە فۆنۆتاکتیکی زمانەکە ڕێگا بەوە نادات دوو فۆنێمی ڤاوڵ بەدوای یەکدا بێن، ئەگەر دوو فۆنێمی ڤاوڵ بخرێنە تەنیشت یەکتر، ئەمانەی لای خوارەوە ڕوودەدات:

ا-یەکێك لە فۆنێمە ڤاوڵەکان لەناودەچێت، بۆ نموونە،

ا-پشیلە+/-ەکە/→ پشیلەکە
ب- مێشولە+/-ەکە/→ مێشولەکە

ب- فۆنێمێکی کۆنسۆنانت دێتە نێوانیانەوە. بۆ نموونە،

پاشـگری دووپاتکردنـەوە /-ەوە/ بخەیتەسـەر هەنـدێك وشـە کـە بـە ڤـاوڵ کۆتـایی هاتبێـت، ئـەوا فۆنێمەکانی / ی / ، یان /ت/، یان /ر/ پەیدادەبن.

شکا + /-ەوە/ →شکایەوە.
ب +/خوێنە+/-ەوە / → بخوێنەرەوە.
خوێندوە+/-ەوە/ → خوێندووەتەوە→خوێندۆتەوە.

پ- شێوەی گۆکردنی فۆنێمە ڤاوڵەکان دەگۆڕێت بۆ فۆنێمێکیتر، ئەمەش دیاردەیەکی فۆنۆلۆجییە کە بە یاسای "فڕێدان و زیادکردنی فۆنێم" ناسراوە، بۆ نموونە، لە ڕستەی (ئازاد بچۆ). (مۆرفێمی /ب/ + ڕەگی ڕانەبوردووی چوون (چ)+ /ە/ کەسی دووەمی تاك). (جێنـاوی لکـاو بـۆ کەسـی دووەمـی تـاك تێدەچێت).

٢-یاسای دەنگدار و کپ، هاوسێبوونی فۆنێمی دەنگدار و کـپ کاریگـەرییان لەسـەر یـەك دەبێـت دەکرێت ئەوەش بگوترێت گۆڕانکاری بەسەر فۆنێمەکاندا دێـنن، بـۆ نموونـە، (گەسـتی) دەبێـت بـە (دەگـەزێت) دەنگـی [s] وەك [z] گۆدەکـەین. ئەمـەش گـۆڕانێکی فۆنۆلۆجییـە لـە ئاسـتی مۆرفۆسینتاکسدا(کرداری ئاڵۆز) ڕوودەدات.( بڕوانە عـادل ڕەشـید:٢٠٠٨). (بڕوانـە، بەشـی یەکـەم: پرۆسە فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجییەکان: 1.1.2 و بەشی سێیەم لێکچوون: 3.3.4)

ا– کوشتم← دەکوژم. گۆڕانی /ش بۆ ژ /.
/ش/ [+ خشۆك]،[– دەنگدار]،[+ ڕەقە مەڵاشوویی]
/ژ/ [+ خشۆك]،[+ دەنگدار]،[ + ڕەقە مەڵاشوویی]

ب– گەستی← دەگەزێت. گۆڕانی/س بۆ ز/
/س/ [+ خشۆك]،[– دەنگدار]،[+ دانیی]
/ز/ [+ خشۆك]،[+ دەنگدار]،[+ دانیی]

پ–کرد+(–تان) ← کرتتان.

٣–هاوسێبوونی دوو فۆنێم لە ڕووی سازگەوە، واتە بەرهەمێنانی دوو فۆنێم کە لە ڕووی دروستبوونەوە "ئەمەش بریتییە لە گۆڕانی سازگەی دەنگێك بۆ ئەوەی لە سازگەی دەنگێکی تر نزیك بێتەوە، یان بەمەبەستی گونجانی سازگەی دوو دەنگی هاوسێ گونجانی دوو دەنگ لە ئەنجامی کارتێکردنی دەوروبەر، سازگەی دەنگە کارتێکراوەکە دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی بە تەواوی لەگەڵ یەکتردا بگونجێن لە ڕووی سازگەوە، بۆ نموونە گۆڕانی دەنگی /ن/ بە دەنگی /م/ ی لووتی بەکارتێکردنی دەنگی /ب/ی لێوی" (ڕۆکان عەبدوڵا:٢٠١٥: ٤٨). (بڕوانە بەشی یەکەم: پرۆسە فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجییەکان: 1.1.2 وبەشی سێیەم لێکچوون: 3.3.4).

عەنبەر ← عەمبەر
بەرانبەر← بەرامبەر
منبەر← میمبەر

### 2.1.3.1.2 شوێنی هێز:

شوێنی هێز یەکێکە لە هۆکارەکانی گۆڕانی فۆنێمەکان، بەپێی ژینگەی ناوەوەی زمان، هێزی فۆنیم، واتە هێز ئەرکی فۆنێم دەبینێت، " ئەگەر هێز شوێنەکەی گۆڕا، یان گواسترایەوە لە بڕگەیەکەوە بۆ یەکێکیتر لە هەمان وشەدا ئەوە دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە، یان تێکدانی واتاکەی، بۆ نموونە، لە زمانی ئینگلیزیدا (جوێن–insult)، (تۆمارکردن–record )، (ناردنە دەرەوە–export)،

(هێنانە ناوەوە–import ئەگەر هێزی سەرەکی لەسەر بڕگەی یەکەم وەربگرین ئەوە وشەکان دەبنە ناو، ئەگەر هێزەکە لەسەر بڕگەی کۆتایی وەربگرین وشەکە دەبێتە کردار" (Muhamad Ali:1982) بەپێچەوانەوە لە زمانی کوردیدا، ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی کۆتایی بوو ئەوا وشەکە دەبێتە ناو، ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی یەکەم بوو ئەوا وشەکە دەبێتە کردار(بڕوانە بەشی یەکەم: هێز لە دروستەی ڕستەی ئاڵۆزدا: 1.2.5.2.2).

بەپێی یاسا بەناوبانگەکەی مۆریس گرامۆنت زمانەوانی فەرەنسی، لە احمد مختار(١٩٩٧ :٣٧٢) ەوە، "یاسایەکی دانا بەناوی یاسای بەهێز (Law of the stronger)، بەپێی ئەم یاسایە کاتێك فۆنێمێك کاریگەریی لە سەرفۆنێمێکیتر دەبێت فۆنێمە لاواز و بێهێزەکەیان بە پێی شوێنی لە بڕگەکەدا یان بە پێی بەهێزی گۆکردنی لەلایەن ئەوی تریانەوە کاریتێدەکرێت و دەگۆڕێت"، بۆ نموونە،

لە داخوازیدا (مۆرفێمی (ب)+ڕەگی چوو(چ)+ جێناو/–ە/ ← بچۆ)

مۆرفێمی کەسی دووەمی تاك/–ە/، گۆڕاوە بۆ / ۆ/.

وشەکانی زمان یەك هێزیان لەسەرە، واتە وشەی فەرهەنگی یەك هێزی سەرەکی دەخرێتە سەر، ئەگەر لە هێزێك زیاتر هەبوو ئەوا لە چوارچێوەی وشە دەردەچێت و دەچێتە بواری فرێز و ڕستەوە، "بە گوێزانەوەی هێز لە سەر بڕگەیەك بۆ بڕگەی دواتر لە هەمان وشەدا گۆڕانی واتای ڕوودەدات" (محمد علی الخولی:١٩٨٢ :٤٠)، یان واتای وشەکە تێکدەدات. بۆنموونە (برنج) ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی دووەم بێت، ئەوا واتای (برنج) دەدات، بەڵام هێز لەسەر بڕگەی یەکەم بێت، ئەوا واتاکەی لە زمانی کوردیدا تێکدەچێت. هەندێك زمانەوان یەکێك لە هۆکارەکانی گۆڕان لە زماندا دەگێڕنەوە بۆ شوێنی هێز لە وشەدا "لەکاتی ئاخاوتن دا هەندێ بڕگە درێژترو بەهێزترو توندتر تلفظ دەکرێ" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٦: ٦٩).

بۆیە دەکرێت بگوترێت کە هێز کاریگەریی لە سەر وشەکان هەیە و گۆڕانکارییان بەسەردا دەهێنێت واتە هێز توانای ئەوەی هەیە کە واتا و کاتەگۆری وشەکان بگۆڕێت:

١– دووربیین du:rbin

٢– دوربیین durbin

لە نموونەی یەکەمدا /دووربین/ لە دوو بڕگە پێکهاتووە (دوور + بین)، هێز لەسەر بڕگەی یەکەمە، واتایی کەسی پێشبینکەر دەگەیەنێت کە ئاوەڵناوە، بەڵام لە نمونەی دووەمدا، هێز لە سەر بڕگەی

دووەمە و واتای ئامێری دوربین دەگەیەنێت کە ناوە.( بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: محەمەدی مەحویی: ٢٠٠٨: ١٨٢–١٩٣)

کاتێك پێشگر و پاشگر دەخەینە سەر وشەیەك شوێنی هێز دەگۆڕێت، بێ گومان ئەمەش بە پێی پاشگرەکان دەگۆڕێت، چونکە هەندێك پاشگر هێز ڕاکێشن و هەندێکی تریش هێز ناخرێتەسەر."پێشگر و پاشگر زۆرجار لە زمانانی تردا بە "بێلایەن[٢٠]" و "لایەندار" ناسراون، بەزنجیرەیەك دێن. پاشگرەکان زیاتر هاوبەشی لە گۆڕانی فۆنۆلۆجی قەددا دەکەن، پەیوەندیدار بە قەدێك کە هیچی لەسەر نەبێت، کاتێك پاشگرەکان دەخەینە سەر وشەیەك گۆڕانکاریەك دەبینرێت، کە بە یاسا فۆنۆلۆجییەکان ناسراون. بۆ نموونە، " لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی fInal[٢١] هێز لەسەر /i/ یە و کاتێك پاشگری (-ity) بۆ زیاد دەکەین هێزەکە دەچێتەسەر ڤاوڵی /a/ finality ، دەبینرێت جیاوازی لە نێوان هێزدا هەیە، بڕگەی fInal هێزی لەسەرە وەك ئەوەی بەراووردکراوە لەگەڵ دووەم بڕگەی finAlity جگە لەوە چۆنیەتی ڤاوڵەکە لە بڕگەی دووەم جیاوازە، کاتێك کە نیشانەی بێهێزی لەسەر/i/ ی کۆتایی زنجیرەکەیە، واتە جێگرەوەکە(بەدیلەکە) بە ڤاوڵی تەواوی /a/یە لە finality. هەروەها mAgic کە پاشگری (-ian) دەخەینە سەر دەبێت بە magI[s]ian بە دەنگی [ ش] دەخوێنرێتەوە، بەڵام کە پاشگری /-al/ mAgi[k]al دەبینین گۆڕان هەیە، دانانی هێز و کۆنسۆنانت لە کۆتای–قەد /k/ دەگۆڕدرێت بە [sh]، بە پێچەوانەوە، دانانی هێز و چۆنیەتی ڤاوڵ وەك یەکن بۆ قەدەکە واتە دەچنە سەریەك" (بڕوانە:(A.Spencer:2001:10054) . لە زمانی کوردیشدا شوێنی هێز بەپێی پێشگر و پاشگر دەگۆڕێت، ئەو لاگرانەی کە بە ڕستەی ئاڵۆزەوە دەلکێن زۆرجار هێز ڕادەکێشن، بۆنموونە،

/کەو'تم / CVC/CVC

/هە'ڵ/ کەوتم/ CV'C/CVCC/

لاگرەکان بەپێی هێز دوو جۆرن:

**أ– لاگرە هێز وەرگرەکان:**

---

[٢٠] بێلایەن : ئەوانەن کە کاریگەرییان لەسەر هێز نییە و نابنە هۆی گواستنەوەی هێز لەگەڵ ئەوەشدا واتا و شێوەی مۆرفێم ناگۆڕن. بەڵام لایەندارەکان ئەوانەن کە کاریگەری لەسەر گواستنەوەی هێز دەکەن و توانای ئەوەشیان هەیە کە دەنگی کۆتایی وشەکە بگۆڕن.

[٢١] فۆنێمە کاپیتاڵەکان بەو واتایە دێت کە هێزی سەرەکییان لەسەرە.

ئەم جۆرە لاگرانـە لـە سـەرەتا یـان لـە کۆتـایی وشـەکاندا دێـن و هێـزی سـەرەکی وشـەکە دەکەوێتـە سەریان. ئەو لاگرانەن کە کاریگەری لەسەر قەد یان ڕەگ یان بناغـە دەکـەن و شـێوە فۆنەتییکیەکـەی دەگۆڕن، یان هێزی لێوەردەگرن، ئەوانیش :

١ – مۆرفێمەکانی هەڵگواستن، وەك ئەمانەی خوارەوە :

ا–/– دان / ← ئاگردان
ب–/– وان / ← مەلەوان
پ–/– ستان / ← کوردستان

ئەوەی تێبینی دەکرێت کە هێزی سەرەکی کەوتۆتە سەر مۆرفێمە پاشگرەکانی هەڵگواسـتن، چـونکە پاشگرەکان لە کۆتاییدان.

٢– مۆرفێمەکانی شکاندنەوە وەك ئەمانەی خوارەوە :
ا–/– ن / ← ڕۆشتن
ب–/– وو/ ← هاتوو
پ–/– تر، –ترین/ ← باشترین
ت– / نا/ ← ناچم[٢٢]

**ب – لاگرە هێز وەرنەگرەکان:**

ئەو لاگرانە دەگرێتەوە کە هێزی سەرەکی ڕاناکێشن.

ا– مۆرفێمە دیاریکەرەکان : پیاو+/–ەکە،–ێك، –ان /.
ب– /لە ...ەوە/ ← من لە کەلارەوە دێم.

---

[٢٢] مۆرفێمەکانی ناکردن /نا، نە، مە/هێزی سەرەکی وەردەگرن:
ا–نا'خۆم.
ب– نە'خۆیت.
پ– مە'خۆ.

پ- /به ... دا/ ← به سلێمانیدا تێپەڕیم.

ت-دەھ...ا .تم .(هێز له سەر ڕەگەکەیە).

بـەلای هەنـدێك لێکۆڵـەری کـوردەوە جێنـاوە لکاوەکـان بەشـێوەیەکی گشـتی هێـزی سـەرەکی وەرناگرن، بەڵام هەندێك لە زمانەوانەکان وەك (عەبدولواحید موشیر : ۲۰۱۳)/ (بازیان یونس:۲۰۰۹) لـەو باوەڕەدان، کەوا جێناوەکان له نێوان هێـز-لەسـەر و بـێ هێـزدان، واتـە هەنـدێکجار هێـز وەردەگـرن و هەندێکجاریتر هێز وەرناگرن. وەك هەموو ئەو نووسەکانەی کە بـە کـرداری ڕابـوردووەوە دەلکـێن بـەبێ هێزن، بەڵام ئەو جێناوە لکاوانەی بەشدار دەبن لـە داڕشـتەی کـرداری ڕابـوردووی بـەردەوامی تێپـەڕ و ڕابوردووی دانانی هێز وەردەگرن :

ا-خوێندم .

ب- خوێندبووم.

پ-دەم خوێند.

ت- بم خوێندبا. (لەڕابوردووی دانانی (ئینشائیدا) هێز وەردەگیرێت.)

له لێکداندا پاشگرە هێز لەسەرەکان لە دوای ڕەگەکەوە دەبنـە بەشـی یەکـەم و پاشـگرە هێـز وەرنەگرەکان دەبنە بەشی دووەم بەم شێوەیە ی خوارەوە :

( ڕەگ + پاشگری هێز لەسەر + پاشگری بەبێ هێز ) بۆنموونە:

دان + ساز +(- ێك) ←دانسازێك

ئەگەر لەکاتی لێکداندا پاشگری هێز-لەسەر هـەبوو ئـەوا هێزەکـە دەچـێتە سـەر دوا پاشـگرەکە، بـۆ نموونە،

أ- باخ + ە + وان

ب-هۆش + مەند + ی

"یەکێك لە سیما هەرە گرنگەکانی مۆرفێمی وشە داڕێژ(هەڵگواستن) لە زمانی کوردیدا ئەوەیە کە بە زۆری بەهێزن(هێز لەسەرن)، واتە هێزی سەرەکی وشە دارێژراوەکـە بـۆ خۆیـان ڕادەکێشـن، لـە دۆخێکـدا دووانیـان دەچنەسـەر وشـەیەك ئـەوا ئـەوەی دووەم هێزەکـە ڕادەکێشـێت" (صـباح رشید:۲۰۰۰: ٦٣)، بەو واتایەی لە زمانی کوردیدا هێز لەسەر پاشگری ئەوەی دواوەیە، ئـەو برگـەی

که هێز وەردەگرێت درێژ دەکرێتەوە و ئەوی تر بە کورتی دەخوێندرێتەوە. لە وەرگرتنی هێزدا دوو هۆکار هەن:

١ – جۆری پاشگرەکە.

٢ – شوێنی پاشگرەکە .

ا– دە + خۆ + م + ەوە (هێز–لەسەر + ڕەگ + بێ هێز + بێ هێز ).

ب–دە + یان + بر+ د+ەوە(هێز لەسەر+ هێز لەسەر+ ڕەگ+هێز لەسەر+ بێ هێز)

ئەو نموونانەی لە سەرەوە باسکران دەرخەری ئەوەن، کەوا هێز وەك یەکەیەکی نیشانەی سەروو سەگمێتییەکان ڕۆڵی گرنگ و تایبەتمەند لە زماندا دەگێڕێت. "بەمەش پەیوەندی لەنێوان هێز و پاشگر و پێشگر و دا هەیە. واتە پەیوەندیی مۆرفۆفۆنێمی پێکیان دەبەستێتەوە" (بازیان یونس: ٢٠٠٩: ١٠٨).

### 2.1.3.1.3 ئیکۆنۆمیکردن:

هۆکاری سەرەکی گۆڕانکارییەکان، وابەستەی پێڕەوی زمانەکەن، بەڵام هەندێك لێکۆڵەری کورد(دەروون عەبدولڕەحمن: ٢٠١٢) ئیکۆنۆمیکردن (ئابووری)یان لە زماندا بە یەکێك لە هۆکارەکانی گۆڕینی دەنگە زمانییەکان باسکردووە. هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قسەکەر دەیەوێت بە کاتێکی کەم و بە کەمترین وزە زۆرترین واتا کە مەبەستێتی بگەیەنێت بە گوێگر، بەمەبەستی ئەوەی وزەیەکی زۆر بەفیڕۆ نەدات. واتە زۆرترین" ئەو گۆڕانانەی کە لە زماندا ڕوودەدات دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارەزووەی کە لەمرۆڤدا هەیە بۆ ئاسانکردنی گۆکردن. بەواتایەکی تر هەموو گۆڕانێك بەمەبەستی سوککردنی ئەو ئەرکەیە کە دەکەوێتە سەر ماسولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن. بەم پێیە هەموو گۆڕانە فۆنێمییەکانی (تواندنەوە وکرتاندن، جێگۆڕکێی فۆنێم ولەناوچوونی فۆنێم ... ) هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی دەربڕین"(بڕوانە: محمد معروف:٢٠١١: ١٢٩).

دەکرێت ئەوەش بخرێتەڕوو، کەوا "گۆڕانی دەنگە قورس و گرانەکان لە دەربڕیندا بۆ دەنگە ئاسانەکان دیاردەیەکە زاناکانی زمان و دەنگ وەریانگرتووە و چەسپاوە، هەتا بوو بە تیۆریەك کە کێش و ئەنجامی زانستی جێگیری هەیە، وناونراوە (تیۆری ئاسانکاری )، یاخوود بە یاسای کەمترین وزە ناسراوە Law of least effort" (دەروون عبدالرحمن:٢٠١٢ : ٥٩_٦٠)، مرۆڤ کاتێ دەنگەکانی زمانەکەی گۆدەکات " ماسولکەکانی ئارەزووی ئیکۆنۆمی دەکات و ئاسانترین ڕێگا

دەگرێتەبەر، بۆ ئەوەی بەو ئامانجەی کە هەیبووە بگات کە لە زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا بەکاریان دێنێت" (بڕوانە:ابراهیم أنیس:١٩٩٩ : ١٦٦).

### 2.1.3.1.4 ناوازە لە زماندا

هەندێك لە زمانەوانەکان، پێیان وایە زمان لە ناو خۆیدا ناوازەی زۆری تێدایە، بۆیە بە پێی تێپەڕبوونی کات و مێژوو زمان خۆی لەو ناوازەیانە ڕزگاردەکات، هەروەکو ( مارتنیت ) زمانەوانێکی بونیادگەری فەرەنسیە کە پێی وایە، لە محمد معروف(٢٠١١ : ١٣٠) ەوە.

"هەموو زمانێك لەگەڵ پەیدابوونیا هۆکاری گۆڕانی لەگەڵدایە، چونکە هەموویان ئەو ئارەزووەیان تێدایە کەئاسان بن و ئەرکێکی زۆر نەخەنە سەر ئەو کەسانەی کە قسەیان پێ دەکەن و بەکاریان دەهێنن جا لەبەرئەوەی زمانیش نارێکی زۆری تێدایە و ئەم دیاردە نائاوێزانەش تاڕادەییەك زمانیان لاسەنگ کردووە، قسەکەران هەمیشە بەدوای هێنانەوەی هاوسەنگییە وە وێڵن و هەموو ئەو گۆڕانانەی دێتەکایەوە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێ، بێگومان ئەم ئامانجەی قسەکەران هەرگیز نایەتە دی چونکە هێنانەوەی هاوسەنگی لەلایەك دەبێتە هۆی لاسەنگی لەلاکەی تری زمانەکە بەم جۆرە کێشەکە بەردەوام دەبێت و زمان و گۆڕان شان بەشانی یەکتر دەڕۆن و تەنیا کاتێك زمان لەگۆڕان دەکەوێت کە لەناوبچێت"

بۆ نموونە، هەر ئاستێك لە ئاستەکانی زمان وەربگرین کۆمەڵێك ناوازە لە یاساکانیدا بەدیدەکەین. لەم بارەوە، ڕۆکان عەبدوڵا(٢٠١٥: ٩٤) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە" لە سیستەمی مۆرفۆلۆجیدا کۆمەڵێك کەم و کوڕی تێدایە و هیچ زمانێك لە زمانەکان لێی بەدەر نییە ئەگەر ئەو زمانە باشترینی زمانەکانیش بێت(زمانی باشتر مەبەست لەو زمانانەیە، کە خزمەتی زیاتر کراون)، چونکە هەر یاسایەك لە یاساکانیدا باری نەشازی ئەوتۆی تێدایە، کە هیچ لێکدانەوەو بیانوویەکی لۆجیکی هەڵناگرێت".

### 2.1.3.2 هۆکارە دەرەکییەکانی گۆڕانی دەنگەکان:

بەپێی لێکۆلینەوەکان هۆکارە زمانییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە هەبوو، بەڵام دەشێت ئەم هۆکارە دەرەکییانەش کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدرێت بەشداری لە گۆڕانی دەنگە زمانییەکاندا بکەن. زمان بۆ ئەوەی بە زیندویی بمێنێتەوە، هەمیشە تووشی گۆڕان دەبێت،

هەندێك هۆكار هەن لەدەرەوەی زمانن كاریگەریی خۆیان بەسەر زمانـەوە بەجێـدەهێڵن، هۆكارەكـانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- ئایین یەكێكە لە هۆكارە گرنگەكانی گۆڕانە فۆنێمییەكان، بەتایبـەت كاتێـك لـە زمانێكـەوە جێگـای خۆی دەكاتەوە بۆ ناو زمانێكی تر، هەر ئـەم هۆكـارەش بـوو وای لـە زانـای هینـدی (پـانینی) كـرد كـە بەدرێژی باسی ئەو گۆڕانكارییانە بكات كە بەسەر فۆنێمدا دێن.

٢- پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا، ئەو گۆڕانانەی بەهۆی تەكنەلۆجیاوە ڕوودەدەن، بە هۆكـارێكی دەرەكـی دادەنـرێن، بـەهۆی هۆكارەكـانی پەیوەنـدكرن و ئینتەرنێتـەوە چـەندین وشـە و زاراوە هاتوونەتـە نـاو زمانەكەوە، وەك ( مۆبایل و جۆرەكانی، كۆمپیوتەر و چات و فەیسبووك...). دەكرێت بگوترێت، كاتێك وشەیەكی بێگانە وەردەگرین بـەپێی فۆنـەتیكی زمانەكـە وشـە وەرگیراوەكـە گۆدەكرێـت و فۆرمەكـەی دەگۆڕدرێت.

٣- فاكتەری جوگرافی یەكێكە لـەو هۆكارانـەی كـە كاریگـەری لـە سـەر زمـان دروسـتدەكات، ئـەوەش كاتێك دەبێت كە دوو نەتەوەی جیاواز دەبنە هاوسێی یەكتر و دواتر بە دەیـان جەمسـەرەوە بەیەكـەوە دەبەسـترێنەوە. هـەروەك، نـەریمان عەبـدوڵلا/ شـوكرمحەمەد:٢٠١٤ : ٦) دەڵـێن " هۆكـاری جوگرافیـا بەتایبەتی دراوسێیەتی دوو زمانی جیاواز كە هەردوو زمان وشە و زاراوە لە یەكتری وەردەگرن، بەمەش دیاردەی گۆڕان لە زماندا ڕوودەدات" هەندێك بڕوایان وایـە كـە سروشـتی جـوگرافی بـۆ ژینگـەیی زمـان كاریگەریەكی گەورەی هەیە لە جۆری گۆڕانەكە كە تووشی ئەو زمانە دەبێت. لـەم بـارەوە كـۆلیتز H (Collitz.) باوەڕی وایە تاكە كـەس لـە زمـانی ئەڵمانییـدا بـەهۆی بـوونی هەنـدێك شـوێنی ناوچـەی شاخاوی لەو وڵاتەدا زیاتر پێویسـتیان بـە وزەو چـالاكی هەیـە، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی گـۆڕانی دەنگـە زمانییـەكان، كـە "دەنگـە بـەهێزەكان بـۆ دەنگـی نـەرموو سسـت دەگـۆڕێن لـە نوسـراوەكانیدا ئامـاژە بەگۆڕانی چەند دەنگێك دەكات، لەناوچە شاخاوییەكانی ئـەڵمانیادا هـەروەها ئامـاژە بـەوە دەكـات كـە ناوچەی شاخاوی زیاتر پێویستی بەوزەی چالاكی لە هەناسەداندا هەیە، هەروەها دەنگەكانیش ئارەزوو دەكەن لە بە هێزەوە بۆ سست و نەرم بگۆڕێن " ( بڕوانە: ابراهیم انیس:١٩٩٩: ١٦٧) .

٤- هۆكاری دەروونی، پەیوەنـدی لـە نێـوان زمـان و دەروونـدا هەیـە، یـەكێك لـە هۆكارەكـانی گـۆڕانی دەنگەكان دەگەڕێتەوە بۆ هۆكـاری دەروونـی كـە "هۆكـاریی گـۆڕانی دەنگـە لـە بـەهێزەوە بـۆ نـەرم و سست، یان بـە پێچـەوانەوە دەیگێڕنـەوە بـۆ ئـەو بـارە دەروونییـەی كـە قسـەكەری زمـانێكی تێدایـە، زۆربەی ئەو گۆڕانە دەنگییانەی كـە لـە زمانـدا ڕوودەدەن، وەك (تواندنـەوە و كرتانـدن و دروسـتبوونی دەنگی نوێ و جێ گۆڕكێ و بەرلووتدان و بـەر نەرمایـدان...) دەدرێتـەپاڵ ئـەم هـۆ دەروونییـە كـە لـە ئەنجامی ڕێكنەكەوتنی جوڵانەوەی مێشك و بزوتنەوەی ماسولكەكانی ئەنـدامی ئاخافتنـدا دێتەكایـەوە"

(محەمەد مەعروف:٢٠١١ : ١٣٢). لەم بارەوە، ڕۆکان عەبدولا(٢٠١٥: ٤٠) دەڵێت " لە دەرهێنانی وشەیەکی وەك (کیٚ)دا تا ماسولکەکانی دەم و قورگ دەجولێنەوە بۆ دەرهێنان و دەربڕینی دەنگی (ك) مێشك فەرمانی دەنگی (ی) دەردەکات، بەمە مێشك ماسولکەکان ناچاردەکات، کە پەلە بکەن لە ئەنجامی ئەم پەلەبوونیەدا ئەو دەنگەی دەردەبڕێت جۆرێك دەبێت لە (ك)/(ك) ی نەرم، کە لە دەنگی(چ)ەوە نزیکە"بەمەش وشەی (کیٚ) وەك (چیٚ)[٢٣] گۆدەکرێت".

| /ك/ | /چ/ |
| --- | --- |
| –دەنگدار | –دەنگدار |
| + گیراو | + گیراو |
| +نەرمە مەڵاشویی | + ڕەقە مەڵاشویی |

٥– ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لەسەر بنەمای زانین و زانیاری هاوبەش بنیاد نراوە، زمانیش وەکو ئامرازێکی سەرەکی ئەرکی کۆمەڵایەتی دەبینێت و دەکرێت بە چەند زارێکی جیا جیاوە وەك زاری ڕەسمی و نارەسمی و بازاڕی ... شێوەی نوسین ئاسایی ڕەسمی ترە وەك لە شێوەی قسەکردن. بۆ نموونە، زۆرێك لە قسەکەرانی ئاسایی زمانەکە وشەی (یوسف) یان (یۆنان) شێوەی گۆکردنیان دەگۆڕێت بۆ (وێسف یان وێنان)، ئەمەش لەبەرئەوەی لە فۆنۆتاکتیکی زمانەکە بە ئەستەم وشەیەك دەدۆزیتەوە کە بە (یۆ)یان( یو) لەسەرەتاوە دەست پێبکات. بۆیە کاتێك" وشەی زمانێك بۆ ئەوەی بچێتە زمانێکی ترەوە تا ژمارەی فۆنێم و بڕگەکانی کەم بن، ئاسانتر بە لەبراتۆری فۆنەتیکیی زمانە نوێیەکەدا، تێدەپەڕێت،بە وزە سەرفکردنێکی کەمیش، دەکەوێتە سەرزار، لێرەدا ئیکۆنۆمی کردن دەوری خۆی دەبینێت" (فاروق عومەر:٢٠١١: ٥٢). هەروەها هەندێك هۆکاری تریش هەن کەوا کاریگەریی خۆیان هەیە لە سەر گۆڕانی دەنگەکان ئەوانیش:

**یەکەم–دیرۆکیی(دیاکرۆنیی) :**

ئەمەش دەکرێت وەك یەکێك لە هۆکارەکان سەیر بکرێت. بۆ نموونە :"نوسینی کوردی زۆر لە مێژەوە نییە کەوتۆتە قاڵبی نوسینەوە بۆیە هەر وشەیەك چۆن گۆ دەکرێت ئاوا دەنوسرێت" (تاڵیب حوسێن:٢٠١٤ :٦٧) زمان بەپێی تەمەن دەگۆڕدێت، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە دەرەکییەکان کە کاریگەریی بەسەر گۆڕانی دەنگە زمانییەکاندا دەهێنێت، درکاندنی دەنگەکانی زمان بە تێپەڕبوونی

[٢٣] – دەنگی /ك/،/گ/کە دەکەونە پێش دەنگی /یٚ، ی، ویٚ، وی/ یەوە شێوەی دەربڕینیان دەگۆڕێت و تاڕادەیەك لە /ج، چ/ نزیك دەبنەوە. پەیوەست بەم بابەتە بڕوانە دولبەر ئیبراهیم(٢٠٠٠: ١١٢).

کات گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەر لەبەرئەوەشە پیرێك وەك گەنجێكی تازە پێگەیشتوو قسە ناكات. لە نێوان زار و شێوە زارەكانیشدا ئەم دیاردەیە بە ئاشكرا دەردەكەوێت. بۆ نموونە، عادل ڕەشید ( ٢٠٠٨ : ٧٨) دیاردەی نەمانی فۆنێمی /د/ بە دیاردەیەكی دیاكرۆنیی ناودەبات و دەڵێت " لە بەراوردكردنی هەندێك فۆرمی كرداردا لە كرمانجیی سەروو لەگەڵ كرمانجیی ناوەڕاستدا، نەمانی فۆنێمی /د/ لەوەی پێشەوەیاندا (/برن/: /بردن/:/مرن/:/مردن/:/كرن/:/كردن/) وابەستەی پێڕەوی تاف و مۆرفێمەكانیانن نەك دیاردەی فۆنەتیكی یان فۆنۆلۆجیی بن ... ئەمە دیاردەیەكی دیاكرۆنییە نەك سینكرۆن".

دووەم– پیشە و كار :

بەكارهێنانی وشە و زاراوەكان بەپێی پیشەی كەسەكان و ئەو كارەی دەیكات، دەگۆڕێت، چونكە كەسەكان زیاتر ئەو وشە و زاراوانە بەكاردەهێنن، كە لە كارەكانیاندا بوونیان هەن، " ڤلێم تۆمسن یەكێك بوو لەوانەی كە بانگەشەی بۆ ئەم تیۆریە دەكرد لەگەڵ كۆمەڵێكی تردا بەپێی ئەم تیۆرییە ئەو دەنگانەی كە زیاتر بەكاردەهێنرێن، زیاتر تووشی گۆڕانكاری دەبن لە چاو ئەوانی تردا"(ابراهیم أنیس:١٩٩٩ : ١٦٩)، كە لەم ساڵانەی دواییدا هۆكاری گۆڕانی فۆنەتیكی لە زماندا دەگێڕنەوە بۆ دووبارەبوونەوەی فۆنێمەكان ( ئەو وشانەی زۆر دووبارە دەبنەوە هەموو ڕۆژێك زیاتر توشی گۆڕانی دەنگی دەبن لە چاو وشەیەكی دەگمەن، یان وشەیەكی ئەدەبی، یان وشەیەكی تایبەت. هەروەها كەرەستە ڕێزمانییە هەمە ڕەنگەكان زیاتر بەكاردێن و تووشی كورتكردنەوە دەبن لەچاو وشە تەواوەكاندا ( full words ) .

گۆڕان لە زماندا هەمیشە دەبێتە هۆی گەشەكردن و پێشخستنی زمان، بەو واتایەی زمان ناشێوێنێت، بەڵكو خزمەتی پێدەگەیەنێت. كەرەستەكانی زمان، گۆڕانكارییان بە سەردادێت ،بەڵام وەك دەردەكەوێت ئەو گۆڕانانەی كەوا لایەنی فۆنۆلۆجیی دەگرێتەوە زۆرترن، وەك لە ئاستەكانی تردا. لێرەدا دەكرێت بگوترێت " هەر گۆڕانێكی دەنگسازی وەك ( دەنگی گڕ وكپ، گواستنەوەی هێز، گۆڕانی ڤاوڵ و كۆنسنانت، نیمچە بزوێن لە ژینگەی جیاجیا)، لە ئاستی وشەسازیدا وەك یەكەی (مۆرفێم و مۆرف و ئەلۆمۆرف، وشە و جۆرەكانی) ڕوودەدات ئاستی مۆرفۆفۆنێمی دروست دەكەن"(بازیان یونس:٢٠٠٩: ١٠٢)

لە بارەی ئەو گۆڕانانەی كە بەسەر ئاستی فۆنۆلۆجییدا دێت چ لە قاڵبی تیۆری و چ لە قاڵبی بۆچووندا هەریەكەیان بۆ لێكدانەوەی ئەم دیاردانە هاتوونەتە كایەوە و هەریەكەیان لە گۆڕانی دەنگەكاندا ڕۆڵی خۆیان هەیە. دەكرێت ئەوەش بگوترێت ئەو ڕێباز و پێڕەوانەی مامەڵە لەگەڵ گۆڕانی

دەنگەکان دەکەن کە لە ناو یەك مۆرفێمدا ڕوودەدات، بریتییـە لـە مۆرفۆفۆنۆلـۆجیی، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕووبەرووی ڕەخنە و تانە و تەشەر بوونەتەوە، بـەڵام ئـەم ڕەخنانـە نەبوونەتـە هـۆی لەناوچـوونی ئـەو تیۆر و هۆکارانە، لـە هـەمان کاتیشـدا نـاتوانین بـە تـەنها بـە یـەك تیـۆری هـەموو گۆڕانـە دەنگییـەکان بخەینەڕوو، لەم بارەوە(فاروق عمر:٢٠١٣) دەڵێت:

" گۆڕان لە زماندا دیاردەیەکی ئاڵۆزە و دەشێ بەکۆی گشـتی تیۆرەکـان گۆڕانـەکان لـە زماندا ڕووبدەن، ڕێگـەی گۆڕانکـاری لەزمانـدا لـە ئاسـتی فۆنەتیکـەوە دەسـتپێدەکات و ئینجا دەچنە سەر ئاستی فۆنۆلۆجی دیسانەوە لەئاستی فۆنۆلۆجیشـدا بەردەوامـە و لـە بچـوکترین یونیتــەوە لــە هــەموو ئاســتەکاندا بــە بــەردەوامی دەڕوات و بــە پچــڕاوی ئامانجەکەی ناپێکێت واتە گۆڕان لە هەموو ئاستەکاندا بەردەوامـەو ناپچـڕێت لـە یـەك و ئــەڵقاو ئــەڵق بەســتراونەتەوە بەیەکــەوە چــونکە یونییتــەکان و ئاســتەکانی زمــان لــە دەستگایەکدا کاردەکەن کە پێی دەڵێن زمـان، هـەرگۆڕانێك زمـان بگرێتـەوە بـۆ هـەموو ئاستەکان دەبێت و هەموو دانە و یونیت و یاساکانی ئاستەکانیتری زمان دەگرێتەوە".

## 2.2 مۆرفۆلۆجی:

### 2.2.1 پێناسەو ڕوونکردنەوە:

وشەی مۆرفۆلـۆجی **morphology** بـۆ یەکـەم جـار لەلایـەن August Achleicher لـە سـاڵی (١٨٥٧) دا، بـەکارهاتووە. بەئاسـتێکی سـەرەکی زمـان و ڕێزمـان دادەنرێـت، لەگـەڵ پەیـدابوونی قوتابخانەی دروستەیی/بونیاتگەری سەریهەڵداوە، " لێکۆڵینەوە لـە دیـوی نـاوەوەی وشـەکان دەکـات. هەروەها لـە پەیوەنـدی نێـوان وشـەکان دەکۆڵێتـەوە"(Akmajian and others:2001:12 ) و پەسـنیاندەکات، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت، کـەوا زانسـتی مۆرفۆلـۆجی لـە یاسـاکانی گـەردانکردن و گۆڕانی دارِشتەکان دەکۆڵێتـەوە. لـەم بـارەوە، (محەمـەد مـەحوی / نـەرمین عومـەر:٢٠٠٤: ٣٠) دەڵـێن مۆرفۆلـۆجی "زانسـتێکە لـە یاسـاکانی دارِشـتنی وشـە و مۆرفێمـەکان، لـە ڕووی پێکهـاتن و گـۆڕان و دارِشتنیانەوە، یاساکانی خستنەپاڵ یەکتریان، لە چوارچێوەی وشەدا لێکدەداتەوە بەم پێیە پێکهاتنی وشەی ئاوێتە (نسادە) لێك دەداتەوە (دەیانخاتە ناو پۆلەکانی وشە خۆیانەوە )".ئـەم ئاسـتەی زمـان کە خۆی خەریکدەکات بە لێکۆڵینەوە لـە دارِشـتەی نـاوەوەی وشـەکان، لـە ئەرکـەکانی مۆرفۆلۆجییـدا یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە پێکهێنانی وشە و مۆرفێمەکاندا.

### 2.2.2 ئەرکەکانی مۆرفۆلۆجی:

مۆرفۆلـۆجی چـەندین ئـەرك و ئامـانجی تایبـەتی خـۆی هەیـە، دەکرێـت ئەرکـەکانی مۆرفۆلـۆجی لـەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

ا–دەستنیشانکردنی مۆرفێمـەکانی زمـان، کـە کەرەسـتەی خـاون، واتـە مـۆرفێم سـادەترین دارِشـتەی کەرەستەی ئاستی مۆرفۆلۆجیە، ئەمـەش بـە دیـاریکردنی مۆرفێمـە ئازادەکـان و بەنـدەکان، هـەروەها مۆرفێمی شکانەوە و مۆرفێمەکانی وشە هەڵگواستن دەخاتەڕوو و شیاندەکاتەوە.

ب– دیاریکردن و چۆنیەتی ڕیزکردنی مۆرفێمەکان، هەروەها ئەو یاسایانەی ئەم مۆرفێمانە دادەڕێـژن و لێکیـان دەدەن، واتـە "یـەکێك لـە ئەرکـەکانی مۆرفۆلـۆژی ئەوەیـە کـە لـە دارِشـتن و گـۆڕانی وشـە دەکۆڵێتەوە" (کوردستان موکریـانی :١٩٨٦ : ٥)، لەگـەڵ خسـتنەڕووی یاسـاکانی لێکـدان و دارِشـتنی مۆرفێمەکان بۆ دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێ لە زمانەکە دا.

پ–مۆرفێمـەکان دەکەونـە پاڵیـەکتری، کارلەیەکـدی دەکـەن، شـێوەیان دەگۆڕێـت بـەپێی ژینگـەی فۆنۆلۆجییـان، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە "دەستنیشـانکردنی مۆرفـەکان، واتـە بەسـتنەوەی

فۆنۆلـۆجی بـە وشەسـازی" دەگرێتەوە.(عەبدولواحیـد موشـیر:٢٠١٣ :١٨)، دەستنیشـانکردنی مـۆرف و(Morph) ئەلەمۆرفەکانی (allomorph) ی مۆرفیمەکان ئەم بەشـەی مـۆرفیم بـە مۆرفۆفۆنیمیـك (morphophonemic) نـاو دەبرێـت "لەگـەڵ جێبـەجێکردنی یاسـا مۆرفۆلۆجییەکانـدا یاسـاکانی فۆنۆلۆجیی دەتەقنەوە، ئەو یاسا فۆنۆلۆجیانەی پەیرەوی کردار، کە لە زمانەکانی دیکەدا لە پـەیڕەوی مۆرفۆلۆجییـدا دیـارییکراون، لـە ڕێزمـانی کوردیـدا لـە سـینتاکس و مۆرفۆسینتاکسـدا دەبینرێنــەوە" (محەمەد مەحوی / نەرمین عومەر:٢٠٠٤ : ٣١) گۆڕانی فۆنۆلۆجی لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا بەشدار دەبێت. بۆ نموونە،

أ- خواستم ← دەخوازم.

ب- گەستی ← دەگەزێت.

ج- ڕوونکردنـەوەی واتـا و ئـەرکی مۆرفیمـەکان، چـونکە هـەر مۆرفیمێـك لـە زمانـدا واتـا و ئـەرکێکی دیاریکراوی هەیە، بەپێی سروشتی ئەو ژینگەیەی کە دەردەکەوێت، بۆ نموونە، هەندێك لە مۆرفیمـەکان دوو یان زیاتر واتا و ئەرکیان هەیە.

-پشیلە+(-کە)← پشیلەکە مۆرفیمی شکاندنەوە

-ڕەش + (-کە) ← ڕەشکە مۆرفیمی هەڵگواستن

### 2.2.3 دابەشبوونی مۆرفیمەکان لە زمانی کوردیدا:

دابەشبوونی مۆرفیم لەسەر بنەمای داڕشتن و ئەرکی مۆرفۆلۆجی، لەزمانی کوردیدا هەروەکو زمانی تـر مۆرفیمەکانی بۆ ئەم جۆرانە دابەشبوون :

#### 2.2.3.1 مۆرفیمە ئازادەکان Free Morpheme

ئـەو مۆرفیمانـەن کـە واتـای سـەربەخۆی خۆیـان هەیـە، لـە فەرهەنگدا تۆمـارکراون. لـەم بـارەوە Katamba(1993:41)دەڵێت " ئەو مۆرفیمانەن کە دەتوانن لەناو ڕستەدا ئەرك و ڕۆڵی خۆیان ببینن، و لە ڕووی فۆرم و واتاوەشەوە سەربەخۆ ڕەفتاربکەن". بۆ نموونە (کورد، دار، دایك )، ئەم مۆرفیمانـە پـۆلی کـراوەن، یـان دەکرێـت بگوترێـت مـۆرفیمی (بـنج، ڕیشـە)ین، لـەنێو مورفیمـە

ئازادەکانیشدا هەندێکیان بەرجەستەن[٢٤] و هەندێکی تریشیان هۆشەکین وشە و زاراوەی نوێ بەیارمەتی مۆرفێمە بەندەکان لە زماندا دروستدەکەن، ژمارەیەکی زۆرن لە زمانەکەدا، ڕۆژانە لە لایەن بەکارهێنەرانی زمانەکەوە بەکاردەهێنرێن.

### 2.2.3.2 مۆرفێمە بەندەکان Bound Morpheme

مۆرفێمە بەندەکان بە پۆلی داخراو ناودەبرێن، چونکە ژمارەیان دیاریکراوە لە زمانەکەدا، ئەم جۆرە مۆرفێمانە واتای سەربەخۆی خۆیان نییە، لەگەڵ مۆفێمە ئازادەکاندا دێن، هەڵگری واتای ئەرکین. بۆنموونە، مۆرفێمەکانی کۆکردنەوە(–ان) ئەم جۆرە مۆرفێمانە دوو جۆرن :

#### 2.2.3.2.1 مۆرفێمەکانی هەڵگواستن Derivation morpheme

مۆرفێمەکانی هەڵگواستن ژمارەیان زۆرە و کەتیگۆری وشەکان دەگۆڕن، لەگەڵ ئەوەشدا توانای ئەوەیان هەیە کە واتای وشە بگۆڕن و وشەی نوێ دابڕێژن، بەهۆی پێشگر prefixes و پاشگر suffixes ناوگرەوە infix پۆلدەکرێن و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، کە خۆیان بەتەنیا واتایان نییە و ناچنە ناو فەرهەنگی ئاوەزیەوە، لەگەڵ مۆرفێمە ئازادەکاندا دێن و وشە و زاراوەی نوێ لە فەرهەنگی زمانەکە دروستدەکەن، ئەو بۆشاییانە پڕبکەنەوە کە زمانەکە پێویستی پێیەتی، هەر لە بارەی مۆرفێمەکانی هەڵگواستنەوە، بەکر عومەر(٢٠١٤: ٢٠٠)دەڵێت " لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیدا پرۆسەی دروستکردنی وشەی نوێ و واتای نوێ هەیە، کە پرۆسەی لەیەکدان بۆ (وشەی لێکدراو) و پرۆسەی لکاندن بۆ (وشەی داڕێژراو) بەیارمەتی پێشگر و پاشگرە مۆرفۆلۆجییەکان"جێبەجێدەکرێن.بۆ نموونە:

–چاک + کردن+(–ەوە) ⟵چاکردنەوە

---

[٢٤] لەڕووی واتاوە مۆرفێمە ئازادەکان دەبن بەدوو جۆر:

١–مۆرفێمە بەرجەستەکان:

ئەوانەن کە بونێکی کونکرێتیان هەیە و دەتوانرێت دەوریە ئەندازەییەکانیان لەڕووی کێش و قەبارەوە دەستنیشانبکرێن، بۆ نموونە (بەرد، دڵ ، چاو...).

٢–مۆرفێمە هۆشەکییەکان:

ئەوانەن کە بونێکی کونکرێتیان نییە و ناتوانرێت دەوریە ئەندازەییەکانیان لە ڕووی کێش و قەبارەوە دەستنیشان بکرێن، واتە شێوەو چوارچێوەی وێنەکانیان لە هەر مێشکێکدا جیاوازە، چونکە ناتوانرێت بەهیچ یەکەیەک بپێورێن. بۆ نموونە (خوا، فریشتە، جنۆکە...). (بڕوانە:عەبدوڵلا حوسێن:٢٠١٥ : ٤٣٦).

– توانین ← ڕەگ (توان)+ (–ا)← توانا

– زانین← ڕەگ (زان)+ (–ا)← زانا

– (نە)+ خۆش← نەخۆش

–(بە)+ ناز← بەناز

### 2.2.3.1.2 مۆرفیمەکانی شکاندنەوە Inflection morpheme

مۆرفیمەکانی شکاندنەوە ژمارەیان کەمە و سنوردارن، بە هۆکاری پێکەوە بەستنی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی وسینتاکس ناسراون، ئەو مۆرفیمانەن کە هەڵگری چەمك و واتای ڕێزمانین، کە لە داڕشتەی دروستەی فرێز و ڕستەکاندا بەشداری دەکەن، مۆرفیمەکانی شکاندنەوە بەهۆی خستنەپاڵ و" لکاندنی پێشگر و پاشگرە سینتاکسیەکانە، کە بۆ گۆکردن و کاری سینتاکسین"(بەکر عومەر:٢٠١٤: ٢٠٠). کردە مۆرفۆسینتاکیسیەکانی زمانی کوردی "بریتین لە پەیوەندی نێوان یەك فۆرمی زمانی و ئەوانیتر کە پێکەوە دێن، پەیوەند کراون بۆ گەیاندنی واتای جۆراوجۆر. کردە مۆرفۆسینتاکسییەکان بەخورتی داوادەکرێن لەلایەن ژینگەی سینتاکسی بنەڕەتەکەوە، هەرچەندە واتای بنەڕەتی ناگۆڕن"شیلان عومەر(٢٠١٢: ١٢)، چەشنەکانی کردە مۆرفۆسینتاکسیەکان بریتین لە (لاگرلکاندن، نیشانەکانی ڕێکەوتن، ئامرازەکانی ناسراوی و نەناسراوی، پەیوندی،... ) .

دەکرێت واتای شکاندنەوە لە زماندا بەوە بخرێتەڕوو، کەوا" پرۆسەیەکە تێیدا مۆرفیمکی سەربەخۆ(ئازاد) لەگەڵ مۆرفیمێکی بەنددا یەکدەگرن، بە یارمەتی ئەم مۆرفیمە بەندانە ڕستە و دروستەکان بەپێی یاسا سینتاکسییەکان دروستدەبن، بۆیە ناکرێت بوترێت مۆرفۆلۆجی وسینتاکس لە یەکدی جیاوازن " (بێستون حەسەن:٢٠١٢: ٣٥)، لەبەر ئەوەی " تایبەتێتی شکاندنەوەی وشەکانیش لەلایەن سینتاکسەوە دیاریکراوە جڵەوگیرانە چۆنێتی کارلێکردنی وشەکان لەگەڵ یەکتردا و لە ناو فرێز و دەستەواژە و ڕستەکاندا ڕووندەکاتەوە" (شیلان عومەر: ٢٠١٢: ١٢) دەکرێت ئەوەش بگوترێت کە دەتوانرێت یاساکانی فۆنۆلۆجی لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا بەشدار دەبن. بۆ نموونە،

ا–کوشتن ← دەکوژم ← کوشتت. گۆڕینی /ش/ بۆ/ ژ/

ب–پاراستن ← دەپارێزم ← پاراستی. گۆڕینی/ س/ بۆ / ز/

پ–زیاد← زیاتر← زیاترین ( سوانی دەنگی /د/) چونکە دەنگی /د ، ت/ لە هەمان شوێن دروستبوون لە ڕووی گۆکردن و درکاندنەوە بۆیە یەکێکیان سواوە.

## 2.2.4 مۆرفێم و ئەلۆمۆرف Morpheme and Allomorph

لە سەرەتای چلەکاندا بیری مۆرفێم هاتە کایەوە، بەپێی ئەم بیرە هەموو کەرەسەیەکی ڕێزمانی شیدەکرێتەوە بۆ چەند دانەیەکی بچووك کە پێی دەوترێت مۆرفێم. لەبارەی مۆرفێمەوە katamba(١٩٩٣: ٢٠) دەڵێت " مۆرفێم بچوکترین یەکەی دابەشنەکراوی زمانە کە ئەرکێکی واتایی و ڕێزمانی هەبێت و بەشداری لە دارشتنی وشەی تردا بکات" واتە مۆرفێم بچوکترین یەکەی واتایی، یان ئەرکداری زمانە. " چەمکێکی ئەبستراکتە، کاتێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین بە مۆرف دایدەنێین، جۆرەکانی (مۆرف)یش بە ئەلۆمۆرف دەناسرێن" (یووسف شەریف: ٢٠١٣ : ٨). مۆرفیش لە کاتی گۆکردن و دەربڕیندا شتێکی کۆنکریت کراوە .

هەندێکی تر لە زمانەوانەکان باسی مۆرفێم[٢٥] دەکەن، بەوەی کەوا مۆرفێم تەنها قەوارەیەکی فیزیکی هەبێت، دەشێت فۆرمەکەشی دیار نەبێت، کە بە مۆرفێمی سفر ناودەبرێت."مۆرفێم یەکەیەکە، ناتوانرێت لەڕێی شیتەڵکردن و لەیەکجیاکردنەوەوە بکرێت بەیەکەی گچکەتری خاوەن–واتا یان هەڵگری واتا" (محەمەدی مەحوی / نەرمین عومەر:٢٠٠٤ : ٦٢). مۆرفێم بۆی هەیە بە فۆنێمێك بنوێنرێت کە هەڵگری واتای ئەرکێك بگەیەنێت، یان وشەیەکی سادە بێت کەواتای سەربەخۆی خۆی هەبێت " دروستەییە(بونیاتگەرە) ئەمریکاییەکان ئەو ڕاستیەیان سەلماند، کە وشە کەرت ئەکرێت بۆ پارچەی وردتر پارچەی وەها کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت بەم جۆرە دروستەییەکان (بونیاتگەریەکان)مۆرفۆلۆجییان کرد بە بەشێك لە زمانەوانی و ئەرکی لێکدانەوە و ڕێکخستنی مۆرفێمیان لە ناو چوارچێوەی وشەدا پێ سپارد" (محەمەد مەعروف/سەباح ڕەشید:٢٠٠٦: ٧).

هەموو وشەیەك لە یەك یان زیاتر لە مۆرفێمێك پێکدێت، کە جێگۆڕکێ ناکەن، واتە وشەیەکی سادەی سەربەخۆ لە یەك مۆرفێم پێکدێت لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە کەرت ناکرێت بۆ پارچەی واتاداری تر، بۆ نموونە وشەی (چۆلەکە) وشەیەکی سادەیە و کەرت ناکرێت بۆ پارچەی وەها کە بەهای واتاییان هەبێت، هەرچەندە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە لە سێ برگە (چۆ ـــ لە ـــ کە) یان چەند فۆنێمێك ( چ ـــ ۆ ـــ ل ـــ ە ـــك ـــ ە) پێکهاتووە، بەڵام وشە ناسادەکان لە مۆرفێمێك زیاتر پێکدێن و "هەموو مۆرفێمێك وشە نییە، چونکە مۆرفێمە بەندەکان ناچنە خانەی وشەوە" (عەبدولواحید موشیر:٢٠١٣: ٢٩)، وشەی

[٢٥] مۆرفێم لە چەند ڕوانگەیەکەوە سەیر دەکرێت کە سیانیان بلاّون:


أ – مۆرفێم دانەیەکی فیزیکی یە، بەواتای ئەوەی شێوەیەکی فۆنەتیکی هەیە، یان فۆرمەو بوونێکی مادی هەیە.

ب– مۆرفێم واتای هەیە، بەمە لە فونێم و هەموو دانەکانی تری ئاستی فۆنۆلۆجی جیادەبێتەوە.

پ– مۆرفێم دەورێکی سینتاکسی هەیە کە لە ڕۆنانی ڕێزمانی گەورەتر لە خۆیدا دەنوێنێ، بەواتای ئەوەی لە وشەو فرێز و ڕستەدا دووپاتدەبێتەوە و ئەمانە دروستدەکات ، (بڕوانە: محمد معروف:٢٠١١: ٨٤–٨٥).

(هەڵۆکە) لە دوو دانە واتا پێکهاتووە (هەڵۆ _ کە) کە هەریەکەیان لە ڕێزمانی کوردیدا واتاو دەوری تایبەتی خۆیان هەیە و وەك مۆرفیمێك دەردەکەون، بە گۆڕینی جێگای مۆرفیمەکان واتای وشەکە تێکدەچێت، هەروەکو (هالیدای) پێناسەی وشە بەوە دەکات کە "بریتییە لە چەند مورفیمێك کەجێگۆڕکێ ناکەن، واتە ئەو کەرەسانەی کە وشە پێکدەهێنن توند بەیەکەوە و بەدوای یەکتردا گرێ دراون و ریزکراون هەر گۆڕانکاریەك لەم ریزبونەدا بکەین، دانەکە دەشێوێنین" (محمد معروف :٢٠١١: ٩٠).

لە ڕووی ئەرکیشەوە مۆرفێم وەکو کەرەستەی سەرەکی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس خۆی دەنوێنێت و "یەکێکە لەو هۆیانە کە حالاتی ڕێزمانی لە مۆرفۆلۆجی، هەروەها لە سینتاکسدا پێکدێنێ، لە زمانی کوردیدا، کە حالاتی ڕێزمانی زۆرە، مۆرفێمە هەمە چەشنەکانی هۆیەکی هەرە کاریگەر و ناسراون لە پێکهێنان و دەربڕینی ئەو حالەتە ڕێزمانیانەدا" (ئەورحمانی حاجی مارف:٢٠١٤ :٣٥). لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا فرۆمکین و زمانەوانە هاوڕێکانی لە هێڵکاریەکدا پۆلێنکردنی مۆرفێمەکانی زمانی ئینگلیزیان بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشکردووە (FROMKIN, : 2011:93 others).



## 2.2.5 ئەلۆمۆرف **Allomorph**:

مۆرف وەکو زاراوە سەرەتا لەلایەن (چارلزهۆکێت)ەوە بەکارهاتووە. ئـەلۆمۆرف لـە زمانـدا بـەو شـێوە جیاوازانەی مۆرفێمێك دەوترێت کـە لـەکاتی دەربڕینـدا هەسـتیان پێـدەکرێت، هـەر لـەم بـارەوە محمـد معروف (١٩٩٠: ٨٠) دەڵێت "ئەلۆمۆرف وەك زاراوەیەك بۆ ئەو شێوە جیاجیانـەی مۆرفێمێـك بـەکاردێ کە لە چوارچێوەی تردا ئەرکی مۆرفێم دەبینن".

مۆرف فۆرمێکی فیزیکی هەیە و خاوەن قەبارەیە "ئەلۆمۆرف بەو شـێوە جیاجیایانـەی مۆرفێمێك دەوتـرێ، کـە لـە جغـزو چوارچـێوەی دیـدا ئـەرك و دەوری مـۆرفێم دەبیـنن" (ئـەوڕەحمانی حـاجی مارف:٢٠٠٤ : ٦١).

## 2.2.5.1 هۆکارەکانی پەیدابوونی ئەلۆمۆرف:

پەیدابوونی ئەلۆمۆرف لە زماندا بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

### 2.2.5.1.1 مەرجی فۆنۆلۆجی **Phonological Condition**:

مەرجی فۆنۆلۆجی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەیدابوونی ئەلۆمۆرف لەزماندا، لە ئەنجامی کاریگەریی دەنگەکانی هاوسێ کە دەچنەپاڵ یەکتر پەیدادەبێت، بەتایبەت دەنگی کۆتایی مۆرفێمەکە، لەگەڵ دەنگی سەرەتای ئەو دانەی کە بۆ وشەکە زیاد دەکرێت، نموونەیەك لە ئەلۆمۆرفی مەرجدارکراو بەشێوەیەکی فۆنۆلۆجی لە نیشانەکانی شکانەوە، بریتییە لە بەبەرهەمی مۆرفێمەکانی ناسراویکردن لە زمانی کوردییدا، " گۆکردنی پشت بە کۆتایی قەدەکە دەبەستێت، هەروەها پاشگر و پێشگرەکانی هەلگواستن، دەشێت شێوەیان پشتبەستوو بە دەقێکی فۆنەتیك بگۆڕن" (بڕوانە: (A.Spencer:2001: 10054)، بەو واتایەی کە کۆتایی مۆرفێمەکە " کام سەگمێنتانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە دەوورووبەرین ناودەنرێت مەرجی فۆنۆلۆجی، بەگشتی پاشگر مەرجی فۆنۆلۆژی هەیە" (محەمەدی مەحویی: ٢٠٠٨ : ١٧٤). کەواتە ژینگەی فۆنۆلۆژی یەکێکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەلۆمۆرف کەوا بەشێوەیەکی گشتی" لە پەسنکردنی ئەلەمۆرفی فۆنۆلۆجیانە بە نواندنی / داڕشتەی قووڵ underlying representation دەستپێدەکرێت و لەم داڕشتە بنەڕەتیەوە دەردەچین، کە یاسا (مۆرفۆ_) فۆنۆلۆجیەکان کاریان تێدەکەن و ڕەنگە گۆڕانکارییان بەسەردا بێت"

(محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ١٨)، بۆ نموونە /د/ خشپە دەنگێکی دەنگدار[ + دەنگدار ]دەبێت بە دەنگی کپ [ – دەنگدار ] ئەگەر لە کۆتایی برگەدا بێت.(/بەد + کار/ ← /بەتکار/)

فۆرمە جۆراوجۆرەکان لە رێگەی یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکانەوە بەرهەمدەهێنرێن، بەرهەمهێنانەکەش کە داڕشتەی بنەڕەتی[٢٦] وشەی /شیرین/ . فۆرمە جۆراوجۆرەکانی[ شیریین ] و [ شیرینیی ] و [ شیرنیی ] ،/ی،i/ دوا برگەی قەد درێژ دەرنابڕدرێت یان گومدەبێت، ئەگەر دوای قەدەکە پاشگرێك هات، کە بە ڤاوڵ دەستپێدەکات و قورسایی لە سەرنەما"( بڕوانە: محەمەدی مەحوی: ٢٠١٠: ١٩)

مەرجی فۆنۆلۆجی وەك یەکێك لە هۆکارەکانی پەیدابوونی ئەلۆمۆرف "سیفەتێکە حوکم لە سەر دەوروبەری دەنگی دەکات، سەبارەت بە دابەشکردنی لە هەموو ئەلۆمۆرفەکاندا، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا، ئەگەر هاتوو دەنگی کۆتایی لە ناوی تاك هەمزەی لەسەر بوو واتە ساکن، ئەو کات ئەلۆمۆرف کۆ /s/،بۆ نمونە،books و ئەگەر هاتوو دەنگی کۆتایی لە تاکدا "مەجهورەن" ئەو کات ئەلۆفۆنی کۆ /z/ بۆ نمونە، doges،و ئەگەر هاتوو دەنگی کۆتایی لە تاکدا دەنگی لێهات ئەو کات ئەلۆمۆرف دەبێت بە /iz/ ،وەك buses" (Muhamad Ali:1982:10-11)

بۆ نموونە هەریەکە لە مۆرفەکانی مۆرفێمی کۆ لە زمانی کوردیدا / – ان،–یان ،–وان... / لەبەرئەوەی ئەو شێوە جیاوازانەی مۆرفێمی کۆ /_ ان/ هەمان ئەرکی کۆکردنەوەیان هەیە بەپێی یاسا گۆڕاون، دەکرێت/–ان/ بە مۆرفێمی بنەڕەتی دابنرێت و مۆرفێمەکانی تری کۆکردنەوە، سەرجەمیان بە ئەلۆمۆرفی یەکتر دابنێین. (بڕوانە، بەشی سێیەم مۆرفێمەکانی کۆکردنەوە: 3.1.1.1.3)

### 2.2.5.1.2 زار و شێوە زارەکان

بوونی چەند دیالێکت و زارێك لە زمانی کوردیدا، وا دەکات بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو چەند کەرەسەیەك بۆ یەك مەبەست بەکاربهێنرێت. دەکرێت بگوترێت کە شێوە و شێوازی ئاخاوتن کاریگەری خۆی هەیە لەسەر گۆڕینی مۆرفێمێك بۆ چەند شێوازێك، بۆ نموونە مۆرفێمی (–ەوە) دووپاتکردنەوە لە نێوان زار و شێوە زارەکان بە شێوەی جیاواز دەردەبڕدرێت.

---

[٢٦] گرنگترین پێوەرەکانی دیاریکردنی نواندنی مۆرفێمی بنەڕەتی دەکرێت ئەمانەی لای خوارەوە بن:

١– پێشینەی مێژوویی.

٢– زۆری بەکارهێنان.

٣– کەمترین و سادەترین یاسای گۆڕانکاری. بۆ زانیاری زیاتر (بڕوانە: هێرش کەریم:٢٠١٥: ٤١–٤٣) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

– هاتەوە.(زمانی نوسین).

– هاتەوانیٚ.(زمانی ناوچەی سلێمانی).

– هاتۆ. (شێوە زاری گەرمیان).

–هاتەو. (زاری لوڕی).

## 2.2.5.1.3 مەرجی ڕێزمانیی Grammatical Condition

لە مەرجی ڕێزمانیدا مۆرفیمەکان هەندێك جار بەسەرەتا یان کۆتایی وشەوە دەلکێن، وشەکە لە بارێکی ڕێزمانییەوە دەگۆڕن بۆ بارێکی تری ڕێزمانی، واتە "ئەو مۆرفیمانەن کە دەوری ڕێزمانی دەبینن و حاڵاتی ڕێزمانی جیاجیا نیشان دەدەن" (شهاب شێخ گیب : ٢٠١٤ :١٠٤)، واتە لە ئەنجامی دەوروبەری ڕێزمانیەوە دروست دەبن. جگەلەوەی زنجیرەیەك لە بەدوای یەکدا هاتنی ئەڵتەرناتیڤی(بدیل) ئەوانەی بەشێوەیەکی فۆنۆلۆجی تەواو مەرجدارکراو، ئەو پۆلانەش کە دەتوانرێت لە زماندا دیاریبکرێن، دەشێت بەشێوەیەکی دیار لە بواری مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکانیاندا ڕەفتاربکەن، دەکرێت ئەوەش بخرێتەڕوو کە " ئەو مەرجەی لەسەر قەدی ئەلۆمۆرفە ئەو مۆرفیمەیە، کە لە دوای دێت. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا، کاتێك هەندێك وشە، کۆ ئەکەینەوە، وەك knife":–"knives فۆنیمی/f/ دەگۆڕێت بۆ فۆنیمی /v/، قەدی ئەلۆمۆرفیش بەگشتی مەرجی ڕێزمانی هەیە، هەڵبژاردنی قەدی ئەلۆمۆرف لەسەر بنەمای کۆتایی وشەکە دەبێت، کە پاشگرەکەی بۆ زیاد دەکرێت، چونکە ئەوەی پێشەوەیان مەرجە لەسەر ئەوەی دواوەیان" (بڕوانە: محەمەدی مەحویی:٢٠٠٨: ١٧٤).ئەمەش وەك ئەم نموونانەی خوارەوە :


/بە/ بۆ/ پیٚ/ ← بەتۆم گوت← پێمگوتیت.

/لە /بۆ /لیٚ، تیٚ/← لە تۆم بردەوە ← لێم بردیتەوە .

– من بەردەکەم لە تۆ گرت ← تێمگرتیت.

## 2.2.5.1.4 مەرجی لێکسیکیی:

ئەو جۆرە مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە سەربەخۆ واتادارن و لە فەرهەنگدا بوونیان هەیە کە "تێیدا ئەلەمۆرفی و دەرکەوتنی ئەلەمۆڕفەکان لەڕێی(هەبوون و ئامادەبوونی مۆڕفیمێکی لیکسیکی دیاریکراوەوە) دیاریدەکرێت" (محەمەدی مەحوی:٢٠٠٨ : ١٧٤) :




### 2.2.5.1.5 ئەلۆمۆرفی ئەرکیی:

ئەو مۆرفێمانەن، کە لە ڕستەدا دەردەکەون بە تەنها واتایان نییە، بەڵام ئەرکی ڕێزمانییان هەیە، بۆیە دەکرێت بگووترێت، ئەو ئەلۆمۆرفانە دەگرێتەوە کە تەنها بەتەواوەتی لە ناو چوون و تەنها لەئەرکدا ماون، بۆ نموونە، مۆرفێمەکانی کۆکردنەوە. بۆنموونە،/–ان/ چەند ئەلۆمۆرفێکی جیاوازی هەیە/–ات، –هات،– گەل/

## 2.2.5.2 پەیوەندی مۆرفێم و مۆرف

پەیوەندی نێوان مۆرفێم و مۆرف بۆ پێکهێنانی ئەلۆمۆرفەکان لە زۆربارردا پەیوەستە بە یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکانی زمانەکەوە، کەوا چەندین گۆڕانکاری لە مۆرفێمەکاندا دروستدەکەن، بەبێ ئەوەی واتای سەرەکی وشەکە بگۆڕدرێت. "مۆرفێم وەکو یەکەیەك لە زماندا دانەیەکی ئەبستراکتە لە فەرهەنگی ئاوەزیدایە، بچوکترین دانەی واتاداری زمانە، بەڵام مۆرف یەکەیەکی کۆنکرێتە و هەستی پێدەکرێت لە کاتی گۆکردن و دەربڕیندا کاتێك مۆرف گۆدەکرێت جارێکی تر دووبارە نابێتەوە."(Muhamad Ali:1992: 174)

پەیوەندیی مۆرفێم و مۆرف شتێکی تەواوکەریە لەگەڵ یەکتردا دێن، ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە. ئەو پەیوەندییەش دەبێتەهۆی دروستبوونی ئەلۆمۆرفەکان، بەگوێرەی ژینگەی جیاوازی فۆنۆلۆجی. "مۆرفێم وەك دانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجی گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەر فۆنێمەکانی دێت بۆ پێکهێنانی (مۆرف و ئەلۆمۆرف)."( بازیان یونس: ٢٠١٣: ٧٥) سەبارەت بە ژمارەی مۆرفێم و مۆرف، جاری وا هەیە یەکسان نین و جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە، "ناسینەووە و

شیکردنەوەی مۆرفێم هەمیشە بە هەڵاوێرکردنی مۆرف دەستپێدەکات، مۆرف فۆرمێکی فیزیکییە، واتە خاوەن قەبارەیەکە مۆرفێم دەنوێنێ" (محەمەد مەعروف /سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦ :١٥) ئەو یەکانەی کە داڕشتەیەکی فۆنۆلۆجییان هەیە Phonological Structure پەیوەندیی نێوان مۆرف و مۆرفێم دیاریدەکەن:

### 2.2.5.2.1 یەك مۆرفێم بەرامبەر یەك مۆرف:

- چاو
- چۆلەکە

### 2.2.5.2.2 یەك مۆرفێم بەرامبەر چەند مۆرفێك

لەم حاڵەتەدا دەبینرێت، یەك مۆرفێم لەچەند داڕشتەیەکی فۆنۆلۆجی پێکدێت، بۆنموونە، مۆرفێمی ناسراوی (–ەکە) کە چەندین مۆرفی هەیە و بەهۆی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانەکەوە دروستدەبن، ( کوڕەکە، خانۆکە، پشیلەکە، دێیەکە... ).

### 2.2.5.2.3 یەك مۆرف بەرامبەر چەند مۆرفێمێك:

یەك مۆرفە، بەڵام چەند مۆرفێمێك دەنوێنێت، ئەمەیان زیاتر تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆجی هەیە. بۆنموونە، مۆرفێمەکانی (ن).

- چوون.
- جێناوی لکاو (ن)، ئەوان.
- نیشانەی ڕێکەوتن ئەوان هاتن.

هەروەهادەکرێت ئەوەش باس بکرێت کە لە کاتێکدا ژمارەی مۆرفێمەکان لە ژمارەی مۆرفەکان زیاتر بوو، ئەوا دیاردەی مۆرفێمی سفر Zero Morpheme[٢٧] دێتە ئاراوە. شایەنی باسە

[٢٧] مۆرفێمی سفر zero morpheme: مۆرفێمی سفر دەورێکی چالاك دەگێڕێت، ئەو مۆرفێمانەن، کە واتاکانیان بەردەوام، یان هەندێك جار ، بەبێ بونی ڕوخسارێکی فیزیکی لە مێشکی قسەکەر بۆ مێشکی گوێگر دەگوێزرێنەوە، واتە هەندێك مۆرفێم هەن بەردەوام بەبێ ڕوخسارێکی فیزیکی واتا دەگەیەنن، ئەمەش هەندێك لەو ڕۆڵانەن کە مۆرفێمی سفر هەیەتی:

دەتوانرێت ئەوە بخرێتەڕوو نایەکسانی لە نێوان مۆرفێم و مۆرفدا بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە فۆنۆلۆجییەی کە بەجۆرێك فۆنێمەکان ئامادەنابن بکەونە پاڵیەکتری و زنجیرە دەنگ دروستبکەن، لەم حاڵەتەشدا مۆرفێمی سفر و مۆرفێمی بەتاڵ[٢٨] سەرهەڵئەدات، مۆرفێمی سفر ئەوەیە کە ژمارەی مۆرفێم زیاتر بێت لە ژمارەی مۆرف، هەروەها مۆرفێمی بەتاڵ ئەوەیە کە ژمارەی مۆرف زیاتر بێت لە ژمارەی مۆرفێم (بڕوانە: بازیان یونس:٢٠١٣ :٧٨). فاکتەری سەرەکی پەیوەندیی نێوان مۆرف و مۆرفێم دەگەڕێتەوە بۆ تێکچڕژانی ئاستەکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی، چونکە " مۆرفێم وەك دانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجی گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەر فۆنێمەکانیدا دێت بۆ پێکهێنانی(مۆرف و ئەلۆمۆرف)، بەمەش جۆرە پەیوەندییەك پیشاندەدات لە نێوان هەردوو (مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی)، چونکە ئەوەی کاریگەریی لەسەر گۆڕانی مۆرفێمەکان و دروستبوونی ئەلۆمۆرفەکانی ئەو مۆرفێمە هەیە، یاسا فۆنۆلۆجییەکانە"(هێرش کەریم: ٢٠١٥: ٣٣).

## 2.2.6 یاسا لێکسیکییەکان Lexical rules

لە زمانی کوردیدا، بەرهەمهێنانی وشە فەرهەنگییەکان بەپێی چەند یاسایەك دەبێت، کە بە یاسا لێکسیکییەکان ناسراون. پێکهاتە و داڕشتەی وشەکان لە زماندا، بەپێی پێرەوی زمانەکە دیاریدەکرێن. "یاسای لێکسیکی لە چوارچێوەی وشەدا کاردەکات، یاسا مۆرفۆلۆجییەکان پێش یاسا فۆنۆلۆجییەکان دەکەون و بەیەکەوە کاردەکەن و یەکتری تەواو دەکەن" (عەبدولواحید موشیر :٢٠١٣ : ١١٧). ئەمەش

---

١- نیشانەی پۆزەتیڤە:

∅چووم.

نەچووم.

٢- نیشانەی بەرکارە:

من ئەو دەگرم← گرتم∅.

٣- نیشانەی بکەرە:

ئازاد ∅چوو∅(ئەوەی پێشەوەیان نیشانە پۆزەتیڤە، ئەوەی کۆتایش نیشانەی بکەرە).

٤- نیشانەی تاك:

کوڕ∅← کوڕان.

بڕوانە: دەروون عبدالرحمن: ٢٠١٢: ١٣٣) و (عەبدوللا حوسێن:٢٠١٥ : ٤٤١).

[٢٨] مۆرفێمی بەتاڵ Empty morpheme: مۆرفی بەتاڵ لە مۆرفۆلۆجیدا، ئەو مۆرفەیە کە هیچ مۆرفێمێك نانوێنێت، بەو واتایەی کەوا مۆرفێمێك چەند مۆرفێك بنوێنێت، بوونی فیزیکی هەیە و ئەرکی ڕێزمانی نییە، لە فەرهەنگدا تۆمار ناکرێن.

- ئێستاکانیٚ هات. (بڕوانە: سەلام ناوخۆش:٢٠١٤: ١٩٢-٢٠٤).

بەو واتایە دێت، کەوا یاسا لێکسیکییەکان بەهاوکاری هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی دێنەبەرهەم.

فۆنۆلۆجی فەرهەنگی ئەو وشانە دەگرێتەوە کە بەهۆی یاساکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییەوە داڕێژراون. وشەکان لە مێشکی قسەکەرەکانی زمانەکەدا هەن، کۆمەڵ بڕیاریان لەسەردەدات و دەبنە کەرەستەیەك لای کەسەکان. دواتر بە مەبەستی گشتگیرکردن هەموو وشەکان لە فەرهەنگدا وەك موڵکی میللەتەکە تۆماردەکرێن، بۆ ئەوەی لە فەوتان ڕزگار بکرێن. لە کاتی پێویستیشدا دەگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت وشە فەرهەنگییەکان کە لە مێشکی ئاخێوەری زمانەکەدا هەڵگیراون و تۆمارکراون لە پێکهاتەی فرێزەکاندا بەکاردەهێنرێن.

مۆرفێمەکانی ئەم ئاستە واتای سەربەخۆی خۆیان هەیە، وشەکانیش بەپێی پێڕەوی زمانەکە دادەڕێژێن، یاسا فۆنۆلۆجییەکانیش ڕۆڵێکی گرنگیان دەبێت لە دارشتە و پێکهاتەی وشەکانی زمانەکەدا، هەر لەم بارەوە،(Crystal (2008:277 دەڵێت "فۆنۆلۆجی فەرهەنگی، تیۆرێکی ئاستی فۆنۆلۆجییە کە مۆرفۆلۆجی و یاسا فۆنۆلۆجییەکان لەگەڵ یەکدا و لەیەك چوارچێوەدا کاردەکەن. ئەو ڕێبازە لەسەر بنەمای ئەوەی کە زۆر لە دیاردە فۆنۆلۆجییەکان پێکەوە لەگەڵ یاساکانی وشە دروستکردندا لە ڕێگەی خولییەوە (دوریە) جۆر و پۆلی فەرهەنگ لە زماندا دیاریدەکەن"، بۆیە دەکرێت تیشك بخرێتەسەر ئەوەش کە "ئەو داڕشتنانەی کە مۆرفۆلۆجیی و فۆنۆلۆجی بەشداری تێدا دەکەن لە ئەنجامدانیان بە یاساکانی مۆرفۆفۆنێمی ناودەبرێن "( وریا عومەر:٢٠١٥: ٢٧)، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کەوا " وشەی فەرهەنگی (Lexicon) بەدانەی شیکردنەوەی وشەسازی دەژمێردرێت، یاساکانی فۆنۆلۆجی و وشەسازی تەواوکەری یەکترین و بە دوای یەکتردا دێن" (عەبدولواحید موشیر:٢٠١٤ : ١١٩). دروستبوونی وشەش بە هاوکاری هەردوو ئاستەکە دەبێت، ئەمەش هەندێکن لەو ڕێگایانە:

## 2.2.6.1 هەڵگواستن Derivation

یەکێکە لە ڕێبازەکانی دروستکردنی وشە، کە بەهۆی مۆرفێمەکانی وشە هەڵگواستنەوە دروست دەبن، لە کاتی خستنەپاڵیەکدی مۆرفێمەکان، یاساکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی فۆنۆلۆجی کارلێکدەکەن و گۆڕانە فۆنۆلۆجیەکان بەهاوکاری هەردوو ئاستەکەوە ڕوودەدەن، لە ئەنجامدا یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان پەیدادەبن، لەم بارەدا مۆرفێمەکانی وشە هەڵگواستن لە زمانی کوردیدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە دروستکردن وپێکهێنانی وشە و زاراوەی نوێدا.

- مس +(–گەر)← مزگەر

–ب+ کوشتن← بکوژ

## 2.2.6.2 وشەی خواستراو Borrowing

یەکێك لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان بریتییە لە خواستنی وشە لە زمانانی تر بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە دروستبووە لە زمانەکەدا. "ئەو چەشنەی وشە وەرگیراوانە دەکەونە ژێر فۆنۆتاکتیکی پێرەوی فۆنۆلۆجیی و گەلێك جاریش مۆرفۆلۆجی کوردی فۆرم و شێوەیانیان وا دارشتۆتەوە، کە لەگەڵ پێڕەوی خۆیاندا بگونجێن" (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠ : ١٤٣). وەرگێڕان یەکێکە لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لە زماندا، کاتێك وشەیەك لە زمانێکی بێگانەوە دێتە ناو زمانێکی وەکو زمانی کوردی دەکەوێتە ژێر باری فۆنەتیکی زمانەکەوە بەتایبەت ئەوانەی کە قسەکەری ئاسایی زمانەکەن جێگۆرکێیان پێدەکات بەپێی فۆنۆتاکتیکی زمانەکەی. (بڕوانە، بەشی سێیەم، یاسای جێگۆڕکێ: 3.3.3)بۆ نمونە:

ا–جومعە ← جوعمە

ب– یۆنان ← وێنان

پ– ملیۆن ← ملوێن

## 2.2.6.3 لێکدان Compounding

ئەمەش لە ئە نجامی لێکدانی دوو وشە دەبێت ، واتە "وشەی لێکدراو لایەنی کەم دوو بناغەی تێدایە و هەردووکیان وشەن"(Katamba:1993: 52)، بەو واتایەی کەوا وشە و زاراوەی نوێ لە ڕێگەی دوو مۆرفێمەوە یان زیاتر دروست دەبێت ئەم پرۆسەیە لە زمانی کوردیدا ئێجگار بڵاوە. بۆ نموونە :

أ–بەبێ مۆرفێمی بەستنەوە

–مام +وەستا←مامۆستا.

- پاش + نوێژ ← [پاژ نوێژ]
- پێش + مەرگە ← [پێژمەرگە]

ب – بەهۆی مۆرفێمی بەستنەوە

لە دروستکردنی وشەی فەرهەنگی زمانەکە دا یاساکانی مۆرفۆلۆرجی و فۆنۆلۆجی تێکەڵ بەیەکتر دەبن چەندین گۆڕانکاری دەهێننە کایەوە کە بەسەر وشەکاندا دێن. ئەوەش بە ئاشکرا لە زمانەکەدا دەبینرێت. مۆرفۆفۆنۆلۆجی چەمکی بەستنەوە/ە/ "دەتوانێت دوو مۆرفێم یان دوو وشەی سادە بەیەکەوە ببەستێتەوە و وشەیەکە لێکدراویان لێدروستبکات"(عەبدوڵا حوسێن: ٢٠١٥: ٢٧٨)

–گوڵ + ە + گەنم ← گوڵە گەنم
–بەرد + ە + نوێژ ← بەردە نوێژ

## 2.2.6.4 ڕەگ Root:

وشە ناسادەکان دەتوانرێت بۆ دانەی بچووکتر شیتەڵبکرێن. واتە بە لابردنی لاگر (پێشگر و پاشگر)ی وشەکان تەنیا ڕەگی وشەکە دەمێنێتەوە، کە بچوکترین دانەی واتاداری وشەکەیە و ناتوانرێت لەوە زیاتر شیتەڵبکرێت و بچووکبکرێتەوە. ئەمەش دوو جۆرە:

أ– ڕەگی ئازاد:

ئەم جۆرەیان واتای سەربەخۆ یان ئەرکداری خۆی هەیە و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن. واتە ئەو ڕەگانەی واتای سەربەخۆیان هەیە، بەسەر بەشەکانی ئاخاوتندا دابەشدەکرێن (کاتەگۆری) وەك (ناو،ئاوەڵناو... )، ئەوانەشی لە ڕووی ئەرکەوە دەمێننەوە پێڕەوێکی داخراون و ژمارەیان کەمە و سنوردارن، بریتین لە (مۆرفێمەکانی (لە، بۆ، بە) جێناوی نیشانە...) بۆنموونە:

ا–کتێبەکەم ← کتێب← ڕەگ (شیتەڵ ناکرێت)
ب– ملوانکە← مل ← ڕەگ

ب–ڕەگی بەند:

ڕەگی بەند ئەو مۆرفیمانەن کە لەگەڵ مۆرفیمێکی تردا دێن. ئەمەش بەو واتایەی ڕەگی بەند بە تەنها واتایان نییە، بەڵکو لەگەڵ مۆرفیمیکی تردا دێت بۆ ئەوەی واتای تەواو بەدەستەوە بدات. بۆ جیاکردنەوەیان پشت بە دووبارەبوونەوە دەبەستن، هۆکاری دۆزینەوەیان گەردانکردنیانە لە ڕووی فۆنۆلۆجیەوە کە وەك یەکن، بۆ نموونە،

ا– پەنج(ڕەگی بەند)+/ –ە/← پەنجە.

ب– کەند(ڕەگی بەند)+ /–و/← کەندو.

## 2.2.6.5 قەد Stem:

ئەمەش ئەو قەدانە دەگرێتەوە کە دوای لابردنی لاگرەکانی شکاندنەوە بەدەستدەهێنرێت. بەپێی بۆچوونی Trask(١٩٩٣: ٢٥٩) لە (بازیان یونس: ٢٠١٣: ٥٨) " قەد ئەو مۆرفیمەیە کە توانای وەرگرتنی یاخود پێکەوەلکاندنی گیرەکی ڕێزمانی هەیە"

–پیاو(قەد)+ ەکە (لاگری شکاندنەوە)← پیاوەکە.

– دە(لاگر)+ خوارد(ڕەگی ڕابوردوو/ قەد)+(–م)(لاگر)← دەمخوارد.

## 2.2.6.6 بناغە Base:

ئەو بەشەیە، کە لاگری پێوە دەلکێنرێت. دوای لابردنی لاگرەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە بە بناغە ناو دەبرێت و ناتوانرێت بۆ مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی یەکەی بچووکتر شیتەڵبکرێتەوە. واتە ئەو بەشەیە دوای لابردنی هەموو لاگرەکان دەمێنێتەوە. سەبارەت بەناسینەوە و دیارییکردنی بناغە، katamba (١٩٩٣: ٤٥) دەڵێت " پێویستە مۆرفیمەکانی شکاندنەوە و هەڵگواستن لە بناغە بکرێنەوە" . پێویستە ئەوەش بگوترێت لە هەندێك حاڵەتدا بناغە و ڕەگ و قەد[٢٩] تێکەڵدەبن /خۆش/ لە /نەخۆش/ دا بناغەیە و ڕەگیشە. بناغە دەشێت ئاڵۆز بێت complex، واتە لە چەند مۆرفیمێك دارێژرابێت بۆ نموونە:

---

[٢٩] سەبارەت بەتێکەڵبوونی ڕەگ و قەد و بناغە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

١– محەمەدی مەحوی(٢٠١٠).

٢– بازیان یونس(٢٠١٣: ٦٣– ٦٩).

ا–سەر– بەرز

ب–سەربەرز–یی

### 2.2.6.7 لاگر (پێشگر و پاشگر) affixation:

لاگرەکانی(پێشگر و پاشگر) بە "کردەیەکی چالاکی کردە مۆرفۆسینتاکسیەکانە لە زمانی کوردیدا، ئەمان بەهۆی مۆرفێمە مۆرفۆسینتاکسیەکانەوە دەنوێنرێن و لەسەر بنەمای جۆری ئەو (بنەڕەتەی) قەدە–وشەیەی، کە لاگرەکان پێیانەوە دەلکێن"(شیلان عومەر: ٢٠١٢: ١٢) لەگەڵ مۆرفێمە ئازادەکاندا دێن و واتا و پۆلی وشە لە زماندا دیاریدەکەن. هەندێك لەو لاگرانە هێز–لەسەرن، واتە هێز ڕاکێشن و هێزی سەرەکی کە لە هەموو وشەیەکی زمانەکەدا هەن، دەکەوێتە سەریان، هەشیانە هێز ڕاناکێشن، واتە هێزە سەرەکییەکە لەسەر مۆرفێمە ئازادەکە دەمێنێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت "مۆرفێمە ئازادەکان هێز وەردەگرن و مۆرفێمە بەندەکان، هەیانە هێزیان دەوێت و هەیانە نایانەوێت" (محەمەدی مەحوی / نەرمین عومەر:٢٠٠٤ : ٦٢).(بڕوانە، بەشی دووەم : شوێنی هێز: 2.1.3.1.2) دەشێت هەردوو نیشانەکانی شکاندنەوە و هەڵگواستنی پێشگر و پاشگر، یان قەدەکان هاوبەشی تیادا بکەن. فۆڕمی ئاستی سەرەوە دەشێت بەشێوەیەکی فۆنۆلۆجیانە مەرجدارکرابن، سەرجەم لاگرەکانیش مۆرفێمی بەندن، دوو جۆرن ئەوانیش لاگرەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوەن.

#### 2.2.6.7.1 لاگرەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوە [٣٠]

مۆرفێمەکانی هەڵگواستن دەچنە سەر وشە و بناغەی وشە، وشەی نوێ دروستدەکەن، پۆلی وشەش دەگۆڕن، بەڵام مۆرفێمەکانی شکاندنەوە ئەرکی گۆڕینی ڕێزمانی وشە دەگرێنە ئەستۆ، هەروەها مۆرفێمەکانی شکانەوە هەرگیز کاتیگۆری (بەشەکانی ئاخاوتن) و بناغەی مۆرفێمەکان ناگۆڕن. بۆ نموونە،( پیاو+(–ەکە/⟵پیاوەکان ) بۆ کۆ، بەپێچەوانەوە مۆرفێمەکانی هەڵگواستن واتای کەتیگۆری (بەشەکانی ئاخاوتن) کە دەچنە سەریان دەگۆڕن. بۆ نموونە( "نوس" ڕەگی کردار+ /–ەر/ ⟵ نوسەر/. هەندێك مۆرفێمی هەڵگواستن واتایی سەرەکی وشەکان ناگۆڕن. بۆ نمونە: لە کوردیدا "هێنا" دەبێت بە "هێنانەوە" .

[٣٠] بۆ ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە **(Akmajian,others:2001:42-45)**

مۆرفێمەکانی شکاندنەوە و مۆرفێمەکانی هەڵگواستن لە پەیوەندیەکی تایبەتدا ڕوودەدەن، بەواتای ئەوەی، مۆرفێمەکانی شکاندنەوە لەدوای مۆرفێمەکانی هەڵگواستن دێن. بۆ نموونە (ڕەگی کردار( نوس/ + مۆرفێمی هەڵگواستن /–ەر/ + مۆرفێمی شکانەوە(–ەکە/ ⟵ نوسەرەکە). دواتر ناتوانرێت کەرەستەی تر زیاد بکرێت. هەندێك جار مۆرفێمەکانی شکاندنەوە دیوی دەرەوەی وشەکان نیشانە دەکەن، واتە دەچنە سەر دوا یان پێشەوەی وشەکان.

ئەرکی نیشانەی داڕشتنی دیاریکراو بۆ بنیاتنانی بناغەی فۆڕمی تازەیە و نیشانی ڕێزمانیی و داڕشتنی تر دەتوانن پێوەی بلکێن. بۆ نموونە لە ئینگلیزیدا لاگری i ze- کردار لە ئاوەڵناو دروستدەکات، دواتر دەتوانرێت/S- / مۆرفێمی(کۆ)ی بخرێتەسەر. بەو واتایەی " دواتر نیشانەی داڕشتنی تایبەت ئەندامێکی تازەتر درووست دەکات بۆ پۆلی بەشی–ی–ئاخاوتنی دیاریکراو، لەکاتێکدا نیشانەی ڕێزمانی هەمیشە بەسەر ئەو ئەندامانەوە دەنیشنەوە کە زوتر بیناکراون لە پۆلی بەش–ی–قسەکردنی تایبەت.

لە کۆتایدا، هەردوو لا دەتوانرێت لـەبواری پەیوەنـدی سـیمانتیکیەوە جیابکرێنـەوە، لـە حاڵـەتی نیشانەی شکاندنەوەوە، پەیوەندییەکە لە نێوان واتـای بناغـەی مۆرفێمەکـە ( واتـای بناغـە + فـۆرم/–ەکان/ بە تەواوی ڕیکوپێك و ڕێکخراوە. بەو شێوەیە، واتای جیاواز لەنێوان (درەخت/ بۆ /درەختەکان/ ( لە تاکەوە بۆ کۆ)، بە تەواوی ڕێك و بێگرێوگۆڵە لە هەمان جوتلانە شێوەکە ( ناو + پاشگر/–ەکـان/) لــەخۆ دەگرێـت. بــە پێچەوانەشــەوە لــە حاڵــەتی نیشــانەی وشــە هەڵگواســتن پەیوەنــدیی بناغــەی مۆرفێم(واتــای بناغــە + نیشــانەی وشــە هەڵگواســتن)، دەکرێــت ئەوەبخرێتــەڕوو کــە ناتوانرێــت پێشـبینیبکرێت...، بـۆ نموونـە،جوتی fix _چـارە) و fixable (دەتوانرێـت چـارە بکرێـت) ئـەوە پەیوەندی واتای سادە (''X'' and ''able to be X' d'')، بـەڵام لێـرەدا جوتەیـەك هەیـە، بـۆ نموونە،read-readable and wash-washable لـە کاتێـدا فـۆڕمی able - ملکەچـی لادانی سیمانتیکی و موستەحەقی ڕەگـەزێکی تـازەی واتـا لـە پـاڵ پەیوەنـدی سـادەی واتـای بناغـە و واتای able- یە. وەها لادانی واتایەك لە حاڵەتی (بناغە + مۆرفێمی شکانەوە) نابینرێـت، بـەو جـۆرە وەها وشەیەك بۆ نموونە (درەختەکان) ئاسایی کۆی وشەی درەختە و هیچ لادانێك لە واتـادا نابینرێـت. فرۆمکین و زمانەوانە هاوڕێکانی بەشێوەیەکی کورت و پوخت بەراوردی نێوان مۆرفێمەکانی هەڵگواسـتن و مۆرفێمەکانی شکاندنەوە دەخەنـەڕوو بـەم شـێوەیەی خـوارەوە(FROMKIN, :2011 : 92) :others

| مۆرفیمەکانی هەڵگواستن **Derivational** | مۆرفێمەکانی شکاندنەوە **Inflectional** |
|---|---|
| ١–ئەرکی فەرهەنگی بەجێدەگەیەنن.<br>٢– دەبنە هۆکاری پۆلگۆڕین.<br>٣– لە توانایاندا هەیە واتای وشەکان بگۆڕن.<br>٤– هەرگیز لەگەڵ پێوستی یاسا ڕێزمانییەکاندا نایەن.<br>٥– پێش مۆرفێمەکانی شکاندنەوە دەکەوێت لە بەرهەمهێنانی وشەکاندا، یان زۆر بێ بەرهەمەکان.بۆ نموونە/نوس +/– ەر/+ /–ەکە/← نوسەرەکە/ | ١– ئەرکی ڕێزمانی بەجێدەگەیەنن.<br>٢– پۆلی وشەکان ناگۆڕن.<br>٣– بەزۆری گۆڕانکاری واتای بەجێ ناگەیەنن.<br>٤– بەزۆری لەگەڵ پێویستی یاسا ڕێزمانییەکاندا دێن.<br>٥– بەشوێن مۆرفێمەکانی وشە هەڵگواستندا دێن لەبەرهەمهێناندا. |

– لاگر(پاشگر و پاشگرە) ڕێزمانیەکان لەگەڵ ئەمانەی لای خوارەوەدا بێن:

١– ئەو مۆرفیمانەی لەگەڵ ناودا دێن.(بڕوانە، بەشی سێیەم: کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە شکانەوەی سەرە ناودا: 3.1.1.1)

٢– ئەو مۆرفیمانەی لەگەڵ ئاوەڵناودا دێن: بڕوانە، بەشی سێیەم: مۆرفۆسینتاکسییەکانی کەتیگۆری ئاوەڵناو: 3.1.1.2)

٣– ئەو مۆرفیمانەی لەگەڵ کرداردا دێن: (بڕوانە، بەشی سێیەم: مۆرفۆسینتاکسییەکانی کرداری ئاڵۆز: 3.1.1.4).

**بەشی سێیەم**

## 3.0 مۆرفۆسینتاکس MS

### 3.1 پێناسە و ڕوونکردنەوە:

مۆرفۆسینتاکس دارِشتەیەکی تێکچڕژاوی ئاڵۆزی مۆرفیمەکانی پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیی و سینتاکسە، بەهۆی پەیوەندییە سینتاکسییەکانەوە بەیەکەوە بەستراون. سەبارەت بە چەمکی مۆرفۆسینتاکس، ئەوەیە کە هەڵگری هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسە لە نێو زانستی زماندا، "لە زاراوەکەوە ئەوە بەدیدەکرێت، کە مۆرفۆسینتاکس پەیوەندیی نێوان تێکچڕژاوی دوو ئاستی زمانن، کە بەیەکەوە کارلەیەکدی دەکەن، واتە مۆرفۆسینتاکس زاراوەیەکی زمانەوانییە، پەیوەندیی و کارلەیەکدیکردنی نێوان هەردوو دارِشتەی ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دەخاتەڕوو، هەر لەم بارەوە ئەبوبەکر عومەر(٢٠٠٣: ١٨) دەڵێت:

> مۆرفۆسینتاکس هەموو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆجییانە دەگرێتەوە کە ئەرکی سینتاکتیکیان هەیە لە بارەکانی وەکو (ناسراوکردن، ژمارە، تاك و کۆ، ڕەگەز) تیایاندا هەیە ئەم فۆرمانە بەگشتی مۆرفیمی بەندن، واتە وەك یەکەیەکی مۆرفۆلۆجی ئازاد نە واتا دەبەخشن نە بەکاردێن، لەکاتێکدا مۆرفیمە ئازادەکان جگە لەوەی بەپێی پۆلی ڕێزمانی ڕۆڵدەبینن، وەك دانەیەکی مۆرفۆلۆجیش هەڵگری واتایەکی تایبەتین".

دەکرێت بگوترێت کەوا مۆرفۆسینتاکس " شێوازێکی زمانە بۆ نواندنی ڕواڵەتی سینتاکسی لە ڕێگەی نیشانەی مۆرفۆلۆجییەوە، واتە لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندەکانی وەکو شکێنەرەوەکان[٣١] یان کلیتیکەکان" (Bussmann:1996:773)"پەیوەندیی نێوان شێوەی وشە و ستراکتووری ڕستە لە لایەنێکی دیاریکراوی زماندا ڕووندەکاتەوە". (کەمال میراودەلی: ٢٠٠٧: ٧٣). لەو پرۆسانەی زمان، کە نواندنی تایبەتێتی ـ سیفاتی ـ سینتاکسی لە ڕێی کەرەسەی مۆرفۆلۆجییەوە دێننە کایەوە، واتە لە ڕێگەی بوونی مۆرفیمی وەکو (Flexives) یان کلیتیك"(ئەبوبەکر عومەر:٢٠٠٣: ١٨). لە ناو ڕستەکەدا، بەهۆی مۆرفۆسینتاکسەوە دەتوانرێت ڕستە بچووکبکرێتەوە بۆ وشەیەك. لە ناو ئەم دارِشتەدا کلیتکەکان ڕۆڵێکی چالاك دەگێڕن.

---

[٣١] ئەو مۆرفیمانەی، کە ئەو فۆرمە وشانە دروستدەکەن، کە ڕێزمانەکە دیاریان دەکات و دەیانهێنێت، ناونراون شکێنەرەوەکان(Flexives)، بۆ نموونە، بڕوانە /ـت/ لەم نمونانەی خوارەوە:

ـگرتم.

ـ خواردمت .

### 3.1.1 کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان:

مۆرفۆسینتاکس لە ئەنجامی کارلەیەکدی کردنی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس دێتەبەرهەم و تایبەتمەندیی مۆرفۆسینتاکتیك morphosyntactic یان هەیە، واتە تایبەمەندییەکە ئەوەیە کە وشەکە بەشێکی مۆرفێمێکە و بەشەکەی تریشی ئەرکی ڕێزمانی هەیە کە سینتاکسە. کەرەستەی ئەم دارِشتەیەش مۆرفێمەکانی شکاندنەوە و نوسەکەکان Cliticدەنوێنن، "کە پەیوەندیی ڕێزمانی نێوان کەرەستەکانی فرێز و ڕستە ڕێکدەخەن و بەشداری لە پێکهاتنی دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا دەکەن" (ئومێد بەرزان:٢٠١٣ : ٢٣٣). لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەی کە لە سەرەوەدا باسکران، دەکرێت ئەوە بخرێتەڕوو هەندێك لە زمانەوانەکان مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردیدا بە دوو کردە بەکاردەهێنن، ئەوانیش:

١- هەموو فۆرمە مۆرفۆلۆجییەکان دەگرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکسییان لە فرێزدا هەیە، ئەمەش مۆرفێمەکانی شکانەوە لە زماندا دەگرێتەوە.
٢- بەکلیتیکردنی ڕستەیە، لە کرداری ئاڵۆزدا، یاخود دەربڕینی ڕستەیە بە مۆرفێم و فرێزی کرداری. (ئەبوبەکر عمر/ مهاباد کامیل: ٢٠١٣: ٣٦-٣٧)

وەك لە سەرەوە ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە مۆرفۆسینتاکس لە دوو کردە پێکدێت، کردەی یەکەم فۆرمە مۆرفۆلۆجییەکان دەگرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکسیان هەیە، کەرەستە مۆرفۆسینتاکسیەکانیش لەم بەشەدا لە مانەی خوارەوە پێکدێن:

#### 3.1.1.1 کەرەستە مۆرفێمە سینتاکسییەکان لە شکانەوەی سەرە ناودا:

مۆرفێمە سینتاکسیەکان لە کۆمەڵێك کەرەستە پێکدێن، کە لەگەڵ ناودا دێن، یاخود خۆیان بەناوەوە دەلکێنن، ئەم مۆرفێمانە بەتەنها واتای تەواویان نییە، بەڵکو وەکو کەرەستەیەکی مۆرفۆلۆژی بەشداری دەکەن لە ئاستی سینتاکسدا وەکو مۆرفێمێکی گراماتیکی ئەرك دەبینن، بریتین لە مۆرفێمەبەندەکانی (دیاریکردن[٣٢]، دیارینەکردن، کۆ، خستنەسەر، خستنەپاڵ، خاوەنێتی، بانگکردن )

---

[٣٢] مۆرفێمە لاگرەکانی دیاریکردن دوو جۆرن:

١- دیاریکردنی چەقیی central determiners:

که هەمیشە وەکو کەتیگۆرییەکی مۆرفۆسینتاکسی تایبەتن بەناو. ئەو کەرەستانەش کە لەگەڵ ناودا ئەمانەن:

### 3.1.1.1.1 مۆرفێمە ناسراویەکان

دەستەیەك مۆرفێمن لەگەڵ ناودا دێن، کە دەکەوێنە دوای ناوە گشتییەکە[٣٣] و ڕۆڵی دیاریکردن و دەرخستن بەناوەکە دەبەخشن." ئەو مۆرفێمانەن کە بوونیان بەندە بە سیاقێکی فۆنۆلۆجییەوە" (بازیان یونس: ٢٠١٣: ١٣٢).

---

هەر بەشێك دەگرێتەوە کە لە وشەکەدا توانا و کاریگەریی سیمانتیکی لەسەر فۆڕمەکە هەبێت، ئەمەش بەو واتایەی دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوی بەشداریکردنی ئەو مۆرفێمانەیە، کە لە داڕشتەی فرێزە ناوییەکەدا تایبەتن بە ناوەوە و ئەرکی دیارخەر دەبینن، بۆ نموونە، وەك: مۆرفێمەکانی /-ەکە، -ێك/ /-ان/ دەگرێتەوە. یاساکەی (ناو + دیارخەر ← پیاوەکە). (بڕوانە، عەبدولجەبار مستەفا:٢٠١٠: ١٦)

٢- دیاریکردنی دەرەوە:

هەرچی دروستەی دەرەوەی فرێزی ناوییە فراوانکردنی سەرەی فرێزی ناوییە بەهۆی دیارخەرەکانی پێشەوە کە بە specifier ناسراوە. وەك مۆرفێمەکانی نیشانە/ئەم، ئەو ، ئەمانە.../ و ژمارە، ئامرازەکانی پرس، ڕادە... . دیارخەرەکانی دواوەش بە modifier ناو دەبرێت و فراوان دەکرێت. یاساکەی (دیارخەر+ ناو ← ئەم پیاوە) . (بڕوانە، عەبدولجەبار مستەفا:٢٠١٠: ٢٠)

پ- پێشدیاریکردنی predeterminers:

هەموو ئەو وشانەی دەربڕی چەمکی ڕادەیین و پێش دیاریکردنی چەقی دێن. بەرجەستەیان دەکەن، وەك ( هەموو، هەردوو، ژمارەی سەرەکی) بۆ نموونە:

- پاسکیل سوارەکە هەموو ڕێگەکەی بڕی.
- هێندەی نەماوە بە ئامانجەکانمان بگەین.

ب- پاشدیاریکردنی postdeterminers:

ئەو وشانەن کە لە بنەڕەتدا دەربڕی چەمکی ڕادەیین و دوای دیاریکرنی چەقی دێن و واتای دیاریکردن دەگەیەنن. وەك (زۆر، کەم...)(شیلان عومەر:٢٠١٢: ١٣-١٥)

- هۆنیارەکە هۆنراوەی زۆری خوێندەوە.
- خوێندکارەکان کەمیان دەرچوون.

[٣٣] جێکەوتەی مۆرفێمی /-ەکە/:

ا- ئەگەر ناوە گشتییەکە بەتەنها بوو، ئەوا ڕاستەوخۆ مۆرفێمە ناسراوییەکان دەکەونە دوای ناوەکەوە.

ا-پیاوەکە ڕۆشت.

ب-کانێکە ئاوی زۆرە.

پ-کوردە ئارامی لێ بڕا.

مۆرفێمە تاکە ناسراوییەکان بریتییە لە /– ەکە/ لە ئاستی سینتاکسدا ڕۆڵی دیارخەر دەبینێت، لەگەڵ ئەلۆمۆرفەکانی / – کە ،– ۆکە ،– ێکە ،– وەکە،–یەکە، –ە/. دابەشبوونی ئەلۆمۆرفەکان زۆرجار دەکەوێتەوە ژێر هۆکاری فۆنۆلۆجییەوە(محەمەد مەعروف/ سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ١٩) بۆ نموونە:

یاسای پەیدابوونی ئەو دەنگانەی دەبنە ناوبڕ و لە نێوان دوو فۆنێمدا دێن ئەمانەن:–

١–پەیدابوونی دەنگی /ی ـــــــ y/:

ئەگەر وشەیەك کۆتایی بە فۆنێمێکی ڤاوڵ / ا ، ۆ ، ێ ، ی / هاتبێت، ئەگەر نیشانەکانی / –ەکە/ بخرێتەسەر، ئەوا دەنگی /ی/ لەنێوان وشەکە و نیشانەکە پەیدادەبێت، بۆ نمونە،

ا– / ا / برا + /–ەکە/ ←برایەکە

ب–/ ۆ / چەقۆ+/– ەکە/ ← چەقۆیەکە

پ–/ ێ / دێ + /–ەکە/ ← دێیەکە

ت–/ ی/ سۆفی + /–ەکە/ ← سۆفییەکە/ سۆفێکە/ سۆفییێکە[٣٤]

٢–پەیدابوونی دەنگی/ و ــــــW/ و گۆڕانی بۆ /ۆ/

ئەگەر وشەیەك بە ڤاوڵی /وو/ کۆتایی هاتبێت، کاتێك نیشانەی مۆرفێمی ناسراوی/– ەکە/ بخەیتەسەر وشەکە ئەوا دەنگی / و/ واتە /و+ە← ۆ/ پەیدا دەبێت.

---

ب– ئەگەر چەند کەرەستەیەك هەبوو لەناو یان ئاوەڵناو، واتە فراوان کرا، ئەوا مۆرفێمە ناسراویەکان دەکەونە سەر بەشی کۆتاییەکەی.

ا–خوێندکارە زیرەکەکە بەیەکەم دەرچوو.

ب–خوێندنگای دێیەکە کرایەوە.

پ– ئەگەر ناوەکە بە بەناوێکی تایبەتی یان جێناوی کەسی، بەیاریدەی مۆرفێمی خستنەپاڵی خاوەنێتی، یان ڕستەیەکی شوێنکەوتوو بێت، ئەوا مۆرفێمەناسراوییەکان ناچنە کۆتاییەوە، بەڵکو لە سەربەشی یەکەمی ناوەکە دەمێننەوە.

ا–تۆپەکەی ئازادم برد.

ب–تۆپەکەی ئێمەی برد.

پ–خوێندکارەکە کە بەیەکەم دەرچوو، زیرەك بوو.

[٣٤] زۆرجار لە کاتی ئاخاوتندا فۆنێمی /ێ/ لە ئەنجامی لێدان و تێکەڵبوونی فۆنێمی /ی+ە←ێ/ دروست دەبێت

ا–موروو+ /–ەکە/⟵مووروووەکەی ئێوە⟵ moorrۆکەتان

ب–دەزوو+ /–ەکە/⟵ دەزووەکەی ئێمە⟵ دەزۆکەمان


پ– خانوو+/–ەکە/ ⟵ خانووەکەی ئێمە⟵ خانۆکەمان

دەنگی کۆتایی قەد /–ی/ لە کاتی زیادکردنی پاشگری /–ەکە/، /ی+ە/ دەگۆڕێت بۆ /ێ/ (بڕوانە، یاسای تەبایی، 3.3.8).

ڕاوچی + /–ەکە/ ⟵ ڕاوچییەکەی ئەوان ⟵ڕاوچێکەتان

ماسی + /–ەکە/⟵ ماسییەکە ⟵ماسێکەی خۆمان

هەروەها مۆرفێمی /ە/ [٣٥] هەندێك لێکۆڵەری کورد بە مۆرفێمێکی تایبەتی ناسراوی دادەنێن و نایکەن بە ئەلۆمۆرفی /–ەکە/ بەوەی کەوا ئەم مۆرفێمێکی بەندی ڕێزمانییە، دەچێتە کۆتایی فرێزە ناویەکە و ئەرکی ئاماژەیی ڕووت دەبەخشێت بەو فرێزە ناوییەی کە دەچێتەسەری. بۆنموونە: (کوڕە هاتەوە.)




ئەلۆمۆرفەکانی /–ەکە/

دەکرێت بگوترێت ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ژینگە جیاوازەکاندا، بەسەر مۆرفێمە ناسراوییەکاندا /–ەکە/)دێن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یاسا و دیاردە فۆنۆلۆجییانەی لە لێکدانی مۆرفێمەکاندا لە ئاستی مۆرفۆلۆجییدا ڕوودەدەن و ئاستی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی لە زمانەکەدا دادەڕێژن، بۆیە دەکرێت بگوترێت لە

[٣٥] بڕوانە (هێرش کەریم : ٢٠١٥) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

ڕووی جۆری هاوسێیەتی و یاسای دوو ڤاوڵی دەنگەکان (بڕوانە، بەشی دووەم: هاوسێیەتی دەنگەکان: 2.1.3.1.1) . " زۆرجار تێکچڕژان و پەیوەندی و کاریگەرییەکانی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس بەبێ ئاستی فۆنۆلۆجی ڕوونادات" (بازیان یونس:٢٠١٣: ١٧٠)ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر مۆرفێمەکانی ناسراوی کردن و کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ناسراوی کردندا دێن، لە ژێر کاریگەریی یاساکانی هەرسێ ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجیی و سینتاکسدا ڕوودەدەن، کە لە لایەن هەندێك زمانەوانەوە بە مۆرفۆفۆنۆسینتاکس[٣٦] ناودەبرێن.

### 3.1.1.1.2 مۆرفێمە نەناسراوییەکان:

کۆمەڵێك مۆرفێمن لەگەڵ ناودا دێن، و ڕۆڵی دەرنەخستن بە ناوەکە دەبەخشن و هەڵگری چەمکی ڕێزمانین. مۆرفێمەکانی تاکی نەناسراوی بریتین لە /–ێك ،– ێ ،– یەك، –ەك/، کە هەریەکەیان بە هۆی هۆکاری فۆنۆلۆجییەوە شێوەیان وەك یەك نییە و دەچنە سەر ناوێك و ڕۆڵی دیارخەر دەبینن. بۆ نموونە ئەلۆمۆرفەکانی تاك بەپێی ژینگەی فۆنۆلۆژی دابەشدەبن. /–یەك/ دەچێتەپاڵ ناوێك کە بە دەنگی ڤاوڵ کۆتایی بێت، /–ێك/ بەناوێکەوە دەلکێن، کە بە دەنگی کۆنسۆنانت دوایی هاتبێت و هەرگیز شوێنەکانیان ناگۆڕنەوە"( محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید:٢٠٠٦ :١٩).

ا–خوێندکارێك ( کۆنسۆنانت+ ێك)
ب–خوێندکارێ ( تیاچونی /ك/)
پ–ڕاوچییەك (ڤاوڵ+ یەك)
ت– گوڵەك (بەهۆی شێوە زارەوە)

مۆرفێمە نەناسراوییەکان تەنها لەسەر بەشی یەکەمی ناوەکە دەمێننەوە وناچنەسەر بەشی دووەم، بە پێچەوانەوە مۆرفێمە ناسراوییەکان دەتوانن بچنە سەر چەند کەرەستەیەك ئەگەر لە بەشی کۆتاییدا ناو یان ئاوەڵناو هەبوو ، واتە مۆرفێمە ناسراوییەکان لە کاتی فراوانکردنی

---

[٣٦] مۆرفۆفۆنۆسینتاکس زاراوەیەکی زمانەوانییە هەرسێ ئاستی فۆنۆلۆجیی ومۆرفۆلۆجیی و سینتاکس بە تێکچڕاژاوی نیشان دەدات، گۆڕانێکی فۆنۆلۆجییە بەسەر مۆرفێمەکانی زماندا لە ئاستی سینتاکسدا ڕوودەدات یاخود مۆرفێمەکانی زمان کە ئاستی سینتاکسی جێبەجێ دەکەن وەك دیارخەری لە فرێزی ناویدا گۆڕانی فۆنۆلۆجییان لە ژینگەی فۆنۆلۆجیدا بەسەر فۆنێمەکاندا دێت بە کاریگەری فۆنێمەکانی دەوروبەر بە (مۆرفۆفۆنۆسینتاکس) ناودەبرێت." (بازیان یونس: ٢٠١٣ : ١٦٦).

فرێزەکەدا چەند کەرەستەیەك دەکەونە سەر بەشی کۆتاییەکەی، بەڵام مۆرفێمە نەناسراوییەکان لە سەر بەشی یەکەمی کەرەستەکە دەمێننەوە، بۆ نموونە:

أ– خوێندکارێکی زیرەك هات.

ب– ماسییەکی گەورەم بینی.

یاسای ئەو دەنگانەی دەبنە ناوبڕ و لەنێوان دوو فۆنێمدا پەیدادەبن ئەمانەن:

ا–پەیدابونی دەنگی /ی ـــــــ y/:ئەگەر وشەیەك کۆتایی بە فۆنێمێکی ڤاوڵ / ا ، ۆ ، ێ ، ی / هاتبێت، ئەگەر نیشانەی مۆرفێمی/ –یەك / بخرێتەسەر، ئەوا دەنگی /ی/ لەنێوان وشەکە و نیشانەکە پەیدا دەبێت، ئەمەش کاریگەریی پێکهاتەی فۆنۆلۆجی لە سەر پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی دەخاتەڕوو لە سنور و چوارچێوەی ئاستی سینتاکسدا و گۆڕانێك لە لاگرەکەدا ڕوودەدات. بۆ نمونە:

/ ا / برا + /–ێك/ ←برایەك

/ ۆ / چەقۆ+ /–ێك/ ← چەقۆیەك

/ ێ / دێ + /–ێك/ ←دێیەك

/ ی/ سۆفی +/– ێك/ ← سۆفییێك

ب–تیاچوونی دەنگی کۆتایی نیشانەی نەناسراوی /–ێك/دا دەنگی /ك/ گۆناکرێت بە شێوەی ئابووریکردن:

ڕۆژێك ← ڕۆژێ

پیاوێك ← پیاوێ

### 3.1.1.1.3مۆرفێمەکانی کۆکردنەوە:

هەندێك مۆرفێمن لەگەڵ ناودا دێن، دەکەونە دواى ناوێکی گشتی[٣٧] و ڕۆڵی کۆکردن بە ناوەکە دەبەخشن. خستنەڕووی تاك و کۆ بە کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان دەسپێردرێن. مۆرفێمی/–ان/ و ئەلۆمۆرفەکانی ناسراوی کۆ بریتین لە

---

[٣٧] جێکەوتەی مۆرفێمەکانی کۆکردنەوە:

١– ئەگەر ناوێك (–ەکە) ی مۆڕفیمی ناسیاوی پێوە بێت، دەتوانرێت (–ان) ی نیشانەی کۆی بخەیتە سەر و دەکەوێتە دوای مۆرفێمی ناساندنەکە. بۆ نموونە:

(ا)/ان– یان ، –وان /.

(ب)/–ات ، –وات ،– جات ،– هات/ .

(پ)/– گەل/.

ا–گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکانی /–ان/

١–[an] لە دوای دەنگی (کۆنسونانت) / تیاچوونی دەنگی / ە / دێت.

ا–کچ + /–ان/← کچان

ب– بەڕڕە + /–ان/ ← بەرڕان

٢– [yan]  لە دوای / ا ، ێ ، ۆ ، ی/ دێت.

ا–دێ +/–ان/← دێیان

ب–برا + /–ان/ ← برایان

پ–چەقۆ+ /–ان/ ←چەقۆیان

ت–سۆفی + /–ان/← سۆفییان

٣–[wan] لە دوای /و/ی ڤاوڵ دێت.

بەڕوو + /–ان/← بەڕووان

---

– کوڕ + (–ەکە) + ان ← کورەکان

٢– ئەم مۆرفێمانە دەچنە دوای ناوێکی تاکی گشتی و کۆیان دەکەنەوە.

کچان ڕویان لە خوێندن کردووە .

٣– ئەگەر چەند کەرەستەیەك هەبوو لەناو یان ئاوەڵناو، واتە فراوان کرا، ئەوا مۆرفێمەکانی کۆکردنەوە دەکەونە سەر بەشی کۆتایی فرێزەکە.

خوێندکارە زیرەکەکان دەرچوون.


خوێندنگای دێیەکان کرانەوە.

٤– ئەگەر ناوەکە بە بەناوێکی تایبەتی یان جێناوی کەسی، بەیاریدەی مۆرفێمی خستنەپاڵی خاوەنێتی، یان ڕستەیەکی شوێنکەوتوو بێت، ئەوا مۆرفێمەکانی کۆکردنەوە ناچنە کۆتاییەوە، بەڵکو لە سەربەشی یەکەمی ناوەکە دەمێننەوە.

کتێبەکانی ئازادم برد.

کتێبەکانی ئێمەی برد.

ئەوخوێندکارانەی کە دەرچوون. زیرەك بوون.




ب-/-ات/

سـەبارەت بـە مـۆرفێمی/-ات/ لێکۆڵـەرەکانی زمـانی کـوردی وای بۆدەچـن /-ات/ لـە زمـانی عەرەبییـەوە هاتۆتـە نێـو زمـانی کوردییـەوە بەتایبـەتی لـە کـاتی کۆکۆدنـەوەی نـاوی مێینـەی زمـانی عەرەبی. مۆرفێمەکانی/-ات، -هات، -جات،- ەها، -ها، -گەل/ ئەمانەش ئاماژە بۆ (کۆ ) دەکـەن و ناو کۆدەکەنەوە. گۆڕانی نیشانەی /-ات/ی کۆ بەهۆی چەند گۆڕانێکی فۆنۆلۆجییـەوە لێکدەدرێتـەوە، بەوەی کاتێك ئەم مۆرفێمە دەخرێتەسەر هەندێك وشە کە بە ڤاوڵی /ێ ، ە / کۆتـایی هاتبێـت، دەنگـی /ه/ یان /ج/ پەیدادەبێت. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، ئەلۆمۆرفەکانی /-هات/،/-جـات/ دوو شێوەی تری/-ات/ ن. لەم بارەوە، بازیان یونس(٢٠١٣: ١٧٧) دەڵێت " دوو شـێوەی تـری /-ات/ ،/-وات،-جـات/ ە، هـەروەها گـۆڕانی فۆنۆلـۆژی بەسـەر شـێوەی(مۆرف)ی مۆرفێمەکانـدا هـاتووە لـە ئەرکی سینتاکسیان ئەمەش حاڵەتێکی تری (مۆرفۆفۆنۆسینتاکس)ە"

دێ + /-ات/ ⟵ دێهات

میوە +/-ات/⟵ میوەهات/میوەجات

نیشانەی /-ات/ ی کۆکردنەوە دەتوانرێت وەکو مۆرفێمێکی /هەڵگواستن/یش سـەیربکرێت، هەرچـەندە واتای کۆکردنـەوە بـە وشـەکە دەبەخشـێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا وشـەیەکی نـوێ دادەڕێـژێت، هەنـدێکجار دەخرێتە سەر هەندێك وشە دەنگی /و/ پەیدا دەبێت. بۆنموونە:

ئاغا + /-ات/⟵ ئاغاوات

سەوزە + /-ات/ ⟵ سەوزەوات

پ-/-گەل/

سەبارەت بە مۆرفیمی /گەل/ی لە پاشگرچوو، زۆربەی زمانەوانەکان لەگەڵ ئەوەدان کە ئەم مۆرفیمە وەك ئەلۆمۆرفی /-ان/سەیربکرێت، هەرچەندە ئاشکرایە، ژینگەی فۆنۆلۆجی ئەم دیاردەیەی دروستنەکردووە. هەروەك دەزانرێت مۆرفیمی بنەڕەتی /-ان / یاسابەندانە ناو کۆدەکاتەوە، بەلاّم هەندێك جار لە جێگەی /-ان/ هەندێك مۆرفیمی تر بەهەمان واتا بە جیاوازی کەم و زۆرەوە بەکاردێت، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا هەموو ئەم شێوانەی سەرەوە دەتوانرێت بە ئەلۆمۆرفی /-ان / دابنرێن؟ هەندێك لە زمانەوانەکان بە ئەلۆمۆرفی یەکتریان دادەنێن، چونکە لە ڕووی ئەرکەوە یەك سیفەتیان هەیە. واتە هەموویان بە ئەلۆمۆرفی /-ان/ دادەنێن، پێیان وایە ئەلۆمۆرفی گۆڕاون، چونکە لە ڕووی ئەرکەوە هەمان ئەرکی /-ان/ یان هەیە، / کوڕان/ هەمبەر بە /کوڕگەل /(بروانە: محەمەد مەعروف :١٩٩٠) ئەو گۆڕانکارییانەی کەبەسەر ئەلۆمۆرفەکاندا دێن، دەکرێت بگوترێت کە دیاردەی فۆنۆلۆجی وای کردووە کە ئەو گۆڕانکارییانە بە سەر مۆرفەکانی کۆدا بهێنێت، هەر لە پەیدابوونی دەنگی جیاواز، یان کرتاندن و سوانی و گۆڕانی دەنگەکان لە زمانی کوردیدا.

### 3.1.1.1.4 مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ Genitive Morphemes

خستنەپاڵ، بەستنەوەی کەرەستە دیارخەرەکانە بە فرێزە ناوییە دیارخراوەکانەوە، واتە بەهۆی ئەم مۆرفیمانەوە دەتوانرێت ڕێگە بەوە بدرێت کە کەرەستەی تر بێتە ناوەوە بەمەبەستی دەرخستنی لایەنێك یان چەند لایەنێکی دیارخراوەکە. "خستنەپاڵ یان ئیزافە ئەو دۆخەیە، کە دیارخەر و دیارخراو دەکەونە پاڵیەکدی و پێوەندی وەسفی وخاوەنێتی و چۆنیەتیی نێوانیان دەردەکەوێ" (ئەورەحمانی حاجی مارف :٢٠٠٤ : ٦٧). مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ بەلای Jack(1992:156) لە (ئەبوبەکر عومەر : ٢٠٠٣ : ٤٢) ەوە " ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان ناوی سەرەکی یان دەرخراوی فرێزی ناوی و ناوەکانی تری فرێزەکە و بەدۆخێکی ڕێزمانی دادەنرێت ". مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ بەمۆرفۆسینتاکس دادەنرێن، چونکە ئەرکی سینتاکسیان هەیە.

مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ لە زمانی کوردیدا بریتین لە (-ی/-ە/ ئەم ڕۆلانەیان هەیە:

١- ناوەکە تایبەتی یان گشتی بێت، بەهۆی مۆرفیمەکانی خستنەپاڵەوە فراواندەکرێت.

ئازادی برام هات.

خوێندکارە زیرەکەکە هات.

٢- ئاوەڵناوی ژمارەی کەرتی کە پێش ناوەکە (سەرە)دەکەوێت، وەك دیارخەرێك بەیارمەتی ئەم مۆرفیمە بەناوەکەوە گرێدەدرێت.

یەك لەسەر چواری کتێبەکەم تەواو کرد.

٣- ئەگەر ناوە دەرخراوەکە کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵ هاتبوو ئەوا /-ی-i/ خستنەسەر دەگۆڕدرێت بۆ /ی-y/ نیمچە کۆنسۆنانت. مۆرفیمی /- ە/ لەگەڵ ئەو ناوانەدا دێت کە بە کۆنسۆنانت کۆتاییان هاتووە، بەڵام ئەگەر کۆتایی ناوەکە ڤاوڵ بوو، ئەوا مۆرفیمی /-ە/ تیادەچێت.

ا-برای ئێمە.
ب-کوڕە باشەکە.
پ- باڵای بەرز← باڵابەرز

٤- ئەگەر ڕستەکان بە کلیتیکبکرێن ئەوا /-ی/ خستنەپاڵ دەرنابڕدرێت، ڕستەکانیش بەهۆی کردە مۆرفۆسینتاکسیەکانەوە ڕێگەپێدراو بن. بۆ نموونە:

ا- دەستەکانی تۆ خۆش بێت.
ب- دەستەکانت خۆش بێت.

ئەم دوو مۆرفیمە لای هەندێك زمانەوان ڕۆڵی خاوەنێتیش دەبینن / ی-ە/کە لە چوارچێوەی فرێزدا دێن و بەمۆرفۆسینتاکسی خاوەنێتی ناودەبرێن. مۆرفیمەکانی خاوەنێتی" بە پۆلی نوسەك ناو براون لە پاڵ ڕێکخستنی کەرەسە دەربڕاوەکاندا ڕۆلی بکەر و خاوەنێتی و دەرخەری و کەسی قسەکەر و گوێگر و باسکراو تاك و کۆ دەبینن " (ئەبو بەکر عومەر: ٢٠٠٣: ٢٣) بەڵام ڕۆڵی " ئەم جێناوانە بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی دیارخەری پاش سەرەی فرێزی ناوی دەبینن و چەمکی خاوەنێتی دەگەیەنن"(ئومێد بەرزان:٢٠١٣ : ٢٣٧).
ا-کتێبەکەی تۆ بەسوودە.
ب-کتێبەکەت بەسوودە

"یەکێك لەو مۆرفێمە مۆرفۆسینتاکسییانەی کە ڕۆڵی کارای لەم بوارەدا هەیە، مۆرفێمی /–ی/ خاوەندارێتیە، پەیوەندی خاوەندارێتی دەردەبڕێت و دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵ لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست دەبەخشێت.

–گوڵی گەنم
–داری هەنجیر

لێرەدا ناوی یەکەم نیشانەی +گشتی هەیە و بەهۆی ناوی دووەمەوە، نیشانەی جیاکەرەوەیەی هەیە، لەم پێکهاتانەدا ناوی یەکەم سەر واتاییە و ناوی دووەمیش بە یاسای سەرکۆتایی سەری ڕێزمانی فرێزەکە بەهۆی /–ی/ خستنەپاڵی خاوەنداریەوە سەرەی فرێزەکە ناو یان جێناوی سەربەخۆ بێت بەریامەتی مۆرفێمی خستنەپاڵی (ــی/ فراوان دەکرێت.(شیلان عومەر: ٢٠١٢: ١٦)

### 3.1.1.1.5 مۆرفێمەکانی (بانگکردن)

دەستە مۆرفێمێکن لەگەڵ ناودا دێن، تایبەتن بە بانگکردن، لە زماندا وەك دیاردەیەکی ڕێزمانی سەیردەکرێت، چونکە "وشەی ئەرکین، مۆرفێمە بەندەکانی بانگکردن کە گیرەکی ڕێزمانین و دەچنە سەر ناوی گشتی، هەندێك جار وەك گیرەکی وشەدارێژ ڕەفتار دەکەن و ناوی نوێ دادەڕێژن، یان تەنیا ناوی کەسی بچووك دەکەنەوە".(ڕزگار واحید:٢٠٠٩ :١٠٧)، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئەوەش بخرێتەڕوو کە بانگکردن فۆرمی سەربەخۆیان هەن، بۆنموونە / ئای، هۆ، ئادەی .../ (بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٢٠٠٩). مۆرفێمەکانی توخم وەك کەرەستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی خۆیان دەنوێنن. بۆ نموونە، مۆرفێمەکانی بانگکردن حاڵەتێکی سینتاکسیی نیشاندەدەن، بڕوانە خشتەی خوارەوە:

| ژمارە | تاکی نێر | نموونە | تاکی مێ | نموونە |
|---|---|---|---|---|
| تاك | /ـۆ/[٣٨] ،/ـە/ | باوکە، مامە، خاڵە، کاکە خاڵۆ، کاکۆ | /ـێ/،/ـە/ | خوشکێ، پوورێ، کچێ، بووکێ خوشکە، دایکە، دادە، نەنە |
| کۆ | /ـینە/ | کوڕینە، پیاوینە | /ـینە/ | کچینە، خوشکینە |

مۆرفێمە مۆرفۆسینتاکسییەکانی خشتەی ژمارە(٢)

هەروەها بەهۆی بوونی دیالێکت لە زمانی کوردیدا، هەندێك فۆرمی جیاواز بۆ ڕەگەزی نێر و مێ بەکاردەهێنرێت. لە کرمانجی ناوەراستدا " بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی و هەندێك شوێنی تردا لە مێژە جنسەکانی ناو دەوریان نەماوە... بەڵام لە دیالێکتی ژووروو و هەندێك بەشە دیالێکتی خوارووودا هەرچەندە لە حاڵەتی ئاساییدا نیشانەی جیاکردنەوەی جنس بەسەرچووە، بەلام لەڕستەدا لە دۆخی تیان و دۆخی بانگهێشتن و دۆخی ئیزافەدا ڕوون و ئاشکرا خۆیان دەنوێنن".(ڕۆکان عەبدولا:٢٠١٥: ١٠٠) ئەوەی پەیوەست بێت بە کرمانجی ناوەڕاستەوە ئەوەیە کە لە " هەندێك وشەدا ڕەهەندێکی شکاندنەوەی ناوە (/ما–کەو/: /نێرە–کەو/، /ما–کەر/ : /نێرە–کەر/ ) و لە دەربڕاوەکانی بانگکردنیشدا تاکوتەرا خۆی دەنوێنێت و خۆی دەردەخاتەوە(خاڵ –ۆ: پوور–ێ)" (محەمەدی مەحوی :٢٠١٠: ٢٦٦) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی بەکارهێنانی مۆرفێمەکانی توخم لەم دیالێکتەدا.

[٣٨] ئەم فۆنێمە / ۆ/ دەتوانێت وەك مۆرفێمی بچوککردنەوە خوی بنوێنێت. واتە ئەم فۆنێمە دەبێتە هۆکارێك بۆ داڕشتنی ناوە بچووککراوەکان. لە کردەی ناوەکاندا، بەشێك لە کۆتایی ناوەکە تیادەچێت و لە شوێنی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی / ۆ/ دادەنرێت و ڕۆڵی بچووکردنەوە بە ناوەکە دەبەخشێت، ئەم دیاردەیە زیاتر لە ناوەکانی ڕەگەزی نێردا ڕوودەدات. واتە ئەم مۆرفێمە دوو ئەرك بەجێدەگەیەنێت.

یەکەم، شێوازی بانگکردنی نێر.

دووەم، شێوازی بچوکردنەوەی ناوی نێر.

–شێرزاد ⟵ شێرۆ.

– کامەران ⟵ کامۆ.

**3.1.1.1.5.1 ئەدگارە مۆرفۆسینتاکسیەکانی بانگکردن:**

مۆرفێمەکانی توخم (بانگکردن) لەگەڵ پۆلی ناودا دێن و ئـەم تایبەتیانـەی لای خوارەوەیـان هەیـە: ئەبوبەکر عومەر( ۲۰۰۳: ٥٦-٥٧)

۱-مۆرفێمی /-ێ/ بانگکردن، گەر ناو یان ئاوەڵناو بە دوایدا هات ئەوا /-ێ/ تێدەچێت، دەگۆڕێت بۆ مۆرفێمێکی /-ە/ی بەستن. بۆ نموونە:

خوشکێ ← خوشکە گەورە

کچێ← کچە بچکۆل

۲- مۆرفێمەکانی/-ۆ، -ێ، -ینە/ گەر دیاریبکرێن بە کەرەستە ناسـراویەکانی /-ەکـە/(تاك)، /-ەکان/(کۆ ) و مۆرفێمی /-م/ی خاوەنێتی، ئاماژە بۆ قسەکەر، مۆرفێمـەکانی بـانگکردن تێدەچـن. بۆ نموونە:

خالۆ ← خاڵەکە

خوشکێ← خوشکەکەم

کچینە← کچەکانم

۳- ئەو ناوانەی مۆرفێمی بانگکردنییان مۆرفێمی/-ە، -ۆ/یە گەر دەرخەر بەدوایاندا بێـت، ئــەوا مــۆرفێمی /-ە/ ڕۆڵــی دەگۆڕێــت بــۆ مــۆرفێمی بەســتن/ لێکــدەر، یــان /-ی/ خستنەپاڵ. بۆ نموونە،

| | مۆرفێمی بەستن | مۆرفێمی خستنەپاڵ |
|---|---|---|
| مامە... | مامە هیوا... | مامی دڵسۆز... |
| خالۆ... | خاڵە ئازاد... | خاڵی ئازاد... |

٤- ئەگەر ناوێك کۆتایی بە ڤاوڵی /ا/ هاتبێـت، نیشـانەی بـانگکردنی /-ە/ تێدەچـێت، چـونکە لـە زمانی کوردیـدا دوو ڤـاوڵ لـە تەنیشـت یەکـەوە نایـەن. "ئەمـەش دیاردەیـەکی فۆنۆلۆجییـە و بـەر

یاسـای توانـەوە(Assimilation) کـەوتووە و دەنگـی /-ا/ وەکـو مـۆرفێمی بانگهێشـتن دەمێنێتەوە"(دڵشاد محەمەد:٢٠١٣: ١٣٦).

### 3.1.1.2 مۆرفۆسینتاکسییەکانی کەتیگۆری ئاوەڵناو:

لە گەردانکردنی ئاوەڵناودا لـە ڕووی مۆرفۆلۆجیـەوە، مۆرفێمـە مۆرفۆسینتاکسـیەکانی /-تـر/ و/-ترین/ دەیاننوێنن، کە هـەڵگری ئـەدگاری وەسـفن (ئاوەڵنـاو)ن لـە زمـانی کوردیـدا. واتـە لـە ڕووی واتـاوە پەسـنی نـاو دەکـەن و لـە ڕووی فۆرمیشـەوە پاشـگری /تـر، تـرین/ وەردەگـرن. لـە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە ئەم مۆرفێمانـە ڕۆڵـی بـەراوردکردن لـە نێـوان داڕشـتە و پێکهاتەکانـدا بەرجەسـتە دەکـەن. ئاوەڵناوەکـانی زمـانی کـوردی بەشـە پـۆلێکێن، هـەڵگری واتـای وەسـفن و مۆرفێمـە "مۆرفۆسینتاکسیەکانی(-تر/-ترین) کە دەچنە پێکهاتەی وشە ڕستەییەکان -ئاوەڵناوەکان-ەوە پەیوەندییەکی بەراوردی لە چوارچێوەی فرێزە پێکهێنەرەکانی ڕستە ڕێکدەخەن"(ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣ : ٣٨).هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، کـە جگـە لـە (/-تـر: -تـرین) " لـە زمـانی کوردیـدا نیشـانە و مارکـەی شـکاندنەوە بـۆ پلـەکانی بـەراورد comperative و superlative هەن (/گەورە/ لە گەورە-تر، گەورە-تریین.)(محەمـەدی مـەحویی: ٢٠١٠: ٢٦٧). لـە کـەتیگۆری ئاوەڵنـاودا هەنـدێك کەرەسـتەی مۆرفۆسینتاکسـیمان هـەن لـە پلـەی بەراوردیـدا بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە:

چیای قەندیل لە هەموو چیاکانی کوردستان بەرزترە.

ئازاد لە نەوزاد گەورەترە.

یاسای تیاچوونی دەنگ

١- ئەگەر دوو دەنگی کۆنسۆنانت لە یەك چوو، یاخود نزیك لەیەکدی بچنە پاڵیـەك ئـەوا یـەکێکیان لـە دەربڕیندا تیادەچێت.

کورت + /-تر/ ⟵ کورتر

بڵند + /-ترین/ ⟵بڵنترین

٢- دەنگی /د/ هەندێك جار بەهۆی کاریگەریی ئەو دەنگەی کە بـە دوایـدا دێـت، گۆناکرێـت، بەتایبـەت ئەگەر دەنگی / ت، د/ هاتبێت.

زیاد +/- ترین/⟵زیاترین

بڵند +/- تر/⟵بڵنتر

پێویستە ئەوەش بخرێتەڕوو، مۆرفیمی /چ/ ی ئاوەڵناوی پرس، "پەیڕەوێکی بچووکی سنوردارە و بە ئاوەڵناو پرس ئاماژەیان بۆ کراوە لە ڕستەی پرسیاردا، " (ئەبو بەکر عومەر: ٢٠٠٣: ٤٠)

چ خوێندکارێك زیرەکترینە؟

چ جۆرە کتێبێك باشترینە؟

بەشێوەیەکی گشتی پاشگری /–تر، ترین/ ئەم ڕۆڵانە دەگێڕن :

١– پلەی ئاوەڵناو دەگۆڕن[39]. (باش←باشتر← باشترین.)

٢– دەبنە بەشێك لە تەواوکەری کرداری ناتەواو.( ئازاد لە نەوزاد بەرزترە.)

٣– ئاوەڵناوی پلەی باڵا دەبێتە دەرخەر .(باشترین خوێندکار.)

٤– /–تر/ دەچێتەسەر هەندێك ئاوەڵکردار و دووبارەکردنەوەی کات دەخاتەڕوو.(خوێندکارەکان ئەمڕۆ زووتر هاتن)

٥– /–تر/ شوێنی پەیوەست بە کردارەوە دەخاتەڕوو.(دەستت بەرزتر بگرە.)

٦– /–ترین/ شوێنی پەیوەست بەسەر ئەو ئاوەڵناوانەی لە فرێزی کرداریدا دەردەخەن کە وەك ئاوەڵکردار ڕۆڵدەبینن و چۆنیەتی دەردەخەن. (ئەم ئۆتۆمبیلە خێراترییینە)

٧– دەبنە ڕادە و هێما بۆ چەندێتی ناوی دەرخراو. ئاوەڵناو لە پێش دەرخراودا مۆرفیمی /–ترین/ وەردەگرێت. دەکرێت بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە دوای دەرخراویش مۆرفیمی/–تر/ بێت.

ا–زۆرترین کتێب بخوێنەرەوە.

ب–کتێبی زۆرتر بخوێنەرەوە.

٨– ئەم دوو مۆرفیمە داوای ئارگۆمێنت دەکەن.

---

[39] ئەبوبەکرعومەر(٢٠٠٣: ٣٩) چەند تایبەتیەکی /–تر، –ترین/ دیاریدەکات:

١–/–تر، ترین/ تەنیا یەکێکیان لە تاکە فرێزێکدا دێت، گەر بەستن بە (و) نەبێت.

٢–/–ترین/ لەگەڵ دەرخەری پێشەوە دێت،/–تر/ لەگەڵ دەرخەری داوەدا دێت.

٣– هیچ مۆرفیمێك ناچێتە نێوان ئاوەڵناو و مۆرفیمەکانی /–تر، ترین/ەوە.

### 3.1.1.3 مۆرفۆسینتاکسییەکانی کەتیگۆری پێشناو:

کەرەستە پێشناوییەکان بە پۆلی داخراو دادەنرێن و ئەرکی سینتاکسی بەجێدەگەیەنن و بەشێکی واتای ڕستە دەنوێنن. دابەشدەبن بۆ پێشناوە ڕەسەنەکان [٤٠]، کە سەربەخۆ لە فەرهەنگدا تۆمارکراون وەك خۆیان لە ناو ئاستی بنەڕەتی ڕستەدا بەکاردەهێنرێن، پێشناوە ناڕەسەنەکان " ئەو پێشناوانەن کە لە ناو فەرهەنگدا تۆمارنەکراون، بەڵکو وەك بەشێکی بنجی کردار بە فۆرمێکی فۆنۆلۆجی فەرهەنگییەوە لە ناو فەرهەنگدا تۆمارکراون، کاتێك ئەم کردارانە لە ناو ڕستەدا دادەنرێن کە فرەیز و وشەکانیان لە ڕستەی فەرهەنگی تەواوبن و فۆرمی فۆنۆلۆجیان دەگۆڕێت.(بڕوانە: یارا قادر: ٢٠١٣: ٤٦) پریپۆزیشنەکان بەپێی شوێنیان لە ڕستەدا دەگۆڕێن، بەتایبەت لە گوێزانەوەی دیوی ناوەی ڕستەیەکی تەواو بۆ ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی (کرداری ئاڵۆز). بۆ نموونە.

ا–من بە ئەوانم وت ← پێم وتن.
ب–من لە ئەوانم پرسی ← لێم پرسین.
پ–ئەو لە منی گەیاند ← تێی گەیاندم.
ت–من دەچم بۆ سلێمانی← دەچمە سلێمانی.
ج–ئەو دەگات بە ئامانج← دەگاتە ئامانج.

پێشناوەکان ڕۆڵی سەرەکیان لەناو مۆرفۆسینتاکسدا هەیە، بەوەی کە پۆلێك لەو مۆرفۆسینتاکسیانەی لە چوارچێوەی فرێزی کرداریدا ڕۆڵ بە ناو، جێناو دەدەن و فرێزی پێشناوی دروست دەکەن. سەبارەت بە گۆڕانی مۆرفیمە پێشناوییەکان، بازیان یونس(٢٠١٣: ١٩٤)دەڵێت " پریپۆزشنەکانی / لە، بە/ دەگۆڕدرێن بۆ شێوەی تری مۆرفیم(ئەلۆمۆرف) وەك / لە–لێ یان تێ، بە – پێ/ بە مۆرفۆفۆنۆسنیتاکس لە زمانی کوردیدا ناودەبرێن، چونکە گۆڕانێکی فۆنۆلۆجییە بەسەر مۆرفێمەکاندا دێت لە ئاستی ڕستەسازیدا، واتە لە ئاستی ڕستەسازیدا نەبێت ئەم گۆڕانە ڕوونادات."

---

[٤٠] کەرەستە پێشناوییە ڕەسەنە سادەکان لە زمانی کوردیدا بریتین لە ( لەگەڵ، پێش، پاش، ئینجا، لەکاتێکدا، لە، بۆ، بە، ە، تا، وەك، بێ) لە فەرهەنگدا سەربەخۆ تۆمارکراون و وەك خۆیان دەهێنرێنە ئاستی بنەڕەت لە ڕستەدا بەکاردەهێنرێن. پێشناوە ناڕەسەنەکان بریتین لە ( لێ، پێ، تێ) لە فەرهەنگدا تۆمارنەکراون وەك بەشێکی بنجی کردار بە فۆرمێکی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیەوە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون.بۆ نموونە:

- پێگەیشتن.
- لێدان.
- تێگۆشان.

وەك لە نموونەكانی سەرەوەدا ئاماژەیان بۆ كراوە، كاتێك ڕستەیەك بە فرێز و كەرەستەی تەواوەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ڕستەیەكی مۆرفۆسینتاكسی(MS) پێشناوەكان شێوە یان فۆرمیان دەگۆڕێت، ئەمەش بەو واتایەی " لە زمانی كوردیدا هەندێك پێشناو شێوەیان دەگۆڕێت، بەتایبەتی لە گوێزانەوەی دیوی ناوەوەی –چەمكی –ڕستە و داڕشتنی نوێدا، هەرچەندە فۆرمی سەربەخۆیان هەیە، بەلاَم لە چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا كاردەكەن، واتە ئەركێكی سینتاكسیان هەیە و بەشێكی واتای ڕستە دەنوێنن" (ئەبوبەكر عومەر: ٢٠٠٣ : ٥١).

### 3.1.1.4 مۆرفۆسینتاكسییەكانی كرداری ئاڵۆز:

لە زمانی كوردیدا هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد، كەوا هەندێك لە لێكۆڵەری كورد مۆرفۆسینتاكسییان بۆ دوو كردە دابەشكردووە. (بڕوانە كەرەستە مۆرفۆسینتاكسییەكان: 3.1.1) لێرەدا باس لە كردەی دووەم دەكەین، كە ئەویش بەكلیتیككردنی ڕستەیە، لە كرداری ئاڵۆزدا. كردار واتای ڕوودان دەگەیەنێت، كە دەرێتەپاڵ شتێك یان كەسێك لە كاتێكی ڕابوردوو یان ڕانەبوردوودا. هەندێك مۆرفێمی تری وەك پێشگر Affix و پاشگر Prefix بەشداری لە داڕشتە یان دروستەی كرداردا دەكەن، وەك مۆرفێمەكانی (كات، دەمكات، ڕێژە، نەكردن، كەس و ژمارە، تێپەڕندان، نادیاری ...)، ئەم مۆرفێمە ڕێزمانییانەش تەنیا ئەو مۆرفێمە بەندانەن، كە بە كردارەوە دەلكێن، " پرۆسێسە مۆرفۆسینتاكسییەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن، كە كرداری سادە لە ڕژێمی كردارەكانی ڕێزمانی كوردیدا نییە و دەیسەلمێنن، كە كردار فۆرمێكی داڕێژراوی لە ڕەگ و كات و كەس(جێناوی لكاوی بكەر) هەیە، و كەسەكانیش، بە جێناوە لكاوەكانی بەركارەوە، لیستی جیاوازیان لە فەرهەنگدا هەیە" (محەمەدی مەحوی:٢٠٠٠: ١٣)، بەم پێیە بێت لە زمانی كوردیدا سادەترین كرداری بنەڕەتیی ئەو سێ مۆرفێمەی تێدایە، كە بە دروستەی ناوەوەی فرێزی كرداری ناودەبرێن، كە "دروستەیەكی ئاڵۆزی لە ناویەكدا شكاوەیە كە بەكرداری ئاڵۆز(چڕ) یان دروستەی مۆرفۆسینتاكس ناسراوە" (محەمەدی مەحوی : ٢٠٠١: ٣٤٢). ئەو مۆرفێمە بەندانەی دەچنە خانەی (مۆرفۆسینتاكسی) كردارییەوە، لەگەڵ كردارەكاندا ئەرك دەبینن." (زانیار مەحمود: ٢٠١٤ : ١٤٦).

#### 3.1.1.4.1 كردەی كرداری ئاڵۆز:

لە زمانی كوردیدا كاتێك ڕستەكان بە كلیتیك دەكرێن، یاخوود بە مۆرفێم دەكرێن بە كرداری ئاڵۆز ناودەبرێن. كردارەكانی زمانی كوردی ڕۆڵی سەرەكیان لە ڕستەكاندا هەیە، واتا و پێویستی ئاخاوتنی

سەرەکی لە ڕستەکاندا لەسەر کردارەکانە، هەربۆیە"ئەمان دیاریکەری هەموو ئەو کەرەستانەی ترن، کە دێنە ڕستەوە، لە ڕووی چەشن و جۆر و سروشت و ژمارەوە، لەلایەن ئەمانەوە ڕێگەیان پێدەدرێت، لەبەرئەوە کردار وەك سەر گۆ دەکات و هەموو کەرەستەکانی تر دەتوانرێن (بکەر، بەرکار...) بە مۆرفێم یان کلیتیك بکرێن". (شیلان عومەر: ٢٠١٢: ٢٠ ) کردار خاوەنی دروستە و داڕشتەیەکی ئاڵۆزی ناوەکی و دەرەکییە[٤١]، بە شێوەیەکی جۆراوجۆری مۆرفۆسینتاکسی و سینتاکسی فراواندەکرێت. هەروەکو پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کرا، کە دەکرێت لە زمانی کوردیدا بکەر و بەرکار بە کلیتیك بکرێن و کورتبکرێنەوە، بەوەش کلیتیکیە کەسییەکان کە بە جێناوی لکاو بە کردارەکەوە دەلکێن، لە ڕووی ئەرك و واتاوە، جۆرە ڕێکەوتنێکی تەواویان هەیە لەگەڵ ڕستە بەکلیتیك نەکراوەکاندا. ئەمەش بەو واتایەی بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ لە زمانی کوردیدا ڕێگەیان پێدراوە کە بە کلیتیك بکرێن و لە ناو کردارەکەدا ئەرکی ئەوان ببینن، واتە بەکلیتیکردنی کەرەستەکانی ڕستەکە واتای ڕستەکە بەرەو تێکدان ناچێت،" بەمەش تەواوکەرەکانی کردار (بە ناوەکی و دەرەکیەوە) دەتوانن بە کلیتیك بکرێن و لەگەڵ دروستەی کردارەکەدا پێکەوە پێکهاتەیەکی مۆرفۆسینتاکسی بنوێنن".(شیلان عومەر: ٢٠١٢: ٢٠-٢١)

ا-من تۆم پاراست.

ب- تۆم پاراست.

پ-پاراستمیت./ پارازتمیت.

مۆرفۆسینتاکس لە پێکهاتە و داڕشتەی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی وئاستی سینتاکس بەرهەمدەهێنرێت، " لە مۆرفۆلۆجیدا ئەو کەرەستە مۆرفۆلۆجیانەی ئەرکی سینتاکسی دەگێڕن، کە بە پۆلە داخراوەکان [٤٢]ناوبراون، بەپێکهێنەری سەرەکی و کەرەستەی بنەڕەتی دروستەی

[٤١] مەبەست لە دروستەی کرداری ناوەکی

١- سادەترین کردار لە زمانی کوردیدا، لە (ڕەگ و کات و کەس) تێدایە، کە بە دروستەی ناوەوەی کردار ناودەبرێت.

- خواردم.

٢- هەندێك مۆرفێمی تری وەك (مۆرفێمەکانی ڕێژە، نادیاری، نەرێ کردن...)، لەگەڵ سادەترین کرداری زمانی کوردیدا بەکاردێن، کە بە دروستەی ناوەوەی کردار ناودەبرێن.

مەبەست لە دروستەی کرداری دەرەکی:

بەشداریکردنی کەرەستەکانی تری دەرەوەی کردارە، کە لەگەڵ کرداردا دێن، بۆ نموونە (ڕادە، ئاوەڵکردار، ژمارە، پێشناو...) کردارەکە فراوان دەکەن. کە بە دروستەی دەرەوەی کردار ناودەبرێن.

[٤٢] پۆلە داخراوەکان closed classes: ئەو پۆلە داخراوانەن کە بە پۆلە ڕێزمانییەکان ناسراون، کە ئەرکیان گۆکردنی دروستەیی و سینتاکسیە، بەوەی کە زانیاریە ڕێزمانییەکان یان پەیوەندییە لۆجیکییەکان لە ڕستەدا دیاری دەکەن، وەك(جێناوەکان، کەرەستەکانی

مۆرفۆسینتاکسی دادەنرێن لە زماندا، ئەمە جگە لەوەی کردارە ئاڵۆزەکان بەشێکی زۆری دروستەی مۆرفۆسینتاکس پێکدەهێنن " (شیلان عومەر: ٢٠١٢: ١٠) مۆرفێمە بەندەکان بەتایبەتی لاگرەکانی شکانەوە و نوسەکەکان بەشداری لە دارِشتنی دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا دەکەن. کەواتە مۆرفۆسینتاکس هەموو مۆرفێمەکانی شکانەوە و نوسەکەکان کە لە ئاستی مۆرفۆلۆجییدا مۆرفێمن و ئەرکی سینتاکسییان هەیە، لەگەڵ کردارە ئاڵۆزەکان دەگرێتەوە.

### 3.1.1.4.2 ئەدگارەکانی مۆرفۆسینتاکس:

بەشێوەیەکی گشتی مۆرفێمەکانی مۆرفۆسینتاکس ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە: (شیلان عومەر: ٢٠١٢: ١١)

١- مۆرفێمەکانی مۆرفۆسینتاکس دیارخەری(تاف، ژمارە، ڕوکار، کەس، ڕێکەوتن، داریکردن، توخم...)ی وشەکانن.

٢- مۆرفێمی سینتاکسی هەڵگری زانیاری ڕێزمانیین و نابنە دارِێژەری وشەی نوێ و فۆرمە جیاوازەکان وشەمان دەدەنێ.

٣- کە دەچنە سەر ئەو بنەڕەتەی کە پێوەی دەلکێن، پۆلە ڕەگەزی بنەڕەتەکە ناگۆڕن.

٤- بە ڕێزمانی دەربڕی تایبەتێتی یان پەیوەندییە ئاماژە بۆ کراوەکان، کە دیاریکراون لەنێوان وشە جیاوازەکانی ڕستەدا.

٥- لە دەرەوەی هەر مۆرفێمێکی دارِێژەر ڕوودەدەن، بە واتای ئەوەی لە کۆتایی وشەکاندا ڕوودەدەن.

٦- دەبێت لە پارادیگماکاندا(بەگشت فۆرمە شکاوەکانی وشەیەك دەوترێت پارادیگمای مۆرفۆسینتاکس) ڕووبدەن و یاسایی بن، پێوەرێك پێکدەهێنن بۆ بە ئەندامبوونی دەستەیەك لە سەرەکان و تەواوکەرەکانی لە فۆرمی فرێزەکەدا.

٧- کاراییان لەکردەی بە بەرهەمیدا سنوردارترە، لە چاو مۆرفێمە دارِێژەرەکاندا.

---

ناسراوی و نەناسراوی، کۆ، توخم، ڕێکەوتن، تاف، ڕێژە، ڕووکار...). بەدیاریکراوی ئەو مۆرفێمانەی لە ناو پۆلە داخراوەکاندا ئەرکی پەیوەندی ڕێزمانی لە زماندا بەرجەستە دەکەن، بە کەرەستەکانی شکاندنەوە (inflection) یان بە کەرەستە مۆرفۆسینتاکسیەکان ناوبراون.( شیلان عومەر: ٢٠١٢: ١٠-١١)

### 3.1.2 دروستەی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە:

وشە و مۆرفێمی کەرەستەکانی دروستەی ڕستە لە پەیوەندی تەکنشینی syntagmatic بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە ڕیزدەکرێن و بەدوایەکدا دێن." ئەم جێکەوتانەی ڕستەش بەجۆرێك یان زیاتر لە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان پڕدەکرێنەوە و لە دروستەی ڕستەدا ڕیزدەکرێن" (ئومێد بەرزان: ٢٠١٢: ٩٣) سێ جۆر لە دروستەی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە لە زماندا دەستنیشانکراوە(دروستەی ڕستەی تەواو، دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی، دروستەی ڕستەی باسمەند)، بەلاّم لێرەدا بەپێی سنوری توێژینەوەکە باسی دوو جۆر لە ڕێزبوونی کەرەستەکانی دروستەی ڕستە دەخەینەڕوو:

### 3.1.2.1 دروستەی ڕستەی تەواو:

لە زمانی کوردیدا ئەگەر هەموو کەرەستە سینتاکسییە سەرەکییەکان لە پێکهاتە و دارشتەی ڕستەیەکدا هاتن، ئەوا ئەو ڕستەیە پێی دەوترێت دروستەی ڕستەی تەواو، یان دروستەی ڕستەی سینتاکسی. هەر لەم بارەوە، ئومێد بەرزان (٢٠١٢: ٩٣) دەڵێت " ڕستەی تەواو ئەو ڕستەیەیە، کە هەموو کەرەستەیەکی سینتاکسی سەرەکی ڕستەی تێدایە، یان ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە کەرەستەکانی ( بکەر، بەرکار، کردار...) بە تەواوی دەربڕاون" لە ناو یەك ڕستەدا، کەرەستەکانی دروستەی ئەم ڕستانە لە فەرهەنگی ئاوەزی و دروستەی قووڵەوە وەردەگیرێن و وەك خۆیان لە دروستەی ڕووکەشدا دادەنرێن. ئەمەش بەپێی چەند قالّبێك[43] دەبێت، واتە ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە، بەپێی چەند قالّبێکی بنەڕەتی زمانەکە و یاسای سینتاکسی (بکەر + بەرکار + کردار ) دادەڕێژرێن، بۆ نموونە،

- ئازاد کتێبەکەی خوێندەوە.
- ئازاد دزەکەی گرت.

---

[43] قالّبەکانی دروستەی رستەی تەواو لە زمانی کوردیدا

١- بکەر + بەرکار + تەواوکەر + کردار← من تۆم بە ئەودا نارد.

٢- بکەر+ بەرکار+ کردار+ تەواوکەر← من تۆم دا بە ئەو.

٣- بکەر+ بەرکار+ کردار← من تۆم گرت.

٤- بکەر+ کردار+ تەواوکەر← ئەو پرسی لە ئێمە.

٥- بکەر+ تەواوکەر+ کردار← من لە ئەوم پرسی.

٦- بکەر+ کردار← ئازاد هات. بڕوانە (Fattah:1997: 246) و (ئومێد بەرزان: ٢٠١٢: ٩٥-٩٧).

هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەی تەواودا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، لە زمانی کوردیدا بە شێوەکی گشتی دوو جۆر ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەی تەواودا بەدی دەکرێن، ئەوانیش:

### 3.1.2.1.1 ڕێزبوونی چەسپاو:

لەم جۆرە ڕیزبوونەدا ناتوانرێت کەرەستەکانی دروستەی ڕستە تەواوەکە شوێنیان ئاڵوگۆڕ بکرێت، " چونکە هەر ئاڵوگۆڕێک لە ڕێزبوونی کەرەستەکان ڕووبدات، دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەرکی سینتاکسی کەرەستەکان و واتای ڕستەکەش دەگۆڕێت" (ئومێد بەرزان:٢٠١٢: ٩٩)، بۆ نموونە،

- تۆ ئێمە دەبەیت.
- ئەوان ئەو دەبەن.

### 3.1.2.1.2 ڕیزبوونی ئازاد:

لەم جۆرە ڕیزبوونەدا کەرەستەکانی دروستەی ڕستە تەواوەکە دەتوانرێت شوێنیان بەپێی ویستی قسەکەرەکە بگۆڕدرێت، بەبێ ئەوەی کار لە ئەرکی سینتاکسی کەرەستەکان و واتای ڕستەکە بکات. بۆ نموونە،

ا-من بۆ سلێمانی دەچم.
ب-من دەچم بۆ سلێمانی.
پ-دەچم من بۆ سلێمانی.

وەك لە نموونەکانی ڕستەکانی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەون، کەوا شوێنی کەرەستەکانی دروستەی ڕستەی تەواو لە ڕیزبوونی ئازاددا، تاڕادەیەك سەربەستن و بە ویستی قسەکەر دەگۆڕدرێن، هەرچەندە بەکارهێنان و ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە، لە زمانی کوردیدا (بکەر+ بەرکار+ کردار) سەرەکیی و بنەڕەتییە.

### 3.1.2.2 دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی:

زمانی کوردی تاڕادەیەکی زۆر یەکێکە لە زمانە داڕێژەرەکان[٤٤]، چونکە کلیتیکەکان بەجیا، یان بەیەکەوە لەگەڵ کەرەستەی تردا دێن، "تایبەتمەندییەکی ئەم زمانانە لەوەدایە کە مۆرفۆلۆژی و سینتاکس تێکچڕژاون و تێکەڵ بەیەك بوون"( شیلان عومەر: ٢٠١٢: ٧)، لە دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیدا، کەرەستەکانی دروستەی ڕستەی تەواو لە ئاستی قووڵەوەDS بۆ ئاستی ڕووکەش SSبچووکدەکرێنەوە و ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی لێدروستدەکرێت. یاسای لابردن deletion یەکێکە لە یاساکانی ڕێزمانی گوێزانەوە، بریتییە لە لابردنی بەشێکی لە ڕستە سەرەکی بەمەبەستی کورتبڕی و ئابووریکردن. بۆ نموونە:( من چووم.← pro DS چووم. SS) هەروەها یەکێکی تر لە یاساکانی گوێزانەوە بریتییە لە کورتکردنەوە reduction وەك ئەم نموونەی خوارەوە:

DS

ئەوان من دەبینن.

↓

α بجوڵێنە

↓

SS

دەمبینن

. "لێکدانەوەی دروستەی (ڕستە و مۆرفۆسینتاکس) لە زمانی کوردیدا بەهۆی تیۆرەکانی بەرهەمهێنانەوە لێکدراوەتەوەو ئەوەش خراوەتەڕوو، کە دروستەی مۆرفۆسینتاکسی زمانی کوردی

---

[٤٤] زمانەوانەکان تایبەتێتی پۆلە زمانەکانیان بۆ پێنج جۆر دەستنیشان کردووە کە ئەمانەن:

١–زمانە لکاوەکان.

٢–زمانە تواوەکان.

٣– زمانە سەربەخۆکان.

٤– زمانە داڕێژەرەکان.

٥– زمانە ناوگریەکان. بڕوانە (katamba:1993:56)، (محەمەدی مەحوی: ٢٠١٠: ٢٧٣)،(یارا قادر: ٢٠١٣: ٢٧–٣٣).

کەرەستەی فەرهەنگین و بە ئامادەکراوی لە فەرهەنگی ئاوەزی زمانی کورددا هەیە و تاکی کورد لەوێوە دەستی بەم دروستانە دەگات" (ئاڤێستا کەمال ٢٠١٤: ٢٣).

## 3.1.2.2.1 نوسەك(كليتيك):

لە زمانی کوردیدا نوسەکەکان ناتوانن بەتەنها دەربکەون، بەبێ پاڵپشتی کەرەستەکانی دەوروبەریان، واتە ناتوانن بەتەنها هیچ ئەرکێك لە زماندا بەجێ بگەیەنن. "گرنگترین نوسەکەکانی زمانی کوردی بریتین لە (جێناوە لکاوەکان، مۆرفێمەکانی ناکردن، نیشانەکانی ناسیاری/ەکە/ و ئەلۆمۆرفەکانی)"(بڕوانە: بازیان:٢٠١٣: ٤٩)، لەم خشتەی خوارەوەدا چۆنیەتی بەکارهێنانی جێناوە لکاوەکان خراوەتەڕوو:

| کەسەکان | ژمارە | جێناوی سەربەخۆ | جێناوی لکاو | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕابوردووی تێپەر | | ڕابوردووی تێنەپەڕ | ڕانەبوردووی تێپەڕ | | ڕانەبوردووی تێنەپەڕ |
| | | | بکەر | بەرکار | بکەر | بکەر | بەرکار | بکەر |
| یەکەم | تاک | من | م | م | م | م | م | م |
| دووەم | | تۆ | ت | یت | یت | یت | ت | یت |
| سێیەم | | ئەو | ی | ∅ | ∅ | ات/ێت | ی | ات/ێت |
| یەکەم | ک | ئێمە | مان | ین | ین | ین | مان | ین |
| دووەم | | ئێوە | تان | ن | ن | ن | تان | ن |
| سێیەم | | ئەوان | یان | ن | ن | ن | یان | ن |

خشتەی ژمارە(٣)

مۆرفێمە کەسییەکان، دیاریکردنی کاتەگۆری ژمارە و کەسەکانە، جێکەوتەکانیان لە گۆڕاندان، ئەرکی ڕێکەوتن دەبینن. جێناوە لکاوەکان وەك کەرەستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی بە کردارەکانەوە دەنوسێن. بەکارهێنانیان. هەر وەکو لە خشتەی (٣) دیاریکراوە، بەپێی کاتی کردارەکە و تێپەڕ و تێنەپەر دەگۆڕێت.

نوسەکەکانی جێناوە لکاوەکان لە زمانی کوردیدا دەکرێت بگوترێت دوو ئەرکیان هەیە ئەوانیش "کلیتیکی بکەری -Subject clitic و کلیتیکی بەرکاری Object clitic کە لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسدا چالاکن" (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠١: ٨٣). هەر سەبارە بە نوسەکی کلیتیکی بکەری و کلیتیکی بەرکاری، محەمەد مەحویی(٢٠٠٠: ٤٢) دەڵێت " دەرکەوتنی یان بەکارهێنانی ئەم مۆرفێمانە لە سەر داڕشتەی فۆنۆلۆجیی وە پۆلەکلیتیك دەبینم" جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی (م، ت، ی/ مان، تان، یان) "بەپێی بوونی کەرەستە جیاجیاکان لە ڕستەدا شوێنی خۆیان ئاڵوگۆڕدەکەن[٤٥]، بەتایبەتی لە کاتی گواستنەوەی فرەیزی بەرکاری ڕاستەوخۆ بۆ ناو کار لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی مۆرفۆسینتاکسیدا"(یارا قادر: ٢٠١٣: ٦٠) بەڵام جێناوە لکاوەکانی دەستەی (م، یت، $\varnothing$، ات، ێت/ ین، ن، ن) لە ئەرکی بکەردا، بە کۆتایی ڕەگی کردارەوە دەلکێن.

هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، جێناوە لکاوەن دەتوانن دوو ئەرکی ڕێزمانی(بکەری و بەرکار)ی بەجێ بگەیەنن، ئەگەر لە ڕستەیەکدا کردار لە تافی ڕابوردوودا بوو ئەوا بکەر لە کۆمەڵەی(م، ت، ی/ مان، تان، یان) و بەرکاریش کۆمەڵەی (م، یت، $\varnothing$، ات، ێت/ ین، ن، ن) دەبن. بۆ نموونە:

فۆرمی کاتی ڕابوردوو: ڕەگی کردار+ نوسەکی بکەری+ نوسەکی بەرکاری

ا–ئێمە ئەوانمان برد. ⟵ بردمانن.
ب–ئەو منی نارد. ⟵ ناردمی.

بەڵام لە ڕستەیەکدا کردار لە کاتی ڕانەبردوودا بوو، ئەوا بکەر کۆمەڵەی (م، یت، $\varnothing$، ات، ێت، ن، ن) و بەرکارییش کۆمەڵەی (م، ت، ی/ مان، تان، یان) وەردەگرێت. بۆ نموونە:

---

[٤٥] جێکەوتەی جێناوە لکاوەکانی کەسە تاکەکان /م، ت، ی/ ، کەسە کۆکان/مان، تان، یان/ لە ڕابوردووی تێپەڕدا لە ئەرکی بکەردا دەکەونە دوای ئەم بەشانەوە:

١– بەرکاری ڕاستەوخۆ :⟵ ئەوانتان بە ئێمە هەڵبژارد.
٢– بەرکاری ناڕاستەوخۆ . ⟵ بە ئێمەتان هەڵبژاردن.
٣– مۆرفێمی پێشناوی ⟵ بە تۆم هەڵبژارد.⟵پێم هەڵبژاردیت.
٤– بەشی یەکەمی کردار ⟵ من تۆم هەڵبژارد⟵هەڵم بژاردیت.
٥– ڕەگی کردار ⟵ من هاتم⟵ هاتم.

فۆرمی کاتی ڕانەبوردوو: (دە–)+نوسەکی بەرکاری +رەگی کردار+ نوسەکی بکەری

ا– ئێمە ئەوان دەبەین. ←دەیان بەین.
ب– تۆ ئەوانت دەبینی. ← دەتبینین / دەیانتبینی.

لێرەدا دەکرێت بە جێبەجێکردنی یاسای فۆنەتیکی[٤٦]، جێناوی لکاوی کۆتایی ڕستەی (دەیانبینیت← دەیانبینی) کورتبکەینەوە.(بروانە: وریا عومەر:٢٠١٥)

جێناوی لکاو لەگەڵ ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی کرداری فەرماندانا بۆ کەسی دووەمی تاك بریتییە لە /–ە/. هەروەها مۆرفۆفۆنۆلۆژی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ بریتییە لە /–ن/. بۆ نموونە.

مۆرفێمی (ب–) + کلیتیکی بەرکاری + ڕەگی کردار+ کلیتیکی بکەری (تێپەڕ)

ا–ئێوە ئەو ببینن.
ب– بیبینن.

لە کرداری داخوازیدا(فەرمان)، ئەگەر کردار داڕێژراو یان لێکدراو بوو، دەتوانرێت مۆرفێمی /ب/ داخوازی بەسەرپشکی لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی لابەرین.

ا–ئێوە ئەوان هەڵبگرن.

---

[٤٦] دەرکەوتنی هەندێك لە دیاردە فۆنۆلۆجییەکان لەسەر جێناوەکاوەکان:
١– کورتکردنەوەی دەنگ:جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك /–یت/ و کەسی سێیەمی تاك/–ێت ، –ات / لەم جێناوانە زۆرجار /ت/ لابەرین.
دەچیت ← دەچی
دەخۆیت ← دەخۆی
دەچێت ← دەچێ
دەخوات ← دەخوا
٢–یاسای لێکچوونی دەنگ:
دەنگی /د/پێش دەنگی /ت/
برد + تان ← برتتان
کرد + تان ← کرتتان

ب– هەڵیان بگرن/ هەڵیانگرن.

ا–ئێوە ئێمە سەربخەن.

ب–سەرمانخەن.

## 3.2 دروستەی مۆرفێمە بەندەکانی کردار :

زمانی کوردی وەك زمانی فارسی بنیاتەکەی(دروستە) ئاڵۆزە، بەو واتایەی کە تەنها لە تاکە ڕەگەزێك پێکنایەت، لەو بوارەدا دەتوانرێت چەند ڕەگەزێکی زمانی دیارییبکرێن کە دەشێت بۆ هەردانەیەك لەوانە واتا و ئەرکی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی لەخۆبگرێت.

### 3.2.1 نیشانەی ئەسپێکت (ڕووکار)[٤٧]:

ئەسپێکت کاتەگۆرییەکی ڕیزمانییە پەیوەندیی بە باری سەرنجی قسەکەرەوە هەیە، سەبارەت بە کردەوەیەکی دیاریکراو، (لە گۆشەنیگای ئەسپێکتەوە)، نیشانەی /دە–/ وەك نیشانەی ئیمپێرفێکتیڤ imperfective ، و نیشانەکانی، /–وو.، –ت، –ا، –د، –ی/، وەك نیشانەکانی پێرفێکتیڤperfective مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

ڕووکار یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کردار، کە لە ڕێگەی لاگرە جیاجیاکانی ڕێزمانەوە دەنوێنرین. ڕووکار "پۆلە ڕەگەزێکی ڕێزمانی پێکهاتەی کردارییە، بەهۆی مۆرفێمەکانی /دە–/،/–ووە/،/–وو، ە، –وە/ نیشانەکراوە، ڕووکارەکان جەختدەکەنەوە لە قۆناغەکانی (لە دەستپێکردنەوە تا کۆتایی ) کردەی کردارێك (شیلان عومەر: ٢٠١٢: ١٨). دەبێت ئەسپێکت ماوەی ڕوودان لەکاتی ڕوودان جیابکرێتەوە ئەو فۆرمانەی ئەسپێکت دەنوێنن ڕۆلیان جیاوازە لە فۆرمەکانی کاتی ڕێزمانی.(ئەبوبەکر عومەر:٢٠٠٣ :٦٣) بۆنموونە،

ا– /دە–/ ئەم مۆرفێمە لە سەرەتای فۆرمی کرداری ڕابوردووی بەردەوام و ڕانەبوردوودا دێت و سەرەتای دەستپێکردن دەنوێنێت.

–دەی پاراستین. دەمانپارێزێت.

–دەهاتم. دێم.

---

[٤٧] مەحموود فەتحوڵا(٢٠١٥)

ب- /-ووه/،/-وو/ له كۆتای كرداری ڕابوردووی نزیك(ڕووت) و تەواو دا دێن، و /-ە/ واتاكەی بەپێی چۆنیەتی پێكەوەهاتنی لەگەڵ كەرەستەكانی تردا دەگۆڕێت، بە ڕووكارەكان دەربڕی ماوەیەك لە كات و ڕوودان و گەیەنەری واتای كردارن.

ا-هات+ (-وو)←هاتووم، هاتووین.

ب-خوێند+(-ووە)← خوێندوومە.

پ-بەرز+ (-ە)← دارەكە بەرزە

پ-/-ەوە/ /-وە/ دووپاتكردنەوە: لە كۆتایی كرداردا دێت دوو ڕۆڵ دەبینێت:

یەكەم، وشە هەڵگواستن: بردنەوە .

دووەم: وشە شكاندنەوە: هاتمەوە، دێمەوە.

لە زماندا، ئەسپێكتەكان پەیڕەوێكی داخراون و لەگەڵ كردارەكاندا دێن، واتای ئەسپێكتی هاوبەشی لە زانیاری گۆشەنیگا دەكات، واتە تێڕوانین دەكات كە بەهۆی ڕستەوە دەگوازرێتەوە. ئەوەش پێڕەوی ئەسپێكتە پێمان دەڵێت كام جۆری ڕووداو، یان باروودۆخ قسەی لەبارەوە دەكرێت یان كراوە. جگەلەوانە بەهۆی ئەسپێكتەوە تێڕوانینەكان دەزانین و جیایاندەكەینەوە، كە دەبێت جەخت لەسەر هەموو یان بەشێك لەبارودۆخەكان بكاتەوە. بەواتای ئەوەی ئەسپێكت تێڕوانینی كاتی بۆ ئێمە دەگوازێتەوە. ئەسپێكت تێڕوانینی كەسییە، قسەكەر بڕیار دەدات بەچ گۆشەنیگایەك نامەكەی بۆ بەرانبەرەكەی بنێرێت، چونكە هەڵبژاردنی واتای ئەسپێكتی بۆ قسەكەر گونجاوە. واتای ئەسپێكتی بەهۆی دوو لایەنەوە دەگوازرێتەوە، یەكەم بەهۆی فۆڕمە زمانیەكان، و دووەم بەهۆی نەریتی پڕاگماتیەكیەوە، ئێمە لەم بارەیەوە دوو ڕستە دەخەینە پێش چاو، ڕستەكانی (١ و ٢) دەشێت ئاماژە بۆ هەمان ڕووداو بكەن، بەڵام لە تێڕوانینی كاتیدا جیاوازن كە دەكاتە گۆشەنیگای ئەسپێكتی، بۆ نموونە ڕستەی یەكەم تێڕوانینی پێرفێكتیڤی و دووەم تێڕوانینی ئیمپێرفێكتیڤیتی لەخۆدەگرن.

١- دارا دوێنی نامەكەی نووسی.

٢-دارا دوێنی نامەكەی دەنووسی.

له ڕستەی (١) دا، ڕووداوی نووسین بە تەواوی ڕویداوە، و گەیوەتە دوایین خاڵی تەواوبوون، کەواتە لە کوردیدا کرداری ڕابوردوو نیشانەکراوە، لە کاتێکدا لە (٢)دا ڕووداوی نامەنوسین لە تێنسی ڕابوردووی پرۆگرێسفدایە، بۆیە قسەکەر لەویٚ بەجێیمان دێلێت، دواتر ئێمەش زانیاری تەواومان نیە سەبارەت بەوەی کە دەبێت کردەوەی نوسین تەواو بووبێت یان نا. دەشێت بارودۆخی نوسین بەشێکیشی بکەوێتە دوای کاتی قسەکردنەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکەی ترەوە، لە (١)دا تێڕوانینی پێرفێکتیڤیتی جەخت لەسەر سەرەتا و کۆتایی کردەوەکە دەکاتەوە و هیچ گرنگییەك بە ناوەرۆك نادات، واتە قسەکەر لەدەرەوە سەیری ڕووداوەکە دەکات. لە (٢) قسەکەر لە گۆشەنیگای ئیمپێرفێکتیڤیتیەوە کردەوەکە بۆ ئێمە دەگوازێتەوە، بۆیە جەخت لەسەر خاڵێك دەکاتەوە کە نە سەرەتایە و نە کۆتایی، واتە بەشێکی غەیری ئەو دوو خاڵە پیشاندەدات، لەوەش زیاتر ئێمە هەر لەو خاڵە بەجێدێڵێت بەبیٚ ئەوەی پێمان بڵێت کە دەبێت کردەوەکە گەیشتبێتە کۆتایی یان نا، لە هەردوو ڕستەکەدا مەسافەی گۆشەنیگا ئەو خاڵەی قسەکەر جەختی لەسەر دەکاتەوە زانیاری بنیاتدەنێت سەبارەت بە ڕووداوی گونجاو بۆ ئەو کەسەی ڕستەکە وەردەگرێت. ئەو دوو لایەنە دوو پێکهێنەری سیستێمی ئەسپێکتی پێکدەهێنن.

ا– ڕانەبوردوو ئازاد نامە دەنووسێت.

ب– ڕابوردوو کە باپیر چوو (ئازاد نامەی دەنووسی)

خاڵی (ا) دەکەوێتە مەودای ڕانەبوردوەوە، خاڵی (ب)، دەکەوێتە مەودای کاتی ڕابوردووەوە و ئەو خاڵەیە کە تیایدا "ئازاد نامەکەی دەنووسی"، ڕوویداوە، لە هەمان کاتدا ڕووداوێکیتر کە بریتییە لە "چوونی باپیر" کە ڕوودانەکەی دەکەوێتە ناوەڕاستی بارودۆخی نامە نوسینەکەی ئازادەوە، ئەوە ئەوەمان پێدەڵێت کە لە یەکەمدا قسەکەر لە گۆشەنیگای ئیمپێرفێکتیڤیتی و لە دووەمدا پێرفێکتیڤیتیەوە سەرنج لەبارودۆخەکان دەدات.

٣– باپیر نامەی دەنوسی. بەپەلە

٤–باپیر لە نامەنوسیندا بوو. بەپەلە

ڕستەکانی ٣ و ٤ لایەنێکی تر لە سیستێمی ئەسپێکتی پیشاندەدەن، کە جیاوازە لە ١ و ٢ ی سەرەوە، بۆ نموونە، ٣ چالاکی و ٤ بارووودۆخ پیشاندەدەن، کەواتە ٣ و ٤ جۆری بارووودۆخ پیشاندەدەن بە دوو تایبەتمەندی کاتی جیاوازەوە. بارودۆخە چالاکییەکان داینامیکن و بارووودۆخیەکان states بە

نۆرەی خۆیان تایبەتمەندیی داینامیکی ون دەکەن. کارەچالاکییەکان وەك داینامیکی و بارووداوخییەکان وەك ستاتیڤ مامەڵە دەکرێن.

### 3.2.2 کات[٤٨]:

کات بەشێك نیە لە ڕەگی کردار، لەدوو لاوە لە کات دەڕوانرێت، یەکەم، فۆڕمی کردار و ئاوەڵکردارەکانی کات لە کاتی دیاریکراو پەیوەست بە کاتی قسەکردنەوە دادەنێن، و کات ئەو ماوەیەیە کە دواتر لەو بارودۆخەوە هەڵیدێنجین، کە تێنس(واتە فۆرم) باسی لێوەدەکات. واتە دوو جۆر کات لە زماندا هەن، ئەوانیش: کاتی ڕێزمانی (تێنس) و کاتی سروشتین. سەبارەت بە کاتی ڕێزمانی(تێنس)، ئەم جۆرە کاتە ڕوودانی کردارێك بەپێی فۆرمە مۆرفۆلۆجییەکان لە ڕێگەی کەرەستە سینتاکسییە تایبەتەکانەوە دیاریدەکرێت و دەستنیشانی کاتەکانی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو دەکرێت و جیادەکرێنەوە، واتە تێنس کردارەکان بۆ دوو جۆر پۆلێندەکات: یەکەم ڕابوردوو و دووەم ڕانەبوردوو. کاتی سروشتی، ئەمەش کاتی ڕوودانی کارێکە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا لە ڕێگەی واتا و مەبەستەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت. کات بارودۆخەکان بۆ سێ جۆر پۆلێندەکات، کە بەهۆی کردارەکانەوە باسدەکرێن بەپێی ئەوەی ئایا ئەوانە لە چ کاتێکدا ڕوودەدەن: بۆ نموونە، لە ڕابوردوو، لە کاتی ئێستا، یان لەکاتی داهاتوودا، تێنس پشت بە کات دەبەستێن نەك بەپێچەوانەوە، کات بیرە ئەو ماوەیە و کاتەیە کە ڕووداو و کردەوەکان لەسەری ڕودەدەن، لەکاتێکدا تێنس فۆڕمە و ناوەڕۆکی کات لەخۆدەگرێت. لە ئێستا و داهاتوودا چ ڕوودەدات، یان لە ڕابوردوودا چی ڕوویداوە. هەموو ئەوانە ئاماژەن بۆ کات، کات ئاماژەیە، بۆ ماوەیەکی بێکۆتایی و قەت کۆتایی نایەت، ئەوە کاتە هەر کاتە و نەگۆڕە، پەیوەست بەکاتی قسەکردنەوە هاوکات، دوێنێ و بەیانی دروستدەبێت، تێنسەکان دوو بەشن:

جیاوازیی سەرەکی لە نێوان ئەو دووانەدا ئەوەیە کە "کات" بە پێچەوانەی تێنسەوە بنیاتی ڕێزمانی نییە، ناوەکییە و لە سیمانتیکدا بەدەستدێت، لەکاتێکدا تێنس بنیاتی ڕێزمانی هەیە و خوێندنەوەی دەرەکی بۆدەکرێت، کەواتە، ئەوە فۆڕمە پێماندەڵێت کە فۆڕمی ژێر لێکۆڵینەوە کام لەو سێ تێنسانەیە کە وەك بناغە و فاکتەری دانانی کات لە ماوەدا پەیوەست بەکاتی قسەکردنەوە دەبینرێت. کەواتە ئەوە ئامێرێکی زمانیی گرنگە و پەیوەندیی کاتی دەردەبڕێت، بەو پێیە، لە زۆربادا تێنس واتاش دەگرێتەوە واتە هەندێك جار هاوتایە بە کات، ئەوە بە پێی زمان دەگۆڕدرێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا هەموو جارەکان هاوتانییە، واتە ناچنەسەر یەك، ئەو بۆچوونە زمانی کوردیش

---

[٤٨] مەحمود فەتحوڵا ( ٢٠١٥)

دەگرێتەوە، چونکە تێنسەکان تەنها ئەوەمان پیشاننادەن کەی کردەوە یان ڕووداوەکە ڕوودەدات، بەڵکو هەروەها پێمان دەڵێن کە کردەوەکە تەواوبووە یان نا. واتە کاتی پێویستی هەر کردەوەیەك، بۆ نموونە،

ئازاد چی دەکەیت؟ باپیر خانوو دروستدەکەم. "دروستکردن– کاتی ڕابوردوو، ڕانەبوردووی هەیە "

ئازاد چی دەکەیت؟ باپیر دەرگاکەم بۆیە کرد. "بۆیەکردن – ڕابودووی سادە تەنها کاتی ڕابوردوو لەخۆ دەگرێت"

- تێنس کاتەگۆرییەکە کە کاتی ئاماژەکردن دیاریدەکات، و ئاسایی بەهۆی فۆڕمی کارێکی دیارکراوەوە ڕووندەکرێتەوە، بەتایبەت لە نموونەی یەککگرتنەکەیاندا، و زۆر جاریش لە بنیاتی سیمانتیکی فۆڕمی تێنسەکەوە زانیارییەك بەدەستدەهێنین. تێنس هەر زمانە و خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی، لە هەندێك زماندا ڕابوردوو نا–ڕابوردوو و لە هەندێکیتریان بەتەواوی هەموو تێنسەکان هەن و تێنسی ئەبەدیش هەیە. بۆ نموونە زمانی چینی. کە بەتەواوی تێنسی نییە، و لەبەرانبەردا زمان هەیە جیاوازی تێنسی بە تەواوی هەیە. دوور پێچەوانەی ڕابوردووی نزیك، یان نزیك پێچەوانەی داهاتووی دوور.

- لە هەندێك دەقدا، بە دڵنیاییەوە، واتای تێنسەکان هەندێك جار ئاماژەدەکات بۆ خاڵێك لە ڕابوردوو یان لە داهاتوو کە لە گفتووگۆکەدا جەختی لەسەردەکرێتەوە، ئەوە پێیدەگوترێت جێگیرکراو و ئەو خاڵەی قسەی لەبارەوە دەکرێت، پێیدەگوترێت تێنسی پەیوەست یان ڕێژەیی کە بەرانبەر بە کاتی تەواو دەوەستێتەوە، تێنس. بۆ نمونە، ڕابوردوو – لە – ڕابوردوو، یان داهاتوو–لە–ڕابوردوودا.

●دەربڕینەکانی تێنس بەزۆری لە نزیکەوە پەیوەندییان هەیە بە دەربڕینەکانی کاتەگۆری ئەسپێکتەوە، فۆڕمێکی دیارکراو دوو خوێندنەوە وەردەگرێت، ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی لەباری سەرنجی کام لەوانە لێکیدەدەیتەوە، بۆیە وەك تێکەڵاوبوون لە نێوان تێنس و ئەسپێکتدا سەیردەکرێت. جگەلەوە فۆڕمی تێنسەکان لێکدانەوەی موودیش وەردەگرن. ئەوە دەکرێت پێکەوە پێیان بگوترێت سیستێمی هاوبەش لە نێوان تێنس–ئەسپێکت–موود TAM. لەلایەکی ترەوە نیشانەکان لە هەر زمانێکدا بۆ نموونە کوردی و ئینگلیزی لە موود، ئەسپێکت و تێنسدا هاوبەشن، بۆ نموونە، با نیشانەی "دە–" وەربگرین، کە لە باری سەرنجی ئەسپێکتەوە ئەوە نیشانەیە بۆ ئیمپێرفێکتیڤ، واتە لەگەڵ هەرفۆڕمێکدا ڕوویدات ئەوە نیشانەی وایە کە بارودۆخەکە بەردەوامە و

نەگەیوەتە کۆتایی، و نەوەستاوە، ئەوە جگەلەوەی کە تێکەڵاوییەك دروستدەکات لەنێوان فۆڕمی ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیڤیتی و ئەسپێکتی پرۆگرێسڤ لە ڕابوردوودا، کە دووبارە بۆ گەیشتن بە هەقیقەتی ئەوەی کە ئەو فۆڕمە کام لەو دوانەیە، دەبێت یەکەم دەق و دووەم بزانین لەسەر کام لە ڕەگ یان قەد ڕوویداوە.

لە کاتێکدا ، سەبارەت بە لایەنی لێکچوون و جیاوازیی لە نێوان "تێنس، موود، ئەسپێکت" سەیری فۆڕم دەکرێت، بەڵام لەگەڵ "کات"دا دەبینین کە هاوبەشە بۆ هەموان، ئەوە وەك خوێی چێشتە، چونکە ئەوە لێکدانەوەی ناوەڕۆکی بۆ هەردانەیەك لەو سێ کوچکەیە لەخۆدەگرێت، لە ڕێزمانی ئەورووپی نەریتیدا(باو) تێنس فۆڕمی کاتە و نەك تەنها بارودۆخ لەکاتدا دەردەبڕێت بەڵکو هەروەها تایبەتمەندی زیادەی بارودۆخ یان کردەوە و زانیاری سەبارەت بە ئەسپێکت و مودالیش دەردەبڕێت. بۆ نموونە با باس لە ئەسپێکتی پێرفێکتی بکەین، ئەوە دوو شتمان پێدەڵێت، یەکەم زانیاریەك کە قسەکەر لەدەرەوە سەیری بارودۆخەکە دەکات و هەمووشی وەك دانەیەکی تەواو سەیردەکات و دووەمیش پێمان دەڵێت ئەوە لە کاتێکدا ڕوویداوە کە دەکەوێتە پێش کاتی قسەکردنەوە. کاتەگۆری موود بەکاردەهێنرێت تا مەرجێتی دەرببڕێت، کە ئەو تایبەتمەندییانە دەگرێتەوە، بۆ نموونە، دڵنیایی، نادڵنیایی

## 3.2.2.1 نیشانەکانی تێنس:

(لە گۆشەنیگای تێنسەوە) بریتین لە نیشانەی /دە–/ کە هاوبەشی لە دروستەی فۆڕمی کرداری ڕانەبوردوو و ڕابوردووی پرۆگرێسڤدا دەکات، و نیشانەکانی /–وو، –ت، –ا، –د، –ی/، وەك نیشانەی ڕابوردوو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەو جۆرە دەبینرێت هەر یەك لەو نیشانانە دوو خوێندنەوە، واتە ئەرك بەجێدەگەیەنن، نیشانەی ئەسپێکت لە فۆرمی کردارەکەوە وەردەگیرێت و لەگەڵ نیشانەکانی تێنس دەچنەسەر یەك. مۆرفێمەکانی تێنس بەشێکن لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی دروستەی فرێزی کرداری، کە هەمیشە بەشداری لە داڕشتەی دروستەی ناوەوەی کرداردا دەکات، "هەرکردارێکیش تەنها یەك کات لە خۆ دەگرێت" (ئەبوبەکر عومەر/ د.مهاباد کامیل: ٢٠١٣ : ٤٢) "کات، وەکو دیارخەرێکی ڕەگی کردار بەشداری لە داڕشتنی پەیوەندییەکی مۆرفۆسینتاکسی دەکات"( بازیان یونس: ٢٠١٣ : ١٨٧)، هەرکە باس لە تێنس کرا، پێویستە دوو جۆر کات لە زماندا دیاریبکرێت، (بڕوانە، کات: 3.2.2) ئەوانیش کاتی ڕێزمانی(تێنس) و کاتی سروشتین. جێکەوتەی کات و کەس لەدروستەی کرداری زمانی کوردیدا دیاریکراوە. بەگشتی دوو کات بۆ فۆرمی کردار جیاکراوەتەوە)، لە زمانی

کوردیدا دوو جۆر ڕەگی کردار ناسێنراوە، ئەوانش ڕەگی کرداری ڕابوردوو و ڕەگی کرداری ڕانەبوردووە. ڕەگی کردار دیاریکردنی جۆری بارودۆخی ئاڵۆزە، واتە هەڵگری واتای بارودۆخە، وەك بەرهەمهێنەری داینەمۆی جوڵان و گیانبەبەراکردنی دەربڕینەکان و هەڵگری ئەرکی سەرەکی باسکردنی دەوروبەوە.:

١- فۆرمی کاتی ڕابوردوو:

لەم جۆرەی کاتدا ئاماژە بۆ ڕوودانی کارێك دەکرێت، کە پێش قسەکردن ڕوویداوە. کەرەستەکانی داڕشتەی کات و کەس کە لە زماندا بە INFL ناودەبرێت ، وەك لاگر، مۆرفێمی دروستکەری کردارن. نیشانە و فۆرمی مۆرفێمەکانی کاتی ڕابوردووی بکەر دیار بریتین لە /د، ت، و، ی، ا/[٤٩]. فۆرمی کاتی ڕابوردووی نادیاریش بریتییە لە /-ا/.(بڕوانە، مۆرفۆسینتاکسی بکەر دیار بۆ بکەر نادیار: 3.2.4 ) قاڵبی داڕشتنی کاتی ڕابوردووی بکەر دیار بریتییە لە :

ڕەگ + نیشانەی کات + کەس (جێناوی لکاو/ کلیتیکی بکەری)

ا- من <u>گرتم</u>.
ب- ئەو <u>هات∅</u>.

٢- فۆرمی کاتی ڕانەبوردوو:

لەم جۆرەی کاتدا ئاماژە بۆ ڕوودانی کردارێك دەکات، کە دوای قسەکردن دەشێت ڕووبدات، واتە لەکاتی ئاخاوتندا هێشتا ڕووداوەکە دەستی پێنەکردووە. هەندێك لە زمانەوانەکانیش پێیان وایە کەوا فۆرمی کاتی ڕانەبوردوو لە ناو ڕەگدا تەواوەتەوە لە هەستی قسەکەردایە ، فۆرمی مۆرفێمی کاتی کرداری ڕانەبوردووی نادیار /-ێ/. بۆ زانیاری بکەرنادیار(بڕوانە، مۆرفۆسینتاکسی بکەر دیار بۆ بکەر نادیار: 3.2.4 )

[٤٩] فۆنێمەکانی ( د، ت، و، ی، ا) ئەرکیان لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا شێوەی جیاجیای فۆنێمن، ئەگەر گچکەترین جووت وەربگرین، واتای وشە دەگۆڕن، بەڵام ئەم فۆنێمانە ئەرکیان لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا ئەوەیە کە وەك مۆرفێمی کاتی ڕابوردوو خۆیان دەنوێنن، بەتایبەتی بەلابردنی (-ن)ی چاوگ، ڕەگی کاتی ڕابوردوو بەدەستدەخرێت.

**قاڵبی دارشتنی کاتی ڕانەبوردووی بکەر دیار بریتییە لە:**

**موود/ + ڕەگ+ کەس(جێناوی لکاو/ کلیتیکی بکەری).**

**ا–من دەڕۆم.**

**ب–ئێمە دەچین.**

**هەروەها دەشێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، مۆرفۆفۆنۆلۆژی چەمکی کاتی ئێستا[٥٠] وەك بەشێك لە کرداری ڕانەبوردوو لە زمانی کوردیدا دیاریکراوە، کاتی ڕوودانی کردارەکە دیاریدەکرێت قسەکەر خەریکی ئەنجامدانی کردارەکەیە لە هەمان کاتدا. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە بەشێکی زۆری ئەو چاوگانەی کە /ت/ ین گۆڕانی فۆنۆلۆجیی بە سەریاندا دێت، کاتێك کاتی فۆرمی ڕانەبوردوو بەسەریاندا جێبەجێدەکەین، دوا فۆنیمی ڕەگەکە لە کپەوە بۆ گڕ(دەنگدار) دەگۆڕێت یان لە ناودەچێت. واتە هەندێك لە کردارە /ت/ یەکان دوو گۆڕانی دەنگی بە سەریاندا دێت، یەکەمیان بەهۆی دەنگداری و کپییەوە کە "دوا فۆنیمی ڕەگەکە لە کپەوە بۆ گڕ(دەنگدار) دەگۆڕێت، دووەمیان بزوێنی(ڤاول) /ا/ دەگۆڕێت بۆ /ێ/ کە هەندێ زمانەوان پێیان وایە ئەم /ێ/ کە بزوێنی /ا/یە گۆڕاوە /ێ/ مۆرفێمی کاتی داهاتووە" (بڕوانە یارا قادر:٢٠١٣: ٢٠٧). بۆ نموونە:**

**ا– چەشتن ← دەیچێژێت.**

**ب– دارشتن← دایدەڕێژم.**

**پ–پاراستن←دەپارێزم.**

**ت–ناشتن← دەنێژم.**

[٥٠] چەمکی کاتی ئێستا :

مۆرفۆفۆنۆلۆجیی /ە/ نزیکترین کاتی ئاخاوتنە، لە زمانی کوردیدا، لە ڕستەی هەواڵی بۆ کەسی سێیەمی تاك دەردەکەوێت، چونکە جێناوی لکاو لە ڕابوردووی تێنەپەڕ بۆ کەسی سێیەمی تاك سفرە و دەرناکەوێت، بەڵام جێناوی لکاو لە کەسەکانی تردا دەردەکەوێت، بۆیە مۆرفۆفۆنۆلۆجیی /ە/ لە دارشتەی ڕستەکاندا جگە لە کەسی سێیەم دەرناوکەوێت. بۆنموونە.

| | |
|---|---|
| من خوێندکارم. | ئێمە خوێندکارین. |
| تۆ خوێندکاریت. | ئێوە خوێندکارن. |
| ئەو خوێندکارە | ئەوان خوێندکارن. |

### 3.2.3 ڕێژەی کردار **mood**:

پۆلە ڕەگەزێکی ڕێزمانی کردارەکانە، ئاماژەدەرە بە کۆمەڵێك واتای سیمانتیکی و سینتاکسی، لەڕووی سینتاکسییەوە بەهۆی فۆرمی شکاوەی کردارەکان، یان بە بەکارهێنانی یاریدەدەرەکان بەرجەستەدەکرێن. پەیوەندی کردار بەڕاستیی و مەبەستی قسەکەرەوە پەسندەکات. ئەمەش بریتییە لە هەستی قسەکەر بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی کە لە دەورووبەریدا ڕوودەدەن. " موود حاڵەتێکی تایبەتە لە دەربڕینی کاردا وەك ناونیشانێك بۆ ڕێکخستن –دارشتن– ی فۆرمی مەبەست و پەیوەندیدار، دەربڕاوەکان وەسفێکی فراوان لە خۆ دەگرن لەڕێی تیۆرەکانی ئەرکی قسەوە"(ئەبوبەکر عومەر:٢٠٠٣: ٦٧). موود بە شێوەی گشتی دەکرێن بە سێ بەشەوە، هەواڵی indicative مەرجی، subjunctive، و فەرمانی imperative–، و لە کوردیدا وەك ئینگلیزی پێڕەوی مۆدالی کردارەکان بەخۆوە وەردەرگرن. وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

ا–هەواڵی(دڵنیایی).

ڕێژەی هەواڵی لە سێ بەش پێکدێت.

١– ڕێژەی ڕابوردوو:

ڕێژەی ڕابوردوو بەپێی ماوەی دەستپێکردن و کۆتایهاتنی کاتی ڕوودانی کردارەکان، لە چوار جۆر پێکدێت:

١– ڕابوردووی نزیك

لەم جۆرەدا ڕەگی ڕابوردوو لەگەڵ مۆرفێمی کاتی ڕابوردوو/ ا، ت، د، و،ی/ لەگەڵ جێناوی لکاودا، ئەسپێکت بەشداری لە داڕشتەی ئەم جۆرە کردارەدا ناکات.

ا–ڕەگی ڕابوردوو+ مۆرفێمی کاتی ڕابوردوو+ جێناوی لکاو← ڕابوردووی نزیکی تێپەر

گرتن / گر+ ت+ت← گرتت/ گردت

ب–ڕەگی ڕابوردوو+ مۆرفێمی کاتی ڕابوردوو+ جێناوی لکاو ← ڕابوردووی نزیکی تێنەپەر

هاتن / ها + ت+ $\varnothing$ ←هات.

٢– ڕابوردووی تەواو

لەم جۆرەدا ڕەگی ڕابوردوو لەگەڵ مۆرفێمی کاتی ڕابوردوو( ا ـ ت، د، و،ی) لەگەڵ جێناوی لکاودا، ئەسپێکت بەشداری لە داڕشتەی ئەم جۆرە کردارەدا دەکات.

ا–ڕەگی ڕابوردوو+ مۆرفێمی کاتی ڕابوردوو + ئەسپێکت + جێناوی لکاو← ڕابوردووی تەواوی تێپەڕ

خوێندن/ خوێن+ د+وو+ مان+ە← خوێندوومانە.

ب–ڕەگی ڕابوردوو+ مۆرفێمی کاتی ڕابوردوو + ئەسپێکت + جێناوی لکاو← ڕابوردووی تەواوی تێنەپەڕ

خەوتن/ خەو+ ت+ وو+ ن← خەوتوونە.

پەیدابوونی دەنگی /ت/ لە فۆنۆلۆجیدا ڕۆڵ و ئەرکی ناوبڕ دەبینێت، بەتایبەتی لەنێوان دوو دەنگی ڤاوڵدا، کاتێك مۆرفێمی دووبارەکردنەوە /ەوە/ بۆ کردارەکە زیاد دەکەین.

هات+ووە+ت+ەوە← هاتووەتەوە./ هاتۆتەوە

خوارد+ووە+ت+ەوە← خواردووەتەوە./ خواردۆتەوە

٣– ڕابوردووی بەردەوام

لەم جۆرەدا ڕەگی ڕابوردوو لەگەڵ مۆرفێمی کاتی ڕابوردوو( ا ـ ت، د، و،ی) لەگەڵ جێناوی لکاودا، ئەسپێکت بەشداری لە داڕشتەی ئەم جۆرە کردارەدا دەکات.

ا–ئەسپێکت+ جێناوی لکاو+ڕەگی ڕابوردوو+مۆرفێمی کاتی ڕابوردوو ← ڕابوردووی بەردەوامی تێپەر

خواردن/ دە+ت+خوارد

ب– ئەسپێکت+ڕەگی ڕابوردوو+ مۆرفێمی کاتی ڕابوردوو + جێناوی لکاو← ڕابوردووی بەردەوامی تێنەپەڕ

کەوتن/ دە+ کەو+ت+ین← دەکەوتین

٤– ڕابوردووی دوور :

لەم جۆرەدا ڕەگی ڕابوردوو لەگەڵ مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو( ــ ت، د، و،ی) لەگەڵ جێناوی لکاودا، ئەسپێکت بەشداری لە داڕشتەی ئەم جۆرە کردارەدا ناکات.

ا–ڕەگی ڕابوردوو+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو +مۆرفیمی(بوو)+ جێناوی لکاو← ڕابوردووی دووری تێپەڕ
کوشتن/ کوش+ت+بوو+ت← کوشتبووت

ب–ڕەگی ڕابوردوو+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو +مۆرفیمی(بوو)+ جێناوی لکاو← ڕابوردووی دووری تێنەپەڕ
هاتن/ ها+ ت + بوو+ین← هاتبووین

٢– ڕێژەی ڕانەبوردوو
ئەسپێکت+ ڕەگی ڕانەبوردوو+ جێناوی لکاو← کاتی ڕانەبوردوو
دە+خۆ+م←دەخۆم.
دە+چ+م←دەچم.

ب–دانانی(ئیلزامی) : لە حاڵەتی ئەرێیدا، مۆرفیمە نیشانەییەکانی ئەم ڕووکارە بۆ کرداری ڕابودوو /ب...ا/. ڕانەبوردوو بە مۆرفۆفۆنۆلۆژی /ب/ دەنوێنرێن، بەڵام لە حاڵەتی نەرێیدا بە کەرەستەی مۆرفۆسینتاکسی /نە/ دەنوێنرێن.
أ– ڕابوردووی ڕووت: خۆزگە دزەکە گرتبا.
ب– ڕابوردووی تەواو:خۆزگە دزەکەت گرتبێت.(گرتبێ) (بڕوانە: هێرش کەریم: ٢٠١٥: ٨٢)
پ–ڕابوردووی دوور: خۆزگە دزەکەت گرتبووبا.
ت– ڕانەبودوو: خۆزگە وانەکە بخوێنم.
ج– ڕانەبوردوو نەرێ:خۆزگە نانەکە نەخۆم.

پ–داخوازی، لە حاڵەتی ئەرێیدا بە مۆرفۆفۆنۆلۆژی /ب/ دەنوێنرێن، ڕستەکە دەبێتە داخوازی و کەسی قسەکەر بە چەمکی فەرماندان داوا لە کەسی دووەم (تاك، کۆ)دەکات، کردارێك جێبەجێ بکات، یان کردارێك جێبەجێ نەکات. بەیارمەتی جێناوە لکاوەکانی کەسی دووەمی تاك و کۆ

/ە، ن/. لە حاڵەتی نەرێیدا بـە /مـە/ بەدەسـتدەخرێت. بـەڵام ئەگـەر کردارەکـە داڕێـژراو و یـان لێکدراو بوو دەکرێت بەسەرپشکی مۆرفێمی /ب/ لابدرێت.

(ب –)+ ڕەگی کردار +نوسەك(ە، ن)

أ– دزەکە بگرە.

ب– دزەکە مەگرن.

ت– سەربکەوە ← سەرکەوە.

### 3.2.4 مۆرفۆسینتاکسی بکەر دیار بۆ بکەر نادیار:

دەتوانرێت ڕستەی بکەر دیار بگۆڕدرێت بۆ بۆ ڕستەی بکەر نادیار. بەمەش ڕستەی بکەر دیار دەکرێتـە بکەر نادیار لە هێز یان پلەی توانای کردار کەم دەبێتەوە. لەکاتی گۆڕینی ڕستەیەك لـە بکـەر دیـارەوە بۆ بکەر نادیار:

١–بکەری ڕستەکە لادەبرێت و بەرکار جێگەی بکەرەکە دەگرێتەوە.

٢– لە کۆتایی ڕەگی کـرداری نادیاریـدا، نیشـانە و مـۆرفێمی /–ر/ زیـاد دەکرێـت. لەگـەڵ ئەمانەشـدا ئەسـپێکتەکانی مـاوەی ڕوودانـی کـردار و نیشـانەکان و ڕێـژەی کردارەکـان بەشـداردەبن لـە داڕشـتەی کردارەکەدا و ڕۆڵی خۆیان دەبێت. لـەم پرۆسـەیەدا مۆرفێمـەکانی نادیـاری لـە داڕشـتەی کـردارە بکـەر نادیارەکاندا دەردەکەون و ڕۆڵی لاوازکردنی توانای کردارەکان دەبینن.

٣– ڕەگـی ڕانـەبوردووی کردارەکـە وەردەگیرێـت، فـۆرمی کـاتی نادیـاریش بـەپێی کـاتی کردارەکـە دەگۆڕدرێت، "دروستکردنی کاری ڕابردووی بکەر نادیار مۆرفێمی /ا/ و بۆ کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار مۆرفێمی /ێ/ بەنیشانەی نادیاریەوە دەلکێن( بڕوانە: فەریدون عبدول : ١٩٨٨: ٦٤) بۆ نموونە، فۆرمی مۆرفێمی کاتی ڕابوردووی نادیار نیشانەی /–ا/ ، "فرێدانی مۆرفێمەکانی کاتی ڕابـوردووی بکـەر دیـار، بە مەبەستی زاڵبوونی چەشنی نادیارییـە بەسـەر دیـاردا، لـە هـەمان کاتـدا بـە مەبەسـتی نـەهاتنی دوو مۆرفێمی کاتی ڕابوردووە لە پێکهاتەیەکدا. واتە فرێدانی کەرەسەی نا پێویست، ئابووریکردنە لە وزە و ماوەدا" (ئەبو بەکر عومەر: ٢٠٠٣: ٦٢).

٤–ئەگەر کاتی کردارەکە ڕابـوردوو بێـت، ئـەوا جێنـاوە لکاوەکـانی کۆمەڵـەی یەکـەم (م، مـان...) لـە ئەرکی بکەر دەبێت و بەرکاریش کۆمەڵەی دووەم دەبێت ( م، یـن...) دەبێـت. کـە ڕسـتەکە دەکرێتـە نادیار بکەری ڕستەکە لادەبرێت.

ئەوان ئەویان گرت. ← گرتیان$\emptyset$ ← گیرا$\emptyset$.

٥- ئەگەر کاتی کردارەکە ڕانەبوردوو بێت، ئەوا جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم (م، ین...) لە ئەرکی بکەردا دەبن. بەرکاریش لە کۆمەڵەی یەکەم (م، مان...)دەبێت. کە ڕستەکە دەکرێتە بکەر نادیار بەرکار لە کۆمەڵەی یەکەمەوە دەگۆڕدرێت بۆ کۆمەڵەی دووەم (بڕوانە: وریا عومەر: ٢٠١٣: ٨-٩)

٦- جێکەوتەی جێناوە لکاوەکان لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسی نادیاریدا: لە کرداری ڕابوردووی تێپەڕدا، جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم A(م-مان...) بە پێشگرەوە دەلکێت ئەگەر کردارەکە پێشگری هەبوو، کۆمەڵەی دووەمیش B (م-ین...) هەمیشە وەك پاشگر بە ڕەگی کردارەوە دەلکیٚ(بڕوانە: وریا عومەر: ٢٠١٣: ٧).

ا-دروستەی ڕستەی نادیاری:

| تێنس | دروستەی ڕستەیبکەر دیار | دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی | بکەر نادیار لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا | پەیدابوونی دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ڕابوردوو | ئێمە تۆمان نارد. | ناردمانیت. | نێررایت. | نێردرایت. |
| ڕانەبوردوو | تۆ ئەوان دەخوازیت. | دەیانخوازیت. | دەخوازرێن. | دەخوازدرێن |

خشتەی ژمارە(٤)

ب-دروستەی ڕستەی نادیاری پێشناوی:

| تێنس | دروستەی ڕستەی بکەر دیار | دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی | نادیاری لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا |
|---|---|---|---|
| ڕابوردوو | تۆ ئەوانت بۆ ئێمە[٥١] نارد. | بۆت ناردنین. | بۆمان نێرران |
| ڕانەبوردوو | ئێمە ئەو بۆ ئێوە دەنێرین. | بۆتانی دەنێرێین. | بۆتان دەنێررێت[٥٢]. |

خشتەی ژمارە(٥)

[٥١] لە بکەر نادیاردا، ئەگەر فۆرمی کردارەکە ڕابوردوو بێت، بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە جێناو دەربڕابێت لە کۆمەڵەی دووەمەوە (B)(م، ین...) دەگۆڕدرێت بۆ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەمA(م، مان...) (بروانە وریا عومەر:٢٠١٣: ٩).

[٥٢] بە جێبەجێکردنی یاسای فۆنۆلۆجیی بوونی دوو ڤاوڵی /ێ/ کاتی ڕانەبوردووی نادیاری و /ێت/ جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك /ێ/ تیادەچێت. بۆ زانیاری زیاتر (بڕوانە: وریا عومەر: ٢٠١٣: ١٥ )

ئەو کردارانەی کە ڕەگی کردارەکەی بە دەنگەکانی/ ڕ، ر/ کۆتاییان هاتبێت، لەکاتی کردنیان بە بکەر نادیار، مۆرفێمی /ر/ ی بکەر نادیار تیادەچێت. لەم بارەوە، عەبدوڵا حوسێن(٢٠١٥: ٢٨٤) دەڵێت "دەشێ ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی سوانی مۆرفێمی (ر) بکەر نادیار پەیدابوبێ" ئەمەش دیاردەیەکی فۆنۆلۆجی زمانی کوردییە لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسی بکەر نادیاردا. ئەوەی جێی سەرنجە ئەو کردارانە لە کاتی کردنیان بە بکەر نادیار، قسەکەری هەندێك ناوچە دەنگی /د/ دەخاتە نێوان ڕەگی کردارەکە و مۆرفێمی /ر/ی بکەر نادیارەوە، ئەمەش لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا بە دیاردەی پەیدابوونی دەنگ دادەنرێت، چونکە هاوسێیەتی ئەو دوو دەنگە قورسن بەلای ئاخێوەرەوە. بۆ نموونە:

گۆڕ+ ر+ ا ← سەردەمەکە گۆڕا. ← سەردەمەکە گۆڕدرا.

بڕا + ر+ ا ← مووچەکە بڕا.← مووچەکە بڕدرا.

ژمێر+ ر+ ا ← پارەکە ژمێرا.← پارەکە ژمێردرا.

هەر سەبارەت بە دیاردە و یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسی بکەر نادیاردا ئەو کردارانەی کە کۆتایی ڕەگەکانیان بە دەنگی ڤاوڵ بێت، بە کردنیان بە بکەر نادیار گۆڕانێکی فۆنۆلۆجیی ڕوودەدات، بۆ نموونە:

بردن← بە+ را← نانەکە برا.

خواردن ← خۆ+ رێ← نانەکە دەخورێ.

### 3.2.5 مۆرفۆسینتاکسییەکانی نەکردن:

مۆرفۆسینتاکسییەکانی نەکردن دووبارە دەچێتە سەر کردارەکە و پێچەوانەی سروشتی کردارەکە خۆی پیشان دەدات. ناکردن کردەیەکی زمانەوانیە، کە جگە لە ئەرکی سەرەکی کە جێبەجێنەکردن و بەرپەرچدانەوەی بەشێکی ڕستە یان هەمو ڕستەکەیە "(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول : ١٩٩١ : ٧)، "ئەم کردەیە، لە دروستەی ڕستەدا بەهۆی ئەسپێکتەکانی مۆرفێمی نەرێوە بەپێی کات و ڕێژەی کردارەکان دەنوێنرێن و هەمیشە دەچنە پێش ڕەگی کردارەوە"( ئومێد بەرزان:٢٠١٣ : ٢٤٣). مۆرفێمەکانی فۆرمی نەرێکردن بریتین لە/نا ، نی ، نە ، مە /بۆ ئەم بۆچوونەش دوو ڕای جیاواز هەن.

بیروبۆچوونی یەکەم: هەندێك لە زمانەوانە کوردەکان لەو باوەڕدان نوسەکی نەکردن لە زمانی کوردیدا تەنیا لە /ن، م/ پێکدێت ئەو دەنگانەی لەگەڵیدا دێن /نە، نا، نی[٥٣]، مە/ زیاتر ئەرکی کاتەکان ئەگرنە ئەستۆ یان هەندێك لایەنی فۆنۆلۆژی دەگرێتەوە.
بۆچوونی دووەم: پێیان وایە کە مۆرفێمەکانی نەکردن پێکدێت لە /نە، نا، نی، مە/ هۆکاری فۆنۆلۆجی ڕۆڵی نییە لە گۆڕانی فۆرمەکانی نەکردن. لە زمانی کوردیدا مۆرفێمەکانی نەرێکردن لەگەڵ ڕێژەی کردارەکاندا دێن وەك ئەم خشتەی خوارەوە:

| ڕێژەی کردار | هەواڵی ڕابوردوو | هەواڵی ڕانەبوردوو | دانانی ڕابوردوو | دانانی ڕانەبوردوو | داخوازی |
|---|---|---|---|---|---|
| نانەکەم خوارد | نانەکەم نەخوارد | نانەکە ناخۆم | نەخواردبا/ | نەخۆم | نانەکە مەخۆ |
| مۆرفێمەکانی ناکردن | نە | نا | نە | نە | مە |

**خشتەی ژمارە (٦)**

## 3.2.6 مۆرفێمەکانی تێپەڕاندن:

هێزی کار بریتییە لە تێپەڕ و تێنەپەر، لەڕستەی کردار تێپەڕدا بەلایەنی کەمەوە دوو جێکەوتە لە پێشەوە دێن( بکەرو بەرکار) ، هاوکات لە ڕستەی کردار تێنەپەردا تەنیا یەك جێکەوتە لە پێشەوە دێت ، کە ئەویش بکەرە ." دەتوانرێت هەندێك لە ڕستەی کردار تێنەپەرەکان بۆ ڕستەی کردار تێپەر بگۆڕدرێن ، کە بەهۆی مۆرفێمی/ –اندن/ ەوە ئەنجام ئەدرێت"( ئومێد بەرزان:٢٠١٣ : ٢٤٤). هەندێك لێکۆڵەری کورد، وەك (د.ئەبوبەکر عمر:٢٠٠٣: ١٧٩) وای دادەنێت "کە تەنها /–ان/ ڕۆڵی تێپەراندن دەبینێت" ،چونکە /ن/ی کۆتایی نیشانەی چاوگە و /د/ نیشانەی کاتە. لە رابوردوودا مۆرفێمی /ان/ بۆ کردارەکە بۆ ڕانەبوردووش /ێن/ زیاددەکەین. ئەمەش " بەکردەیەکی فۆنۆلۆجی ئەژماردەکرێت" (فەریدون عبدول محەمەد/ ئەبوبەکر عمر: ٢٠١٠: ١٤٥)

ڕووخێ + /–اندن/ ⟵ من خانۆکەم دەڕووخاند.
من خانۆکە دەڕووخێنم ⟵دەیرووخێنم.

---

[٥٣] ئەم فۆرمەی ناکردن بۆ کاتی ئێستا بەکاردێت لە کرداری /هەبوو، بوو/ دا دەدەکەوێت:
کتێبەکە هی منە⟵ کتبەکە هی من نییە.

بارِه +/– اندن/ ⟵ مەرِەکە باراندی.

مەرِەکە دەبارِێنێت⟵ دەبارِێنێت.

## 3.3 یاسا و دیاردە فۆنۆلۆجییەکان:

یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا لە ئەنجامی هاوسێبوون و لێکدانی فۆنێمەکان دروست دەبن. چەندین گۆرانکاری جیاواز بەسەر مۆرفێمەکانی زمانەکەدا دەهێنن "نواندن و خستنەرووی یاسا فۆنۆلۆجییەکان تەنها پەیوەندی و تێکچرژانی هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی (مۆرفۆفۆنۆلۆجی ) ناگرێتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە ئاستەکانی فەرهەنگسازی و وشەسازی و رستەسازییەوە"(ئومێد بەرزان :٢٠١٥: ٩٠). ئەمانەی لای خوارەوەش هەندێکن لە دیاردە فۆنۆلۆجییەکان :

### 3.3.1 پەیدابوونی دەنگ

یەکێکە لە دیاردە فۆنۆلۆجیەکانی زمانی کوردی مەبەست لەم یاسایە پەیدابوونی فۆنێمێکی تازەیە " لەئەنجامی کۆبوونەوەی هەندێ دەنگ کە ناتوانرێ لەگەڵ یەکدا بێن ڕوودەدات، ئەو دەنگە نوێیەش کە دێتە نێوانیانەوە دەبێتە هۆی کارلەیەکدی کردنی دەنگەکان، پەیدابوونی دەنگێکی نوێ لە نێوان دوو دەنگدا، لەبەرئەوەیە هێشووە کۆنسۆنانت و هێشووە بزوێن[٥٤] (ڤاوڵ) لە وشەیەکدا دروست نەبێ"(دولبەر ئیبراهیم : ٢٠٠٠: ٨٢)، هەروەها سەبارەت بە پەیدابوونی دەنگ، محەمەد مەعروف(١٩٩٠ : ١١٦) دەڵێت "هەندێ جار لە ئەنجامی کۆبوونەوەی ڕیشەی وشەیەك و پاشگرێك، دەنگێکی نوێ دێتەکایەوە بۆ جیاکردنەوەی بزوێنەکان(ڤاوڵەکان). زۆربەی جار دەنگێ پێشبینی

[٥٤] ئەو بۆچوونە لە دروستبوونی هێشوە کۆنسۆنانتەکان لە زمانی کوردیدا ڕاست دەرناچێت، بەڵکو دەکرێت بگوترێت هێشووە کۆنسۆنانتەکانی فراوانتر کردووە، بۆ نموونە:

- گۆرِا ⟵ گۆرِدرا،
- خوێنرا⟵ خوێندرا

بەڵام ئەو بۆچوونە دەربارەی هێشوە ڤاوڵەکان ڕاستە، لە فۆنۆتاکتیی زمانی کوردیدا هەرگیز ڕێگە نادرێت هێشووە ڤاوڵ دروست بێت، چونکە هەر بڕگەیەك لە زمانی کوردیدا یەك ڤاوڵی تێدایە و ناوکی برگەکەش پێکدەهێنێت، بۆ نموونە:

- خوێن + (–را) +(–وە) +(– ەوە) ⟵ خوێنراوەتەوە.
- هات+(–وە)+(– ەوە)⟵ هاتۆتەوە.

دەکرێ(هۆیەکی فۆنەتیکی دەدۆزرێتەوە بۆ لێکدانەوەی) بەڵام جاری واش هەیە هۆیەکی فۆنەتیکی وامان نییە دیاردەکەمان بۆ لێکداتەوە".

هۆکارەکانی پەیدابوونی دەنگ لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا لە کۆبونەوەی هەندێك دەنگ لە وشەیەکدا، ناکرێت بەیەکەوە بێن، بۆیە دەنگێکی نوێ دێتە ئاراوە و دەکەوێتە نێوان ئەو دوو دەنگەوە کە بەیەکەوە ناگونجێن. لە زمانی کوردیدا دوو جۆر دەنگ پەیدادەبێت ئەوانیش:

١-پەیدابوونی دەنگی کۆنسۆنانت.
٢- پەیدابوونی دەنگی ڤاوڵ.

١- پەیدابوونی دەنگی کۆنسۆنانت: لە فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی ئێستادا، هەرگیز ناکرێت دوو دەنگی ڤاوڵ بخرێنە پاڵ یەکدی. بۆنموونە، کاتێك کە مۆرفێمی نەناسراوی /- ێك،- ەك/ بخرێنە سەر ئەو وشانەی کە کۆتاییان هاتووە بە ڤاوڵەکانی / ا، ێ، ی/، ئەوا نیمچە ڤاوڵی /ی-y/ لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت. لە ئەنجامدا دەنگێکی نوێ لە وشەکەدا پەیدا دەبێت، بەمەبەستی ئاسان دەبڕینی وشەکە. بۆنموونە:

دێ+ /-ێك/← دێیەك
دەرگا+/-ێك/← دەرگایەك
ماسی+/-ێك/← ماسییەك

ئەمەش هەندێك دیاردەی پەیدابوونی دەنگە لە داڕشتنی مۆرفۆسینتاکسدا، بەهۆی ئەوەی دوو دەنگی ڤاوڵ لە زمانی کوردیدا ناتوانرێت بەیەکەوە بێن.

١- لە ڕێژەی کرداری داخوازیدا بۆ کەسی دووەمی تاك دەنگی / ر/ پەیدا دەبێت، کاتێك مۆرفێمی (-ەوە) زیاد بکەین.

ا- ببە+(-ەوە)← ببەرەوە.
ب- بخۆ+(-ەوە)← بخۆرەوە.

٢- له هەندێك حاڵەتی دروستەی ڕستەی تـەواو کـە بـە جێنـاوی سـەربەخۆ نـوێنرابن لەڕسـتەیەکی وەك (کتێبەکە بە من بـدە.)کاتێك دەیکـەین بـە ڕسـتەیەکی مۆرفۆسینتاکسـی ئـەوە پێشـناوی (بـە) دەگۆڕدرێـت بـۆ /یٚ/ وە لـەم بارەشـدا دەنگـی /ر/ لـە نێـوان ڤـاوڵی /ە/ی (بـدە)و /یٚ/ پێشناویدا دێتە ئاراوە. بۆ نموونە،

ا-کتێبەکە بە من بدە.

ب- کتێبەکەم بدە+ یٚ.

پ- کتێبەکەم بدەریٚ.

ت- کتێبەکەم بەریٚ.

٣- پەیدابوونی دەنگی /ت/ لەگەڵ کـرداری ڕابـوردووی تـەواو کاتێـك پاشـگری /-ەوە/ی بـۆ زیـاد بکەین.

هاتووە+(-ەوە)← هاتووەتەوە

خواردووە+(-ەوە)← خواردووەتەوە

٤- پەیدابوونی دەنگی /ت/ لەکاتی گۆڕینی پێشناوی/بە/ بۆ /ە/ لەگەڵ کرداری ڕابوردووی تەواو.

کتێبەکەم داوە بە ئەو← داومەتە ئەو.← داومەتیٚ

گەیشتووە بە ئامانج ← گەیشتووەتە ئامانج.

٢-پەیدابوونی مۆرفێمی بانگکردن، دەنگی ڤاوڵ لە زمانی کوردیدا تەنها لە چەند حاڵـەتێکی کەمـدا دەبینرێـت ئـەویش بـە شـێوەیەکی زۆر سسـتە.(بروانە دوڵبـەر ئیـبراهیم:٢٠٠٠: ٨٨)، بـۆ نموونـە شـــێوازەکانی بـــانگکردنی نێـــر و مـــێ، دیاردەیـــەکی مۆرفۆفۆنۆلـــۆجین لـــە داڕشـــتنی مۆرفۆسینتاکسدا(بڕوانە، مۆرفێمەکانی بانگکردن: 3.1.1.1.5)

خاڵ← خاڵۆ

کچ ← کچیٚ

## 3.3.2 توانەوەی دەنگ Elision

یاسایەکی فۆنۆلۆژی زمانی کوردیە، کە بریتییە لە توانەوەی فۆنێمێك، یان زیاتر لە یەك وشە یان لە یەك مۆرفێمدا، بەمەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین، ئەم جۆرە گۆڕانەش کە بەسەر وشە یاخود مۆرفێمەکاندا دێن، لە ئەنجامی هەڵکەوت و کەوتنیان لە سنوری جیاوازدا دێنەکایەوە، کە لە هەندێك حاڵەتدا، شێوە و قاڵبی جیاواز وەردەگرن، بەبێ ئەوەی لە ئەرك و واتایان کەم بێتەوە. لە بارەی توانەوەی دەنگەکان لەزمانی کوردیدا، محەمەد مەعروف(٢٠١١ :١٢٠) دەڵێت

"هەندێ جار دەنگی پێشەوەی وشە لەناودەچێ (وەك، ئەشەل← شەل) هەندێ جار دەنگی ناوەڕاست و (وەك تواندنەوە و کوژاندنەوە ← توانەوە و کوژانەوە)، بەڵام جاری واش هەیە دەنگی پێشەوەو دواوە لە هەمان کاتدا (وەك موحەمەد ← حەمە)، بەڵام لە کوردیدا لەناوچونی دەنگی دواوە دیاردەیەکی تەواو بڵاوە و بەتایبەتی لە زاری سلێمانیدا دەردەکەوێ (کاك←کا، دەست ← دەس، شێخ ← شێ ...)".

هەروەها لە بارەی توانەوەی دەنگەکان لەکۆتایی وشەدا (موحەمەد هەورامانی) دەڵێت " قرتاندنی ئەو دەنگانەی کە لە کۆتایی وشەوەن، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمانەکە، واتا لە زمانی کوردیدا باوە، کە دوا دەنگی وشە ئەگەر دوو دەنگی کەم دەنگەکان بێ دەنگی (نابێ) گۆ ناکرێ وە بەتایبەتی هەردوو دەنگی کەم دەنگ، لەدوای وشەوە، کەوتنە شوێن یەکەوە، وە وەختی واش هەیە دەنگ قوت ئەدرێ ئەگەر لەگەڵ ئەوەی دواوەی دژبن بەیەکتری لە دروستبوون و دەرچون دا (دور بن لە یەکترەوە)". ئەوەشی پەیوەست بێت بە تیاچوونی دەنگ لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا ئەمان:

١- توانەوەی سەرپشکی مۆرفێمی /ب/کرداری داخوازی (فەرمان) دەبینرێت، ئەگەر کردارەکە داڕێژراو یان لێکدراو بوو.

هەڵبگرە← هەڵگرە.
سەربکەون← سەرکەون.

٢-ئەو کردارانەی کۆتایی ڕەگەکەیان بە دەنگی /ە/ بێت، لە باری کرداری ڕانەبوردووی ڕێژەی هەواڵی و دانانیدا بۆکەسی سێیەمی تاك ئەو دەنگە تیا دەچێت. بۆ نموونە،

مۆرفیٚمی (ده) ڕانەبوردوو+ ڕەگی کردار +(–ات)

بردن / ده+به+(–ات)← دەبات

خستن/ ده + خه+ (–ات←دەخات

٣–توانەوەی دەنگی ئەو کردارانەی کۆتایی ڕەگەکەیان بە دەنگی /ە/ ، لە ڕێژەی کرداری داخوازیدا لە کاتی زیادکردنی جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك /ە/.

مۆرفیٚمی /ب/ داخوازی + ڕەگی کردار + جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك /ە/

بردن / ب + به + /ە/جێناو← ببە

خستن / ب + خه+ /ە/جێناو← بخە

٤– دەنگی /ت/ لە کۆتایی فۆرمی جێناوی لکاودا بۆ کەسی دووەم و سێیەمی تاك (یت، ات/ێت) تووشی کورتکردنەوە دەبێت.

دەخۆیت← دەخۆی

دەخوات← دەخوا

دەچیت← دەچی

دەچێت← دەچێ

٥–توانەوەی دەنگی /ك/ لە مۆرفیٚمی نەناسراوی (ێك)

پیاوێك ← پیاوێ

خوێندێك← خوێندکارێ

٦– هەندێك جار لە خستنەپاڵیەکدی دوو دەنگی ڤاوڵ یەکێکیان لە ناو دەچێت.بۆ نموونە:

بخۆ+(–ەوە) ← بخۆوە

بکە+ (–ەوە)← بکەوە

٧ – هەروەها دوو دەنگی کۆنسۆنانتی وەك یەك یان نزیك یەك بخرێنە پاڵ یەکتری، لە زۆر باردا یەکێکیان لە ناودەچێت.[٥٥]

چاك+کردن← چاکردن

بڵند+/–تر/←بڵنتر

توانەوەی فۆنێمەکان لە ئەنجامی کاریگەریی نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی بەسەر ئاستی فۆنۆلۆژی دا دەبێت، بەتایبەتی لەکاتی خستنەسەری مۆرفیمەکانی هەڵگواستن و شکاندنەوە، ئەبێت ئەوەش لەیاد نەکرێت، کەوا هەندێك جار توانەوەی فۆنێمەکانی مۆرفیمەکان سەربەخۆ ڕوودەدەن، ئەمەش دەکرێت هۆکارەکەی ئەوە بێت، کە تیۆری ئیکۆنۆمیکردن لە زماندا، کە بەمەبەستی ئاسانکارییە لە گۆکردندا ڕۆڵی سەرەکی خۆی دەبینێت. ئەوەشی پەیوەست بێت بە کاری ئەم توێژینەوەیەوە ئەوەیە کە سوانی فۆنێمەکانە بە پێی یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان کەوا لە ئەنجامی خستنەپاڵ یەکتری و تێکەڵبوون و هەماهەنگی لە نێوان هەردوو ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆجی دا سوانی دەنگەکان ڕوودەدەن.

### 3.3.3 جێگۆڕکێی دەنگەکان Metathesis:

وشەی (**metathesis**) لە یۆنانیەوە وەرگیراوە (**meta**) بە واتایی(گۆڕین) وە (**thesis**) بەواتایی (شوێن/جێ )، کەواتە زاراوەی (**metathesis** –جێگۆڕکێ) دەگەیەنێت. ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا بریتییە لە "دوو دەنگ یان دوو بڕگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە هەندێ جار وشەکە بۆ هەردوو شێوەکەی لە یەك زاردا دەبینرێن، هەندێ جاریش هەر شێوەی لە زارێکدا دەردەکەوێ و بەکاردێ "(محەمەد مەعروف: ١٩٩٠: ١١٨)، یان یاسای جێگۆڕکێی دەنگ ئەوەیە، کەوا هەندێك فۆنێم لە سنوری وشەیەکدا پاش و پێش دەکەن و لە شوێنی یەکتر بەکاردەهێنرێن، بێ ئەوەی کار لە واتای وشەکە بکات و بیگۆڕێت، هەروەها هەندێك لە زمانەوانەکان لەو بڕوایەدان کە یەکێك لە هۆکارەکانی دیاردەی جێگۆڕکێی لە زماندا دەگەڕێتەوە بوونی چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگا هۆکارەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

---

[٥٥] هەندێك جار دوو فۆنێمی کۆنسۆنانتی وەك یەك لە وشەیەکدا دەچنە پاڵیەکدی بێئەوەی هیچیان لە ناو بچن، هەردووکیان وەك خۆیان دەنوسرێنەوە. بۆ نموونە : (کەللە، زللە، میللەت).

١- جێگۆڕکێی دەنگ لە نێوان یەك دیالێکتدا:
کتێبەکەی بەمن دا. ← پێی دام./ دای پێم. پێمی دا.
بڕیارەکە بەئێمە گەیشت ← پێمان گەیشت/ گەیشت پێمان.
ڕوانین← نواڕین

٢- جێگۆڕکێی دەنگ لە نێوان دوو دیالێکتدا:
تەرزە ← تەزرە
بەفر← بەرف
جنێو← جوێن

٣-جێگۆڕکێی دەنگ بەهۆکاری ئاستی ڕۆشنبیری:
جومعە← جوعمە
ڕوبع← ڕوعب.
مەکتەب← مەتکەب
دای مەزراندین ← دای مەرزاندین
هەڵی پەساردن← هەڵی سەپاردن
زڕاندنی ← ڕزاندنی

٤-هۆکاری فۆنۆلۆژی
لە فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیدا فۆنێمەکانی / ۆ/ بەدوای فۆنێمی /ی/ دا نایەت، بۆیە هەندێك لە ئاخێوەرانی زمانی کوردی، ئەو وشە بێگانانەی کە[یۆ ] یان تێدایە و دێنە ناو زمانەکەمانەوە، جێگۆڕکێیان پێدەکات، بڕوانە (محەمەدی مەحویی: ٢٠٠٨: ١٧٠) و (دولبەر ئیبراهیم:٢٠٠٠: ١١٢) بۆ نمونە،
یۆنان← وێنان
ملیۆن← ملوێن
یوسف← ویسف
ڕادیۆ← ڕادوێ

## 3.3.4 لێکچوونی دەنگ( Assimilation):

بریتییە لە گۆڕانی دەنگێك بۆ ئەوەی لە دەنگی هاوسێی بچێت، بەو واتایەی کەوا "کاریگەریی دەنگە دراوسێکان لە وشە و ڕستەدا، بۆ ویست و ئارەزووی هاودەنگی و وتن و یەکخستنی خەسڵەت و تا دەگاتە بەرجەستەکردنی دەنگ، یاخود کەمکردنەوەی و هەروەها ئاسانکردن و سفت بوونی توانستی ئاخێوەر"(دولبەر ئیبراهیم : ٢٠٠٠: ٥٢) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆکردنی دەنگەکان ئاسان دەبن لەکاتی دەربڕیندا. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەندامەکانی ئاخاوتن و ڕێکخستن و گونجانی جوڵانەوەی ماسولکەکان لە کاتی گۆکردنی دەنگەکاندا، ئەم کردارەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی لێکچوون لەناو دەنگە هاوسێکاندا. بوونی ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا بەمەبەستی ئەوە دێتەکایەوە کە کەمترین وزە بەکاربهێنرێت، لە گۆکردنی دەنگەکاندا، چونکە ئەم دیاردەیە کاتێك ڕوودەدات، "کە دوو دەنگی جیاواز لە یەکتر نزیك دەبنەوە"(محەمەد مەعروف: ٢٠١٠: ٤٦ ) هەندێك جار هەردوو دەنگەکە بە تەواوی وەك یەکیان لێدێت، بە زۆری ئەم حاڵەتە لە شێوە زاری سلێمانیدا دەبینرێت. یاسای لێکچوونی دەنگ دەکرێتە دوو بەشەوە:

### 3.3.4.1 لێکچوونی تەواو

لەم جۆرە لێکچووندنەدا فۆنێمێك بە تەواوی دەگۆڕدرێت و وەك ئەوەی هاوسێی لێدێت، بەو واتایەی " فۆنێمی کارتێکراو دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بە فۆنێمی کارتێکەر بچێت" (هەژار قادر: ٢٠١٣: ٢٢١). ئەمەش لێکچوونی دەنگ بە کاریگەریی کۆنسۆنانت لەسەر کۆنسۆنانت دەگرێتەوە، هەندێك لێکۆلەر بە هارمۆنی تەواو complete harmony ناوی دەبات. (بڕوانە: ناهیدە ڕەحمان: ٢٠١٣: ١٢٥). وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

١- لە وشەی ناسادەدا، ئەگەر بەشی یەکەمی وشەکە بە دەنگەکانی / ز، ت، ڵ، م، ر .../ کۆتاییان هاتبێت، کاتێك فۆنێمی /د/ دەخەینە سەریان، ئەوا دەنگی یەکەمی بەشی دووەمی وشەکە وەك دەنگی کۆتایی بەشی یەکەمی وشەکەی لێدێت.

ساز + (–دان)⟵ساززان

دڵت +(دێ) ⟵ درت تێ(هەولێر)

گوڵ+(–دان) ⟵ گوڵڵان

بم + دەرێ⟵ بم مەرێ

٢– هەندێك جار فۆنێمی /ب/ كە بە دوای فۆنێمی /م/ دا دێت، فۆنێمی /ب/ دەگۆڕدرێت بۆ /م/

ڕێم بدە ←ڕێم مە

شەمبە← شەممە

لێم بدە← لێم مە

٣– فۆنێمی /د/ كاتێك لە پاش یان پێش فۆنێمی /ت/ وە دێت، دیسان توشی هەمان گۆڕان دەبێت.

أ – دەنگی /د/ لە پاش دەنگی /ت/.

مات + (–دان)←ماددان

خەت+ (–دار) ← خەددار

ب– فۆنێمی /د/پێش فۆنێمی /ت/

برد + (–تان) ← برتتان

كرد + (–تان)← كرتتان

شایانی باسە كەوا لە خاڵی یەكەم و دووەمدا دەنگی پێشەوە كاریگەریی لە سەر دەنگی دوای خۆی هەبووە، كە بە لێكچوونی پێشەوە progressive assimilation ناودەبرێت، لە خاڵی سێیەمدا دەنگی دواوە كاریگەریی لە سەر دەنگی پێشەوە هەبووە، كە بە regressive assimilation ناودەبرێت.

### 3.3.4.2 لێكچوونی ناتەواو

لەم جۆرەیاسایەدا فۆنێمەكە بە تەواوی ناگۆڕێت بۆ ئەو فۆنێمەی هاوسێی، "بەڵكو سیمایەك لە سیماكانی فۆنێم گۆڕانی بەسەردا دێت"(هەژار قادر:٢٠١٣: ٢٢٢) ئەم دیاردەیەش چەند جۆرێك لە خۆ دەگرێت:

#### 3.3.4.2.1 یاسای لێكچوون لە ڕووی [+دەنگداری]ەوە

ئەمەش لەڕێگەی نیشانەی جیاكەرەوەی دەنگەكان، لێكچواندنە ناتەواوەكە دەخرێتەڕوو، جیاوازییەكەش تەنها لەوەدا بەدی دەكرێت، كە كپەكەی وشەكە دەگۆڕدرێت بۆ دەنگێكی دەنگدار،

بەزۆریش لە کرداردا ئەم حاڵەتە ڕوودەدات، کە فۆرمی کردارەکە لە ڕابوردووەوە بکرێت بە ڕانەبوردوو، ئەمەش ئەو فۆنێمانە دەگرێتەوە کە هەمبەریان هەن، سەری زمان بەرەو جێکەوتەی بەرجەستەکردنی پوکیی گیراو بەرزدەکرێتەوە. "هۆی گۆڕانی دەنگی کپ بۆ دەنگدار بۆ ئەوەیە لەگەڵ دەنگێکی تردا لە نیشانەی دەنگداریدا بگونجێت" (محمد علی :١٩٩٠: ٢٢٠) ، (بڕوانە، بەشی یەکەم: نیشانەی جیاکەرەوەی فۆنێمەکان: 1.1.7.1) بۆ نموونە فۆنێمەکانی/س، ز/،/ش، ژ/،/ د، ت/... بۆ نموونە:

ا–کوشتم← دەکوژم. گۆڕانی /ش بۆ ژ /.

/ش/ [+ خشۆك]،[– دەنگدار]،[+ ڕەقە مەلاشوویی]

/ژ/ [+ خشۆك]،[+ دەنگدار]،[ + ڕەقە مەلاشوویی]

ب– بۆت دێنم ← بۆد دێنم. گۆڕانی /ت بۆ د/

/ت/ [+ گیراو]،[– دەنگدار]،[+ دانیی]

/د/ [+ گیراو]،[+ دەنگدار]،[+ دانیی]

پ–گەستی← دەگەزێت. گۆڕانی/س بۆ ز/

/س/ [+ خشۆك]،[– دەنگدار]،[+ دانیی]

/ز/ [+ خشۆك]،[+ دەنگدار]،[+ دانیی]

لە نمونەکانی سەرەوەدا دەکرێت یاساکەی بەم جۆرەبن [+دەنگدار] + [–دەنگدار← ] [ +دەنگدار] + [+دەنگدار]

### 3.3.4.2.2 یاسای لێکچوون لە ڕووی[ – دەنگداری] ەوە

ئەم جۆرە لێکچوونە لە زمانی کوردیدا، لە ئەنجامی کارتێکردنی دەنگێکی [ – دەنگدار ]یەوە بە سەر دەنگە [ +دەنگداری] ەکەوە، ئەمەش بەو واتایەی "ئەگەر لە دوای دەنگێکی گڕەوە(دەنگدار) دەنگێکی کپ بێت، ئەوسا دەنگە کپەکە کاردەکاتە سەر دەنگە گڕەکەی(دەنگدار) بەردەمی و خۆی و وەکوخۆی دەیکاتە دەنگێکی کپ" (ڕۆکان عەبدولڵا: ٢٠١٥: ٤٦) ، بۆ نمونە:

کرد+(–تان) ← کرتتان[٥٦].

---

[٥٦] – بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

١– ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٦).

٢– دولبەر ئیبراهیم:٢٠٠٠: ٥٧– ٥٩).

چێژتن← چێشتن.

نوێژ + تان← نوێشتان کرد.

لە نمونـەکانی سـەرەوەدا دەکرێت یاساکەی بـەم جـۆرەبن [+دەنگدار] + [−دەنگدار] ← [−دەنگدار] + [−دەنگدار]

### 3.3.4.2.3یاسای لێکچوون لەڕووی قورسبوونەوە

ئەمەش بریتییە لە گۆڕانی دەنگە سووکەکان بۆ دەنگێکی قورس، لەم بارەوە، غـانم قـدوری(٢٠٠٢: ٢٢١) لـە ڕۆکـان عەبـدوڵا(٢٠١٥: ٤٧)ەوە دەڵێـت " قەڵـەوبوونی دەنـگ سـیفەتێکی دەنگییـە لـە ئەنجامی بەرزبوونەوەی کۆتایی زمان و گەڕانەوەی بۆ دیواری پشتەوەی قـوڕگ دێتـە ئـاراوە". بـۆ نموونە، دەنگی /ت/ لە دوای دەنگی ڤاوڵی /ا ، ۆ/ وە بێت قورس گۆ دەکرێت، ئەمەش لە ئەنجامی نزیکبوونەوەی بەشی دواوەی زمان بەرەو مەلاشووی نەرم. بۆنموونە،

ت+ ا/ ۆ ← [ت] قورس

−تاڵ

−تۆز

### 3.3.4.2.4یاسای لێکچوون لە ڕووی سازگەوە

ئەم جۆرە لێکچوونە بریتییە لە "کارتێکردنی فۆنێمێك لـە فـۆنێمێکی تـر، لـە چوارچـێوەیەکدا، کـە سـازگەی دەنگـە کارتێکراوەکـە دەگۆڕێـت، بـۆ ئـەوەی لـە ڕووی سـازگەوە تـەواو لەگـەڵ دەنگـە کارتێکەرەکە بگونجێت" (هەژار قادر: ٢٠١٣: ٢٢٤) هۆیەکی تری گۆڕانی دەنگی /ن/ بـۆ دەنگـی /م/ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی " دەربڕینی دەنگی /ن/ بە /م/ کە لچولێوییە و بۆدەربڕین بە بەراورد بە /ن/ ئاسانترە، وزەی کەمتری دەوێت"(ناهیدە ڕەحمان : ٢٠١٣: ١٢٥) بۆ نموونە،

بەرانبەر← بەرامبەر /ن/ [ + لووتیی]،[ + دەنگدار]،[ + دانیی و پووکیی]

عەنبەر←عەمبەر /م/ [ + لووتیی]،[ + دەنگدار]،[ + لچولێوییی]

مینبەر← میمبەر

---

٣− هەژار قادر: ٢٠١٣.

هەروەها "پێشخستن و دواخستنی دەنگ لە هەمان سازگەدا، بەکارتێکرنی دەنگێکی تر وەك پێشخستنی سازگەی دەنگی/ك، گ/ کاتێك دەکەونە پێش دەنگی /ی، یٚ/ وەك وشەکانی (کیٚ ، کیسەڵ، گێسك، گیر)، یان دواخستنی سازگەی دەنگی /ك/ کاتێك دەکەوێتە پێش دەنگی / و ، وو، ۆ/ وەك وشەکانی (کورد، کوور)"( ڕۆکان عەبدوڵاّ: ٢٠١٥: ٤٨) .

### 3.3.4.5 یاسای لێکچوون لەڕووی لێوخڕکردنەوە

ئەم جۆرە ئەو دەنگانە دەگرێتەوە، خۆیان لەکاتی گۆکردندا سیفەتی لێو خڕکرنەوەیان لەگەڵدا نییە، بەڵام کە دەبنە هاوسێبوونی ئەو دەنگانەی، کە نیشانەی لێوخڕنەوەی لەگەڵدایە، گۆکردنی ئەمانیش دەگۆڕێت بۆ لێوخڕکرنەوە، بۆ ئەوەی بگۆنجێن. بەتایبەت ئەگەر دەنگە گۆڕاوەکە پێش دەنگەکانی [ و ، وو ، ۆ ] بکەوێت.

کوور، دوور

بۆر ، زۆر

کورد، کوڕ

### 3.3.5 لێکنەچوون (دوورکەوتنەوە)ی دەنگ

ئەمەش دیاردەیەکی تری فۆنۆلۆژی زمانی کوردییە، لەم یاسایەدا ئەوە دەخرێتەڕوو کەوا " دوو دەنگی لەیەکچوو دوور ئەکەونەوە لە یەکتری بەوەی یەکێکیان واز لە تایبەتی خۆی دەهێنێ بۆسەر لێ تێك نەدان"(محەمەد مەعروف:٢٠١٠: ٤٦) بەو واتایەی ئەو دەنگانە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ یەکتردا نایەن، بۆیە لە ئەنجامی هاوسێیەتی و خستنەپاڵ یەکدی ئەو دەنگانە دەنگێکیان دەگۆڕدرێت.

یاسای لێکنەچوونی دەنگ "گۆڕینی فۆنێمێك بە فۆنێمێکی ترە لە ئەنجامی کەوتنەپاڵ یەکی دوو فۆنێمی هاوجووت یان هاوشێوە"(بازیان یونس: ٢٠١٣: ١١٧) یەکێکیان دەگۆڕدرێت بۆ دەنگێکی تر بەمەبەستی ئاسانی گۆکردنی وشەکە، بۆ نموونە:

پاش+ شەو ←پارشێو

پاش+ سەنگ←پارسەنگ

بەهۆی لێکدانی ئەم دوو بەشەی مۆرفێمەکانەوە ئەو گۆڕانکارییانە بەسەر وشە تازەکەدا دێت، کە خۆی لە ژێر یاسای دوورکەوتنەوەی دەنگدا دەبینێتەوە، هەر لەبارەی ئەم یاسایەوە، محەمەد مەعروف(١٩٩٠: ١١٧) دەڵێت:"هەندێ جار دوو دەنگی وەك یەك کە دەچنە سەر یەك یەکێکیان دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر بۆ ئاسانی" گۆکردنی دەنگەکان و کەمکردنەوەی وزە. هەروەها لە زمانی کوردیدا فۆنێمەکانی / ر ، ڵ/ لە سەرەتای وشەدا نایەن، هەروەها فۆنێمەکانی /ل ،ڵ / بە هیچ جۆرێك لەگەڵ هەدوو فۆنێمی /ڕ ، ر / بەیەکەوە بەکارناهێنرێن.

### 3.3.6 تێکەڵبوون

ئەمەش دیاردەیەکی تری فۆنۆلۆجی زمانی کوردییە، "تێکەڵبوونی دوو مۆرفێمە کە لە ئەنجامدا گۆڕانێکی دەنگی بەسەر یەکێکیاندا بێت، ئەو گۆڕانەش گۆڕینی دەنگێکە بە دەنگێکی نزیکی خۆی ( وەك گڕی(دەنگداری) و کپی دوو دەنگی هاوشێوە و شوێن) یان توانەوەی دەنگێکە یان هەردووکیانە (هەندێ پاشگری ناسادە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پێشبەندی (دە، بە، لە، وە، ڕە ) لەگەڵ ژمارەی (یێك، یەك) پەیدابوون"(بازیان یونس: ٢٠١٣: ١٠٧). بۆ نموونە.

(بە–)+ یێك+ هاتن← پێکهاتن

(لە–) +یێك+ دان←لێکدان

توانەوە و گۆڕانی ئەم دەنگانە بەهۆی لێکدانی مۆرفێمی ئازاد و بەندەوە دەبێت. دەکرێت ئەوەش بخرێتەڕوو کەوا ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە یەکگرتنی مۆرفێمەکاندا ڕوودەدەن دەگەڕێنەوە بۆ کار لە یەکتر کردنی هەردوو ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆجی کەوا لە چالاکی سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسدا خۆیان نواندووە. بۆ نموونە، ڕەگی ئەو کردارانەی کە کۆتاییان /ۆ/ یە، لە کاتی زیادکرنی مۆرفێمی/–ات/ ی کەسی سێیەمی تاك / ۆ/ دەگۆڕێت بۆ / و،W/. ( ۆ+ا← و).

دە+خۆ+(–ات)←دەخوات

دە+ ڕۆ+(–ات)← دەڕوات

### 3.3.7 دەنگە گۆڕکێ:

یاسای دەنگە گۆڕکێ لە زمانی کوردیدا، ئەوەیە کەوا دوو دەنگی جیاواز لە سنووری مۆرفێم و وشەدا جێگەی یەکتر بگرنەوە ، لێرەدا دەنگی وشەیەك دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی تر،"بێ ئەوەی ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە، یان دوو فۆرم یان زیاتر دەبینیرێ بە هەمان واتا، هەندێ جار هەردوو فۆرمی وشەکە لە یەك زاردا هەن، جاری واش هەیە هەر فۆرمەی لە زارێکی تایبەتدا بەکاردەهێنرێ"،(محەمەد مەعروف : ١٩٩٠: ١١٧) بەو واتایەی کە دەنگە گۆڕکێ[٥٧]، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی وەچە دیالێکتێك، یان چەند دیالێکتێك لە زمانی کوردیدا.

١- دەنگە گۆڕکێ لە ناو یەك دیالێکتدا:

لە شێوەی سلێمانیدا نیشانەی (دە)کاتی ڕانەبووردوو و ڕابووردووی بەردەوام دەبێت بە (ئە) (بڕوانە دولبەر ئیبراهیم(٢٠٠٠: ٨٩)

ا- دەڕۆم ← ئەڕۆم

ب- دەیان برد ← ئەیان برد.

پ-بادەم←بایەم

ماڵ (سلێمانی)← مار(هەولێر)

٢- دەنگە گۆڕکێ لە نێوان دوو دیالێکتدا:

- ئاو ← ئاڤ

- چاو ← چاڤ

- دوور← دویر

دەنگە گۆڕکێ لە زمانی کوردیدا زۆر بڵاوە، لەم شێوانەی خوارەوەدا دەبینرێت: (بڕوانە دولبەر ئیبراهیم: ٢٠٠٠: ٨٩)

---

[٥٧] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە

١- دولبەر ئیبراهیم (٢٠٠٠: ٨٩-١٠٥).

٢- بازیان یونس (٢٠١٣: ١١٣-١١٦).

١–گۆڕینی کۆنسۆنانت بەکۆنسۆنانت.
ا– دەشۆم ← ئەشۆم.
ب– لەسەرمادا ← لەسەرمایا.

٢– گۆڕینی ڤاوڵ بە ڤاوڵ.(بڕوانە مۆرفیمەکانی کات: 3.2.2)
ا–ڕژاندم / ڕشاندم ← دەڕژێنم
ب–پاڵاوتن← دەپاڵێوم

٣–گۆڕینی ڤاوڵ بە دیفتۆنگ.
ا–خێ ← خوێ
ب–خێن← خوێن

### 3.3.8 تەبایی

ئەم دیاردە فۆنۆلۆجییە لە ئەنجامی لێکدانی دوو فۆنێمی جیاواز، فۆنێمێکی تری نوێ لە سنوری وشەیەکدا دروستدەبێت، واتە تیاچوونی دوو فۆنێمی تەنیشت یەك دەگرێتەوە بۆ دارشتنی فۆنێمکی تازە، ئەو فۆنێمەی درووستبووە جیاوازە لە دوو فۆنێمە لەناوچووەکە. بەشێوەیەکی تر "دوو دەنگ دەچنە سەریەك بەتایبەتی لە کۆتایی وشەدا و دەنگێکی جیاواز دەهێننە کایەوە کە ناچێتەوە سەر هیچ کامیان"( محەمەد مەعروف:١٩٩٠ : ١١٧)، بۆ نموونە، ئەم جۆرە دیاردە فۆنۆلۆجییە لە کەرەستەی مۆرفۆسینتاکسییەکانی مۆرفیمی دیاریکردندا بەدی دەکرێت.

ا–خانوو +(–ەکە) ← خانۆکە.
ب–شایی + (–ەکە )←شایێکە.
پ–لادێ+(–ەکە)← لادێیەکە
دەکرێت ئەوەش بڵێین: هەندێك جار ئەم دیاردەیە لەسەرەتای وشەدا ڕوودەدات، بۆ نموونە، کۆبوونەوەی هەردوو دەنگی /ی، ە/ دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ/ێ/، دەنگی [ب]ی دەنگدار (گڕ) دەگۆڕێت بۆ [پ]ی کپ. بۆ نموونە، ( بڕوانە هەژار قادر:٢٠١٣: ٢١٩).

–بەیەکەوە ←پێکەوە.

هەروەها سەبارەت بەم یاسایە، بۆ ڕێگرتن لە پێکەوەهاتنی دوو ڤاولّ پێویستە دەنگێکی کۆنسۆنانت لە نێوان دوو ڤاولەکە دروستبێت، یان دەبێت یەکێك لەو دوو دەنگە ڤاولّە تیابچێت، ئەوەشی تیادەچێت دەنگە ڤاولە کورتەکەیە. لەم بارەوە، محەمەد مەعروف(١٩٩٠: ١١٧) دەڵێت " کاتێك دەنگێکی درێژی ڤاولّ دەکەوێتە پالّ دەنگێکی کورتی ڤاولّ، دەنگە کورتەکە لەناو دەچێت و دەنگە درێژەکە دەمێنێتەوە و هەردووکیان دەنوێنێ". بۆ نموونە:

-ئێوارە+(-ان)⟵ ئێواران.

-لەلادێ+(-ەوە)⟵ لە لادێوە

یاسای تەبایی لە کاتی زیادکردنی پاشگری (-ەوە) دەردەکەویت. بۆ نموونە،

هات+(-ەوە)⟵ هاتەوە/ هاتۆ

خوارد+(-ەوە)⟵ خواردەوە/ خواردۆ

لەو نموونانەی سەرەوەدا دەبینین، کەوا دیاردەی فۆنۆلۆژی لە یاسای تەباییدا، بەهۆی لاگرەکانی شکاندنەوە دروستبوون.

### 3.3.9 فرێدان و زیادکردن

یاسای فرێدان و زیادکردن یەکێکە لە دیاردە فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی، کەوا "دوو گۆڕانی دەنگییە لە یەك وشە یان مۆرفێمدا، کە لابردن و فرێدانی فۆنێمێکە وە زیادکردنی فۆنێمێکی ترە"(بازیان : ٢٠١٣: ١٠٨) بۆ نموونە:

یازدە⟵ یانزە

شازدە⟵ شانزە

له کرداری ڕابوردووی تەواویشدا[٥٨] لە هەندێك حاڵەتدا ئەم دیاردەیە دەبینرێت، لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەردوو دەنگی / و/ و / ە/ دەنگێکی / ۆ/ پەیدادەبێت، و فۆنێمی کۆنسۆنانتی /ت/ دەکەوێتە نێوان دوو ڤاوڵەکەوە، ئەگەر پاشگری (–ەوە)ی بۆ زیاد بکەین.بۆ نمونە:

هاتووە+(–ەوە) ⟵هاتۆتەوە

خوێندووە+(–ەوە)⟵ خوێندۆتەوە

بردووە+(–ەوە)⟵ بردۆتەوە

ئەگەر سەیری کردارەکە بکەین، دەبینین کەوا هەرسێ ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس لە چوارچێوەی داڕشتنی کردارەکە بەشدارن،" ئەم یاسای فرێدان و زیادکردنە وەك یاسایەکی فۆنۆلۆژی لە ئاستی مۆرفۆلۆجی پەیڕەوکرا"وە (بازیان : ٢٠١٣: ١٠٩)

لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئەوەدەخەینەڕوو، لە زمانی کوردیدا مۆرفۆسینتاکس لە دوو کردە پێکدێت، کردەی یەکەم فۆرمە مۆرفۆلۆجییەکان دەگرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکسیان هەیە، وەك ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆجییانەی کە لەگەڵ ناو و ئاوەڵناو دا دێن. دووەمیان، دروستەی ڕستەی تەواو دەکرێت بە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی واتە(کلیتیککردنی ڕستە) کە بە کرداری ئاڵۆز ناودەبرێت. لەگەڵ ڕوونکردنەوەی لایەنی ئەو کەرەسە مۆرفۆسینتاکییانەی لەگەڵ مۆرفێمە بەندەکانی کرداردا دێن. دەکرێت بگوترێت، کەوا یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان وەك کەرەسەیەکی زمان بەشداری دەبن لە داڕشتنی کەرەستە مۆرفۆیسنتاکسییەکانی زمانی کوردیدا، یاساکانیش بەپێی پێڕەوی زمانەکە دادەڕێژرێن.

---

[٥٨] یاسای کاتی ڕابوردووی تەواو (ڕەگی ڕابوردوو+ وو+ جێناوەی لکاو+ ە).

–خوێند+وو+م+ە⟵ خوێندوومە.

–خوێند+وو+مان+ە⟵ خوێندوومانە.

ئەگەر ڕەگی کردار بە کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبێت، بە لابردنی جێناوی لکاوی کەسی (وو) نیشانەی ڕابردووی تەواو دەبێتە (ۆ)، یان (ە).

بۆ نموونە:

– ئەو هاتۆتە سلێمانی.
– ئەو نامەکەی ناردۆتەوە.

## ئەنجام

١- لە زمانی کوردیدا، یەکگرتنی پێکهاتەکانی فۆنۆلۆجی، لەگەڵ پێکهاتەی ئاستەکانی تردا، کاریگەریی و گۆڕانکاریی بەسەر مۆدێل و سنوری بڕگەدا دەهێنن، بەپێی مەرج و قەیدی ڕیزبوونی فۆنیمەکان بەگونجاندنی لەگەڵ یاساکانی فۆنۆتاکتیکی زمانەکە. لە ناو ئەمانەشدا کەرەستە فەرهەنگییەکان لە ئاستی بنەڕەتیدا، دەکرێت چەند نواندنێکیان هەبێت لە ئاستی ڕووکەشدا، کە شێوەی دەربڕینی فۆنەتیکی دەگرێتەوە، بۆیە دەکرێت فۆرمە بنەڕەتییەکانی وشەکە بەکاربهێنرێت. کارلێککردنی پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی ئاستێکی نوێ لە زمانی کوردیدا دەهێننە ئاراوە، کە بە مۆرفۆفۆنۆلۆجی ناسراوەکە. پێکهاتەی هەردوو ئاستەکە یاسابەندانە تێکچڕژاون و بەشێوەیەکی توندوتۆڵ و چونبەناویەکدا هەر گۆڕانکارییەك لە یەکێك لە ئاستەکاندا ڕووبدات کاریگەریی لە سەر ئاستەکەی تریش دەبێت.

٢- مۆرفۆفۆنۆلۆجی کارلەیەکدیکردنی پێکهاتەکانی هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی دەگرێتەوە، یەکەی سەرەکی ئەم ئاستەش بە مۆرفۆفۆنێم ناودەبرێت. یەکەکانی ئاستی فۆنۆلۆجی بریتین لە فۆنێم و فۆن و ئەلۆفۆن، لەگەڵ نیشانە سەروو سەگمێنتیەکانی هێز و ئاواز، کە بەسەر بڕگە و وشە و ڕستەکاندا دەکشێن و دەوری نیشانە سەگمێنییەکان دەدەن، هەروەها یەکەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجیش بریتین لە مۆرفێم و مۆرف و ئەلۆمۆرف، بەپێی پێڕەوی زمانی کوردی پێکهاتەکان کارلەیەکدی دەکەن و گۆڕان لە وشە و مۆرفێمەکان دروستدەکەن.

٣- مۆرفۆسینتاکس کارلێکردنی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسە. یەکەی بنەڕەتی ئەم دوو ئاستەش بریتیین لە مۆرفێم، لە زمانی کوردیدا زۆرجار ئەو گۆڕانانەی بەسەر مۆرفێمەکاندا دێن بەهۆی یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکانەوە ڕوودەدەن. ئەمەش بەو واتایە دێت، لە زمانی کوردیدا ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجییانەی بەسەر کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا دێن، بەزۆری بەهۆی ژینگەی فۆنۆلۆجییەوە سەرهەڵدەدەن.

٤- مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردیدا لە دوو کردە پێکدێت، یەکەمیان، هەموو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆجییانە دەگرێتەوە کە ئەرکی سینتاکسییان هەیە، دووەمیان، بە کلیتیککردنی ڕستەیە، کە بە کرداری ئاڵۆز ناودەبرێت.

٥- لەزمانی کوردیدا بە خستنەپاڵیەکدی مۆرفێمەکاندا هەندێك گۆڕانکاری بەسەر فۆنێمەکانی مۆرفێمەکاندا دێن، کە بە یاسا فۆنۆلۆجییەکان ناسراون و بەشداردەبن لە داڕشتەی کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی زمانی کوردیدا.

**سەرچاوەکان:**


١. ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٦)، زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢. ئەورەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی.

٣. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٨٦)، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، مگبعە علاو، بەغدا.

٤. ئەورەحمانی حاجی مارف(٢٠١٤)، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٥. ئومێد بەرزان برزۆ(٢٠١٢) دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٦. بەکر عومەر عەلی (٢٠١٤) چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٧. بازیان یونس محێدین (٢٠١٣)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس ، چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم ،هەولێر ،.

٨. بێستون حەسەن ئەحمەد، ( ٢٠١٢)کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ئاریا، سلێمانی.

٩. تالیب حوسێن عەلی(٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

١٠. تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١٤)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١١. دارا حمید محمد(٢٠١٤)، هەندێ لایەن لە تیۆرەکانی زمان، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم.

١٢. دەروون عبدالرحمن ساڵح (٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، لەبلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٣. سەلام ناوخۆش(٢٠١٤)، فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٤. شهاب شێخ طیب (٢٠١٤)دەربارەی زمانەوانی، نارین بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپ یەکەم، هەولێر.

١٥. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف(٢٠١٠) دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

١٦. عەبدوللا حوسێن ڕەسووڵ(٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی – کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٧. عبدالواحید موشیر دزەیی/دانا تەحسین محەمەد/ دەروون عەبدولڕەحمان ساڵح (٢٠١٣)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر.

١٨. عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٣)، وشەسازی زمـانی کـوردی، بڵاوکراوەکـانی کتێبخانـەی ئـاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر .
١٩. عبدالواحد موشیر دزەیی (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، ناوەندی ئاوێر بۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، چـاپی یەکەم، هەولێر.
٢٠. عەبـدولوەهاب خالیـد موسـا(٢٠٠٩)، هێـز وئـاوازە لـە دیـالێکتی کـوردی ژووروودا، بڵاوکـراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٢١. غـازی عـەلی خورشـید (٢٠١٠)،فۆنـەتیك و فۆنۆلـۆجی، چـاپی یەکـەم، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سەردەم، سلێمانی.
٢٢. غـازی فـاتیح وەیـس(١٩٨٤)، فۆنـەتیك، ئەمینداریـەتی گشـتی ڕۆشـنبیری و لاوانـی ناوچـەی کوردستان، بەغدا.
٢٣. کەمال میراودەلی (٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، لـە بڵاوکراوەکـانی مەڵبەنـدی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
٢٤. کوردسـتان موکریـانی(١٩٨٦)، سینتاکسـی ڕسـتەی سـادە لـە زمـانی کوردیـدا، چـاپخانەی (دارالحریە)، بەغدا.
٢٥. فاروق عومەر سدیق(٢٠١١)، لەدایکبوونی وشە، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٢٦. محەمەد مەحوی (٢٠٠٠)، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمـانی کـوردی و ڕێزمـانی عـارەبیی، چـاپی یەککەم، چاپەمەنی ژین، سلێمانی.
٢٧. محەمەدی مەحویی(٢٠٠١)، زمـان زانسـتی زمـان سـەرەتایەك بـۆ زانسـتی زمـان، دەزگـای چاپ و پەخشی سەردەم، بەرگی یەککەم، سلێمانی.
٢٨. محەمەدی مەحوی(٢٠٠١) ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی.
٢٩. محەمەد مەحوی / نەرمین عومەر ئەحمەد(٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمـانی کـوردی، شـارەوانی سـلێمانی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.
٣٠. محەمەدی مەحویی(٢٠٠٨)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی، فۆنەتیك، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.
٣١. محەمەدی مەحویی(٢٠٠٨)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی، فۆنۆلۆژیی، بەرگی دووەم ، زانکۆی سلێمانی.
٣٢. محەمەدی مەحوی(٢٠٠٩)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٣٣. محەمەدی مەحویی(٢٠٠٩)، زانستی هێما واتاو واتا لێکدانەوە، سلێمانی.
٣٤. محەمـەدی مـەحوی (٢٠١٠)، مۆرفۆلـۆژی و بەیەکداچـوونی پێکهاتـەکان، (مۆرفۆلـۆژیی کـوردی ) بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٣٥. محمد معروف فتاح (١٩٩٠)، زمانەوانی، هەولێر .
٣٦. محمد معروف فتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر.
٣٧. محەمەد مەعرف فەتاح/سەباح ڕەشید قادر(٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی ، چاپخانەی ڕوون، هەولێر.
٣٨. محەمەد مەعروف فەتاح(٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، شیروان حسێن خۆشناو/شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٣٩. نایف خرما(٢٠١٣)، چەند تیشکێك بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەواییە هاوچەرخەکان، وەرگێرانی د.شهاب شێخ گیب، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك.
٤٠. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(٢٠١٤)، دەنگسازی، چاپخانەی هێڤی، چاپی دووەم، هەولێر.
٤١. وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٤٢. وریا عومەر ئەمین(٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٤٣. وریا عومەر ئەمین(٢٠١٥)، لە قوژبنەکانی ڕێزمانی کوردی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٤٤. هەژار قادر ئیسماعیل (٢٠١٣) ، ڕۆنانی بڕگەو سنوری بڕگە لە شێوە زاری باڵەکیاندا، هەولێر.
٤٥. یارا قادر حەمەد مەلازادەیی(٢٠١٣)، مۆرفۆسینتاکس لە شێوە زاری کۆیەدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٤٦. یوسف شەریف سەعید (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.
٤٧. یووسف شەریف سەعید(٢٠١٣)، وشەسازی، چالاکی لێژنەی ڕێزمان، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**لێکۆڵینەوە بڵاونەکراوەکان:**

٤٨. مەحمود فەتحوڵا ئەحمەد(٢٠١٥)، واتا لە زماندا، لێکۆڵینەوەیەکی بڵاونەکراوە.
٤٩. مەحمود فەتحوڵا ئەحمەد (٢٠١٥)، کات و تێنس، لێکۆڵینەوەیەکی بڵاونەکراوە.
٥٠. فاروق عومەر سدیق (٢٠١٣) مۆرفۆلۆجی، موحازەراتی خوێندنی ماستەر، کۆرسی یەکەم.

**نامە زانکۆییەکان:**


٥١. ئەبوبەکر عومەر قادر(٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٥٢. دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی (٢٠٠٠)، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماجستێر، زانکۆ سلێمانی.

٥٣. ڕزگار واحید حەمەدئەمین(٢٠٠٩)، شێوازی بانگکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

٥٤. ڕۆکان عەبدوڵا محەمەد(٢٠١٥)، چەند تایبەتییەکی ناوچەی گەرمیان لەڕووی فۆنەتیك و گراماتیکەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٥٥. عادل ڕەشید قادر(٢٠٠٨)، فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی– کرمانیی سەروو، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٥٦.صباح رشید قادر(٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتای لە گیرەکدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی.

٥٧.فەرەیدون عەبدول محەمەد(١٩٨٨)، نادیاری، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.

٥٨.ناهیدە ڕەحمان خەلیل(٢٠١٣)، زمانپژان و سایکۆ– فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی،ماجستێر، زانکۆی سلێمانی.

٥٩. هێرش کەریم حەمید(٢٠١٥)، بەراوردێکی مۆرفۆفۆنێمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.


**گۆڤارەکان:**


٦٠. ئاڤێستا کەمال مەحموود(٢٠١٤)، ئاوەزداری و درککردنی زمانیی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا، ژمارە (٤٥) بەشی (B)، زانکۆی سلێمانی.

٦١. ئەبوبەکر عومەر قادر/ مهاباد کامیل عبدوڵا (٢٠١٣)، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری هەورامی دا، ژمارە (٢٩)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە.

٦٢.فەریدوون عبدول محەمەد / ئەبوبەکر عومەرقادر (٢٠١٠)، کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروودا، ژمارە(٢٧) بەشی (B)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی

٦٣.ئومێد بەرزان برزۆ(٢٠١٣)، بەراوردێکی کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی لە زاری کرمانجی ناوەڕاست و خوارودا، ژمارە (١)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.

٦٤. ئومێد بەرزان برزۆ(٢٠١٥)، یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە شێوە زاری گەرمیاندا، ، ژمارە (٣٢)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی.

٦٥. بازیان یونس، مۆرفۆفۆنێم لە ڕوانگەی بابەتەوە(٢٠٠٩) ، ژمارە (١)، گۆڤاری زمانناسی، هەولێر.

٦٦. تالیب حسین عەلی(٢٠١٣)، ئاوازو واتای پراگماتیکی گوتن، ژمارە(٤٢)، بەشی (B)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.

٦٧. دڵشاد محەمەد غەریب(٢٠١٣)، مۆرفێمەکانی(–ا) لە دیالێکتی ناوەڕاستی کوردیدا، ژمارە (١)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.

٦٨. زانیار مەحمود عەلی (٢٠١٤)، مۆرفۆفۆنێمی (ی) لە زمانی کوردیدا، ژمارە (١٦)، گۆڤاری زمانناسی، هەولێر.

٦٩. شیلان عومەر حسەین(٢٠١٢)، مۆرفۆسینتاکسی ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، ژمارە (٣٥)، بەشی (B)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.

٧٠. نەریمان عەبدوللا خۆشناو/ شوکرمحەمەد سالح، گۆڕان لە زماندا(٢٠١٤)، ژمارە (٤)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.

٧١. وریا عومەر ئەمین (١٩٩٤)، هێز و ئاوازە، ژمارە (١٣٤)، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، بەغدا.

٧٢. وریا عومەر ئەمین(٢٠١٣)، بکەر نادیاری مۆرفۆسینتاکسی، ژمارە (٢٦)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

### سەرچاوە عەرەبییەکان

٧٣. ابراهیم انیس(١٩٩٩)، الاصوات اللغویة، مکتبة نهضة مصر، مصر.

٧٤. احمد مختار عمر (١٩٩٧)، دراسة الصوت اللغوي، جامعة القاهرة، القاهرة، مصر.

٧٥. بریجیته بارتشت(٢٠١٠)، مناهج علم اللغة، ترجمة أ.د.سعید حسن بحیری، الطبعة الثانیة، مؤسسة المختار، القاهیرة، مصر.

٧٦. عبدالقادر عبدالجلیل(١٩٩٨)، علم الصرف الصوتي MORPHO-PHONOLOGY، جامعة ال البیت، عمان ،الاردن.

٧٧. عصام نورالدین (١٩٩٢)، علم وظائف الاصوات اللغویة الفونولوجیا، الطبعة الاولى، دارالفکر للبناني، بیروت.

٧٨. کمال بشر (٢٠٠٠)، علم الاصوات، دار غریب للطباعة والنشر والتوزیع، القاهیرة.

٧٩. محمد علي الخولي (١٩٨٢)، معجم علم الاصوات، طبعة الاولى، الریاض.

٨٠. محمد حسان الطيان (٢٠٠٨)، علم الاصوات عند العرب، دمشق، سوريا.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

81. Adrian AKMAJIAN/ Richard A. DEMERS/ Ann K. FARMER/ Robert M. HARNISH_(2001). LINGUISTICS , An Introduction to Language and Communication, FIFTH EDITION Cambridge, Massachusetts , London, England.
82. Booij Geert E.(1985) The intraction of Phonology and Morphology in Prosodic Phonology. In Edmund Gussmann, Vrije University, Amstedam.
83. Beuce Hayes.(2009) Introductory Phonology, Wiley-Blackwell,United kingdom.
84. David Crystal (2008). A Dictionary of Linguistics and Phonetics Sixth Edition,Blackwell Publishing.
85. Hawkins(1984). P.Introducing phonology, London.
86. Hadumod Bussmann (1996). Dictionary of Language and Linguistics,London.
87. Katamba .F. (1993). Morphology Macmillan press, London.
88. Muhamad Ali Al khuli(1982). Adictionary of Theortical Linguistics.English-arabic. Libairie Du Liban.
89. Muhamad Maruf Fattah(1997). A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished PhD thesis, University of Amsterdam.
90. Sadock Jerold M(1967) ,The Soft Interpretive underbelly of Generative, GrammarUniversity of Chicago.
91. Victoria Fromkin/ Robert Rodman/Nina Hyams(2011). An Introduction to Language Ninth Edition, New York. United States of America.
92. http:// en.Wikipedia.org/ wiki/ morphophonology.
93. http:// A.Spencer_(2001). International Encyclopedia of the Social & Behavioral Sciences. Ebook.

# ملخص البحث


هذه الرسالة الموسومة ب(القوانين المورفوفونولوجية في البنية المورفوسينتاكسية) دراسة وصفية في اللغة كوردية (لهجة الكرمانجية الوسطى). تتناول التغيرات في البنية والقوانين االنحو و توضح التغيرات الفونولوجية التى تطرا على المورفيمات والكلمات.

تتكون هذه الرسالة من مقدمة، ثلاثة فصول و خاتمة بأهم النتائج:

**الفصل الاول** : يتناول الجانب النظري و تعريف مستويين(الفونتيك والفونولوجية) وخصائصهما الوحدات ( الفون، الوفون، الفونيم) وما يميز الفونيم عن المقطع و النبرة الصوتية والتغنيم كمكونات المستوى الفونولوجي، موضحا الاراء بالامثلة.

**الفصل الثاني**: يتناول الباحث في هذا الفصل التغير المورفيمات والاصوات بمسببات والداخلية الخارجية، وتوضيح اسباب تغير المورفيم الى الومورف بالامثلة،وتناول ايضا تعريف (المورفوفونولوجي) نظريا وكيفة ظهور هذه الظاهرة اللغوية، وكذالك وضح الباحث في هذا الفصل حدود الصرف وقوانين بناء الكلمة والتغيرات التي تحدث في المستوبين الفونولوجي و المورفولوجي. علم الصرف الصوتي(مورفوفونولوجيا) و تتكون من ثلاثة اجزاء اولا، علم البنية الفونولوجية للمورفيمات. ثانيا، علم التغيرات الصوتية التوافقية التى تصيب المورفيمات في الارتباطات المورفمية. ثالثا، علم سلاسل التبديل الصوتي التى تؤدي وظيفة مورفولوجية. الاسباب استخدام هذا المستوى ويوصف كيفية تكوين الكليمة والاهداف الموجودة في هذا المستوى و حدود مورفولوجي و قوانينة.

**الفصل الثالث**: في هذا الفصل يتناول (مورفوسينتاكس) في اللغة الكوردية، حيث يتكون المورفوسينتاكس من عملية خلط وحدات صرفية في مكونات نحوية وبناء جملة كاملة تسمى ب(الفعل المعقد)، ويتناول الباحث في هذا الفصل ايضا قوانين بناء المورفوسينتاكس و كيفية تصنيف الكلمات في الجملة النحوية الكاملة والجملة المورفوسينتاكسية، و وضح ايضا القوانين الفونولوجية في اللغة الكوردية موضحا كل ذلك بالامثلة.

وفي الختام عرض الباحث اهم النتائج التى توصل اليها، مع عرض القائمة المصادر والمراجع ، و خلاصة البحث بللغتين العربية و الانجليزية.

# Abstract

This thesis entitled "morphophonological rules in morphosyntax structure " in Kurdish Language. It is a descriptive analysis method in (central the krmanji dialect). In its broadest defnition, morphophonology refers to the interaction of word formation (Morphology in Linguistics) with the sound system of language (Phonology). These two linguistic subsystems interact in many different ways in the languages of the world.

The study consists of an introduction, three chapters and conclusion:

**The first chapter** : the basis of this chapter is a difinition phonology and characteristics of its language level with the units of phone, phoneme and allophone and showing the feature of differentiate phoneme with structures of Syllables, Stresses and Intonations.The research included necessary examples.

**The second chapter**: The science of morphology includes both the phonology and morphology. The combination of these two individual levels is called morphophonology. This concept is constructed by the phonology and also the external and internal reason of the language, morphophonology and consists of three parts: first, phonological structure of morphemes. Second, science harmonic acoustic changes that affect morphemes in morphemes links. Third, aware of the voice switch chains that function morphology. In addition, the term of morphological changes in linguistics is called changing sounds in structure of words.

**The third chapter:** Morphosyntax is the interconnection of both morphology and syntax. The constituent element includes the morpheme, where as for phonology, it is the phoneme – changes in either of these cause a fundamental shift in rules of the morphophonology. And indicates, therefore, that a phonological change will only happen in it’s own environment.

Before ending, some important points and conclusions are shown, including a list of references, and an abbreviation about the research topics in both Arabic and English.